حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان

بەشی کۆمەڵناسی

# ڕۆڵی گەشتیاری لەگەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا

## توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە هەرێمی کوردستان - عێراق

لەلایەن

تەلار احمد مصطفی

تێزەکە

پێشکەشە بە ئەنجومەنی کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کراوە وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بڕوانامەی دکتۆرای فەلسەفە لە کۆمەڵناسیدا

بە سەرپەرشتی

پ.ی.د. پەیمان عبدالقادر مجید

٢٧٢٣ ک ١٤٤٤ هـ ٢٠٢٣ ز

بسم الله الرحمن الرحيم

(وَقُلِ اعْمَلُوا فَسَيَرَى اللَّهُ عَمَلَكُمْ وَرَسُولُهُ وَالْمُؤْمِنُونَ
وَسَتُرَدُّونَ إِلَى عَالِمِ الْغَيْبِ وَالشَّهَادَةِ فَيُنَبِّئُكُمْ بِمَا كُنْتُمْ تَعْمَلُونَ)

صدق الله العظيم

(سورة التوبة : الاية( ١٠٥)

**بڕیاری سەرپەرشتیار**

ئەم تێزەی خوێندکار ( تەلار احمد مصطفى ) بە ناونیشانی (ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا / توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە هەرێمی کوردستان – عێراق ) بە چاودێری ئێمە لەبەشی کۆمەڵناسی / کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان / زانکۆی سلێمانی ئامادە کراوە ، بەشێکە لە پێداویستییەکانی بڕوانامەی دکتۆرا (کۆمەڵناسی گەشتیاری و / گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی) پێشنیاز دەکەین پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت .

واژۆ :

سەرپەرشت : پ.ی.د. پەیمان عبدالقادر مجيد

پلەی زانستی : پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ڕێکەوت٨/٣/ ٢٠٢٣

ئەم پێشنیازە ئەم تێزە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم

واژۆ :

ناو: پ.ی.د. امير خداكرم محمد

سەرۆکی بەشی کۆمەڵناسی

ڕێکەوت٨/٣/ ٢٠٢٣

بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەک ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆی ئەم تێزەی خوێندکار (ئالاز احمد مصطفی ) بە ناونیشانی (ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتییدا – توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە هەرێمی کوردستان – عێراق) خوێندەوە و گفتوگۆمان دەربارەی ناوەرۆک و لایەنەکانی تری تێزەکەمان کردووە ، بڕیارماندا بڕوانامەی دکتۆرا لە (کۆمەڵناسی گەشتیاری و / گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی ) دا پێبدرێت .

واژۆ:

ناو : د.ئاسۆ ابراهیم عبدالله

پلەی زانستی:پرۆفیسۆر

(سەرۆکی لیژنە)

ڕێکەوت ٧/٦/٢٠٢٢

واژۆ:

ناو: حسین اسماعیل علی

پلەی زانستی:پرۆفیسۆر

(ئەندام)

ڕێکەوت ١٨/ ٥ ٢٠٢٢

واژۆ:

ناو: د.ئارام ابراهیم حسین

پلەی زانستی: پرۆفیسۆر

(ئەندام)

ڕێکەوت ١٨/ ٥/ ٢٠٢٢

واژۆ :

ناو: پەخشان کریم خضر

پلەی زانستی : پرۆفیسۆری یاریدەدەر

(ئەندام)

ڕێکەوت ١٨/ ٥ ٢٠٢٢

واژۆ:

ناو: کەمال حسین محمد

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

(ئەندام )

ڕێکەوت ١٨/ ٥/ ٢٠٢٢

واژۆ:

ناو : پەیمان عبدالقادر مجید

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

(سەرپەرشتیار)

ڕێکەوت ١٨/ ٥/ ٢٠٢٢

لەلایەن کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان / زانکۆی سلێمانی پەسەندکرا

واژۆ

ناو: د. پاڤێ جمیل احمد

ڕاگری کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

بەروار ٦/١٩/ ٢٠٢٢

**پێشکەشە بە :**

✓پێشکەشە بە باوکی ئازیزو خوالێخۆشبووم کە هەموو ساڵانی ژیانی لە پێناو ئێمەدا بەختکرد بۆ ئەوەی دوارۆژێکی پڕشنگدارمان هەبێت .

✓پێشکەشە بە دایکی پڕ سۆزو خۆشەویستم کە هەمیشە پاڵپشت و هاندەرمان بووە بۆ تەواوکردنی خوێندن .

✓ پێشکەشە بە هاوسەری خۆشەویستم کە هەمیشە پاڵپشت و هاندەرم بووە لە تەواوکردنی ئەم تێزەدا

✓پێشکەشە بە منداڵە چاوگەشەکانم .

✓پێشکەشە بە خوشکەکانم و براکانم کە هەمیشە پشتیوانم بوون لە خۆشی ناخۆشیدا هاوبەشم بوون .

✓پێشکەشە بە هەموو ئەو بەڕێزانەی کە بە ووشەیەکیش بێت هاوکارم بوون و کارئاسانیان بۆ کردووم لە ئەنجامدانی توێژینەوەکەمدا .

توێژەر

تەلار احمد مصطفی

## سوپاس و پێزانین ...

- له‌ پـێش هه‌مـووان سوپاسـی خـوای گه‌وره‌و میهره‌بـان ده‌كه‌م كه‌ ته‌مه‌ن و توانـای پێـدام له‌ ته‌واوكردنی تێزه‌كه‌مدا .

- زۆر سوپاسی تایبه‌تیم بۆ سه‌رپه‌رشـتیارم به‌ڕێـز (پ . ی. د. په‌یمـان عبـدالقادر مجیـد) كه‌ ئه‌ركی سه‌رپه‌رشتیكردنی ئه‌م تێزه‌ی گرته‌ ئه‌ستۆ كه‌ به‌رده‌وام یارمه‌تیده‌رم بوه‌و به‌ تێبینی و زانیارییه‌كانی توێژینه‌وه‌كه‌می ده‌وڵه‌مه‌ند كرد .

- بۆ خێزانه‌كه‌م كه‌ هه‌میشه‌ پاڵپشتم بوون

- زۆر سوپاسی ئه‌و دكتۆره‌ به‌ڕێزانه‌ ده‌كه‌م كه‌ وه‌ك پسپۆڕ به‌شداربوون له‌م تێزه‌دا .

زۆر سوپاس بۆ به‌ڕێزان (پ.د.ئارام ابراهیم ) و (پ.ی. د. هه‌تاو كریم خضـر) به‌ پێدانی سـه‌رچاوه‌و به‌رچاوڕوونی له‌سه‌ر بابه‌ته‌كه‌ .

- زۆر سوپاس بۆ هه‌موو ئه‌و فه‌رمانبه‌ره‌ به‌ڕێزانه‌ی وه‌زاره‌تی شـاره‌وانی – گه‌شـتوگوزاری هه‌ولێر كه‌ هاوكاریان كردووم له‌ پێدانی داتاو زانیاری و نه‌خشه‌ی گه‌شتیاری له‌سـه‌ر نـاوچه‌ گه‌شـتیارییه‌كانی هه‌رێمی كوردستان له‌وانه‌ به‌ڕێزان ( هێمن نه‌وزاد نوری) لێپرسراوی ڕاگه‌یاندنی نوسینگه‌ی سـه‌رۆكی ده‌سـته‌ی گه‌شـتوگوزار و ( نـادر ڕۆسـتی) و ( نه‌ریمـان فاضـل عبـدالقادر ) به‌ڕێـوبه‌ری ڕاگه‌یانـدنی گه‌شتوگوزاری هه‌ولێر و( سیروان تۆفیق ڕه‌فیق) به‌ڕێوبه‌ری به‌بازاڕكردن له‌ده‌سته‌ی گه‌شتوگوزار.

- زۆر سوپاسـی كارمه‌نـدانی زانكـۆی سـلێمانی / كتێبخـانه‌ی زانسـته‌ مرۆڤایه‌تییه‌كـان و زانكـۆی سه‌لاحه‌دین و په‌یمانگای ته‌كنیكی هه‌ولێر به‌ پێدانی سه‌رچاوه‌ .

| لاپەڕە | پێڕستی بابەتەکان |
|---|---|
| ا | بڕیاری سەرپەرشتیار |
| ب | بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ |
| ج | پێشکەشە بە |
| د | سوپاس و پێزانین |
| ه | پێڕستی بابەتەکان |
| ز- ی | پێڕستی خشتەکان |
| ی | پێڕستی هێڵکارییەکان |
| ی-ک | پێڕستی پاشکۆکان |
| ١-٢ | پێشەکی |
| ٣-١٥٣ | **دەروازەی یەکەم : لایەنی تیۆری** |
| ٤-٤٧ | بەشی یەکەم : چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە |
| ٦-٢٢ | باسی یەکەم: ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە |
| ٦ | یەکەم :گرفتی توێژینەوەکە |
| ٧ | دووەم :ئامانجی توێژینەوەکە |
| ٧ | سێیەم :گرنگی توێژینەوەکە |
| ٨ | پێنجەم:میتۆدی توێژینەوەکە |
| ١٠ | شەشەم:بوارەکانی توێژینەوەکە |
| ١١ | حوتەم :کۆمەڵگەی توێژینەوەکە |
| ١١ | هەشتەم :نموونەی توێژینەوەکە |
| ١٦ | نۆیەم :ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوەکە |
| ٢١ | دەیەم:ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکانی توێژینەوەکە |
| ٢٣-٣٨ | باسی دووەم: توێژینەوەکانی پێشوو |
| ٢٣ | ١-توێژینەوە کوردییەکان |
| ٢٦ | ٢-توێژینەوە عەرەبییەکان |
| ٣٥ | ٣-توێژینەوە بیانییەکان |
| ٣٦ | گفتوگۆکردنی توێژینەوەکانی پێشوو |
| ٣٩-٤٧ | باسی سێیەم: تیۆری پشتبەست بە توێژینەوەکە |
| ٣٩ | ١-تیۆری بونیادگەری وەزیفی |
| ٤٢ | ٢-تیۆری ئاڵوگۆڕکردنی کۆمەڵایەتی |

| | |
|---|---|
| ٣-گفتۆگۆی تیۆری توێژینەوەکە | ٤٤ |
| بەشی دووەم : گەشتیاری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی | ٤٨-١٥٣ |
| باسی یەکەم : بنەما سەرەکییەکانی گەشتیاری | ٤٩-٦٢ |
| یەکەم :چەمکی گەشتیاری و ئەو چەمکانەی پێوەی پەیوەستن | ٥٠ |
| دووەم: ئامانجەکانی گەشتیاری | ٥٤ |
| سێیەم :تایبەتمەندییەکانی گەشتیاری | ٥٥ |
| چوارەم: پاڵنەرەکانی گەشتیاری | ٥٦ |
| پێنجەم :پێکهاتەکانی گەشتیاری | ٥٨ |
| پوختە | ٦٢ |
| باسی دووەم: بنەما سەرەکییەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی | ٦٣-٨٥ |
| یەکەم: پێناسەی گەشەپێدان | ٦٤ |
| دووەم: تایبەتمەندییەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی | ٦٩ |
| سێیەم :ئامانجەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی | ٧٠ |
| چوارەم: پرەنسیپەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی | ٧٣ |
| پێنجەم :کەرتەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی | ٧٤ |
| شەشەم :ڕەگەزەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی | ٧٨ |
| حەوتەم: ئاستەنگەکانی بەردەم گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی | ٨٠ |
| پوختە | ٨٥ |
| باسی سێیەم: ڕەنگدانەوەی گەشتیاری لە پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا | ٨٦-١٥٣ |
| یەکەم: ڕۆڵی گەشتیاری لەلایەنەکانی بونیادی کۆمەڵگە | ٨٧ |
| دووەم: بارودۆخی بزاوتی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان | ١٠٤ |
| سێیەم: توانستەکانی گەشتیاری لەهەرێمی کوردستان | ١٠٨ |
| چوارەم: جۆرەکانی گەشتیاری | ١٢٢ |
| پێنجەم: نموونەکانی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان | ١٢٨ |
| پوختەق | ١٥٣ |
| دەروازەی دووەم : لایەنی مەیدانی | ١٥٤-٢٢٢ |
| بەشی سێیەم : خستنەڕووی خشتەو ئەنجامی ئامانجەکانی توێژینەوەکە | ١٥٥ |
| باسی یەکەم:  خەسڵەتەکانی نموونەی توێژینەوەکە | ١٥٦ |
| باسی دووەم : خستنەڕوو تاتوێکردنی ئامانجەکانی توێژینەوەکە | ١٦٣ |
| باسی سێیەم : خستنەڕووی زانیاری تایبەت بە چاوپێکەوتنەکان | ١٩٠-٢١٣ |
| باسی چوارەم : ئەنجام و دەرئەنجام و ڕاسپاردەو پێشنیارەکان | ٢١٤ |

| | |
|---|---|
| سەرچاوەکان | ٢٢٣-٢٤١ |
| پاشکۆکان | ٢٤٢-٢٧٢ |
| پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی کوردی | ا-ب |
| پوختەی توێژینەوەکە بەزمانی عەرەبی | ا-ب |
| پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی | a-b |


پێرستی خشتەکان


| ژ | ناوی خشتەکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١- | کۆمەڵگەو نموونەی توێژینەوەکە | ١٣ |
| ٢- | دەستەی بەڕێوبەرانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان | ١٤ |
| ٣- | دەستەبژێری ئەکادیمی | ١٥ |
| ٤- | هێزی بڕگەکانی ئامرازی توێژینەوەکە بەپێی پێوەری لیگرت | ٢١ |
| ٥- | بەهای ناوەندە ژمێرەییەکان بڕگە ئەرێنی و بڕگە نەرێنییەکان | ٢١ |
| ٦- | ڕونکەرەوەی ئاماژە جۆراوجۆرەکانی لایەنی گەشتیارییە لە هەرێمی کوردستان | ١٠٣ |
| ٧- | ڕێژەی بەراوردکردنی ژمارەی گەشتیارانی هاتوو بۆ هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی (٢٠١٢-٢٠٢١) | ١٠٦ |
| ٨- | ژمارەی گەشتیارانی هەرێمی کوردستان بە گوێرەی پارێزگاکان لە نێوان ساڵانی ٢٠١٢-٢٠٢١) | ١٠٧ |
| ٩- | ژمارەی گەشتیارانی هاتوو بۆ هەرێمی کوردستان بە گوێرەی ڕەگەزەکان بۆ ساڵانی (٢٠١٢-٢٠٢١) | ١٠٧ |
| ١٠- | ناوی گرنگترین شوێن و جێگە مێژووی و شوێنەوارییەکان لە هەرێمی کوردستانی عێراق | ١١٢ |
| ١١- | بنکە گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی ٢٠١٢-٢٠٢١ | ١١٩ |
| ١٢- | ژمارەی گەشتیارانی هاتوو بۆ پارێزگای هەولێر بۆ ساڵی ٢٠١٢-٢٠٢١ | ١٣٠ |
| ١٣- | کۆکراوەی زانیاری لەسەر یەکە گەشتیارییەکانی هەریمی کوردستان و ژمارەی گەشتیاران بەپێی پارێزگای هەولێر بۆ ساڵی ٢٠٢٠ | ١٣٤ |
| ١٤- | کۆکراوەی زانیاری لەسەر یەکە گەشتیارییەکانی هەریمی کوردستان و ژمارەی گەشتیاران بەپێی پارێزگای سلێمانی بۆ ساڵی ٢٠٢٠ | ١٤١ |
| ١٥- | ژمارەی گەشتیارانی هاتوو بۆ پارێزگای سلێمانی بۆ ساڵانی ٢٠١٢-٢٠٢١ | ١٤١ |
| ١٦- | کۆکراوەی زانیاری لەسەر یەکە گەشتیارییەکانی هەریمی کوردستان و ژمارەی گەشتیاران بەپێی پارێزگای دهۆک بۆ ساڵی ٢٠٢٠ | ١٤٧ |

| | | |
|---|---|---|
| -١٧ | ژمارەی گەشتیارانی هاتوو بۆ پارێزگای دهۆک بۆ ساڵی ٢٠١٢-٢٠٢١ | ١٤٧ |
| -١٨ | ڕەگەزی نموونەی توێژینەوەکە | ١٥٦ |
| -١٩ | تەمەنی نموونەی توێژینەوەکە | ١٥٧ |
| -٢٠ | رەگەزو تەمەنی نموونەی توێژینەوەکە | ١٥٧ |
| -٢١ | ئاستی خوێندەواری نموونەی توێژینەوەکە | ١٥٨ |
| -٢٢ | شوێنی نیشتەجیبوون | ١٥٩ |
| -٢٣ | نموونەی توێژینەوەکە بەگوێرەی پارێزگاکان | ١٥٩ |
| -٢٤ | پیشەی نموونەی توێژینەوەکە | ١٦٠ |
| -٢٥ | ئاستی ئابووری نموونەی توێژینەوەکە | ١٦١ |
| -٢٦ | جۆری گەشتکردن | ١٦١ |
| -٢٧ | ئەنجامی هاوکێشەی (T) بۆ یەک سامپڵ بۆ دەرخستنی بوونی ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا | ١٦٣ |
| -٢٨ | ڕۆلی گەشتیاری لە خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا | ١٦٥ |
| -٢٩ | ئەنجامی هاوکێشەی (T) بۆ یەک سامپڵ بۆ دەرخستنی بوونی کاریگەری گەشتیاری لە گەشەپێدانی خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا | ١٦٧ |
| -٣٠ | ڕۆلی گەشتیار لەسەر کۆمەڵگەی لۆکاڵی | ١٦٨ |
| -٣١ | ئەنجامی هاوکێشەی (T) بۆ یەک سامپڵ بۆ دەرخستنی بوونی کاریگەری گەشتیار لەسەر کۆمەڵگەی لۆکاڵی | ١٦٩ |
| -٣٢ | ڕۆلی گەشتیاری لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی و کولتوری کۆمەڵگە | ١٧٠ |
| -٣٣ | ئەنجامی هاوکێشەی (T) بۆ یەک سامپڵ بۆ دەرخستنی ڕۆلی گەشتیاری لە لایەنی کۆمەڵایەتی و کولتوری کۆمەڵگە | ١٧٢ |
| -٣٤ | ڕۆلی گەشتیاری لەسەر لایەنی ژینگەی کۆمەڵگە | ١٧٤ |
| -٣٥ | ئەنجامی هاوکێشەی (T) بۆ یەک سامپڵ بۆ دەرخستنی ڕۆلی گەشتیاری لە لایەنی ژینگەی کۆمەڵگە | ١٧٥ |
| -٣٦ | ڕۆلی گەشتیاری لە لایەنی ئابووری کۆمەڵگە | ١٧٦ |
| -٣٧ | ئەنجامی هاوکێشەی (T) بۆ یەک سامپڵ بۆ دەرخستنی ڕۆلی گەشتیاری لە لایەنی ئابووری کۆمەڵگە | ١٧٧ |
| -٣٨ | جیاوازی ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری بۆ ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا و ڕۆڵی گەشتیار لەسەر کۆمەڵگەی لۆکاڵی بەگوێرەی گۆڕاوی ڕەگەز | ١٧٩ |
| -٣٩ | جیاوازی ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری بۆ جیاوازی ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا و رۆڵی گەشتیار لەسەر کۆمەڵگەی لۆکاڵی بەگوێرەی گۆڕاوی تەمەن | ١٧٩ |

| | | |
|---|---|---|
| ٤٠- | ئەنجامی شیکاری جیاوازی یەک ئاراستە بۆ دەرخستنی جیاوازی نێوان تەوەرەکان بەگوێرەی گۆڕاوی ئاستەکانی تەمەن | ١٨٠ |
| ٤١- | جیاوازی ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری بۆ ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا و کاریگەری گەشتیار لەسەر کۆمەڵگەی لۆکاڵی بەگوێرەی گۆڕاوی شوێنی نیشتەجێبوون | ١٨٠ |
| ٤٢- | جیاوازی ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری بۆ ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا و کاریگەری گەشتیار لەسەر کۆمەڵگەی لۆکاڵی بەگوێرەی گۆڕاوی ئاستەکانی خوێندن | ١٨١ |
| ٤٣- | ئەنجامی شیکاری جیاوازی یەک ئاراستە بۆ دەرخستنی جیاوازی نێوان تەوەرەکان به گوێرەی گۆڕاوی ئاستەکانی خوێندن | ١٨٢ |
| ٤٤- | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Scheffe) بۆ کاریگەری گەشتیاری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بەگوێرەی گۆڕاوی ئاستەکانی خوێندن | ١٨٣ |
| ٤٥- | جیاوازی ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری بۆ ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا و کاریگەری گەشتیار لەسەر کۆمەڵگەی لۆکاڵی بەگوێرەی گۆڕاوی پارێزگا | ١٨٤ |
| ٤٦- | ئەنجامی شیکاری جیاوازی یەک ئاراستە بۆ دەرخستنی جیاوازی نێوان تەوەرەکان بەگوێرەی گۆڕاوی پارێزگا | ١٨٤ |
| ٤٧- | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Scheffe) بۆ ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بەگوێرەی گۆڕاوی پارێزگا | ١٨٥ |
| ٤٨- | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Scheffe) بۆ کاریگەری گەشتیار لەسەر کۆمەڵگەی لۆکاڵی بەگوێرەی گۆڕاوی پارێزگا | ١٨٥ |
| ٤٩- | جیاوازی ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری بۆ ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا و کاریگەری گەشتیار لەسەر کۆمەڵگەی لۆکاڵی بەگوێرەی گۆڕاوی پیشە | ١٨٦ |
| ٥٠- | ئەنجامی شیکاری جیاوازی یەک ئاراستە بۆ دەرخستنی جیاوازی نێوان تەوەرەکان بەگوێرەی گۆڕاوی پیشە | ١٨٦ |
| ٥١- | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Scheffe) بۆ ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بەگوێرەی گۆڕاوی پیشە | ١٨٧ |
| ٥٢- | ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Scheffe) بۆ کاریگەری گەشتیار لەسەر کۆمەڵگەی لۆکاڵی بەگوێرەی گۆڕاوی پیشە | ١٨٨ |
| ٥٣- | جیاوازی ناوندی ژمێرەی و لادانی پێوەری بۆ ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا و کاریگەری گەشتیار لەسەر کۆمەڵگەی لۆکاڵی بەگوێرەی گۆڕاوی ئاستی ئابووری | ١٨٩ |

| | | |
|---|---|---|
| ٥٤- | ئەنجامی شیکاری جیاوازی یەک ئاراستە بۆ دەرخستنی جیاوازی نێوان تەوەرەکان بەگوێرەی گۆڕاوی ئاستی ئابووری | ١٨٩ |


پێڕستی هێڵکارییەکان


| ژ | ناوی هێڵکارییەکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١- | پاڵنەرەکانی گەشتیاری | ٥٢ |
| ٢- | ئامانجەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی | ٦٦ |
| ٣- | پرەنسیپەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی | ٦٩ |
| ٤- | جۆرەکانی گەشتیاری | ١٣٨ |
| ٥- | جۆرەکانی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان | |


پێڕستی پاشکۆکان


| ژ | ناوی پاشکۆکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١- | فۆڕمی کراوەی پێشوەختە | ٢٤٣ |
| ٢- | فۆڕمی پێوەری تایبەت بە پسپۆڕان | ٢٤٤ |
| ٣- | ناوی پسپۆڕان بۆ ڕاستیەتی فۆڕمی پێوانە پرسیارنامەی توێژینەوەکە | ٢٥٠ |
| ٤- | فۆڕمی ڕاستگۆی ناوەرۆک بۆ بڕگەکان | ٢٥١ |
| ٥- | ئەنجامی هاوکێشەی پێرسۆن بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان بڕگەکان و کۆی گشتی فۆڕمەکە | ٢٥٣ |
| ٦- | ئەنجامی ئەلفا کرۆنباخ بۆ جێگیری فۆڕمی ڕاپرسی | ٢٥٥ |
| ٧- | فۆڕمی پێوەری پرسیارنامەکە بەشێوەی کۆتایی | ٢٥٦ |
| ٨- | پێوەرەکە بەزمانی عەرەبی | ٢٦١ |
| ٩- | فۆڕمی چاوپێکەوتنەکان | ٢٦٦ |
| ١٠- | نوسراوی وەزارەتی شارەوانی – دەستەی گەستوگوزاری هەولێر | ٢٦٧ |
| ١١- | نەخشەی ناوچە گەشتیاریەکانی هەرێمی کوردستان | ٢٦٨ |
| ١٢- | نەخشەی ناوچە گەشتوگوزارییەکان بەگوێرەی پارێزگای هەولێر | ٢٦٩ |
| ١٣- | نەخشەی ناوچە گەشتوگوزارییەکانی بەگوێرەی پارێزگای سلێمانی | ٢٧٠ |
| ١٤- | نەخشەی ناوچە گەشتوگوزارییەکانی بەگوێرەی پارێزگای دهۆک | ٢٧١ |
| ١٥- | وێنەی ناوچە گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستان | ٢٧٢ |

## پێشەکی:

گەشەپێدان ڕۆڵێکی گرنگی لە پێشکەوتنی کۆمەڵگاکاندا هەیەو ئەویش بەهۆی بایەخپێدانی دەوڵەتان بەم پرۆسەیەو هەوڵدانیان بەشێوەیەک کە کاریگەری ئەرێنیان لەسەر گەلەکانیان وپەرەپێدانی تواناکانیان و باشترکردنی ئاستی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئابووری و تەندروستیان هەبێت ئەویش لەڕێگەی وەبەرهێنانی هەموو ئەو دەرامەت و توانایانەی کە بەردەستە لە کۆمەڵگەداو ، تاکو تاکەکان بتوانن ئەوپەڕی ووزەی بەردەست بقۆزنەوە بۆ ڕوودانی گۆڕانکاری و بەدەستهێنانی پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی لە کۆمەڵگەدا .

گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بناغەی هەموو جۆرەکانی تری گەشەپێدان دادەنرێت کە بەشێوەیەکی سەرەکی ئامانجی پەرەپێدانی پەیوەندییە کۆمەڵاییەتییەکانە لەنێوان لایەنەکانی کۆمەڵگادا : تاک ، گرووپ ، دامەزراوە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان ، ڕێکخراوە ناوخۆییەکانە . لەهەمان کاتیشدا ئامانجی باشترکردنی ئاستی گوزەرانی هاولاتیانە بەبەردەوامی لەپێناو بەدەستهێنانی گەشەپێدانی گشتگیر بۆ ئەوەی بەشداری لە بونیادنانی کۆمەڵگەدا بکات .

بێگومان پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕ لەنێوان چالاکی گەشتیاری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا هەیە ، چونکە گەشتیاری یەکێک لە ئامانجەکانی گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتییە کە بەشداری لە باشترکردنی شێوازی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتووری تاکەکانی کۆمەڵگەدا دەکات ، هەربۆیە ئەم چالاکییە لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە ، بەهۆی پەرەسەندنی شێوازەکانی گواستنەوەو پەرەسەندنی تەکنەلۆجیای گەیاندن ، ئەمە بۆتە هۆی تێکەڵاوبوونی گەلان لەگەڵ یەکتریدا و ئەم تێکەڵاوییە دەبێتە هۆی گۆڕینەوەی کاریگەری گەشتیارو کۆمەڵگەی لۆکاڵی لەسەر یەکتری ، بەمە فاکتەری لاسایی کردنەوە لەلایەن کۆمەڵگەی لۆکاڵییەوە لەڕووی جل لەبەرکردن و خواردن و هەڵسوکەوت و نەریتی سلاوکردن و شێوازی قسەکردن سەرهەڵدەدات ، واتە گەشتیاری کاریگەری لەسەر ڕەفتارو داب و نەریت و زمان و بیروباوەڕی فکری و هونەری و شێوازی ژیانیان دەبێت و ، سیمایەکی شارستانی کۆمەڵایەتیە بۆ گواستنەوەو ئاڵوگۆڕی ڕۆشنبیری و شارستانیەت لە نێوان کۆمەڵگە جیاوازەکانی جیهاندا ، لەهەمان کاتدا گەشتیاری ڕۆڵێکی گرنگی لە ئابووری دەوڵەتە پێشکەوتو تازەگەسەسەندووەکاندا گێڕاوە ، بەشداری لە پێدانی هەلی کارو کەمکردنەوەی قەبارەی بێکاری و بەدەستهێنانی هاوسەنگی کۆمەڵایەتی لەڕووی نزیک کردنەوەی چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان لەیەکتری

دەکـات ، لە ئەنجـامی زیـادبوونی داهـاتی تـاک لە کەرتـی گەشـتیاریدا ، بەمە ئەو دەوڵەتـانە لەڕووی گەشتیارییەوە پەرەیان سەندووە .

لێرەوە ئامـانجی سـەرەکی ئەم تـوێژینەوەیە زانینـی ڕۆڵـی گەشـتیاری لە گەشـەپێدانی کۆمەڵایەتیـدا بـۆ گەیشـتن بە ڕاسـتی و دروسـتی ئامانجەکـانی تـوێژینەوەکە ، تـوێژینەوەکە دابەشـکراوە بەسـەر دوو دەروازەدا ، دەروازەی یەکەم لایەنـــی تیـــۆری تـــوێژینەوەکەیە دەروازەی دووەم لایەنـــی مەیـــدانی توێژینەوەکەیە ، ئەوانیش دابەشکراون بەسەر چەند بەشێکدا .

دەروازەی یەکەم لایەنـی تیۆری تـوێژینەوەکە لەچەنـد بەشـێک پێکهاتووە لەبەشـی یەکەمـدا چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە لەخۆ دەگرێت ، کەسێ باس لە خۆ دەگرێت لە باسی یەکەمدا ڕەگەزە سـەرەکییەکانی توێژینەوەکەی ڕوونکردۆتەوە لەوانە (گرفت ، گرنگی و، ئامانج و ، میتۆدی توێژینەوەکەو ، بوارەکان و ، کـۆمەڵگەو ، نمـوونەی تـوێژینەوەکە و ، ئامرازەکـانی کـۆکردنەوەی زانیـاری و ، ئـامرازە ئامارییەکـان . لەباسـی دووەمـدا توێژینەوەکانی پێشـوو خـراوەتەڕوو ، بـریتیین لە تـوێژینەوە کوردییەکـان و تـوێژینەوە عەرەبییەکان گفتوگۆیان لەسەر کراوە ، لە باسی سێیەمدا تیۆری پشبەست بە توێژینەوەکەو و گفتوگۆی تیـۆری تـوێژینەوەکە خـراوەتەڕوو ، لەبەشـی دووەمـدا تـوێژەر تیشـکی خسـتۆتە سـەر گەشـتیاری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی ، لەباسی یەکەمدا توێژەر باسـی لە بنەمـا سـەرەکییەکانی گەشـتیاری کـردووە ، لەباسـی دووەمـدا بـاس لە گەشـەپێدانی کـۆمەڵایەتی دەکـات ، هەرچـی باسـی سـێیەمە تـوێژەر هەوڵیـداوە پەیوەنـدی نێـوان ئەم دوو گـۆڕاوە بـدۆزێتەوە ، واتە ڕەنگدانەوەی گەشـتیاری لە پرۆسـەی گەشـەپێدانی کۆمەڵایەتیدا ، هەر لەم باسەدا توێژەر هەوڵیداوە تیشک بخـاتە سـەر ڕۆڵـی گەشـتیاری لە چەنـد لایەنێکـی بونیادی کۆمەڵگە ، هەروەها باسـی بـارودۆخی بزاوتـی گەشـتیاری لە هەرێمـی کوردسـتان و نموونەکـانی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستاندا کردووە .

دەروازەی دووەم لایەنـی مەیـدانییە کە بەشـی سـێیەم لەخۆدەگرێـت لەوانە شـیکردنەوە بـۆ خسـتنەڕووی خشـتەو ئەنجـامی ئامانجەکـان دەکـات ، ئەم بەشـە چـوار بـاس لەخۆدەگرێـت باسـی یەکەم خسـتنەڕووی خەسـڵەتەکانی نمـوونەی تـوێژینەوەکەیە ، باسـی دووەمـی ئەم بەشـەش گفتوگـۆی ئەنجـامی ئامـانجی توێژینەوەکە شیکار دەکات ، باسـی سـێیەم خسـتنەڕووی زانیـاری تـایبەت بە چاوپێکەوتنەکـان ، هەرچـی باسی چوارەمە باس لە ئەنجام ودەرئەنجام و پێشنیارو ڕاسپاردەکان دەکات .

# دەروازەی یەکەم

# لایەنی تیۆری

# بەشی یەکەم:

# چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

**باسی یەکەم : ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە**

**باسی دووەم : توێژینەوەکانی پێشوو**

**باسی سێیەم: تیۆری پشتبەست بە توێژینەوەکە**

# بەشی یەکەم

# چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

**باسی یەکەم :ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە**

**یەکەم :گرفتی توێژینەوەکە** –

**دووەم : ئامانجی توێژینەوەکە**

**سێیەم :گرنگی توێژینەوەکە**

**چوارەم :میتۆدی توێژینەوەکە**

**پێنجەم :بوارەکانی توێژینەوەکە**

**شەشەم :کۆمەڵگەی توێژینەوەکە**

**حەوتەم : نمونەی توێژینەوەکە**

**هەشتەم : ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوەکە**

**نۆیەم : ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکانی توێژینەوەکە**

# بەشی یەکەم:چواچێوەی گشتی توێژینەوەکە

## باسی یەکەم: ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە

### یەکەم : گرفتی توێژینەوەکە

هەنگـــاوی هەڵبژاردنـــی کێشـــەکە پەیوەنـــدییەکی وابەســـتەیی هەیە بە هەنگاوەکـــانی تـــری تـــوێژینەوەکەوە و کـــاریگەری گەورەی لەســـەر هەمـــوو ئەو هەنگـــاوانەوە هەیە کە بەدواییـــدا دێـــن (الحســـن ،١٩٧١ : ١٣٩). هاوکـــات یـــارمەتی تـــوێژەر دەدات بـــۆ چـــوونە نێـــو بـــابەتەکەوە و ، دیـــاریکردنی ئەو بـــابەتە ســـەرەکییانەی کە پێویســـتی بە ڕاڤەکـــردن هەیە ، هەروەهـــا ڕەگەزە پێکهێنەکانیشـــی شـــیبکرێنەوە . (الحســـن ،١٩٨٦: ٣٨) . دەکرێـــت بڵێـــین گرفتـــی تـــوێژینەوەکە ئەو پرســـیارەیە کە لای تـــوێژەر دروســـت دەبێـــت ، دەیەوێـــت لەمیـــانەی بـــواری تێـــۆری و پـــراکتیکیەوە بگـــاتە ئەنجـــام ، وەک ئاشکراشـــە چـــالاکی گەشـــتیاری لە ئێســـتادا ڕوو لە زیـــادبوونە و کـــاریگەی بەرچـــاوی هەیە لەســـەر گـــۆڕانی کـــۆمەڵایەتی و بوارەکـــانی گەشـــەپێدان ، لێـــرەدا بـــۆ تێگەیشـــتن لە پەیوەندی نێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە ، پرسیاری سەرەکیمان لا دروست دەبێت

-ئایا  گەشتیاری ڕۆڵی  لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە؟

لەم پرسیارە سەرەکیەوە کۆمەڵێک پرسیاری لاوەکی دێتە ئاراوە، ئەوانە

١- ئایا گەشتیاری ڕۆڵی لە پەرەپێدانی کەرتە گشتییەکانی کۆمەڵگەدا ( خوێندن ، تەندروستی ، شوێنی نیشتەجێبوون ، سەرخان و ژێرخانی ئابووری)لە هەرێمی کوردستاندا هەیە ؟

٢-ئایـا گەشـتیارکاریگەری لەسـەر پەرەپێـدانی کـۆمەڵایەتی لە ڕووی ( گـۆڕانی کـۆمەڵایەتی ، ڕەفتـاری کۆمەڵایەتی ، پەیوەندی کۆمەڵایەتی ، گۆڕانی داب و نەریتەکان) هەیە ؟

٣- ئایا گەشتیاری ڕۆڵی لە پەرەپێدانی لایەنی کۆمەڵایەتی و کولتوری کۆمەڵگادا هەیە ؟

٤- ئایا گەشتیاری ڕۆڵی لە لایەنی ژینگەدا هەیە ؟

٥-  ئایا گەشتیاری ڕۆڵی لە پەرەپێدانی لایەنی ئابووری کۆمەڵگەدا هەیە ؟

**دووەم : ئامانجی توێژینەوەکە**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات چەندین ئامانجی سەرەکی بەدەستبێنێت کە ئەمانەن

ئامانجی سەرەکی

-زانینی ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستاندا.

-ئامانجی لاوەکی:

١-زانینی ڕۆڵی گەشتیاری لە پەرەپێدانی کەرتە گشتییەکانی کۆمەڵگا ( خوێندن ، تەندروستی ، شوێنی نیشتەجێبوون ، سەرخان و ژێرخانی ئابووری) .

٢-زانینی کاریگەری گەشتیار لەسەر پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی لە ڕووی ( گۆڕانی کۆمەڵایەتی ، ڕەفتاری کۆمەڵایەتی ، پەیوەندی کۆمەڵایەتی ، گۆڕانی داب و نەریتەکان) .

٣-زانینی ڕۆڵی گەشتیاری لە پەرەپێدانی لایەنی کۆمەڵایەتی وکولتوری کۆمەڵگەدا .

٤- زانینی ڕۆڵی گەشتیاری لە لایەنی ژینگەی کۆمەڵگەدا.

٥- زانینی ڕۆڵی گەشتیاری لەپەرەپێدانی لایەنی ئابووری کۆمەڵگەدا.

**سێیەم : گرنگی توێژینەوەکە**

**گرنگی ئەم توێژینەوەیە لە دوولایەندا خۆی دەبینێتەوە ئەوانیش :**

**١-گرنگی تیۆری**

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە بابەتێکی گرنگ تاوتوێ دەکات کە بریتییە لە ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتییدا ، لەم توێژینەوەیەدا میتۆد و ڕێگەی زانستی بەکاردێت لە میانەی چوونە ناو ئەم بابەتەوە و، خستنەڕووی ئەو بابەتانەی کە پەیوەندییان بەم بابەتەوە هەیە لە بواری تیۆرییدا و، دەرخستنی ڕۆڵی گەشتیاری لە دروستکردنی کۆمەڵگەی نوێ و و ژینگەی نوێ لە کوردستان و هاوکات پەیوەندی و تێکەڵبوون بە کولتوور و شارستانی و کۆمەڵگە جیاوازەکان ، ئاسانتر دەکات و ئاستی بژێوی تاکەکان بەرەوە باشتر دەبات پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش پتەوتر دەکات ، هەر بۆیە هەرێمی کوردستانیش شوێنی

گەشـــتیاری زۆرە و خـــاوەنی کۆمەڵێـــک توانســـتی سروشـــتی و مـــرۆییە لەبەرئەوە پێویســـتە کاربکرێـــت بـــۆ بەرەو پێشـــبردنی ئەم کەرتە ، دەتوانرێـــت لە بـــواری گەشـــەپێدانی کۆمەڵایەتییـــدا ســـوودی لێوەربگیرێـــت . هەروەهـــا دەبێـــتە هـــۆی کەڵەکەبـــوون و بەرەو پێشـــچوونی زانســـتی لە بـــواری کۆمەڵناســـی وکۆمەڵناســـی گەشـــەپێدان و کۆمەڵناســـی گەشـــتیارییدا ، ئەویـــش لەبەر ڕۆشـــنای گرنگیـــدانی ئەم تـــوێژینەوەیە لە دیراســـەکردنی ڕۆڵـــی گەشـــتیاری و شـــوێنە گەشـــتیارییەکانی هەرێمـــی کوردســـتان لە گەشـــەپێدانی کۆمەڵایەتییـــدا. گرنگییەکـــی تـــری لەوەدایە کە ئەوەنـــدەی ئاگـــاداربین یەکەم تـــوێژینەوەیە لەســـەر ئاســـتی هەرێمـــی کوردســـتان کە لە بـــواری گەشتیاری گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا ئەنجامدرابێت .

## ٢-گرنگی پراکتیکی

لەڕووی پـــراکتیکییەوە ئامـــاژە بەو داتـــاو زانیارییـــانە دەدات کە لە ڕەوشـــی کۆمەڵگـــای لێتـــوێژراوەوە دەســـتدەکەوێت و کە تـــوێژەر هەڵوەســـتەی لەســـەر کـــردووە . هەروەهـــا بەســـتنەوەی گەشـــتووگوزاری هەرێمـــی کوردســـتانە بە ڕۆڵـــی گەشـــەپێدانی کـــۆمەڵایەتی و ڕێگاکـــانی پەرەپێـــدانی ، کە یـــارمەتی کەرتـــی گشـــتی و کەرتـــی تـــایبەت دەدات ، ئەویـــش بە ســـوودوەرگرتن لە ئەنجـــام و دەرئەنجـــام و ڕاســـپاردەو پێشـــنیارەکانی ئەم تـــوێژینەوەیە بـــۆ پەرەپێـــدان و خزمەتـــی کەرتـــی گەشتووگوزار لە هەرێمی کوردستاندا .

### چوارەم :میتۆدی توێژینەوەکە

میتۆد جۆراوجۆرو جیاوازە ئەویش بە گوێرەی لۆژیکی ئەو میتۆدو گۆڕاوانەی پشتی پێدەبەستێت، واتە هەر بابەتێک میتۆدی تایبەت بەخۆی هەیە کە هەریەکێکیان لەیەکتری جیاوازن میتۆدی توێژەری سیاسی لە میتۆدی توێژەری دەروونناسی و کۆمەڵناسی گشتی جیاوازە هەر لقێکی زانستی میتۆدی خۆی هەیە ، بۆ ئەم هۆکارە پسپۆڕان ڕێنمای توێژەران دەکەن کە گەڕان و بەدواداچوونی زۆر بکەن لەو بوارەی کە دەیانەوێت توێژینەوەی لەسەر بکەن ( میرزا واخرون ، ٢٠١٦ : ٨٩) . میتۆد بریتییە لە هەنگاوێکی زانستی ڕێکخراو و یەکبەدوایەک کە توێژەر هەرلە سەرەتاوە تا کۆتای دوای دەکەوێت بە مەبەستی جێگیرکردنی ئەو ئامانج وگریمانانەی کە لە پێشەکی توێژینەوەکەیدا وێنای بۆ کردوون (حمداوي ، ٢٠٢٠ : ٢٩ ) .

هەر بۆیە سروشتی ئەو بابەت و دیاردەو کێشەیە سروشتی میتۆدی بەکارهاتوو لە توێژینەوەکەدا دیاری دەکات بابەتی توێژینەوەکەمان ڕۆڵی گەشتیارییە لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا بابەتێکە چەند

ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی و کولتووری و ژینگەیی و ئابووری هەیە و کاریگەری و ڕەنگدانەوەی جیاوازی لەسەر گەشتیارو کۆمەڵگەی لۆکاڵی هەیە . لە پێناو گەیشتن بە زانیاری پێویست میتۆدی تێکەڵاو (میتۆدی چەندێتی و چۆنێتی ) مان بەکارهێناوە ، بۆ میتۆدی چەندێتی میتۆدی وەسفی شیکاریمان بەکار هێناوە بۆ گەیشتن بە زانیارییەکان لە میانەی پرسیاری پێشنیارکراو لە فۆڕمی ڕاپرسیدا ، هەروەها لە میتۆدی چۆنێتیدا چاوپێکەوتنمان بەکارهێناوە ئەویش بە چاوپێکەوتن لەگەڵ ژمارەیەک لە دەستەبژێری ئەکادیمی لە بواری گەشتیاری و گەشەپێداندا و بەڕێوبەرەکانی دەستەی گەشتیاری هەر چوار پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان .

**میتۆدی تێکەڵاو**

میتۆدی توێژینەوەی تێکەڵاو بریتییە لەو میتۆدەی کە لەسەر میتۆدی چەندێتی و چۆنێتی وەستاوە لەڕووی مومارەسەکردن و تیۆرییەوە . میتۆدی توێژینەوەی تێکەڵاو بە کۆمەڵێک خەسڵەت جیادەکرێتەوە کە لە لایەن کلارک و کراسویل ) (٢٠١١) ئاماژەیان پێداوە بەوەی کە میتۆدی تێکەڵاو لە کۆکردنەوەی زانیاری چەندێتی و چۆنێتی پێکهاتووە بە مەبەستی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی توێژینەوەکەو شیکاریکردنیان بە خشتەیەکی کاتی دیاریکراو ، توێژینەوەی تێکەڵاو بە تێکەڵاوکردنی هەردوو میتۆدی چەندێتی و چۆنێتی هێز دەدات بەو توێژینەوەیە تاکو ئەنجامەکانی زۆر ووردتر و گشتگرترو ڕونترو بەسوودتر بێت ، هەوڵدەدات ئەو پردەی نێوان توێژینەوەی چەندێتی و چۆنێتی درێژە پێبدات ( السلمي ،٢٠١٩ : ٣٦٧)

ا- میتۆدی چەندێتی ئەو میتۆدەیە کە پشت بە پێوەری چەندێتی دەبەستێت ، بە مەبەستی جێگیرکردنی پەیوەندییە چەندێتی و ئامارییەکان (میرزا واخرون ، ٢٠١٦: ٩١ ) . توێژەر ئەم ڕێگایەی بەکارهێناوە دوای پرۆسەی کۆکردنەوەی زانیارییەکان بە دوو ڕێگا کە ئەوانیش ئەنجامدانی چاوپێکەوتن و پێوەر بوو ، بە خستنە پاڵ یەکی زانیاری چەندێتی و چۆنێتی لە توێژینەوەکەیدا ، هەروەها بە بەکارهێنانی میتۆدی چەندێتی لە ڕێی میتۆدی ڕوپێوی کۆمەڵایەتییەوە دەبێت .

**کە** میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی ڕێگایەکە بۆ لێکۆڵینەوە لە چوارچێوەی گشتی دیاردەیەک لە میانەی تێبینیکردنیەوەو کۆکردنەوەی ئەو زانیاریانەی کە پەیوەستە بە بارودۆخی ئێستای ئەو دیاردەیەو ئەو کاتەی کە ڕوودەدات ،ئەم میتۆدە لێکۆڵینەوەکانی گشتگیرو و زانیارییاکانی گشتین ، بەمە توێژەر ڕووبەڕووی ژمارەیەکی زۆر لەو بارودۆخانەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی دەبێتەوە (عیشور، ٢٠١٦ : ١٨٩) . توێژەر میتۆدی ڕووپێوی کۆمەڵایەتی بە نموونەی بەکارهێناوە بۆ گەیشتن بەو ڕاستیانەی کە

پەیوەندیان بە ڕۆڵی گەشتیاری بە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتییەوە هەیە ، ئەمەش لە ڕێگای فۆڕمی پرسیارنامەو چاوپێکەوتن بۆ یەکەی توێژینەوەکە.

هەرچی میتۆدی چۆنێتییە پشت بە لێکۆڵینەوە لە دیاردەیەک لە بارودۆخێکی سروشتیدا دەبەستێت و بە سەرچاوەیەکی ڕاستەوخۆی زانیارییەکان دادەنرێت و زانیارییەکانیش بە ووشەو وێنەوە بەکاردێنێت نەک بە ژمارە ، هەروەها پشت بە کۆکردنەوەی ئەو زانیارییانە دەبەستێت کە لە ڕێگەی تێبینیکردن بە بەشداریکردن و ئەنجامدانی چاوپێکەوتن و شیکاریکردنی بەڵگەنامەو چاوپێکەوتنی قوڵەوە ئەنجام دەدرێت (القاسم ، ٢٠٢١ : ٣٣٦) . توێژەر چاوپێکەوتنی بەکارهێناوە لەگەڵ دەستەی بەڕێوبەرانی هەر چوار پارێزگاکەو دەستەبژێری ئەکادیمی بۆ گەیشتن بەو زانیاریانەی کە پەیوەنیان بە ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا هەیە .

**پێنجەم : بوارەکانی توێژینەوەکە**

هەموو توێژینەوەیەک سێ بوار لەخۆ دەگرێت ئەمانەن :

**١- بواری مرۆیی :** مەبەست لەو تاکانەن کە دەکەونە ژێر چوارچێوەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە و لە بواری پراکتیکی نموونەیان لێوەگیراوە کە لێرەدا پشتمان بەستووە بە زانیاری هەریەک لە :-

-گەشتیار لە شوێنە گەشتیارییەکان .

-دەستەی بەڕێوەبەرانی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان.

-دەستە بژێری ئەکادیمی لە بواری گەشتیاری و گەشەپێداندا .

٢-**بواری شوێنی:** دیاریکردنی ئەو ژینگەیەی کە توێژینەوەکەی تیادا ئەنجام دەدرێت ، مەبەستمان - شوێنە گەشتیارییەکان لە هەرێمی کوردستان کە کۆمەڵگای توێژینەوەکەی تێدایە لە هەر چوار پارێزگای هەرێمی کوردستان ( هەولێر ، سلێمانی ، دهۆک ، هەڵەبجە) بە پێی نموونەی توێژینەوەکە کە بریتییە لە :

١-شوێنە گەشتیارییەکان لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان.

٢-بەڕێوبەرایەتی گەشتوگوزار.

٣-شوێن و جێگەی دەستەبژێری ئەکادیمی لەدام ودەزگا جیاوازەکاندا .

٣-**بواری کاتی :** دیاریکردنی ئەو کاتەی کە زانیارییەکانی تێدا کۆدەکرێتەوە بەو مانایەی ئەو ماوەیەی - کە پێویستە بۆ ئەنجامدانی کارە مەیدانیەکانی توێژینەوەکە لە ماوەی٢٠٢٢/٦/٥ تا ٢٠٢٣/١/٨ خایاندووە .

**شەشەم : کۆمەڵگەو نموونەی توێژینەوەکە**

مەبەست لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە هەموو پێکهاتەکان و یەکەکانی ئەو دیاردەیە دەگرێتەوە کە مەبەستمانە توێژینەوەی لەسەر بکەین جا ئەو پێکهاتانە مرۆڤ بن یان دامەزراوە یان چالاکی ..هتد (المشهداني ، ٢٠١٧ : ٤٣) . کۆمەڵگای توێژینەوەکەی ئێمە لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە:

١-گەشتیاران لە هەرێمی کوردستان (وەک کۆمەڵگایەکی نادیار)

٢-دەستەی بەڕێوبەرانی گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان.

٣-دەستەبژێری ئەکادیمی کە پسپۆڕن لە بوارەکەدا.

**حەوتەم : نموونەی توێژینەوەکە**

مەبەست لە نموونەی توێژینەوەکە هەموو ئەو یەکانەیە کە بابەتی توێژینەوەکە دەیانگرێتەوە هەڵبژێردراون بە گوێرەی بنەمای زانستی و لۆژیکی بۆ ئەوەی نموونەی لێکچوو و هاوشێوەی کۆمەڵگە وەربگیرێت کە نوێنەری ڕاستەقینەی کۆمەڵگەکە بێت (دشلي ، ٢٠١٦ : ١٣٠) .

لەم توێژینەوەیەدا نموونەکە لە جۆری ڕێکخراوە لە بەشی چۆنێتیدا کە بە چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسانی ئەکادیمی و شارەزا لە بواری گەشتیاری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا کە ژمارەیان( ١١) کەس بوون وەرمانگرتوون بە مەبەستی ئاشنابوونی زیاتر لە بابەتەکە .

لە بەشی چەندێتیدا نموونەی نامەستداری هەرەمەکیمان بەکارهێناوە دوای کۆکردنەوەی زانیاری لە کۆمەڵگای توێژینەوەکە کە بریتی بوون لە گەشتیاران و کۆمەڵگەی لۆکاڵی کە ژمارەیان ٣٨٥ گەشتیارە لە هەر چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان بە گوێرەی **ئەم شێوازە ئامارییەی لای خوارەوە ئەو (٣٨٥) گەشتیارەمان وەرگرتووە :**

**دیاریکردنی نموونەی توێژینەوەکە**

دیاریکردنی نموونەی توێژینەوە کاتێک ژمارەی ئەندامانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە نەزانراو بێت: (هاوکێشەی کۆکران)

$$N = \frac{(Z)^2\,(pq)}{(d)^2}$$

$$N = \frac{(1,96)^2\,(0.25)}{(0,05)^2} = 384.16 \cong 385$$

کاتێک:

(Z) = بەهای پێوانەیی (ت) کاتێک ئاستی بەڵگەداری (0,05) بێت، واتە (Z) = 1,96

(d) = هەڵەی پێوانەیی کاتێک ئاستی متمانە (%95)، واتە (d) = 0,05

(pq) = نمرەی جیاوازی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەی توێژینەوە، بە بڕوای زانایانی بواری ئامار نمرەیەکی جێگیرەو ناگۆڕێت، ئەویش = 0,25 (مهدلي ،٢٠٢٠: ٥٨) .

خشتەی (١)

نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە لە ڕووی وەرگرتنی ژمارەی گەشتیار بۆ ناوچە گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستان بە گوێرەی جۆرەکانی گەشتیاری

| پارێزگاکان | ژمارەی گەشتیار | جۆرەکانی گەشتیاری لە پارێزگاکانی هەرێم |
|---|---|---|
| هەولێر | ٩٠ | گەشتیاری کاتبەسەربردن /بێخاڵ و گەلی عەلی بەگ/ گەشتیاری ئاینی/ سوڵتان موزەفەر / گەشتیاری مێژووی/ ئەشکەوتی شانەدەر و قەڵای هەولێر/ گەشتیاری چارەسەرکردن/ گەڕاوی جەلی لای سماقوڵی/ گەشتیاری وەرزشی/ چیای سەفین |
| سلێمانی | ١٣٣ | گەشتیاری کاتبەسەربردن /دوکان / گەشتیاری ئاینی/مزگەوتی گەورە/ گەشتیاری مێژووی /ئەشکەوتی جاسەنە/ گەشتیاری چارەسەرکردن/ لەسەر ڕای شارەزایان گەشتیاری چارەسەرکردن وەک پێویست نییە ، گەشتیاری وەرزشی/ چیای ئەزمەڕ/ |
| دهۆک | ٧١ | گەشتیاری کاتبەسەربردن /سۆلاف و سەرسنگ / گەشتیاری ئاینی/ لالش/ گەشتیاری مێژووی /قەڵای ئاکرێ/ گەشتیاری چارەسەرکردن/ کانی زەرتک گەشتیاری وەرزشی/ قەڵای ئاکرێ خەڵک بۆ شاخەوانی ڕوودەکاتە ئەو شوێنە لەهەمان کاتدا شوێنەواریشە |
| هەڵەبجە | ٩١ | گەشتیاری کاتبەسەربردن / ئەحمەد ئاوا / گەشتیاری ئاینی/ مزگەوتی تەوێڵەو بیارە –مرقدی بیارە/ گەشتیاری مێژووی /مۆنۆمێنتی هەڵەبجە/ گەشتیاری چارەسەرکردن/ گەڕاوی خورماڵ ، گەشتیاری وەرزشی/ لەسەر ڕای شارەزایان و خەڵکی هەڵەبجە گەشتیاری وەرزشی وەک پێویست نییە . |

خشتەی (٢)

## دەستەی بەڕێوبەرانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان

| ژمارە | ناو | پۆستی کار | ئاستی زانستی | شوێن | بەروارو شوێنی چاوپێکەوتن |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| ١- | اسماعیل مینە خان | بەڕێوبەری گەشتوگوزاری هەولێر | بکالوریوس لە کارگێڕی و ئابووری | دەستەی گەشتوگوزاری هەولێر | ٢٠٢٢/٦/٥ |
| ٢- | خێری علی اوسو | بەڕێوبەری گەشتوگوزاری دهۆک | دکتۆرا لە کۆلێژی کارگێڕی بەشی بازاڕکردن | بەڕێوبەرایەتی گەشتوگوزار و شارەوانی دهۆک | ٢٠٢٢/٦/٢٧ |
| ٣- | علی رؤوف غفور | بەڕێوبەری گەشتوگوزاری سلێمانی | بکالوریوس لە یاسا | بەڕێوبەرایەتی گەشتوگوزار و شارەوانی سلێمانی | ٢٠٢٢/٦/٨ |
| ٤- | غەریب احمد حمە حسێن | بەڕێوبەری گەشتوگوزاری هەڵەبجە | بکالوریوس لە کارگێڕی | بەڕێوبەرایەتی گەشتوگوزار و شارەوانی هەڵەبجە | ٢٠٢٢/٦/٢٠ |
| ٥- | نادر ئاغا حسێن | نوسەرو شارەزا لە بواری گەشتیاری | بکالوریۆس لە کۆمەڵناسی | دەستەی گەشتوگوزاری هەولێر | ٢٠٢٢/٦/٥ |

خشتەی (٣)

## دەستەبژێری ئەکادیمی

| ژمارە | ناو | ناونیشانی زانستی | پسپۆڕی | شوێن | بەرواری چاوپێکەوتن |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | یونس علی احمد | پرۆفیسۆر | ئابووری گەشتیاری | زانکۆی سلێمانی | ٢٠٢٢/٦/٣٠ |
| ٢- | شیروان عمر رشید | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | جوگرافیای گەشتیاری | زانکۆی سلێمانی | ٢٠٢٢/٦/٣٠ |
| ٣- | عەفاف یوسف نوری اغا | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | بازاڕگەی گەشتیاری | زانکۆی پۆلیتکنیکی هەولێر | ٢٠٢٢/٦/٢٩ |
| ٤- | فارس محمد فؤاد نقشبندی | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | کارگێڕی بازاڕکردن | زانکۆی دهۆک | ٢٠٢٢/٦/٢٠ |
| ٥- | لانە صابر محمد سعید | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | پەیوەندی گشتی و بەڕێودانی گەشتیاری | زانکۆی سلێمانی | ٢٠٢٢/٧/٤ |
| ٦- | هەتاو کریم خضر | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | کۆمەڵناسی گەشتیاری | زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر | ٢٠٢٢/٧/٢٠ |

**هەشتەم : ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوەکە**

لە پێناو گەیشتن بە کۆمەڵێک داتاو زانیاری سەبارەت بە بابەتی توێژینەوەکە پێویستە توێژەر پەنابەرێتە بەر کۆمەڵێک ئامراز بۆ دەستکەوتنی زانیاری تەواو لەسەر بابەتەکەی ئەوانیش:

**١-چاوپێکەوتن:**

چاوپێکەوتن بریتییە لە گفتوگۆی ڕاستەوخۆی نێوان توێژەرو لێتوێژراو بە مەبەستی گەیشتن بەو زانیارییانەی کە ڕەنگدانەوەی ڕاستی و هەڵوێستە دیاریکراوەکانە کە توێژەر پێویستە پێیبگات بە تیشک خستنە سەر ئامانجەکانی توێژینەوەکەی (قنديلجي ،٢٠٠٧: ١٨٩) .

لەم تــوێژینەوەیەدا چــاوپێکەوتنی نــیمچە ڕێکخــراو لەگەڵ ژمــارەیەک بەڕێــوبەر و دەســتەبژێری ئەکــادیمی لە بــواری گەشــتیاری و گەشــەپێدان ئەنجامــداوە ، لەپێنــاو زانینــی پەرەســەندنی گەشــتیاری و ڕۆڵــی لە گەشــەپێدانی کــۆمەڵایەتی لە هەرێمــی کوردســتاندا ، هەر بــۆیە ئەم جــۆرە چاوپێکەوتنەمــان بەکارهێنــاوە لەبەرئەوەی پرســیارەکانمان کــراوە بــوون کە ئاراســتەی کەســەکانمان کــردووە بە ئــارەزووی خۆیــان وەڵامیانــداوەتەوە ، هەر بــۆیە چاوپێکەوتنەکەمــان نیمچە ڕێکخراو بووە .

**٢-پێوەر (مقياس)** :

دەرئەنجامێکە ، لە پرۆسەی پێوانەکردندا هەڵچنراوە، کە بەشێکە لە ئەزموونی بونیادی پەیکەریی، کە ئەمــیش وابەســتەیە بە پێــوەری ڕەگەزەکــانەوە یــاخود بەو ئامــاژانەوە کە تــایبەتن بە ئــاوێتەیەکی دیاریکراوەوە (باتسيرجي ،٢٠١٥: ١٤٢ ).

لەم تــوێژینەوەیەدا ئــامرازی بەکارهــاتوو بــۆ کــۆکردنەوەی زانیارییەکــانی تــوێژینەوەکە بریتیبــووە لە پرســیارنامە بە خوێنــدنەوەو پێــداچوونەوەی کۆمەڵێــک ســەرچاوەی نزیــک لە بــابەتەکە و ئەنجامــدانی کۆمەڵێــک چــاوپێکەوتن لەگەڵ کەســانی شــارەزا لەســەر بــابەتەکە بــۆ دروســتکردنی کۆمەڵێــک پرســیار دواتــر بــۆ هەر بــڕگەیەک ڕێگــای (ليكـرت) مــان بەکارهێنــاوە کە بــریتییە لە پێــنج بــژاردە ئەوانــیش (زۆر لەگەڵیــدام ، لەگەڵیــدام ، هــیچ ڕام نیــیە ، لەگەڵیــدانیم ، هــیچ لەگەڵیــدا نــیم ) ســەرجەمی بڕگەکــان بریتــی بــوو لە (٥٢) بــڕگە دابەشــبوبون بەســەر (٥) تەوەردا بە پێــی پێویســتی تەوەرەکە بڕگەکــان تیایــدا دانــراون ، تەوەرەکــانیش بریتیبــوون لە یەکەم :زانیــارییە تایبەتیەکــان (ڕەگەز و تەمەن و ئاســتی خوێنــدن و شــوێنی نیشــتەجێبوون و ئاســتی ئــابووری ، ئامــانجی

گەشـــتەکە) ، دووەم: زانیـــاری تـــایبەت بە خزمەتگـــوزارییە گشـــتییەکان کە (١١) بـــڕگە بـــوو ، هەروەهـا زانیـاری تـایبەت بەڕۆڵـی گەشـتیاری لە لایەنـی کـۆمەلایەتی و کولتـوری و کە (١٨) بـڕگە بـوو زانیـاری تـایبەت بە ڕۆڵـی گەشـتیاری لە لایەنـی ژیـنگەی کە (٧) بـڕگە بـوو ، زانیـاری تـایبەت بە ڕۆڵــی گەشــتیاری لە لایەنــی ئــابووری کە (٧) بــڕگە بــوو ،زانیــاری تــایبەت بە ڕۆڵــی گەشــتیار لەســەر کـۆمەڵگەی لۆکـاڵی کە (٩) بـڕگە بـوو کە لە فـۆڕمەکەدا هـاتووە بـۆ زانیـاری زیـاتر بگەڕێـوە بۆ پاشکۆی (٧) ، پرۆسەی دانانی پێوەر بە چوار قۆناغدا دەڕوات ئەمانەن :

**قۆناغی یەکەم : دانانی پێوەر**

**ئامادەکردنی پێوەر بە کۆمەڵێک هەنگاودا دەڕوات ئەوانیش :**

**١-گەڕانەوە بۆ ئەدەبیات و سەرچاوەی پەیوەندیدار بە بابەتەکەوە :**

دروســـتکردنی فـــۆڕمی تـــایبەت بە توێژینەوەکەمـــان ئەویـــش بە گەڕان بە دوای ئەو تـــوێژینەوەو لێکـــۆڵینەوانەی کە پەیوەنـــدیان بە ئەدەبیـــاتی پێشـــنیارکراوەوە هەیە لە لایەنـــی تیـــۆری تــوێژینەوەکەدا ، هەر بــۆیە تــوێژەر گەڕا بە دوای ژمــارەیەک لە توێژینەوەکــانی پێشــوو نزیکبــوون لە تـوێژینەوەکەی خـۆیەوە سـەبارەت بە ڕۆڵـی گەشـتیاری لە گەشـەپێدانی کۆمەلایەتیـدا سـوودی لەو تــوێژینەوانە وەرگــرت و تەوزیفــی کــردن لە شــوێنی گونجــاودا . هەروەهــا لە میــانەی ئەو چاوپێکەوتنــانەی کە تــوێژەر لەگەڵ کەســانی ئەکــادیمی و شــارەزایان ئەنجامیــداوە ســەبارەت بە بــابەتی ڕۆڵــی گەشــتیاری لە گەشــەپێدانی کۆمەلایەتیــدا ڕونکــردنەوەی زۆری لەســـەر بــابەتی تــوێژینەوەکە لا دروســتبووەو ، جــگە لەوانە خوێنــدنەوەی ئەو بــابەت و پێناســانەی کە تــوێژەر لە ســـەرچاوە زانســـتییەکانەوە دەســـتیکەوتون لەلایەنـــی تیـــۆری تـــوێژینەوەکەدا ســـودیان هەبـــووە لە داڕشتن و دروستکردنی کۆمەڵێک بڕگەی پێوەرەکە .

**٢- فۆڕمی ڕاپرسی پێشوەخت ( الاستمارة الاستطلاعية ):**

لە قۆنـــاغی یەکەمـــدا تـــوێژەر هەســـتا بە ئەنجامـــدانی لێکـــۆڵینەوەی پێشـــوەختە لە ڕێـــگەی فـۆڕمێکەوە کەپێـنج پرسـیاری کـراوەی تێـدا بـوو ئەوانـیش : ڕۆڵــی گەشــتیاری لە گەشــەپێدانی کۆمەلایەتیـدا چیـیە؟ ڕۆڵـی گەشـتیاری لە خزمەتگـوزارییە سـەرەکییەکانی کـۆمەڵگەدا چیـیە؟ ڕۆڵـی گەشــتیاری لە لایەنــی کــۆمەلایەتی و کولتــوری چیــیە ؟ ڕۆڵــی گەشــتیاری لە لایەنــی ئــابووری کــۆمەڵگەدا چیــیە؟ ڕۆڵــی گەشــتیاری لەلایەنــی ژیــنگەدا چیــیە ؟ ئەم پرســیارانەمان ڕووبەڕووی

کۆمەڵێک کەسانی ئەکادیمی و شارەزا لە بواری گەشتیاری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا کرد سوودمان لە ڕاو بیروبۆچوونەکانیان وەرگرت بۆ داڕشتنی هەندێک لە بڕگەی پرسیارەکان و گەیشتینە زانیاری ڕاستەقینە لەسەر ئەو واقیعە ، سەرباری توانای دەربڕینی بیروبۆچوونەکانیان دەربارەی ئەو بابەتە و گەیشتن بە هەندێک ڕواڵەت و ئاماژە (المؤشرات) کە ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا دەخاتە ڕوو ، ژمارەی فۆرمەکان (١٥) فۆرم بوو کە دابەشمان کردبوو بەسەر کەسانی ئەکادیمی و شارەزاو بەڕێوبەرانی دەستەی گەشتوگوزاری هەر چوار پارێزگاکە ، لەگەڵ هەستان بە چاوپێکەوتن لەگەڵیاندا بۆ زانیاری زیاتر (بڕوانە پاشکۆی ١)

**٣- فۆرمی پێوەر :**

لەبەر ڕۆشنای ئەو هەنگاوانەی پێشوو ، تویژەر هەندێک بڕگەی لا دروستبووە کە فۆرمی پێوەرەکە بە شێوەیەکی سەرەتای داڕشت ، ئەوەش پاش ئەوە دێت کە شیکردۆتەوە بۆ چەند پێکهاتەیەک کە لە (٨٠) بڕگەدا داڕێژراوە ، کە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە بەشی یەکەم ( زانیارییەکانی تایبەت بە لێتوێژراوان ، زانیارییەکانی تایبەت بە ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی ، بەشی دووەمی فۆرمەکە کە تایبەت بوو بە ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا دابەش بوو بوو بەسەر (٥) تەوەردا ، تەوەری یەکەم (زانیاری تایبەت بە ڕۆڵی گەشتیاری لە خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا ) تەوەری دووەم ( زانیاری تایبەت بەڕۆڵی گەشتیار لەسەر کۆمەڵگەی لۆکاڵی ) تەوەری سێیەم (زانیاری تایبەت بە ڕۆڵی گەشتیاری لە لایەنی کۆمەڵایەتی و کولتوری کۆمەڵگە ) و تەوەری چوارەم (زانیاری تایبەت بە ڕۆڵی گەشتیاری لە لایەنی ژینگەی کۆمەڵگە) و تەوەری پێنجەم (زانیاری تایبەت بە ڕۆڵی گەشتیاری لە لایەنی ئابووری کۆمەڵگە) لە داڕشتنی بڕگەکاندا ئەو بڕگانەی نەگونجاون لابراوە و بڕگەکان وا داڕێژراوە کە لەگەڵ ئامانجەکانی توێژینەوەکەدا بگونجێت (بڕوانە پاشکۆی ژمارە ٢ ) .

**قۆناغی دووەم : تاقیکردنەوەی ڕاستییەتی پێوەرەکە**

لە کۆتاییدا توێژەر فۆرمی پێوەری ڕاپرسییەکەی پیشانی کەسانی شارەزا داوە کە کەسانی ئەکادیمی و شارەزا بوون لەو بوارەدا بە مەبەستی تاقیکردنەوەی ڕاستی بڕگەکانی ئەم پێوەرەو دڵنیابوون لە گونجاوی لەگەڵ ئامانجەکانی توێژینەوەکەدا ، تا بەبۆچوونی ئەوان ئاشنا بێت و دڵنیابێتەوە لە ڕاستی و دروستی ڕاپرسییەکە ، بۆ ئەمەش توێژەر شێوازی

ڕاستگۆیی تاقیکردنەوەی ڕاستگۆی بەکارهێناوەو  کە بریتییە لە دابەشکردنی فۆڕمەکە بەسەر پسپۆڕان و شارەزایانی بوارەکە بەمەبەستی زانینی ڕاوبۆچوونیان لەسەر بڕگەکانی پێوەرەکە بۆ ئەم مەبەستەش تویژەر فۆڕمەکەی خستە بەردەست (١٢) شارەزا لە بوارەکانی کۆمەڵناسی و دەروونناسی و گەشتیاری بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٢) داوای لێکردن کە ڕاوبۆچوونی خۆیان دەرببڕن سەبارەت بە ئاستی گونجاوی بڕگەکانی پێوەرەکە لەگەڵ ئامانج و کۆمەڵگەی تویژینەوەکە و پێشنیاری هەر گۆڕانکارییەک بکەن کە پێیان باشەو پەکخستنی هەندێک لە بڕگەکان و دانانی بڕگەی نوێ لە جێگایان ، دواتر تویژەر پشتی بە ڕاستی ڕواڵەتی بەست کە ڕێژەکەی (٧٦,٤%) بۆ ڕێکەوتنی پسپۆڕان بۆ هێشتنەوەی بڕگەکان یان لابردنیان (بڕوانە پاشکۆی ( ٣ ) ، هەر بۆیە چەند گۆڕانکارییەکی دیکە لە بڕگەکانی پێوانەکە ئەنجامدرا و لە کۆتاییدا (٥٢) بڕگە مایەوە و بژاردەکانیش وەک خۆیان مانەوە

**- (صدق التميزي) ڕاستگۆیی جیاکاری:**

جێبەجێکردنی ڕاستگۆی جیاکاری واتە جیاکاری بڕگەکان و بەهێزی و توانای بڕگەکانی پێوەرەکە دەردەخات ، پێویستە جیاکاری بڕگە لە نێوان ئاستی بەرزو نزمی نموونەی تویژینەوەکەدا بێت مەبەست لێی دورخستنەوەی ئەو بڕگانەی کە لاوازن و هێشتنەوەی ئەو بڕگانەی کە بەهێزن بۆ زانیاری زیاتر (بڕوانە پاشکۆی(٤) .

**-پەیوەندی نمرەی بڕگە بە تەوەرەکانەوە (هاوکۆلکەی پێرسۆن)**

لێرەدا بەپێی هەردوو یاسای (پێرسۆن) کە پەیوەندی نێوان بڕگەکان بە کۆی گشتی فۆڕمەکەوە نیشان دەدات، هەروەها هاوکێشەی (Independent Sample T-Test) هاوکێشەی (t) بۆ دوو سامپڵ، کە جیاوازی نێوان بەرزترین وەڵام و نزمترین وەڵام نیشان دەدات، دەخرێتە ڕوو.
بەپێی ئەم دوو هاوکێشەیە بۆمان دەردەکەوێت کام بڕگانە لاوازن و لە کارە ئامارییەکان دوور دەخرێنەوە ، بۆئەوەی ئەنجامەکان تێک نەدات ، ئەم دورخستنەوەیەش کارێکی زانستییەو کێشە بۆ تویژینەوەکە دروست ناکات (بڕوانە پاشکۆی ٥) .

**قۆناغی سێیەم: جێگیری پێوەر**

ئامرازە ئامارییەکان بۆ پێوانەکردنی جێگیری  چەند جۆرێکن ، تویژەر هەستاوە بە بەکارهێنانی دوو ڕێگا بۆ دەرهێنانی  جێگیری ئەوانیش دووبارە تاقیکردنەوەو ئەلفا کرۆنباخ ، ڕێگای دووبارە تاقیکردنەوە بەو مانایەی تاقیکردنەوە لەسەر کۆمەڵێک تاک دەکرێت  دوای ماوەیەک دووبارە هەمان تاقیکردنەوە لەسەر هەمان کۆمەڵە دووبارە کراوەتەوە دواتر تویژەر فۆڕمی ڕاپرسییەکەی لەسەر (١٥) لێتوێژراو تاقیکردۆتەوە لە کۆمەڵگەی تویژینەوەکە کە ( ناوچە گەشتیارییەکان) ، دووبارە بۆ جاری دووەم  دوای تێپەڕبوونی (١٤) ڕۆژ بەسەر تاقیکردنەوەی یەکەمدا لەسەر هەمان لێتوێژراوان  تاقیکراوەتەوە ، دوای

ئەوەش بیروڕاکانیان کراوە بە ژمارەو لە پێوەری ئاماریدا بەکارهێنراون بە مەبەستی زانینی جێگیری فۆڕمی ڕاپرسی لەبەرنامەی (Statistical Package For Social Sciences – S.P.S.S) کرداری (ئەلفا کرۆنباخ) بەکارهێنرا ، جێگیری فۆڕمی ڕاپرسییەکە دەکەوێتە نێوان (90 % - 97 %) ڕێژەی سەدی جێگیری فۆڕمەکەش (98 %) هۆکارەکەشی ئەوەیە کرداری ئەلفا کرونباخ لەگەڵ بەهای زۆردا باشتر کاردەکات، ئەمەش مانای ئەوەیە فۆڕمەکە گونجاوە بۆ جێبەجێکردن (بڕوانە پاشکۆی ٦)

**قۆناغی چوارەم: دیزاینکردنی فۆڕمی پێوەری کۆتایی (تصميم استمارة المقياس النهائي) :**

دوای ئامادەکردنی فۆڕمی پێوەرو تاقیکردنەوەی ڕاستی و جێگیری پێوەرەکە توێژەر دارشتنەوەی کۆتای بۆ فۆڕمەکە کردووە کە ئەویش داتایی سەرەتایی و داتایی پەیوەست بە ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لەخۆگرتووە ، لە کۆتاییدا دوای دڵنیابوون لە گونجاوی بڕگەکان شێوەی کۆتایی پێوەرەکە ئامادەکرا کە پێکهاتووە لە دوو بەشی سەرەکی :

**بەشی یەکەم** : کۆمەڵێک پرسیاری گشتی بوون ئەوانیش لە (٧) گۆڕاودا خۆی دەبینێتەوە(ڕەگەز، تەمەن ، ئاستی خوێندەواری، شوێنی نیشتەجێبوون ، پیشە ، ئاستی ئابووری و جۆری گەشتکردن ) .

**بەشی دووەم:** ئەو بڕگانە بوون کە تایبەت بە (ڕۆڵی گەشتیاری لە خزمەتگوزارییە گشتیەکان ) و (ڕۆڵی گەشتیار لەسەر کۆمەڵگەی لۆکاڵی) و (ڕۆڵی گەشتیاری لە لایەنی کۆمەڵایەتی و کولتوری کۆمەڵگەدا)و (ڕۆڵی گەشتیاری لە لایەنی ژینگەی کۆمەڵگەدا ) و (ڕۆڵی گەشتیاری لە لایەنی ئابووری کۆمەڵگەدا) لەم تەوەرانەدا خراوەتەڕوو ، دواتر پێوەرەکە دابەشکراوە بەسەر نموونەی توێژینەوەکەدا وەک ئامرازێک بۆ کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بۆ زانیاری زیاتر (بڕوانە پاشکۆیی ٧) .

**قۆناغی پێنجەم: ڕاستکردنەوەی پێوانە (تصحيح المقياس):**

ڕاستکردنەوەی پێوەر لە میانەی پێدانی نمرە بۆ وەڵامی ئەو بڕگانەی کە ئەرێنین پێدانی کێشی (٥، ٤ ، ٣ ، ٢ ، ١) جێگرەوەکانیش (زۆر لەگەڵیدام ، لەگەڵیدام ، هیچ ڕام نییە ، لەگەڵیدا نیم ، هیچ لەگەڵیدا نیم) وەڵامی بڕگەکان دابەشبووە بەسەر پێنج وەڵام و پێنج هێزدا ، بەم شێوەیەی کە لە خشتەی (٤) دا ڕوونکراوەتەوە .

خشتەی (٤ )

هێزی بڕگەکانی ئامرازی توێژینەوەکە

| هێزی بڕگەکان | زۆر لەگەڵیدام | لەگەڵیدام | هیچ ڕام نییە | لەگەڵیدا نیم | هیچ لەگەڵیدا نیم |
|---|---|---|---|---|---|
| بڕگەکان | 5 | 4 | 3 | 2 | 1 |

بۆ دیاریکردنی ئاستی هەر بڕگەیەکیش سوود لە هەژمارکردنی ناوەندە ژمێرەیی هەر بڕگەیەک وەرگیراوە ، بۆ شیکردنەوەش سوود وەرگیراوە لە پیوەری لیکرت بۆ بژاردەکان، بە تایبەتی ئەو بژاردانەی کە پەیوەستن بە ئاستەکانی دیدوبۆچوونەوە ،بەم شێوەیەی خوارەوە :

$$\text{درێژی ماوە} = \frac{\text{کۆی هەڵبژاردنەکان} - 1}{\text{کۆی هەڵبژاردنەکان}} = \frac{5-1}{5} = 0.8$$

خشتەی (٥)

بەهای ناوەندە ژمێرەییەکان بڕگە ئەرێنییەکان و نەرێنییەکان

| بەهای ناوەندە ژمێرەیی | ئاستی بڕگەکان |
|---|---|
| 1 – 1.8 | ئاستی هاوڕابوون زۆر لاوازە |
| 1.9 – 2.6 | ئاستی هاوڕابوون لاوازە |
| 2.7 – 3.4 | نەبوونی بۆچونێکی دیاریکراو |
| 3.5 – 4.2 | ئاستی هاوڕابوون بەرزە |
| 4.3 – 5 | ئاستی هاوڕابوون زۆر بەرزە(شیلی ، ٢٠٠١:ص٤٣) |

لێرەدا هێزی بڕگەکانی ئامرازی توێژینەوەکە و بەهای ناوەندی ژمێریاری بۆ ئاستی بڕگەکان دەتوانرێت سوودی لێوەربگیرێت لە بواری مەیدانیدا لەبەکارهێنانی پێوەرەکەماندا.

**یانزەیەم :ئامرازە ئامارییە بەکارهاتووەکانی توێژینەوەکە**

توێژەر میتۆدی ئاماری وەسفی بەکارهێناوە لەوانە :ڕێژەی سەدی ، تێکڕا دابەشکردنی دووبارەبۆوە، پێوەرەکانی خەسڵەتی مەرکەزی لە مەیدانییەوە بۆ شیکردنەوەی پێوەری ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی . توێژەر لە توێژینەوەکەیدا چەند ئامرازێکی ئاماریی بەکارهێناوە لە پرۆسەی شیکردنەوەی داتاکاندا ئەوانیش بریتین لە :

.

١. ڕێژەی سەدیPercentage : بۆ زانینی ڕێژەی وەڵامەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەکارهاتووە.
٢. لادانی پێوەریStandard Deviation : بۆ زانینی لادان لە خاڵی ناوەند بەکارهاتووە.
٣. هاوکێشەی کۆکرانCochran Rule : بۆ دیاریکردنی ژمارەی نموونەی توێژینەوەکە.
٤. هاوکێشەی پەیوەندی پێرسۆن Pearson Correlation Coeffcient: ئەم یاسایە بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان بڕگەکان بە کۆی گشتی پرسیارنامەکەوە بەکارهاتووە، بۆ دەستنیشان کردنی دروستی بڕگەکانی پرسیارنامەکە.
٥. هاوکێشەی ئەلفا کرونباخ Coefficient Alpha : بۆ دەرهێنانی پلەی جێگیری تەوەرەکانی پرسیارنامەکە بەکارهاتووە.
٦. هاوکێشەی (ت) بۆ یەک سامپڵT.Test for one sample : بۆ زانینی جیاوازی نێوان ناوەندە ژمێرەیی گریمانەیی و ناوەندە ژمێرەیی هەژمارکراو بەکارهاتووە.
٧. هاوکێشەی (ت) بۆ دوو سامپڵ T.Test for two sample : بۆ زانینی جیاوازی نێوان ناوەندەژمێرەیی دوو گروپ لە نموونەی توێژینەوەکە بەکارهاتووە.
٨. شیکردنەوەی جیاوازی یەک ئاڕاستە (تحليل التباين الاحادي) (one Way Anova Analysis) : بۆ زانینی جیاوازی نێوان ناوەندەژمێرەیی سێ گروپ یان زیاتر لە نموونەی توێژینەوەکە بەکارهاتووە.
٩. تاقیکردنەوەی (Scheffe) : بۆ دەستنیشانکردنی جیاوازی نێوان گۆڕاوەکانی ( ئاستی خوێندن و پارێزگاو پیشەو ئاستی ئابوری).

# باسی دووەم

# توێژینەوەکانی پێشوو

مەبەست لێ ی ئەو توێژینەوە زانستییانەن کە پێشتر توێژەرانی تر لەسەر ئەم بابەتە یان نزیکتر لەم بابەتە ئەنجامیانداوە ئامانج لە بەکارهێنانی سوود وەرگرتنە لەو ئامرازو ڕێوشوێنانەی کە توێژەرانی تر لە توێژینەوەکانیاندا لە بواری تیۆری و پراکتیکیدا بەکاریانهێناوەو ، هەروەها بۆ بەراوردکردنی ئەو توێژینەوانە بە توێژینەوەکەمان ، لێرەدا چەند توێژینەوەی جیاواز دەخەینەڕوو دواتر گفتوگۆ لەسەر توێژینەوەکان دەکەین :

**١-توێژینەوە کوردییەکان :**

### توێژینەوەی (موسیس ، ٢٠٠٥ ) بە ناونیشانی(مقومات صناعة السياحة في محافظة دهوك)

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە دەستنیشانکردنی ئەو توانستە گەشتیارییە سروشتی و مرۆییانەی کە هاوکار دەبن لەگەشەپێدانی کەرتی گەشتیاری لە پارێزگای دهۆکدا .

گۆمەڵگەی توێژینەوە پێکهاتووە لە ژمارەیەکی زۆر گەشتیاری هاتوو بۆپارێزگای دهۆک کە لە ڕێگەی نمونەی توێژینەوەکەوە ژمارەکەیان دیاریکراوە نمونەی توێژینەوەکەش بریتییە لە نموونەی هەڕەمەکی چینایەتی ، هەروەها توێژینەوەکە پشتی بەستووە بە میتۆدی بنەمایی و هەرێمایەتی ( المنهج الاصولي والاقليمي) ، میتۆدی یەکەم ڕێگایەکی تەواو دروستە بۆ ئاشکراکردنی بنەما جوگرافی و سروشتی و مرۆییەکان کە کاریگەریان لەسەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی گەشتیاری هەیە ، میتۆدی دووەمیشیان باشترین ڕیگەیە بۆ زانین و ناساندنی ئەو دەرئەنجام و شوێنەوارانەی کە پەیوەستن بە گەشتیارییەوە.
بەڵام لە ڕووی ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری و داتاکان پەیوەست بە توێژینەوەکە ، توێژەر پشتی بەستووە بە شێوازی ڕاپرسی ، ئەو ئامرازە ئامارییانەی بەکارهێناوە بە (SPSS ) ناسراوە ، هەروەها ڕێژەی سەدی و هاوکێشەی (سبیرمان) و، بەکارهێنانی لادانی پێوەری و ، بەکارهێنانی چوارگۆشەی کای ( مربع كای) ، بۆ زانینی جیاوازی مەعنەوی نێوان داتا ڕاستەقینەکان و داتا چاوەڕوانکراوەکان بۆ نمونەکان بەپشت بەستن بە شێوازی ڕوونکردنەوەی ئاماری پشت پێبەستراوو .

**دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە:**

١-پارێزگـای دهـۆک هەنـدێک توانسـتی گرنگـی گەشـتیاری هەیە کە دەکرێـت لە ڕووی گەشـتیاری و بونیادنانی گەشتیارییەوە ببنە پشت بۆ پیشەسازی گەشتیاری .

٢-پارێزگـای دهـۆک پاشـخانێکی دەوڵەمەنـدی هەیە لە شـوێن و جێگـای شـوێنەواری مێژوویـی و ئـاینییەوە ، سـەرەڕای ئەو مێـژووە شارسـتانیە دێـرینە میلیـیەی کە هەیەتـی ، زۆرێـک ئاهەنـگ ڤیسـتیڤاڵ و بـۆنە تیـادا بەڕیوەدەچێـت و ، هەروەهـا هەنـدێک پیشەسـازی دەسـتی هەیە کە دەبێـت وەک بنەمـای هانـدانی گەشـتیاری فراوانتـر بکرێـت نەک بپـوکێتەوەو لەناوبچێـت ، لەم ڕووەوە دەبێـت کـار بکرێـت بـۆ پەرەدان بە گەشـتیاری فـرە لایەن نەک تەنهـا گەشـتیاری تـاک لایەن وهاندانی گەشتیاری بە درێژایی ساڵ.

٣-زۆر بە ڕوونـی دیـارە کە بە چـڕی سـەرنج خـراوەتە سـەر بونیادنـانی جـێگە گەشـتیارییەکان لەنـاوچە سـەرەکیەکانی نـاو شـارەکاندا ، وەک شـاری دهـۆک و زاخـۆ ، بەڵام جـێگە گەشـتیارییە بەناوبانگەکـانی لەم جـۆرە شـوێن و جێگایـانە خـاڵین و تەنهـا سـەرنج خـراوەتە سـەر چەقـی شـارەکان و ئەگەر هەشـبن تەنهـا بـریتینین لە چێشـتخانەو کۆشـکی تـایبەت بە تـاکەکەس وکەسانی کەرتی تایبەت .

٤-گەشـتیاری دیـاردەیەکی شارسـتانییە کە لە نـاوچە و شـار و شـوێنە ئـاوەدان و شارنشـینییەکاندا بـوونی دەگـاتە لـوتکە ، بەهـۆی بـوونی هەنـدێک هۆکـار کە دەبـنە هـۆی زیـاتر کردنـی پرۆسـەو کـردەی پەرەپێـدانی شارسـتانی ، ئەمەش لە ڕێـگەی بەرزکـردنەوەی ئاسـتەکانی ئابووری و ژیان و بژێوی و لایەنی ڕۆشنبیری کۆمەڵگەوە .

٥- هۆکـارە کۆمەڵایەتیەکـان کـاریگەری گرنگیـان لە پرۆسـەی پەرەپێـدانی شارسـتانی تاکەکـانی کـۆمەڵگەدا هەیە ، هەر ئەم هۆکـارە ڕۆڵـی لە دیـاریکردنی شـێواز و ڕێچـکەی ژیـانی شارسـتانیانەی تاکەکـانی کـۆمەڵگە هەیە ، لە ڕووی چـۆنیەتی بەسـەربردنی کاتەکانیـان و هەڵسـوکەوت کردنیـان و بەڕێکردنـی شـەو و ڕۆژەکـانی ژیانیـان بە چـالاکی گەشـتیاری جۆراوجۆر .

٦- لە چوارچێوەی تـوێژینەوەی مەیدانیـدا دەرکەوتـووە کە نێرینەکـان زۆرتـرو زیـاتر بەشـداری دەکەن لە گەشـتکردن و سـەفەرکردن بەرێـژەی ( ٧٣%) کـۆی گشـتی نمـوونەی تـوێژینەوەکە لە کاتێکـدا رێـژەی مێینەکـان دەگـاتە ( ٢٧%) کـۆی گشـتی نمـوونەی تـوێژینەوەکە کە پێکهـاتوە لە (٣٥٠ )گەشتیار.

٧- گروپـی تەمەنیـی نێـوان (٢٥-٣٤) بەرزتـرین رێژەیـان لە گەشـتکردندا هەیە ، بەڵام گروپـی تەمەنـی (کەمتـر لە ١٨سـاڵ) رێـژەی کەمترینیـان پێکهێنـاوە لە کـۆی گشـتی نمـوونەی توێژینەوەکەدا بە رێژەی ( ٤%) ی نموونەکە کە پێکهاتووە لە (٣٥٠) گەشتیار.

٨- پـێگەی گەشـتیاری لە نـاوچەی هـاوینە هەواری سـۆلاڤدا پـلەی یەکەمـی لەنـاو نـۆزدەدانە شـوێن و هـاوینەوهەواری گەشـتیارییدا کە رێـژەکەی گەیشـتۆتە (٥٠%) لەڕووی گرنگیبـوون و تایبەتمەندی سرووشتیەوەو سەردانیکردنی گەشتیاران بۆ ناوچە گەشتیارییەکان .

**٢- توێژینەوەی (شێخاني ، ٢٠١٦) بە ناونیشانی (الابعاد الاجتماعية والاقتصادية للتنمية السياحية فى اقليم كوردستان ، دراسة تطبيقية فى مدينة اربيل)**

**ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە:**

-ناسـاندنی گرنگتـرین توانسـتە گەشـتوگوزارییەکانی هەرێمـی کوردسـتان بە گشـتی و بەتـایبەت لە شاری هەولێردا.

-ناسـاندنی ڕەهەنـدە ئابوورییەکـانی گەشـەپێدانی گەشـتیاری و ڕەنگـدانەوەی لەسـەر ڕەخسـاندنی هەلی کار و کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری و زیاترکردنی داهاتی هاونیشتیمانیان .

-ناساندنی واقیعی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتیەکان بۆ گەشەپێدانی گەشتوگوزار.

کـۆمەڵگەی تـوێژینەوەکە نمـوونەی دانیشـتوانی شـاری هەولێـرو لەگەڵ (بەرپرسـان و کارمەنـدان) لەبـواری گەشـتیاریدا ، بەڵام بـۆ نمـوونەی تـوێژینەوەکە تـوێژەر ڕووپێـوی کـۆمەڵایەتی بە نمـوونەی (المسـح الاجتمـاعي بالعينـة) بەکارهێنـاوە ، کە قەبـارەی نمـوونەکەی (٥٠٠) کەس بـون کە هەڕەمەکـی و پەیـڕەوی کـردووە بەسـەر (١٠) نـاوچەی شـاری هەولێـردا لە هەر نـاوچەیەک (٥٠) کەسـی وەرگرتـووە ، نمـوونەکەی تـری بریتیبـوون لە کارمەنـدان و بەرپرسـانی بـواری گەشـتیاری بەرێـگەی چـاوپێکەوتن ، بـۆ بەکارهێنـانی میتـۆدی تـوێژینەوەکەی

تــوێژەر پشــتی بەســتوە بە میتۆدەکــانی (وەســفی شــیکاری) و مێژوویــی ، لەڕووی ئــامرازی کـۆکردنەوەی داتاکـانەوە تـوێژەر هەسـتاوە بە بەکارهێنـانی فـۆڕمی ڕاپرسـی لەسـەر نمـوونەیەکی دانیشـتوانی شـاری هەولێـرو چـاوپێکەوتنی ، لەگەڵ بەرپرسـان و کارمەنـدانی کەرتـی گەشـتیاری ئەنجامـداوە . لەڕووی ئـامرازی ئامـارییەوە : تـوێژەر ڕێـژەی سـەدی و چوارگۆشـەی کـای دووجـا (مربع کا٢) بەکارهێناوە

**لە کۆتاییدا توێژەر گەیشتۆتە چەند دەرئەنجامێک لەوانە:**

١- پاراسـتنی زمـان و زاراوەی نـاوخۆی لەکـاتی گفتوگـۆکردن و ئاخاوتنـداو چـۆنێتی کـاریگەر بـوونی بە گەشـەپێدانی چـالاکی گەشـتیاری ، ئەویـش بەهـۆی تێکەڵاویکـردن لەگەڵ گەشـتیاردا ، چونکە ئەم کاریگەربوونە وایکردووە زاراوە ناوخۆییەکە بشێوێت لە تەنیشت زمانەکانی تردا.

٢- پێویسـتە گرنگـی زیـاتر بـدرێت بە زمـانی نـاوخۆیی شـاری هەولێـر بـۆ ئەوەی نەکەوێـتە ژێـر کـاریگەری زمـانە بیانیەکـانی دیـکە ، پێویسـتە پارێزگـاری بکرێـت لە کولتـورو نەریتـی شـاری هەولێـر ، بەتـایبەت دوای دەرکەوتنـی هەنـدێک نەریتـی نـوێ کە خەڵکـی هەولێـر پێـی ئاشـنا نەبـوون ، زیـاتر گرنگیـدان بەو نەریـت و کولتـورەی کە تاکەکـانی هەولێـری لەسـەر پەروەردەکـراوە ، هەروەهـا گرنگـی زیـاتر بـدرێت بە شـێوازی خـواردن و جلـوبەرگی تـایبەتی ئەو کەسـانەی کە لە هەولێردا ژیاون و دەژین .

٣- گرنگیـدان بە بـواری گەشـەپێدانی گەشـتیاری بەهـۆی ئەو گـرنگیەی کە هەیەتـی لە ڕەخسـاندنی هەلی کار بۆ تاکەکان بەتایبەت بۆ کەسانی خوێندەوار و دەرچووانی زانکۆ .

**٢- توێژینەوە عەرەبییەکان :**

**١- توێژینەوەی ( ابراهیم ، ٢٠٠٦) بە ناونیشانی (دورالسیاحة فی التنمیة الاجتماعیة) دراسة تقویمیة للقری السیاحیة)**

**ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە**

-گەشتیاری لەو وڵاتانەی کە توانستی گەشتیاری تێدایە بە یەکێک لە سەرچاوەکانی بەدەستهێنانی داهاتی نیشتیمانی دادەنرێت وهۆیەکیشە بۆ هێنانە ناوەوەی دراوی قورس بۆ ناو وڵاتەکە.

- میسر وڵاتێکە بەهۆی بوونی پاشخانی شارستانی و توانستی گەشتیاری و شوێنی جوگرافی و هەڵکەوتە تایبەتەکەیەوە دەتوانێت شۆڕشێکی گەشتیاری بەرپا بکات .

- گرنگیدانی زیاتر بە گەشتیاری لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی وناوخۆیی.

- هەوڵدان بۆ ناساندنی جۆرەکانی گەشتیاری و توانای پەرەپێدانیان و بەرەوپێشبردنیان کە خزمەت بە کەرتی گەشتیاری بکات.

- زانینی ڕۆڵی گەشتیاری دەبێتە هۆی گەشەکردن و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی .

-هەوڵدان بۆ ناساندنی ئەو بنەمایانەی گەشەپێدان کە گەشتیاری هێناونێتیەکایەوە لەناو کۆمەڵگەی توێژینەوەکەدا (کۆمەڵگەی لۆکاڵی) .

- زانینی ڕادەی هاوکاریکردنی هەریەکە لە هەردوو گوندی گەشتیاری (مراقیة وماربنا) بۆ گەشەپێدانی سەرتاپاگیری کۆمەڵگە بە شێوەیەکی گشتی.

- ناساندی ڕادەی وەڵامدانەوەی گەشتیار بۆ ئەو پرۆژە گەشتیارییانەو کارلێکردنیان لەگەڵیدا.

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە گوندە گەشتیارییەکانی کەناری باکووری ڕۆژئاوا ، گوندەکانی ( مراقیة وماربنا) لە میسردا ، بەڵام بۆ نموونەی توێژینەوەکە توێژەر شێوەی نمونەی مەبەستداری بەکارهێناوە (العینة القصدیة) ، لەبارەی میتۆدی توێژینەوەکەوە توێژەر هەستاوە بە بەکارهێنانی میتۆدی وەسفی ، بەڵام ئەو ئامرازانەی کە توێژەر لە توێژینەوەکەیدا پشتیپێبەستووە بریتین لە هەندێک ئامرازی تایبەتی کە لە توێژینەوەی مرۆڤناسیدا بەکاردێن وەک(تێبینیکردنی ڕاستەوخۆ ۔ چاوپێکەوتنی کراوە ، چاوپێکەوتنی ئاراستەکراوو ، هەواڵگری یان هەواڵدەری ، هەروەها لە ڕووی کاری مەیدانییەوە توێژەر ڕێبەرێکی کاری مەیدانی گرتۆتەبەر کە پێکهاتووە لەو بابەتانەی کە توێژینەوەکە چارەسەریان دەکات وەک: هۆکارەکانی دروستکردنی گوندی گەشتیاری لەناوچە کەنارییەکانی باکووری ڕۆژئاوا و ئامرارزەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵگەی لۆکاڵی و جۆرەکانی گەشتیاری لەگوندە گەشتیارییەکانی ( مراقیة وماربنا).

**لە کۆتاییدا توێژەر گەیشتۆتە چەند دەرئەنجامێک لەوانە :**

١- ئەو هۆکـارانەی وا دەکـات خەڵکـی یەکەکـانی نـاو گونـدە گەشـتیارییەکانی مـراقیەو ماربنـا بەکـرێ بگـرن ئەو کەسـانەن کە لە ئاسـتی چینـی بـاڵای ئابووریـدان و دەتـوانن پـارە بـۆ مەبەسـتی گەشــتوگوزارکردن و خۆشــگوزەرانی خەرج بــکەن ، بــۆیە ئەم کەســانە یەکەکــانی ئەو گونــدانە بەکرێــدەگرن وەک جێگــرەوەیەک لەبــری گەشــتکردنیان بــۆ دەرەوەی وڵات وگەشــت و پــارە لەناوخۆی وڵاتدا خەرج دەکەن .

٢- یاساو ڕێسا نوسراوەکان و پەیوەندیان بەلایەنی گەشەکردنی دیاردەی گەشتیارییەوە ، توێژینەوەکە بەوە گەیشتووە کە پرۆژە گەشتیارییەکان بوونەتە هۆی دیاریکردنی هەندێک گرفت کە دێنە پێشەوە لە نێوان گەشتیارو ناوەندەکانی ڕێکخستنی گەشتیاری و، لە کاتی کارکردن لە بواری خستنەڕووی چۆنیەتی ڕێکخستنی گەشتەکانی گەشتیاریدا ، توێژەر بۆی دەرکەوتووە کە لە میسردا هەندێک یاساو ڕێسای تایبەتی دانراون کە هاوشان و گونجاون لەگەڵ ڕەوتی پێشکەوتن و گەشەپێدانی گەشتیاریدا چ بۆ ناوخۆی میسر و چ بۆ ئاستی نێودەوڵەتی و هەموو دنیاش .

٣- ڕادەی هاوکاری و بەشداریکردنی هەردوو گوندی گەشتیاری مراقیە و مارینا لە گەشەپێدانی گەشتیاری ناوخۆیدا و گەشەدان بە کۆمەڵگەی لۆکاڵی لەوانە دروستکردنی پرۆژەکانی گەشەپێدانی گەشتیاری و ، دروستکردنی شوێنی گەشتیاری نوێ لەپاڵ بوون و بەردەوامی جێگە گەشتیارییە کۆن و ئاساییەکاندا ، ئەم جێگە نوێیانە بونەتە هۆکاری زیاتر ڕاکێشانی گەشتیار بۆ ناوچەکەو برەودانی زیاتر بەگەشتیاری ناوخۆیی .

**٢- توێژینەوەی ( عالیة ، ٢٠٠٩) بە ناونیشانی (السیاحة الجزائریة ودوروها فی کشف معوقات التنمیة الاجتماعیة للبناء السوسیوثقافی)**

**ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە:**

- هەوڵدان بۆ زانینی جۆرەکانی گەشتیاری و توانای پەرەپێدان و بەرەوپێشبردنیان بۆ ئەوەی پێکەوە خزمەتی کەرتی گەشتیاری بکەن .

- هەوڵدان بۆ زانینی کاریگەرییە کۆمەڵایەتیەکانی گەشتیاری لەسەر هەستی نیشتیمانی شانازی کردن بە کەلەپورو کولتور لای تاکەکانی نیشتیمان دروستدەکات و هاوکارە لەدروستکردنی کەسێتی مرۆڤدا ، هاوکارە لە ئازادکردنی دەروون و هێورکردنەوەی ناخی مرۆڤدا .

- هەوڵدان بۆناساندنی ڕادەی وەڵامدانەوەی کەسی گەشتیارو تاکەکانی کۆمەڵگەی ناوخۆیی بۆ پرۆژە گەشتیارییەکان وزانینی ڕادەی کارلێکیان لەگەڵیدا.

- زانینی ڕادەی هاوکاریکردنی شوێنە گەشتیارییەکانی ناوچەی (البلیدة) بۆ گەشەپێدانی گشتگیری کۆمەڵگە..

- زانینی ڕۆڵی گەشتیاری بەشێوەیەکی بەرچاو دەبێتە هۆی بەرەوپێش بردن وگەشەپێدانی لایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ژینگەیی.

- هەوڵدان بۆ ناساندی ئەوتوانستانەی کە گەشتیاری لە کۆمەڵگەی تویژینەوەکەدا هێناویتیەکایەوە و زانینی ڕادەی کارلێکی خەڵکی لەگەڵ پرۆژە گەشتیارییەکاندا و کاریگەری ئەو پرۆژانە لەسەریان .
- هەوڵدان بۆ ناساندی ئاستەنگەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بۆ چالاکی گەشتیاری و هەوڵدان بۆ ڕێگە چارەی گونجاو بۆ چارەسەرکردنیان.
- هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی گەشەپێدانی گەشتیاری بەو ڕادەیەی کە جێگەی ویست و چاوەڕوانیمانە .

کۆمەڵگەی تویژینەوەکە پێکهاتووە لە تاکەکانی ناوچە ناوخۆییەکانی سنووری ناوچەی( البليدة) و تویژەر نموونەی مەبەستداری هەڕەمەکی و دیاریکراوی بەکارهێناوە کە لە ڕێگەیانەوە زانیاری و وەڵامی گونجاوی لێوە بەدەستهێناوە ، بەڵام میتۆدی پەیڕەوکراو لە تویژینەوەکەدا بریتییە لە میتۆدەکانی وەسفی شیکاری و میتۆدی بەراوردکاری و میتۆدی ئاماری ، ئەو ئامرازە تەکنیکانەی بەکارهاتوون لە تویژینەوەکەدا بریتین لە : فۆرمی ڕاپرسی و چاوپێکەوتن پێکەوەو تێبینیکردن و لێکۆڵینەوەی بار (دراسة الحالة )، بەڵام بۆ ئامرازەکانی شیکردنەوەی زانیاری و داتاکان لە تویژینەوەکەدا تویژەر پەنای بردۆتەبەر بەکارهێنانی ئەم شێوازانە : ئاراستەی تەواوکاری لە نێوان ڕاڤەی چەندێتی وچۆنیەتی بۆ دیاردە کۆمەڵایەتیەکان .

**تویژینەوەکە گەیشتووە بەم دەرئەنجامانەی لای خوارەوە:**

١- ئەوەی ڕونکردۆتەوە کە کردەی گەشتکردن و گەشتیاری تەنها لە یەک ڕەگەزدا کورت نەبۆتەوە هەردوو ڕەگەز بەشدارن ، بۆیە گەشتیاری کردەیەکە کە هەرچەندە پیاوان زۆرتر ئەنجامی دەدەن ، بەڵام بە تەنها هیچ گرنگیەکی نابێت .

٢- زۆرینەی ئەو کەسانەی گەشت دەکەن بۆ ناوچە گەشتیارییەکان لە گروپی تەمەنی نێوان (٢٠-٣٠) ساڵدان کە ڕێژەی ٥٠% ی کۆی گشتی نموونەی تویژینەوەکە پێکدێنن ، کەسانی ئەم تەمەنە زیاتر خوێندکاری زانکۆیین و کە خوێندنەکەیان بە مانەوەیان لە شوێنی خوێندنەکەیان پەیوەستە و ، هەروەها هەندێک گروپی تەمەنی تێدایە کە هاوسەردارن.

٣- تویژینەوەکە ئەوەی دەرخستووە کە حاڵەتی باری کەسێتی و کۆمەڵایەتی تاکی گەشتیاران ڕۆڵی هەیە لەسەر ئەوەی ئەو گەشتیارانە چ جۆرە چالاکی و کردەیەکی گەشتیاری ئەنجامدەدەن ، زۆرینەی ئەو کەسانەی دەچنە ناوچە گەشتیارییەکان و بێ هاوسەرن بە ڕێژەی ( ٣٧,٥) کۆی گشتی نمونەی تویژینەوەکە پێک دێنن .

٤- ئاستی خوێندەواری ئەو کەسانەی سەردانی ناوچە گەشتیارییەکان دەکەن لە نێوان ئاستی ناوەندی بۆ زانکۆدایە ، بەڕێژەی ( ٣٣,٣%) وە ٣١,٦٦% ) ، لە کۆی گشتی نموونەکە

٥- تـــويژینەوەکە ئەوەی خســـتۆتەڕوو کە گەشـــتکردن تەنهـــا پەیوەســـت نیـــیە بە تاکەکـــانی پیشـــەیەکی دیـــاریکراو ، بەڵکـــو ئەوەی هەیە هەمـــوو چینەکـــان گەشـــت دەکەن و ، لەم تـــویژینەوەیەدا بەڕیـــژەی( ٥٣,٣٣%) خـــاوەن پیشـــەکانن و بە ڕیـــژەی ( ٤٦,٦٧% ) کەســـانی دیـــکەن کە کریکار نین گەشت ئەنجام دەدەن .

٦- تـــویژینەوەکە لەبـــارەی ئاســـتی خوینـــدەواری وئەو نـــاوچەیەی کە گەشـــتی بـــۆ دەکەن ئەوەی خســـتۆتەڕوو ڕیـــژەی ( ١٩,١٦% ) نـــاوچەی گەشـــتیاری زســـتانەو شـــاخەکانی (شـــریعة) هەڵدەبژیرن و کەسەکانیش خاوەن ئاستی خویندەواری زانکۆیین .

**٣- تویژینەوەی ( جادالله ، ٢٠٠٩) بە ناونیشانی (دور السیاحة الفلسطینیة فی التنمیه المستدامة ، الواقع وسبل التطویر)**

**-ئامانجی ئەم تویژینەوە بریتییە لە:**

زانینـــی ڕۆڵـــی گەشـــتیاری فەلەســـتینی لەگەشـــەپیدانی بەردەوامـــدا ڕیگـــایەکە بـــۆ پەرەپیـــدانی ئەم جۆرە لە گەشتیاری بۆ ئەوەی ببیتە شتیکی بەسوود لە پرۆسەی گەشەپیدانی بەردەوامدا.

بەڵام ئامانجە لاوەکیەکانی تویژینەوەکە بریتین لە :

- ناساندنی بارودۆخی گەشتیاری فەلەستینی.
- ناساندنی ڕیگاکانی گەشەپیدانی گەشتیاری.

کـــۆمەڵگەی تـــویژینەوەکە پیکـــدیت لە کۆمپانیاکـــانی گەشـــتیاری لە هەردوو پاریزگـــای (ئەریحـــاو بیـــت لحـــم) لە فەلەســـتین ، تـــویژەر نمـــوونەی مەبەســـتداری بەکارهینـــاوە لە تویژینەوەکەیـــدا ، کە کۆمپانیاکـــانی گەشـــتیارین لە هەردوو پاریزگـــای بیـــت لحـــم واریحـــا ، لەڕووی میتـــۆدەوە تـــویژەر میتـــۆدی وەســـفی بەکارهینـــاوە کە ڕیـــگەیەکە بـــۆ ڕونکـــردنەوەی دیـــاردەکە و شـــیکردنەوەیی وڕاڤەکردنـــی و بەســـتنەوەی بە دیاردەکـــانی دیـــکەوە ، هەروەهـــا ئەو ئـــامرازە ئاماریيەکـــانی تـــویژینەوەکە کە تویژەرپشـــتی پیبەســـتووە بـــریتین لە فـــۆرمی پیـــوەر و چـــاوپیکەوتن وەک دوو ئـــامرازی ســـەرەکی کـــۆکردنەوەی زانیـــاری تـــویژینەوەکە ، ئـــامرازی ئامـــاریی :ناوەنـــدی ژمیرەیـــی و لادانی پیوەری و هاوکیشەی سپیرمانی بەکارهیناوە .

**ئەودەرەنجامانەی کەتویژینەوەکە پیی گەیشتووە:**

١- کەم وکـــوڕی ئاســـتی هۆشـــیاری گەشـــتیاری لای تـــاکی فەلەســـتینی و نەبـــونی هۆشـــیاریش بەخـــراپ شـــکاوەتەوە ســـەرلایەنی کەرتـــی گەشـــتیاری ، چـــونکە پەیوەنـــدی هەیە لەســـەر چـــۆنیەتی مامەڵەکردنی تاکی فەلەستینی لەگەڵ تەواوی پیکهاتەکان وگەشتیاریدا .

٣- یەکێـک لە هۆکارەکـانی نەبـونی هۆشـیاری گەشـتیاری بـۆ کەموکـوڕی ئاسـتی ڕاگەیانـدن دەگەڕێـتەوە لەو بـوارەدا ، هـۆیەکی دیکەشـی بـۆ ئەوە دەگەڕێـتەوە هۆشـیاری گەشـتیاری نەخراوەتە ناو پرۆگرامی خوێندن و فێرکاری وڵاتەوە .

٤- هـیچ پەیوەنـدیەک لە نیـوان دانیشـتوان و ئەو شـوێنە گەشـتیارییانەدا بـوونی نـیە . بەهـۆی هۆشـیارنەکردنەوەی کـۆمەڵگەی لۆکـاڵی لە ڕووی گەشـتیاری یـان هاوبەشـیکردن لە گەشـەپێدانی گەشتیاریدا ، ئەمەش وایکردووە کە ئەم کەرتە بەخراپی گەشە بکات .

٥- کەموکـوڕی زۆر هەیە لە لایەنە تەندروسـتیەکانی پەیوەسـت بە کەرتـی گەشـتیاری ئەو گەشـتیارەی دەیەوێـت بمێنێـتەوە پێویسـتی بەخزمەتگـوزاری تەندروسـتی هەیە ، ئەوەش دەرکەوتـووە کە حکـومەت نەیتوانیـوە لەو شـوێنانە بـنکەو نەخۆشـخانەی نـوێ بکـاتەوە لەبەرخراپی شوێن و کەرتی گەشتیاری .

٦- کەم وکـوڕی هەیە لە بەکارهێنـانی ئەقڵانیـانەی دەرامەتە گەشـتیارییەکاندا ، ئەوەش دیـارە کە گەشـتیاری نەبـۆتە هـۆی دەرکەوتنـی پـاک و خـاوێنی لە شـوێنە گەشـتیارییەکانداو ، هەروەهـا نەبـۆتە هـۆی هاوکـاریکردن لە بـواری کەمکـردنەوەی پیسـبوونی بینـین (تلـوث البصـری) و ، نەبوونی هۆشیاری ژینگەی گەشتیاری لای هاوڵاتیان .

**٤- توێژینەوەی ( سعدوني ، ٢٠١٦ ) بە ناونیشانی (علاقة السياحة البيئية بالتنميه الاجتماعية فی المناطق الصحراوية ، دراسة ميدانية حول بلديات ولاية الوادى)**

**-ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە :**

-شـیکردنەوەی بـارودۆخی گەشـەپێدانی کەرتـی گەشـتیاری ژینگەیـی بە تـایبەت لەنـاوچە بیابانیەکـان لەژێـر ڕۆشـنایی ئەو پەرەسـەندنەی کە وڵاتێکـی تـازە گەشەسـەندوی وەک جەزائیـر هەیەتی.

- دەرخسـتنی تەواوی ئەو شـوێن و سـەرچاوە گەشـتیارییانەی کە لەو نـاوچە بیابانیـانەدا بوونیـان هەیە ، ئەمە هاوکـارە لە داڕشـتنی پلانێکـی سـتراتیژی بـۆ قۆسـتنەوەی لایەنـی گەشـتیاری لە ناوچەکەدا .

-دانـانی هەنـدێک هەنگـاوی چارەسـەری لە پینـاو خێراترکردنـی پرۆسـەی گەشـەپێدانی گەشـتیاری لە ناوچە بیابانیەکاندا .

کـــۆمەڵگەی تـــویژینەوەکە بـــریتییە لە تەواوی ئەو نـــاوچە بیابانیـــانەی کە دەکەونە ناوەڕاســـتی ویلایەتـــی (الـــوادی) کە ویلایەتـــی وادی لە (٣٠) دانە شـــارەوانی پێکـــدێت و ، بـــۆئەم مەبەســـتەش تـــویژەر لە کـــۆمەڵگەی توێژینەوەکەیـــدا نمـــوونەی مەبەســـتداری هەڕەمەکـــی بەکارهێنـــاوە ، ســـەبارەت بە ئـــامرازی کـــۆکردنەوەی زانیارییەکـــان فـــۆڕمی ڕاپرســـی بەکارهێنـــاوەو ، لەڕووی ئامرازە ئامارییەکانەوە ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری و هاوکێشەی پێرسۆنی بەکارهێناوە

**ئەو دەرئەنجامانەی کە توێژینەوەکە پێیگەیشتوە :**

١- ئەم تـــویژینەوەیە پشـــتی بەســـتوە بە (٣٠) یەکە شـــارەوانی لەویلایەتـــی وادی (نمـــونەی تـــویژینەوەکە) وەک نمـــوونەیەک بـــۆ نـــاوچە بیابانیەکـــان کە تایبەتمەنـــدی گەشـــتیاری و سەرنجڕاکێشانی گەشتیاریان هەیە.

٢- گەشـــەپێدانی کـــۆمەڵایەتی هەنـــدێک ئـــامراز و بنەمـــای تـــایبەتی خـــۆی هەیە بـــواری بـــۆ دەرەخسێنێت کار و ئەرکی خۆی ئەنجامبدات وەک ئامرازێک بۆ گەشەپێدان .

٣- دەرخســـتنی ڕادەی بـــوونی پەیوەنـــدی ئەم جـــۆرە لە گەشـــەپێدان لە نـــاوچە بیابانیەکانـــدا ، لە لایەنـــی کـــۆمەڵایەتی و ئـــابووری و کولتـــوری وئـــاینی . ئەم گەشـــەپێدانە زۆر گـــرنگە لە ڕووی هێنانەکـایەی هەلـی کـار ولایەنـی تەندروسـتی و بونیـادی ژێرخـانی کـۆمەڵگەو شـوێنە ڕۆشـنبیری و کولتوریەکاندا .

٤- تەواوی شـــارەوانیەکانی ویلایەتـــی وادی ئەو تایبەتمەنـــدیانەیان تێـــدایە کە ســـەرنجی گەشـــتیار بـــۆ لای خۆیـــان ڕابکێشـــن و ببـــنە نـــاوچەیەکی نایـــابی گەشـــتیاری ، ئەویـــش لەڕێـــگەی کـــارکردن لە بواری بەرەو پێشبردنی لایەنی کۆمەڵایەتی   لایەنـــــی ژێرخـــــانی ئەو ناوچـــــانەو ئەنجامـــــدانی ڕووپێـوی ئامـاری تـایبەت بەزانینـی ژمـارەی کەسـانی بێکـار و زانینـی ڕێژەکـانی لەدایـک بـوون و مـــردن ، ژمـــارەی ڕێگاوبانەکـــان ژمـــارەی نـــاوچە کولتوریەکـــان ، ژمـــارەی نەخۆشـــخانەو بـــنکەو مزگەوتەکان ، بۆ هەر شارەوانیەک بەجیا .

**٥- تـــویژینەوەی (غابـــة ، ٢٠١٧) بەناونیشـــانی (التـــاثیرات الاجتماعیـــة والثقافیـــة للتنمیـــة الســـیاحیة علـى المجتمعـات النوبیـة فـي السـودان ومصـر دراسـة مقارنـة بـین مـدینتي (مدینـة کرمـة ) السـودان –(مدینة اسوان) مصر )**

**ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە :**

١–هەڵسەنگاندنی ڕۆڵی داب ونەریتەکان لەپرۆسەی ڕاکێشانی گەشتیار بۆ کۆمەڵگەی نوبی .

٢-زانینی ئەو ئالوگۆڕە کۆمەڵایەتی و کولتوورییەی کە لە نێوان گەشتیارو کۆمەڵگەی لۆکاڵیدا (کۆمەڵگەی نوبی) دا ڕوودەدات .

کۆمەڵگەی تویژینەوەکەی بریتیی بوو لە دوو چین کۆمەڵگەی لۆکاڵی وڵاتی نوبی (کرمە-ئەسوان) کە(٢١٠) کەس بوون ، گەشتیاران (بیانی و ناوخۆیی) کەژمارەیان(١٢٩)کەس بوون ، نموونەی تویژینەوەکە نموونەی هەڕەمەکی بوو ، میتۆدی بەکارهاتوو بریتی بوو لە میتۆدی وەسفی شیکاری ومیتۆدی چەندێتی و میتۆدی بەراوردکاری ، ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییەکان فۆڕمی ڕاپرسی بوو ، ئامرازە ئامارییەکان بریتی بوو لە چوارگۆشەی (کا) ، هاوکێشەی تیتێست (ت) ، هەروەها بەکاهێنانی هاوکێشەی (ئەلفا کرونباخ) بۆ پێوانی جێگیری داتاکانی تایبەت بە کاریگەری کۆمەڵایەتی و کولتورییەکانی گەسەپێدانی گەشتیاری لە کۆمەڵگەی نوبیدا .

**ئەو دەرئەنجامانەی توێژینەوەکە پێیگەیشتووە**

١-گرنگترین کاریگەرییە کۆمەڵایەتییە ئەرێنییەکان بۆ گەشەپێدانی گەشتیاری ئەوەیە کە گەشتیاری ڕۆڵی لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا هەیەو بۆتە باشترکردنی ئاستی بژێوی کۆمەڵگەی نوبی .

٢-لەگرنگترین کاریگەرییە کۆمەڵایەتییە خراپەکان ، ئەوەیە کە کۆمەڵگەی لۆکاڵی لاسایی کۆمەڵێک خوی خراپی گەشتیاران دەکەنەوە بەتایبەتی گەنجان لەڕووی ڕەفتارو جل لەبەرکردن و ستایل و ڕێکخستنی قژیاندا.

٣- هەندێک لە گەشتیاران کاریگەری خراپیان لەسەر کۆمەڵگەی لۆکاڵی هەیە ، لەڕووی ڕەفتاری کۆمەڵایەتیان (نزمی ڕەفتاری ئەخلاقیان) وەک خواردنی مادە هۆشبەر و کهولییەکان وەک ئەوەی لە دانیشتوانی ئەسواندا هەبوو .

٤- لەگرنگترین کاریگەرییە کولتوورییە ئەرێنیەکان بۆ گەشەپێدانی گەشتیاری بریتیی بوو بە زیاتر گرنگیدان بە پیشەسازییە تەقلیدییەکانی وڵاتی نوبی و پاراستنی زمانی لۆکاڵی و گرنگیدان بە زمانە بیانییەکان و ، پاراستن و چاکردنەوەی ناوچە مێژویی و شوێنەوارییەکان .

**٦- توێژینەوەی (محمد ، ٢٠١٨) بە ناونیشانی (دور السياحة فی التغير الاجتماعي والتنموي لسودان)**

**ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە :**

- زانینی ڕۆڵی گەشتیاری لەگۆڕانی کۆمەڵایەتی و گەشەپێدان لە ولاتی سودناندا .
- زانینی ڕادەی پەرەسەندنی ئەوخزمەتگوزارییە بنەڕەتیانەی کە لە سودناندا هاتونەتە کایەوە.
- زانینی هاوپشکی گەشتیاری لە بوژانەوەی لایەنی ئابووری خەڵک و چالاکی ئابوریدا.
- وەستان لەسەر ڕۆڵی گەشتیاری لە بـرەودان بە پاشخانی بۆماوەی کەلەپوری ناوچەکەو پەرەسەندنی ژیانی کۆمەڵایەتی .

کۆمەڵگەی تویژینەوەکە پێک دێت لە دانیشتوانی شاری (بورتسودان) نمونەی توێژینەوەکەش نموونەیەکی هەڕەمەکی ڕیکخراوە ، ژمارەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە گەیشتۆتە نزیکەی ( ٦٠٠) کەس و لە ڕێگەی فۆڕمی پێوەرەوە( ٣٠٠) کەسی لە نموونەی توێژینەوەکە وەرگیراون ، نمونەکەش چەندین گروپی تەمەنی جیاوازی لەخۆگرتووە ، هەروەها نموونەی مەبەستدار بەکارهاتووە لە هەڵبژاردنی ئەو گەڕەکانەی کە کاریگەربوون بەلایەنی گەشتیاری ، ئەو ناوچانەی کە جولەی زۆری گەشتیاری لێیە ، میتۆدی توێژینەوەکە بریتییە لە میتۆدی وەسفی شیکاری و مێژووی و ، ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری بریتیبوون لە ( تێبینی کردن ، چاوپێکەوتن ، فۆڕمی پێوەر) ، لەڕووی ئامارییەوە ڕێژەی سەدی و ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری و چوارگۆشەی کای (مربع کا٢) بەکارهیناوە .

**بەڵام ئەو دەرئەنجامانەی پێی گەیشتووە بریتین لە:**

١-توێژینەوەکە ئەوەی سەلماندووە کە گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەدا ڕوویداوە ، ئەمەش لەڕێگەی ئەو پەرەسەندنانەی کە لەرووی گەشەکردنی گەشتیارییەوە هاتونەتە کایەوەو ، لە ڕیگەی زیادبونی ژمارەی گەشتیارانی هاتوو بۆ ناوچەکە.

٢- لە ڕێگەی توێژینەوەکەوە سەرنجی ئەوە دراوە کە گرنگی دەدرێت بە خزمەتگوزارییە سەرەکییەکان ، بەجۆرێک گەشەکردنی خزمەتگوزاری تەندروستی و ئاسانکاری پێشکەشکردنی ئەو خزمەتگوزاریە و پەرەسەندنی خوێندن و فێرکردن گەیشتۆتە ئاستی( ٥٢%) خوێندنی باڵا ، خزمەتگوزاری ڕیگاوبانەکان ڕۆڵی گەورەی هەبووە لەم کارەداو

٣-بەرنامەکانی گەشتیاری هاوکاربووە لە ڕۆشنبیرکردنی خەڵکی ناوخۆیی ناوچەکە لەبارەی گەشتیاری و چۆنیەتی مامەڵە کردنیان لەگەڵ ئەو کەرتە و گەشتیاراندا ، بەمەش کۆمەڵگە لەو ڕووەوە گەیشتۆتە ئاستێکی گونجاو.

٤- ئەوە ڕوون بـــۆتەوە کە چـــالاکی گەشـــتیاری کـــاریگەری هەیە لەســـەر لایەنـــی ئـــابووری و چونێتی بارودۆخی ئەندامانی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بەرەوباشتر چووە .

٥- تـــوێژینەوەکە ئەوەی ســـەلماندووە کە بەرنامەکـــانی گەشـــتیاری کـــاریگەری هەبـــووە لە بڵاوکـردنەوەی ڕۆشـنبیری گەشـتیاری نـاوخۆیی لای هاوڵاتیـان ، هەروەهـا گەشـتیاری بـۆتە هـۆی بڵاوکـردنەوەی نەریتـی تـایبەت بە خـۆراک و جلـو بەرگ پۆشـین و سـتایلی ژیـان ، سـەرەڕای چەنـدین بـۆنەو ئـاهەنگی میللـی و کەلەپـوری وگـۆرانی وتـن تیایـدا بەڕێـوە دەچێـت ، هەروەهـا بەم دواییانە بازاڕ کراوەتەوە بۆ بەرهەمە تایبەت و خۆماڵیەکانی تایبەت بە وڵاتی سوودان .

٦- ئەوەش ڕوون بـۆتەوە کە هەنـدێک توانسـتی گرنگـی گەشـتیاری نـاوخۆیی بوونیـان هەیە وەک توانسـتە سروشـتی و کەلەپوریەکـان و تێچـونی ئەم جـۆرە لە گەشـتیاری بـۆ گەشـتیاری نـاوخۆیی جێگەی پەسەندو ڕەزامەندییە .

**٣- توێژینەوەی بیانی**

**توێژینەوە (Anupama Sherma , Sumita Kukreje and Anjana Sharma , 2012)**
**بەناونیشانی ڕۆڵی Role of Tourism in Social and Economic Development of Society**
**گەشتیاری لە گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگابێت**

ئامـانجی تـوێژینەوەکە دیـاریکردنی ڕۆڵـی پیشەسـازی گەشـتیارییە لە گەشـەپێدانی ئـابووری و کـۆمەڵایەتی وڵاتـی هندسـتان ، بەبەکارهێنـانی میتـۆدی وەسـفی ، داتـای پشتپێبەسـتوو لەڕێـگەی سـەرچاوە دووەمییەکـانەوە وەکـو (کتێـب و گۆڤـارو تـوێژینەوەو ، داتاکـانی وەزارەتـی گەشتوگوزارو ئەنجومەنی گەشتوگوزاری جیهانی .

دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە

١-گەشـتیاری ڕۆژ لەدوای ڕۆژ گەشـە دەکـات و بەشـداریکەرێکی گرنگـی گەشـەکردنی ئـابووری کۆمەڵگەیە لەڕێگەی دابینکردن و ڕەخساندنی هەلی کارو ئاڵوگۆڕی بەرفراوانی دراوی بیانی .

٢- هەرچەنـدە گەشـتیاری هەنـدێک لایەنـی نەرێنـی هەیە بەڵام دەتوانرێـت لەڕێـگەی حکـومەت و ڕێکخراوی گەشتوگوزارو میدیاکانەوە ئەو لایەنە نەرێنیانە لاببرێت .

**- گفتووگۆی توێژینەوەکانی پێشوو**

بەدواداچوونمـــان بــۆ ئەو تـــوێژینەوانە ڕەنگــدانەوەی ئەرێنیـــان لەســـەر تـــوێژینەوەکەی ئێســـتامان هەیە لە ڕووی ئەمانەی لای خوارەوە

١- لە ڕووی ئامــــانجەوە : زۆرێـــک لە توێژینەوەکـــان لە ڕووی ئامــــانجەوە باســـی واقعـــی گەشـــتیاری و جۆرەکـــانی گەشـــتیاری و باشـــترکردن و بـــوژانەوەی نـــاوچە گەشـــتیارییەکانی کـــردووە لەڕووی ئـــابووری و کـــۆمەڵایەتییەوە ، هەروەهـــا باســـیان لە ڕۆڵـــی گەشـــتیاری لە گەشـــەپێدانی کـــۆمەڵایەتی و ئابووریـــدا کـــردووە وەکـــو تـــوێژینەوەکەی (ئیبـــراهیم و عالیـــە و محمـــد و غـــابە و Anupama Sharma , Sumita Kukreje and Anjana Sharma ) ، هەر لە ڕووی ئامـــانجەوە هەنـــدێک لە توێژینەوەکـــان باســـیان لە واقعـــی خزمەتگـــوزاری گەشـــتیاری کـــردووە ئەوانـــیش تـــوێژینەوەی (شـــێخانی و محمـــد ) ، هەروەهـــا هەنـــدێک لە توێژینەوەکـــان لە ڕووی ئامـــانجەوە باســـیان لە بنەمـــاو توانســـتەکانی گەشـــتیاری کـــردووە ، ئەوانـــیش تـــوێژینەوەکەی (موســـیس و شـــێخانی و ســـعدونی) ، بەڵام ئامـــانجی ســـەرەکی توێژینەوەکەمـــان بـــریتییە لە ئاشـــکراکردنی ڕۆڵـــی گەشـــتیارییە لە گەشـــەپێدانی کۆمەڵایەتیـــدا و ئامـــانجە لاوەکییەکانیشـــی بـــریتیە لە دیـــاریکردنی ڕۆڵـــی گەشـــتیاری لە لایەنـــی کـــۆمەڵایەتی و کولتـــوری وژیـــنگەی و ئـــابووری لە هەرێمی کوردستاندا.

٢- لە ڕووی کـۆمەڵگەو نمـوونەی تـوێژینەوەکە :- زۆربەی توێژینەوەکـان کـۆمەڵگەی توێژینەوەکانیـان بریتی بوو لە گەشتیارو دانیشتوانی ناوچە گەشتیارییەکان وەکو توێژینەوەکەی (موسیس و ئیبراهیم و عالیە و سعدونی و محمد و غابە) ، بەڵام توێژینەوەکەی (شێخانی) کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی بریتییە لە کارمەنـدان و بەڕێـوبەرانی دەسـتەی گەشـتیاری هەولێـر و ، تـوێژینەوەکەی (جاداللـە) کـۆمەڵگەی توێژینەوەکەی بریتییە لە کۆمپانیا گەشتیارییەکانی هەردوو پارێزگای ئەریحاو بیت لحم .

بەڵام لە ڕووی بەکارهێنـانی نمـوونەی تـوێژینەوەکەوە هەنـدێک لە توێژینەوەکـان نمـوونەی هەڕەمەکـی ڕێکخراو مەبەستداریان بەکارهێناوە وەکو توێژینەوەکەی (عالیە و ئیبراهیم وجاداللە و سعدونی ومحمد غابە) ، هەرچی توێژینەوەکەی (موسیس) ە نموونەی هەڕەمەکی چینایەتی بەکارهێناوە . بەڵام کۆمەڵگەی توێژینەوەکەمـان بـریتییە لە گەشـتیاران و دەسـتەی بەڕێـوبردنی گەشـتیاری لە هەرێمـی کوردسـتان و دەستەبژێری ئەکـادیمی ، هەرچـی نمـوونەی توێژینەوەکەمـانە بـریتییە لە جـۆری ڕێکخـراو کە لەبەشـی چۆنێتیـدا بە چـاوپێکەوتن لەگەڵ کەسـانی ئەکـادیمی و شـارەزا لەبـواری گەشـتیاری و گەشـەپێدانی کۆمەڵایەتیـدا کە ژمارەیـان(١١) کەس بـوون وەرمـانگرتوون ، نمـوونەی نامەسـتداری هەرەمەکیمـان بەکارهێنـاوە لەبەشـی چەندێتیدا کە ئەوانیش گەشـتیار (وەک کۆمەڵگەیەکی نادیـار) کە ژمارەیـان (٣٨٥)

کەس بوون لە ڕێگەی فۆرمی پێوەرەوە .هەروەها لە بەشی چۆنێتیدا چاوپێکەوتنمان لەگەڵ کەسانی ئەکادیمی وشارەزا لەبواری گەشەپێدان و گەشتیاری و بەڕێوبەرانی دەستەی گەشتوگوزاری هەر چوار پارێزگاکە ئەنجامداوە

٤- لە ڕووی میتۆدەوە :- زۆربەی توێژینەوەکان میتۆدی وەسفی و شیکاریان بەکارهێناوە وەکو توێژینەوەکەی (ئیبراهیم و جادالله و محمد وغابە Anupama Sharma , Sumita Kukreje and Anjana Sharma) ، بەڵام توێژینەوەکەی (موسیس) میتۆدی بنەمایی و هەرێمایەتی بەکارهێناوە ، هەندێکیان (میتۆدی چەندێتی و چۆنێتی) بەکارهێناوە وەکو توێژینەوەکەی (عالیە) ، کە ئەمە یەکدەگرێتەوە لەگەڵ میتۆدی توێژینەوەکە ئێمەدا کە میتۆدی وەسفی شیکاری (چەندایەتی و چۆنێتیمان ) بەکارهێناوە ، ئەویش لە ڕێگەی دانانی چەند برگەیەکەوە زانیارییەکانمان لە گەشتیاران کۆکردۆتەوە ، جگە لەوەش چاوپێکەوتنمان لەگەڵ کەسانی ئەکادیمی و بەڕێوەبەرانی دەستەی گەشتیاری پارێزگاکانی هەرێم ئەنجامداوە ، واتە توێژینەوەکەی ئێمە گشتگیر ترە لە توێژینەوەکانی پێشووتر .

٥- لە ڕووی ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییەوە :- زۆربەی توێژینەوەکان پشتیان بەستووە بە (تێبینی و چاوپێکەوتن و فۆرمی ڕاپرسی) بۆ کۆکردنەوەی زانیارییەکان وەکو توێژینەوەکەی ( موسیس و شێخانی وئیبراهیم و عالیە و سعدونی و غابە) ، بەڵام توێژینەوەی (جادالله ، ٢٠٠٩)و( محمد ، ٢٠١٨) فۆرمی پێوەریان بەکارهێناوە ، کە ئەمە یەکدەگرێتەوە لەگەڵ ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری توێژینەوەکەماندا کە فۆرمی پێوەرمان بەکارهێناوە و ، لەهەمان کاتدا وەک توێژینەوەکانی پێشوو چاوپێکەوتنمان لەم توێژینەوەیەدا بەکارهێناوە .

٦- لە ڕووی ئامرازی ئامارییەوە :- بەشێوەیەکی گشتی زۆرینەی توێژینەوەکان سودیان لە بەرنامەی(SPSS) وەرگرتووە بۆ شیکردنەوەی داتاکان ، کە زۆرینەیان ڕێژەی سەدی و ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری و چوارگۆشەی کا وهاوکێشەی سپێرمان و هاوکێشەی پێرسۆنیان بەکارهێناوە ، بەڵام ئەوەی جیاواز بێت لە توێژینەوەکانی پێشوو ئەوەیە ئێمە لە توێژینەوەکەماندا چەندین ئامرازی ئاماری وەکو (ڕێژەی سەدی ولادانی پێوەری و هاوکێشەی کۆکران و هاوکێشەی پەیوەندی پێرسۆن وهاوکێشەی (T.test ) بۆ یەک سامپڵ و هاوکێشەی (T.test) بۆ دوو سامپڵ و شیکردنەوەی جیاوازی یەک ئاراستەو (التحلیل التباین الاحادي) و تاقیکردنەوەی (Scheffe) و هاوکێشەی ئاماری (ئەلفا کرونباخ) کە لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتوون .

٧-لەڕووی ئەنجام و دەرئەنجامەوە : دەتوانین سوود لە ئەنجامی ئەم توێژینەوانە وەربگرین بە بەراوورد بە ئەنجام و دەرئەنجامی توێژینەوەکەمان لەڕووی خاڵی هاوبەش یان ئەنجامی جیاوازەوە ، ئەنجامەکانی

ئەم تـویژینەوەیە جیـاوازە لەو ئەنجامـانەی کە تویژینەوەکـانی پیشـوو پییگەیشـتوون لەڕووی ڕۆڵـی گەشتوگوزار لە گەشەپیدانی کۆمەلایەتیدا .

لیرەدا دەگەیـنە ئەوەی کە تـویژەر توانیـویەتی دیـدگای فراوانتـر بیـت و زانیـاری زیـاتر وەرگریـت لەو تویژینەوانەی پیشوو کە ئامـانجی تویژینەوەکانیـان لە ئامـانجی تـویژینەوەکەی ئیمەوە نزکبـوون لەڕووی تیۆری و لەڕووی پراکتیکیەوە ، بەلام لەڕووی پراکتیکییەوە تویژەر توانیـویەتی سـوود لە تویژینەوەکانی پیشوو وەربگریت بۆ بەرچاو ڕوونی لەدانانی پرسـیارەکانی چـاوپیکەوتن و داڕشـتنی فۆرمی پیوەرەکەو برگەکانیدا ، لەهەمان کاتدا بەرچاوڕوونی هەبووە لە دیاریکردنی میتـۆدی گونجـاو بـۆ تویژینەوەکەمـان ، هەروەها بەرچاوڕوونی تویژەر لە ناساندن و چۆنیتی مامەلەکردنی لەگەل ئەو زانیارییانەی کە لە لایەنـی پراکتیکیدا کۆیکردونەتەوە دانانیان بەڕیگای ئاماری ئەو شیوازە ئامارییەی کە گونجاوە لەگەلیدا .

## باسی سێیەم

## تیۆری پشتبەست بە توێژینەوەکە

تیۆر لە توێژینەوەی زانستیدا بەگشتی جێگەیەکی دیاری هەیە ، جا بابەتی توێژینەوەکە دیاردەیەکی سروشتی بێت یان مرۆیی ، هەروەها گرنگییەکی تایبەتی لە دیاریکردنی هەر زانستێک لە زانستەکان هەیە (عبدالمعطي ، ١٩٨١: ١٠). تیۆر وەک دەستوور و سیستەمێکی زانستی گشتگیر پێناسە دەکرێت ، کە لایەنە جیاوازەکانی واقع ڕوون دەکاتەوە ، تیۆرەکە یاساکان ڕووندەکاتەوە ، هەروەک چۆن یاساکان ئەو واقع و ڕاستیانە ڕوون دەکەنەوە کە چاودێری کراون و پەیوەندییەک لە نێوانیاندا هەیە ، لە هەمان کاتدا یارمەتیدەرە بۆ دۆزینەوە و پەیبردن بە یاسای نوێ یان پەرەپێدانی گریمانەکان بۆ تاقیکردنەوەی ڕاستی و ڕەوایەتییان (الخواجة ، ٢٠١٦: ٥٠٢) لەم تیۆرانەش .

### ١-تیۆری بونیادگەریی وەزیفی (النظرية البنائية الوظيفية ) :

ئەم تیۆرە گرنگی بە وەسفکردن و شیکردنەوەی شکڵ و فۆڕمی پێکهاتەیی دەدات ، ئەوەش بریتییە لە وێنە و پەیوەندییەکان بەشێوەیەکی سروشتی بەبێ گرنگیدان بە جیاوازییە لاواز و بچووکەکان یان جۆری ئەو تاکانەی ، کە ئەم پەیوەندیانە لە نێوانیاندا سەرهەڵدەدەن (الحوات ، ١٩٩٨: ٩٤ ).
بابەتی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی یەکێکە لە گرنگترین بابەتەکانی بونیادی وەزیفی ، ئەم تیۆرە واي دەبینێت کە کۆمەڵگە لە یەکە کۆمەڵایەتییە تەواوکارەکان و یەکگرتووەکان یان کۆمەڵێک ڕێکخستن و سیستمی پەیوەندیدار لەگەڵ یەکتر لەڕووی بونیادو وەزیفەوە پێکدێت ، لەپێناو بەدەستهێنانی گونجاندن و ئامانجەکانی ئەو سیستەمەدا (القوس ، ٢٠١٨ ، ١٢) . مەبەستی ئەم تیۆرە لە دیاریکردنی وەزیفەی بونیادە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت ، چونکە بوونی بونیادە کۆمەڵایەتییەکان بوونێکی هەڕەمەکی نییە، بەڵکو بۆ جێبەجێکردنی وەزیفە مسۆگەرییەکانە (الحتمية) لەنێو سیستەمە کۆمەڵایەتییە گشتیەکەدا ، ئەمەش بەسەر هەموو بونیادە کۆمەڵایەتییەکاندا جێبەجێ دەبێت ، بۆ ئەوەی هاوئاهەنگی و هاوسەنگی بونیادی کۆمەڵایەتی بەدەست بهێنرێت . بونیادگەرە وەزیفییەکان کۆمەڵگە وەک یەکەیەکی بنەڕەتی تەواوکار و یەکگرتوو تەماشا دەکەن ، کە بەشەکانی لە ڕووی وەزیفییەوە بەیەکەوە گرێدراون ، بەپێی سیستەمێکی ڕێک و هاوسەنگ کە ڕێگری لە ململانێی ناو کۆمەڵگە دەکات . ململانێ و بەریەککەوتنەکان لە ئاستی سیستەم و بونیادی کۆمەڵایەتیدا و بە پێی بونیادی وەزیفی تەنیا بە بەربەستێکی کاتین دێنە هەژمار ، بەڵام نابێتە هۆی ئەوەی کە سیستەمی کۆمەڵایەتی بگاتە چارەسەر بەبێ بەدەسهێنانی

ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی بە مەبەستی هاتنەدی سەرجەم ئامانجەکانی و مەبەستە دوور مەوداکانی (غربي و قلواز ، ٢٠١٦: ١٨٨) .

**بنەما سەرەکییەکانی تیۆری بونیادگەری- وەزیفی ئەمانەن**

١. کۆمەڵگە و دامەزراوە لە پێکهاتەیەک یان بونیادێک پێکدێت کە بەشەکانی لقدارن ، بەڵام تەواوکەر و یەکگرتوون ، وەک چۆن هەر بەشێک ئەوی تر تەواو دەکات.

٢. بونیادی لاوەکی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی ، ناتوانێت بەتەنها بوونی هەبێت ، بەڵکو پێویستە لەگەڵ سیستەمە تەواوکەرەکانی تر لەڕووی ئامانج و وەزیفە و گرنگیدانەوە کار بکات .

٣. هەموو نەسەق و سیستەمێکی کۆمەڵایەتی لە بونیادو وەزیفەی دیاریکراو پێکدێت ، وەزیفەی سیستەمێک تەواوکەری وەزیفەی سیستەمەکانی دیکە دەبێت .

٤. سیستەمێکی بەهای تەواوکار و یەکگرتوو هەیە کە ناوەڕۆکی ئەوسیستەم و بونیادانە دیاری دەکات ، کە بونیادەکە پێویستیەتی و سیستەمی دابەشکردنی کار دیاری دەکات . سیستەمی بەها پاداشتی ئەو کردار و چالاکییە ئەرێنییەکان دەداتەوە و سزای ئەو خاڵە کەموکوڕیانە دەدات کە سیستەمەکان بەرپرسیارن لێیان.

٥. بێگومان سیستەمێکی پەیوەندی هەیە ، کە بونیادی کۆمەڵایەتی پشتی پێدەبەستێت و، ئەم سیستەمە پەیوەندییەش لە نێوان ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکاندا دەبێت لە یەک سیستەمدا و ئەم رۆڵانەش پێشەنگ ، یان میانڕەو (ناوەندگیر) یان جەماوەری ، دەبن.

٦. ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتیانەی کە بونیادەکەی لێ پێکدێت ، سیستمێکی فەرمانڕەوا و دەسەڵاتخوازیان هەیە ، ئەم سیستەمە ئەو ناوەندانە دیاری دەکات کە بڕیارەکە دەدەن ، ئەو ناوەندانەش دەگرێتەوە کە بڕیارەکە جێبەجێ دەکەن.

٧. بێگومان سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان خاوەن پێگەیەکن ، کە ئەو ئیمتیازات و پاداشتانە دیاری دەکات کە لە سیستمەکەدا بە کرێکاران دەدرێن ، بە مەبەستی هاندانیان بۆ کارکردنی بەردەوام و پتەوکردنی پەیوەندییە مرۆییەکانی نێوانیان و ئەو سیستەمەی کە تێیدا کاردەکەن (النوري والحسني ، ١٩٨٣: ٢٩٨ ).

ئەمانە گرنگترین تایبەتمەندی گەشەسەندنی ڕەوتە بونیادگەریە وەزیفیەکانن ، کە دەرئەنجامی ئەوەی لێدەکرێت کە ڕەوتگەلێکی گشتگیرن و، تەماشای بونیادی کۆمەڵایەتی دەکات وەک گشتێکی یەکگرتوو و کارلێککەر کە پێکهاتەکانی وابەستەیی و کاریگەری و کاریگەربوون (تـأثير و تـأثر) دەگۆڕنەوە و، لاسایی زانستی سروشتی دەکاتەوە و سوود لە چەمکەکانی وەک مورفولوجییا - بونیادو- فسیولوجیا - وەزیفەکان وەردەگرێت. ئەم چەمکانە ، ئەوانەن کە پێشەنگەکانی ئەم ڕەوتەیان دیاریکرد و لە کۆتایی وێستگەکەدا زۆربەی خولگەکان لە دەوری

ئەم ڕەوتــانە دەســوڕێنەوە ، کە یەکەمیــان گرنگــی بەبونیــاد دەدات و جەختــی لەســەر خــۆی و پێکهاتەکــانی دەکــاتەوە ، هەرچــی دووەمە گرنگیــدەدات بە وەزیــفە کۆمەڵایەتیەکــان ، ســەبارەت بە ســێیەم و کۆتــایی ، جەختــدەکاتەوە لە پەیوەنــدی ئاڵوگۆڕکراوەکــانی نێــوان بونیــادو و وەزیــفە (عبدالمعطي ، ١٩٨١: ١٠٩–١١٠).

زانــای کۆمەڵناســی ئەمریکــی (**بارســۆنز**) تێڕوانینێکــی تەســکی بــۆ کــۆمەڵگە مرۆییەکــان نەبــوو ، بەڵکــو بە دیــدێکی گشــتگیرەوە ســەیری دەکــرد، بەو پێــیەی بە سیســتەمێکی بەســتراو و تەواوکەری یەکتــری دەژمــاردن. بارســۆنز لە هەمــوو لێکــۆڵینەوە و شــیکاری کۆمەڵایەتیــدا ئەم شــێوازەی گرتــۆتەبەر، تیــۆری بنیــادگەری وەزیفــی ڕۆڵێکــی ســەرەکی گێــڕا لە گــۆڕینی وەزیــفەی کــۆمەڵایەتی بــۆ بیرۆکەیەکــی سیســتماتیک و عەقڵانــی پێشــکەوتوو بە توانــا لە ڕوونکــردنەوەی کــۆمەڵگە و شــیکردنەوەی دیــاردە و بارودۆخەکــانی ، بارســۆنز ئەو شــێوازەی بە مەبەســتدار (الغــائي) وەســف کــردووە ، کە بە واتــای لێکــۆڵینەوەیەکی عەقڵانــی لە نێــوان ناوەنــدگیری و مەبەســت دێــت (الحســن ، ١٩٩١: ٤٣٩ ).

زانــای کۆمەڵناســی ئەمریکــی (**ڕۆبەرت میرتــۆن**) پرۆســەی بونیــادگەری وەزیفــی کــۆمەڵگەی بەم شێوەیە کورت کردۆتەوە:

١. باشــترین ڕێــگە بــۆ تێــڕوانین لە کــۆمەڵگە ، بــریتییە لە سیســتەمێک کە بەشــەکانی وابەســتەن بە یەکترەوە ، کە ڕێکخەری چالاکییە دووبارەبووەکانە کەهەریەکەیان تەواوکەری یەکترن.

٢. کــۆمەڵگە بە شــێوەیەکی سروشــتی مەیلــی بەرەو دۆخێکــی هاوســەنگی داینــامیکی هەیە ، بەجۆرێــک ئەگەر هەر جــۆرە ناتەبــاییەک لە ئەودا ڕووبــدات ، هەنــدێک هێــز چــالاک دەبــن بــۆ گەڕاندنەوەی ئەو هاوسەنگییە .

٣. هەنــدێک چــالاکی دووبــارە و کــۆن لە کــۆمەڵگەدا بــۆ بەردەوامبــوونی پێویســتن . بەو مانــایەی کە پێداویســتییە بنەڕەتیــیە وەزیفییەکــان هەن کە وەڵامــی پێداویســتییەکانی سیســتەمەکە دەدەنەوە ، کە بەبێ ئەوان ناتوانێت بەردەوام بێت .

٤. هەمــوو چــالاکییە دووبارەبووەکــان بەشــدارن لە ســەقامگیری کــۆمەڵگەدا ، بــۆیە هەمــوو نمــونە و مۆدێلەکــانی ئێســتا ڕۆڵێکــی گرنــگ لە پاراســتنی ســەقامگیری و هاوســەنگی ئەم سیســتەمەدا دەگێڕن (رادف ،٢٠٠٩ : ٤٣) .

کەواتە تیۆری بونیادگەری وەزیفی بیرۆکەکانی تیۆری بونیادگەری و تیۆری وەزیفی کۆدەکاتەوە و هەوڵدەدات هەر تیۆرێک بکاتە تەواوکەری ئەوی دیکە (واتە بنەما بونیادگەری و وەزیفییەکان لە بنیاتنانی سیستەمێکی نوێدا کۆدەکاتەوە) . خۆ هەڵدەقورتێنێتە تیۆری پەرەسەندن ، بە تایبەت لە هەندێک

لێکچوونی نێوان زیندەوەران و ئەرکەکانیدا ، هەندێک لە کۆمەڵناسەکان پێیانوایە پەرەسەندن و وەزیفی دژیەک نین ، بەڵکو لەوەیە جیاوازییەکە لە گرنگیپێدان و خاڵەکانی جەختکردنەوەدا بێت ، لەلای (**ئۆگست کۆنت**) پەرەسەندن لە داینامیکی کۆمەڵایەتی دەچێت ، لە کاتێکدا دەروازەی بونیادگەری وەزیفی لەگەڵ بیرۆکەی ئیستاتیکی کۆمەڵایەتیدا گونجاوە و هاوچەرخ و سەردەمیانەیە ، تیۆری پەرەسەندن گرنگی بە پێوەرێکی پەرەسەندنی دیاریکراو دەدات ، کە سەنتەرەکەی کات و قۆناغەکان و گۆڕانکارییە ، بەڵام دەروازەی بونیادگەری وەزیفی ڕوانگەیەکی تەسک و دیاریکراوی کات دەگرێتەوە (حجازي ،١٩٧٤ :ص٩١) .

## ٢- تیۆری ئاڵوگۆڕکردنی کۆمەڵایەتی :

تیۆری ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی بەیەکێک لە تیۆرە سۆسیۆلۆجییە هاوچەرخەکان دادەنرێت ، وڕەگو ڕیشەی هزری ئەم تیۆرەدەگەڕێتەوە بۆ بیروبۆچوونی هەندێک لەو فەیلەسوف و زانایانەی کە هەر لە کۆنەوە بایەخیان بە پرۆسەی پەیوەندی ئاڵوگۆڕکردنی (وەرگرو بەخشین ) دابوو ، لەوانەشی کە لەسەدەی نۆزدەدا بایەخیان پێدابوو فەیلەسوفە یۆنانییەکان بوون لەوانەش (ئەرستۆو ئادەم فیرجسۆن و ئادەم سیمس) بوون ، تیۆری ئاڵوگۆڕکردن هەر لە دروستبونییەوە بە سێ سەرچاوەی سەرەکی کارتێکراو بوو ئەوانیش : ئابووری کلاسیکی و ئەنسرۆپۆلۆجیای وەزیفی و دەروونناسی ڕەفتاری ( لطفي و الزيات ، بدون سنة الطبع : ١٧١).

ئەم تیۆرە وەک هەموو تیۆرە کۆمەڵایەتییەکانی تر ڕاڤەکردن و شیکردنەوە بۆ هەموو دیاردەو پرۆسە کۆمەڵایەتییەکان بەکاردەهێنێت ، تیۆری ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی پێیوایە کە سروشتی کارلێکی ئاڵوگۆڕ لە نێوان تاکەکان و گروپەکان و دامەزراوەکان و کۆمەڵگاکاندا هەیە ، ئەم تیۆرە باوەڕی وابوو کە ژیانی کۆمەڵایەتی پرۆسەی کارلێکی ئاڵوگۆڕە ، بەو مانایەی کە لایەنێک وەردەگرێت و لایەنەکەی تریش دەبەخشێت ، بەمە وەرگر و بەخشینی (الاخذ والعطاء ) نێوان دوو لایەنە کارلێکردووەکە هۆکارن بۆ بەردەوامی و قوڵبوونەوەی ئەو پەیوەندیە کارلێکردووە ، ئەگەر تاک پەیوەندییە کارلێکرووەکەی لەسەر پرەنسیپی وەرگرتن بەبێ بەخشین وەستابوو ئەوە ئەو پەیوەندییە ساردو سڕو پچڕاو دەبێت (الحسن ، ٢٠١٥: ١٨٣-١٨٤ ) .

هەروەها ئەم تیۆرە پێیوایە کە خەڵک بەشێوەیەکی عەقلانی کارلێک دەکەن و ، هەموو مرۆڤێک کۆمەڵێک ئامانج هەیە کە خۆی دیاریان دەکات بۆ گەیشتن بە پاداشت لە چوارچێوەی کۆمەڵگەو ژیانی کۆمەڵایەتیدا هەوڵی بەدەستهێنانیان دەدات ، هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانە لەو ناوەندە کۆمەڵایەتییەدا یان لەگەڵ ئەوانی تردا بۆ ئەوەیە کە ئیعتباری کۆمەڵایەتی پێ زیادبکات ، ئەو ئەندامانەش کە کارلێکیان لەگەڵ دەکات کاریگەریان لەسەری هەیەو هەتا کار لەسەر بەدەستهێنانی ئامانجەکانیشی

دەکەن ، ئەو هەڵوێستەش لەدەرئەنجامی پەیوەندی ئاڵوگۆڕکراوەوە دەبێت ، ڕەفتاریش خۆی لە ڕەفتاری ئاڵوگۆڕکراو دەنوێنێت ، هەربۆیە ئەندامانی کۆمەڵگە یان کاسانی تر لەو ناوەندە کۆمەڵایەتییەدا خاوەنی سەرچاوەی کۆمەڵایەتی و دەروونین ، هەروەها ئێمە ئاڵوگۆڕی پارە بە کاڵا دەکەین و کارکردنیش بە پارە دەکەین و ملکەچبویش بۆ دەسەلاتی بیروکراسی و یاسای بە کارکردن و ئاسایش دەبێت ، واتە پاڵپشتی سۆزداری و هەڵچوونییەکان ئاڵوگۆڕ دەکەین ( عوده ، بدون سنة الطبع : ٩٨-٩٩) .

بەو پێیەی تیۆری ئاڵوگۆڕکردنی کۆمەڵایەتی لەسەر ئەو بنەمایە وەستاوە کە تاکەکان کارلێک دەکەن لەگەڵ یەکتریدا بۆ ئەوەی لەو کارلێکردنەدا هەندێک پاداشتی کۆمەڵایەتی بەدەستبێنن ، تاکەکان بەردەوام دەبن لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیاندا و لەو پەیوەندییانەدا هەندێک سوود بەدەستدێنن کەوا تێچووی زۆردەبێت . تێچوونیش ئاماژەیە بۆ دەربڕینی هەندێک فاکتەری نەرێنی وەکو بێتاقەتی و دڵەڕاوکێ هەوڵدەدات نەیانهێڵێت ، هەروەها پاداشتیش ئاماژەیە بۆ هەرشتێک کە بەرگەی ئەو تێچوونە بگرێت لەپێناو بەدەستهێنانیدا ، بەڵام قازانج بەرهەمی تێچوونە لە پاداشت ، لەڕاستیدا پارەو شتە مادییەکان بەتەنها ئاڵوگۆڕ ناکرێت ، بەڵکو ئاڵوگۆڕی خزمەتگوزاری کۆمەڵایەتی و سۆزداری و ئاسایش و دەسەڵات و زانیارییەکان دەکرێن( لطفي ، والزيات ، ١٧٥) .
هەربۆیە کۆمەڵناسی ئەمریکی (هومانز) پێی وایە پرۆسەی ئاڵوگۆڕکردنی کۆمەڵایەتی لە میانەی کارلێکی ڕووبەڕوانەی تاکەکانەوە دەبێت کە ڕەنگدانەوەی لایەنی دەروونی و ئابووری و کۆمەلایەتییەوە ڕوودەدات ، کە دەبێتە هۆی دروستکردنی بنەمایەک بۆ پرۆسەی ئاڵوگۆڕی نێوانیان کە لەسەر ئامانج و حەزو ئارەزووە کۆمەلایەتییەکانیان وەستاوە ، وەکو ناوبانگ و ئیعتبار و ڕێز و نرخ و دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی) نەک تەنیا سوودی مادی بێت ، لەبەر ئەوەی ئەمە هەمیشە ئامانجی ئاڵوگۆڕکردنی کۆمەڵایەتی نییە ، چونکە تاک لە گرووپەکەی خۆیدا بەردەوام بەشداری لە چەندین پرۆسەی ئاڵوگۆڕکردنی کۆمەڵایەتیدا دەکات بە ئامانجی پەسەندبوونی کۆمەلایەتی لەلایەن ئەندامانی گروپەکەیەوە و ڕێزگرتنی و ، ئیعتباری کۆمەڵایەتی و پێگەی کۆمەڵایەتی خۆی دیاری بکات ، (هومانز ) ئەم پەسەندبوون و ڕێزگرتن و لەیەکچونە کۆمەڵایەتیەی بە پاداشتی کۆمەڵایەتی بۆ تاک لەگرووپەکەیدا داناوە (عمر ، ١٩٨٢: ٣٦٢ ) .

هەرچی کۆمەڵناسی ئەمریکی(پیتەر بلاو)ە پێیوایە سەرەتا تێکەڵبوون لەنێوان گرووپەکان ڕوودەدات ، تاکەکان لەڕێگای گوێڕایەڵبوون بۆ پێوەرەکان ، هەوڵدەدەن ڕەزامەندی گرووپ بەدەستبهێنن ، ئەوەش دەبێتە هۆی پرۆسەی ڕێکخستنی گرووپەکان و دەستپێوەگرتنیان لەبەرانبەر ئەم پەیوەندییە تەواوکارییەدا ، بۆ مەبەستی بەدەستهێنانی پێگەکان و پاداشتەکان ، ڕکابەری لەنێوان ئەو تاکانەدا خۆی

دەردەخات ، هەربۆیە پێشبینی دەکرێت پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دوو لایەن لەخۆبگرێت تەکامولی (بێ ڕکابەرایەتیکردنی یەکتر ) لەگەڵ ڕکابەریکردنی یەکتر ، تەنانەت لە گرووپە یەکەمییەکانیش وەکو (خێزان و گرووپەکانی برادەرایەتی) تاک هەوڵی دروستکرنی پەیوەندی لەگەڵ کەسانی تردا دەدات ، بەم شێوەیە پرۆسەی تێکەڵبوون لە چوارچێوەی گرووپ خولدەخواتەوە ، ئەم تێکەڵبوونەش ڕۆڵ و پێگەکان دابەش دەکات و بونیادێکی کۆمەڵایەتیش پێکدەهێنێت کە بۆ تەواوکردنی پەیوەندییەکانی گرووپ ، پێداویستییەکانی دەیسەپێنێت ، هەروەها (بڵاو) لەچوارچێوەی کۆمەڵگەو ڕێکخستنە پێکهاتە ئاڵۆزەکان پەیوەندی نێوان گرووپە لاوەکییەکانی لێکدایەوە ، لەکاتێکدا زۆرینەی تێکەڵبوونەکان لە کۆمەڵگەو ڕێکخستنە گەورەکان ، خۆیان لەپەیوەندی ناڕاستەوخۆدا دەبیننەوە ، بۆیە دەبێت میکانیزمێک هەبێت بۆ هاوسەنگیکردنی پەیوەندییەکان لە بونیاددا ، سەرەڕای پێوەرەکان کە خۆیان لە ڕێکخستن و ڕێنماییەکاندا دەبیننەوە ئەم پێوەرە کولتورییە ڕەسمییە هاوبەشەش دەبێتە پێکهێنەری بناغەی ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی و ، هەروەها میکانیزمێک بۆ ڕێکخستنی پرۆسەکانی تێکەڵبوون (زێباری ، ٢٠١٧ :ص١٢٥ ) .

**٣-گفتوگۆی تیۆری توێژینەوەکە (Theoretical framework) :**

توێژەر تەوزیفی هەردوو تیۆری بونیادی وەزیفی ئاڵوگۆڕکردنی کۆمەڵایەتی لە ژێر ڕۆشنای ئەم توێژینەوەیەی ئێستادا داناوە :

توێژەر تیۆری بونیادی وەزیفی لەو تێڕوانینەوە بنیاتناوە کە ئەم تیۆرە جەختدەکاتەوە لەسەر ئەوەی کەوا هەموو کۆمەڵگەیەک بونیادێکی هەیە ئەو بونیادەش بۆ بەشەکان شیدەبێتەوەو ، هەر بەشێک وەزیفەیەکی هەیە هەوڵدەدات بۆ بەردەوامبوونی ئەو کۆمەڵگەیە ، لە میانەی ئەو ڕۆڵانەی کە لە چوارچێوەی ئەو وەزیفەیەدا پیادە دەکرێت ، واتە ئەم تیۆرە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە ، کەوا بوونی بوونیاد بە بەجێگەیاندنی ئەو بونیادەی کە بە وەزیفەکانی هەڵدەستێت سەرچاوە دەگرێت ، هێزی بونیادیش لە بەردەوامبوونی ئەو وەزیفانەوە دەبێت کە ئەو بونیادە پیادەیان دەکات ، بابەتی توێژینەوەکەی ئێمە کە ڕۆڵی گەشتیارییە لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا دەتوانین بە گوێرەی ئەم تیۆرە لێکدانەوەی بۆ بکەین کەوا گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکی یەکبەدوایەکی دینامیکی بەردەوامەو کە بە چەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت هەر قۆناغێک چەند هەنگاوێک لەخۆ دەگرێت ئاراستەکراو مەبەستدارو بە پلانە ، دیاردەیەکە لە بەشەکانی بونیادی کۆمەڵایەتیدا ڕوودەدات ، کەوا یارمەتی ئەو بونیادە دەدات کە ڕووبەڕووی ئەو گۆڕانانە بێتەوە بەهۆی فاکتەرە جیاوازەکانی گۆڕانکاری ، هەربۆیە گەشتیاری دامەزراوەیەکە پێکهاتەو بونیادی تایبەت بەخۆی هەیە لە چەند بەشێک پێکهاتووە ، ئەم بەشانە هەموویان پێکەوە بەستراونەتەوە هەریەکە لەو بەشانە بە وەزیفەی خۆی هەڵدەستێت لە میانەی ئەو

ڕۆڵانەی کە لە چوارچێوەی ئەو وەزیفەیەدا پێی هەڵدەستێت بۆ بەردەوامبوونی ئەو بونیادە ، کە ئەوانیش وەزیفەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوری و ژینگەیی و ئاینی ، جگە لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و پڕکردنەوەی ئارەزووەکانی گەشتیاران بۆ چێژ وەرگرتن لە ژینگەی سروشتی و دیمەنەکانی ئەو سروشتەو جۆرەکانی تری گەشتیاری کە گەشتیار پێی هەڵدەستێت لە پێناوی پڕکرنەوەی لایەنی دەروونی و چێژوەرگرتنی لەو گەشتانەی کە بۆ هەر مەبەستێک بێت ئەنجامیان دەدات .

چالاکی گەشتیاری ، لە پێناو تێرکردنی پێداویستییەکانی گەشتیارانە کە ئەمە ڕێکخستنێک دروستدەکات لەو سیستەمە کە گەشتیارییە ، ئەوەش تەنها بە مەبەستی پاراستنی مانەوەی و بەردەوامیەکەی لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدا ، بەمەش گۆڕانکاری لە ژیانی کۆمەڵایەتی تاک و کۆمەڵگەدا دروستدەکەن ، ئەویش لە ڕووی بەهاو زمان و کولتورو ڕەفتارو دابونەریت و کەرەستەو ئامرازە مادییەکان ، بەهۆی بەرکەوتنی بەردەوام و ڕاستەوخۆی گەشتیارانەوە کە هەریەکەیان سەر بە کولتور کۆمەڵگەی جیاوازن ، هەموو ئەمانە هۆکارن بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵگە لە هەموو ڕوویەکەوە ( ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوری و سیاسی) ، بەمەش تەواوکارییەک لەنێوان لایەنی بونیادی و لایەنی وەزیفیدا هەیە کەوا کۆمەڵگە بە بێ بوونی بونیاد ناتوانێت بەردەوام بێت ، بونیادیش بەبێ بوونی وەزیفەکانی ناتوانێت بەردەوام بێت ئەگەر بەربەست لەبەردەم وەزیفەکاندا هەبوو ، بەشەکانی کۆمەڵگە لە چوارچێوەی ئەو یاساو بەهایانەدا کاردەکەن کەوا هەر بەشێک کاریگەری لەسەر ئەوی تریان هەیە . هەروەکو پێشتریش ئاماژەمان پێدا بەشەکان وەزیفەی سەرەکیان هەیە کە هەموویان پێکەوە گشتێکیان پێکهێناوە کە ڕۆڵی هەیە لە بەهێزکردنی بەشەکان و بەشەکانیش بەو شێوەیە هاوکارو تەواوکاری یەکتری دەبن ، هەربۆیە گەشەپێدانی گەشتیاری بەشێکە لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەرکاتێک گەشتیاری بە ئەرکەکانی خۆی هەستا شانبەشانی هەموو کەرتەکانی تر وەک پیشەسازی و بازرگانی و کشتوکاڵی ، بە هاوسەنگی کاری کرد دەبێتە هۆی ڕوودانی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەو گەشەپێدانی کۆمەڵگە ، چونکە یەکێک لە ئامانجەکانی گەشەپێدانی گەشتیاری گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئابوورییە .

**لەهەمان کاتیشدا تیۆری ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی** بەسەر توێژینەوەکەی ئێمەدا پەیڕەو دەبێت لە ڕوانگەی ئەوەوە ژیانی کۆمەڵایەتی بریتییە لە پەیوەندی نێوان تاکەکان یان دوو کەس یان دوو گرووپ کە لەڕێگەی پرۆسەی وەرگرتن و بەخشینەوە ئەو پەیوەندییانە فراوان دەبن و گەشە دەستێنن بەمەرجێک ئەو دوو لایەنە هاوسەنگ بن ، بەڵام بە پێچەوانەوە پەیوەندی دەپچڕێت ئەگەر ئەوەی وەریدەگرێت زیاتر بێت لەوەی دەیبەخشێت ، دواتر ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی لەنێوان کەسەکاندا لەسەر بنەمای بەخشین و وەرگرتنی مادی بونیاد نانرێت ، بەڵکو لەسەر بنەمای بەخشین و وەرگرتنی مەعنەوی دەبێت .

کەواتە گەشـــتیاری لە ڕوانـــگەی ئەمەوە یەکـــێکە لە دامەزراوەکـــانی کـــۆمەڵگە لە توانایـــدا هەیە ڕاڤەی گەشتیاری و ڕوکارەکانی و پرۆسە کۆمەڵایەتی و گەشـەپێدانەکانی کە پەیوەسـتە پێوەی بکات و توانـای ئەوەشی هەیە کە شیکاری بۆ ڕواڵەت و ژیانی کولتوری و کۆمەڵایەتی و ژینگەی و ئـابووری بکـات ، لە هەمـان کاتـدا پەیوەنـدی ئـاڵوگۆڕی نێـوان گەشـتیارو کـۆمەڵگەی لۆکـاڵی بکـات . لەبەرئەوەی ئەم تیـۆرە دەتوانێت ڕاڤەی لایەنـی مـادی پەیوەنـدییە ئاڵوگۆڕەکانی نێوان تاکەکـان و گروپەکـان و دامەزراوەکـان و کۆمەڵگەکـان بکـات و ڕاڤەی لایەنـی مەعـنەوی و بەهـای و مرۆییەکـانیش بکـات ، هەر وەک لەسـەرەوە ئاماژەمـان پێدا لەسـەر پرەنسـیپی (وەرگـرتن و بەخشـین ) وەسـتاوە ، کە بـریتییە لە هاوسـەنگی نێـوان ئەوەی کە تاک دەیدات بە کۆمەڵگەو ئەوەشی کە کۆمەڵگە دەیدات بە تاک واتە (الاخذ والعطاء) لەسـەر ئەو بنەمـایە پەیوەنـدی ئـاڵوگۆڕ لە نێـوان گەشـتیارو کـۆمەڵگەی لۆکـاڵی دروسـت دەبێـت ، گەشـتیار کە دێـتە نـاوچە گەشـتیارییەکان کۆمەڵێک بەهـاو دابونەریت و ڕەفتـاری جیاواز لەگەڵ خۆیدا دێنێت ، لەئەنجـامی بەریەککەوتـن و ئـاڵوگۆڕی پەیوەنـدی نێـوان گەشـتیارو کـۆمەڵگەی لۆکـاڵی چەنـدین شـتی لێدەکەوێتەوە ، لەوانە بەریەککەوتنی کولتورەکان گۆڕانی هەندێک لە دابونەریتەکـان و ڕەفتـاری تاکەکـان بە بـاش یـان بە خـراپ و دروسـتبوونی چەنـدین پەیوەنـدی جۆراوجـۆر وەک پەیوەنـدی هـاوڕێیەتی و خزمـایەتی و ژن وژنخوازی .

بەپێی ئەم تیۆرە لەبەرامبەر هەر وەرگرتنێک دەبێت بەخشـین هەبێت ، واتە لەنێوان مـاف و ئەرکەکانـدا ، هەرکاتێک هاوسەنگی لەنێوان ئەم دوانەدا هەبوو ئەوا پەیوەندییەکان بەردەوامترو گەشەسەندووتر دەبن، بەڵام ئەگەر وانەبوو ئەوا پەیوەندییەکان لەنێوان گەشتیارو کۆمەڵگەی لۆکاڵیدا پچڕاو لاواز دەبێت . هەر بـۆیە گەشـتیاری بـڕوای بە تیـۆری ئـاڵوگۆڕی کـۆمەڵایەتی هەیە ، لەمیـانەی دابەشـکردنی ڕۆڵەکـان و ئەرکەکـان لەنێـوان دامەزراوە کـۆمەڵایەتی و کولتورییەکانـدا بـۆ بەدەسـتهێنانی هاوبەنـدی و ڕێزگرتنـی تاکەکان لەیەکتری و ، بەمە گەشتیاری دەبێتە هـۆی بەرزکردنەوەی ئاسـتی کۆمەڵایەتی و شارسـتانی و زینـدوکردنەوەی دابونەریتەکـان و زینـدوکردنەوەی بـۆنە ئـاینی و کۆمەڵایەتییەکـان و پاراسـتنی سـامانی کولتـوری و نەتەوەی چەنـدین شـتی تـر لەڕێـگەی ئـاڵوگۆڕکردنی کـۆمەڵایەتییەوە ، هەر بـۆیە سروشـتی گەشتیاری وایە کە ئاڵوگۆڕی کولتورو دابونەریتەکان لەنێوان کۆمەڵگەو کولتـورە جیاوازەکانـدا دەکـات . لەهەمـان کاتـدا ئەم تیۆرە ئاماژەی بە تێچوو پاداشـتی کۆمەڵایەتی داوە لەئەنجـامی کـارلێکی ئـاڵوگۆڕی نێـوان تاکەکـان دەگەنە هەنـدێک پاداشـتی کـۆمەڵایەتی بەمە تاکەکـان بەردەوام دەبـن لە پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتیەکانیانـدا ، واتە تاکەکانی کۆمەڵگەی گەشـتیاری کە خزمەتگوزارییەکـان پێشـکەش بە گەشـتیار دەکەن بە تەنهـا لە پێنـاوی لایەنە مـادییەکەدا نیـیە ، بەڵکـو لەهەمـان کاتـدا دەرخسـتنی سـیماو کەسـێتی تاکەکـانی ئەو کـۆمەڵگە گەشـتیارییەیە لەڕووی ڕێزگـرتن و بەهـای ئەخلاقـی و مرۆیـی و ڕوحیـیە بـۆ

گەشتیارو ، هەروەها دەرخستنی کولتورو کەلەپوری نیشتمانی و شانازیکردنە بە نیشتمان و ئینتماکردنە بۆی ، هەر بۆیە بە گوێرەی ئەم تیۆرە ئەگەر پاداشت و تێچوو یەکسان بوو ئەوا پەیوەندی ئاڵوگۆڕی نێوان تاکەکان بەهێزتر دەبێت بەپێچەوانەشەوە پەیوەندییەکان لاوازو پچڕاو دەبن .

چونکە گەشتیاری پەیوەندییەکی دوولایەنەیە کە لە نێوان ئەو کەسانەی بەشێوەیەکی کاتی لە شوێنێکدا نیشتەجێن ئەو کاسانەی کە بەشێوەیەکی بەردەوام نیشتەجێن دروست دەبێت ، بۆ مەبەستی ناسینی کەلەپوورو هەڵسوکەوتی کۆمەڵگاکانی تر ئەنجام دەدرێت .

# بەشی دووەم

# گەشتیاری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی

## باسی یەکەم : بنەما سەرەکییەکانی گەشتیاری

## باسی دووەم : گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی

## باسی سێیەم : ڕەنگدانەوەی گەشتیاری لە پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا

# باسی یەکەم

# بنەما سەرەکییەکانی گەشتیاری

**یەکەم : چەمکی گەشتیاری و ئەو چەمکانەی پێوەی پەیوەستن**

**دووەم : ئامانجەکانی گەشتیاری**

**سێیەم : تایبەتمەندییەکانی گەشتیاری**

**چوارەم : پاڵنەرەکانی گەشتیاری**

**پێنجەم : پێکهاتەکانی گەشتیاری**

## باسی یەکەم

## بنەما سەرەکییەکانی گەشتیاری

چەمک و زاراوە زانستییەکان یەکێکە لە ڕێبازە گرنگەکان لە توێژینەوەی زانستیدا ، کە پێویستە لەسەر توێژەر چەمکەکان دیاری بکات هەوڵبدات بۆ دیاریکردنی پێناسەی ڕێکاری بۆ چەمکەکان لە گرنگترین ئەو چەمکانە :

**یەکەم :چەمکی گەشتیاری و ئەو چەمکانەی پێوەی پەیوەستن:**

سەرەڕای هاوڕایی زۆرینەی زانایانی بواری گەشتیاری لە بارەی ئەستەمی گەیشتن بە تاکە پێناسەیەکی گشتگیر و سەراپاگیر بۆ چەمکی گەشتیاری ، بەڵام دەکرێت دەستمان بگاتە هەندێک پێناسەی جیاواز بۆی و لە ڕێگەیانەوە لایەنە جۆربەجۆرەکانی ڕوونکەینەوە ، بۆیە هەندێک لەو کەسانەی پێناسەیان بۆ کردووە جەختیان کردۆتەوە لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی و لەڕوانگەی کۆمەڵایەتیەوە لەم چەمکەیان ڕوانیووە ، هەندێکی دیکەیان جەختیان کردۆتەوە لەسەر لایەنی ئابووری لە پێناسەی چەمکی گەشتیاری ، هەندێکی دیکەش لە لایەنی دەروونی و چێژ وەرگتنەوە لێیان ڕوانیووە ، بۆیە لە خوارەوە هەندێک لەو پێناسە جۆربەجۆرانە دەخەینەڕوو.

**پێناسەی چەمکی گەشتیاری:**

لە ئینسکلۆپیدیای (الوسیط) دا داهاتوە گەشتیاری واتە، ڕۆشتن لەشارێکەوە بۆشارێکی دیکە لە پێناو کات بەسەربردن و زانین و شارەزابوون لە شوێن و جێگەی جۆراوجۆر ( المعجم الوسیط ،٢٠٠٤، ٤٦٧).

لە فەرهەنگی وێبستەردا هاتووە گەشتیاری ئەو ڕۆشتن و گەشتکردنەیە کە مرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆ جێگەکەی خۆی دوای بەسەربردنی گەشت و گەڕانێکی تەواوەتی ، دەکرێت ئەو گەشتە بۆ کار بێت یان بۆ چێژ وەرگرتن و کات بەسەربردن بێت یاخود بۆ فێربوون و خوێندن ، بەهۆی ئەم گەشتەوە کەسەکە چەندێن شوێنی جۆراوجۆری بینیوە و سەردانی کردوە و کەسەکە بەپلان ئەم کارەی کردووە ( بخاری ، ٢٠١٢ ، ٨).

بەڵام لەفەرهەنگی زاراوە کۆمەڵایەتیەکاندا پێناسەی گەشتیاری کراوە بەوەی بریتییە لە گواستنەوەی مرۆڤ لە شوێنی نیشتەجێبونیەوە بۆ جێگەیەکی دیکە ، بۆ ماوەیەکی کاتی و کەسەکە لەو پارەیەی پاشەکەوتی کردووە خەرجی خۆی دەکێشێت و بۆ کارکردن نەچووە بەڵکو تەنها بۆ کات بەسەربردن بووە ، دەکرێت مرۆڤ گەشت بکات بۆ سەردان کردن یان بۆ بەسەربردنی مۆڵەتێکی تایبەتی یان بۆحەجکردن یان بۆ دڵنیابون لە تەندروستی خۆی یان بۆ خوێندن ، بەم جۆرە گەشتیاران تەنها بەکاربەرن نەک بەرهەمهێنەر ، دەکرێت گەشتکردن ناوەکی و دەرەکیش بێت . (بدوی، ١٩٨٢: ٤٢٧).

پێناسەی گەشتیاری لەڕوانگەی کۆمەڵایەتیەوە (جیلاکسمانی) سویسری پێناسەی گەشتیاری کردوە و پێیوایە : گەشتیاری بریتییە لە گشت ئەو پەیوەندیە دوولایەنیانەی کە دروست دەبێت لەنێوان ئەو کەسەی بەشێوەیەکی کاتی لەجێگەیەکدایە لەگەڵ ئەوکەسانەی کەبەشێوەیەکی هەمیشەیی لەهەمان جێگەدا دەژین (دعبس، ٢٠٠١ : ١٤) .

(هونزیکەر W.Hunziker) سویدی بەم شێوەیە پێناسەی گەشتیاری کردووە بریتییە لە کۆمەڵێک پەیوەندی و دیاردە بەهۆیانەوە کەسێکی بێگانە بەشێوەیەکی کاتی لە شوێنێک دەمێنێتەوە و پەیوەندی نابێت بەکاری ئەو کەسەوە (W.Hunziker , 1966 :7)

ئەکادیمیای نێودەوڵەتی بۆ گەشتیاری پێناسەی ئەم چەمکەی کردووە ، پێیوایە گەشتیاری ووشەیەکە تەنها بەسەر گەشتی کات بەسەربردندا جێبەجێ دەبێت ، کۆی ئەو کارو چالاکیانەی مرۆڤ دەگرێتەوە کە بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەم کارە پێی هەڵدەستێت ، بۆیە پیشەسازییەکی هاوکارە بۆ دەستەبەرکردنی پێویستییەکانی گەشتیاران (جورج ، ٢٠٠٢ : ٤٥٥).

پێناسەی کۆنگرەی نەتەوە یەکگرتوەکان کە لەبارەی گەشتیارییەوە بەستراوە لەساڵی ١٩٦٣ پێیوایە : گەشتیاری بریتیە لە دیاردەیەکی مرۆیی و کۆمەڵایەتی تیایدا مرۆڤ لە شوێنی نیشتەجێبونیەوە دەگوزایتەوە بۆ شوێنێکی دیکە ، بۆ ماوەیەکی کاتی کە کەمتر نەبێت لە ٢٤ کاتژمێرو زیاتر نەبێت لە ١٢ مانگ ، بە ئامانجی گەشت و سەیران یاخود کات بەسەربردن یان بۆ وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی یاخود بۆ بینینی شوێنی مێژووی و دێرین (عبدالجليل ،٢٠١٤ : ٢١٣).

کۆمەڵناسان بۆ پێناسەکردنی ئەم چەمکە وتەی خۆیان هەیەو پێیانوایە کە گەشتیاری بریتییە لە : هۆکارێک بەدەست مرۆڤەکانەوە بۆ ڕوانین لەشێوەی ژیانی گەل ومیلەتان ، بۆ ناسینی کەلتورو کەلەپوری مرۆڤەکانی دیکەو شارەزابوون لە داب و نەریتیان ، بەمەش گەشتیاری چێژبردنێکی تایبەت بۆ کەسی گەشتیار دەرەخسێنێت و هەست بە ئارامی دەروونی وجەستەی و ئەقڵی دەکات ، هەروەها بەهۆی گەشتیارییەوە دەکرێت مرۆڤ لە کاتی گەشت و گەڕانەکانیدا کولتورو نەریتی دیکە دروستبکات بەهۆی بەریەککەوتنی کەسی گەشتیار لەگەڵ ئەو کولتورانەی کە تێکەڵیان دەبێت (العزاوي ، ٢٠١٣: ص٦٧).

لەدەرئەنجامی ئەو پێناسانەی خستمانەڕوو دەتوانین پێناسەیەک بکەین کە دەگونجێت لەگەڵ ناونیشانی توێژینەوەکەماندا ئەویش : بریتییە لە جوڵەیەکی داینەمیکی کە پەیوەستە بە کۆمەڵێک چالاکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری کە تاک پێهەڵدەستێت بۆ گۆڕینی شوێنی هەمیشەی خۆی بە مەبەستی حەوانەوەی جەستەیی و دەروونی و عەقڵی .

**ئەو چەمکانەی کە پەیوەستن بە چالاکی گەشتیارییەوە**

**١-گەشتیار**

**پێناسەی چەمکی گەشتیار**: وەک ئەوەی لە ئینسکلۆپیدیای (الوسيط) داهاتووە گەشتیار ئەو کەسەیە لەنێوان ئەو شارو ولآتانە گەشت دەکات و دێت و دەچێت ، بەمەبەستی بەسەربردنی کاتەکانی و زانین و دۆزینەوەی شتی نویَ و هتد.. (مصطفى ، بدون سنة الطبع : ٤٦٩).

یان گەشتیار کەسێکە گەشت بکات یان سەردانی شوێنێک بکات بۆ وەرگرتنی چێژو خۆشی لە سروشت و دیمەنی ئەو شوێنە (Sally , 2004 :1375) .

هەروەها ڕێکخراوی گەشتیاری جیهانی ئاتۆ (ITO) بەپشت بەستن بەو کۆنگرەیەی کە لەڕۆما ١٩٦٣بەستوویەتی پێناسەی گەشتیاری کردووە : ئەو کەسەیە کە سەردانی ولآتێکی بیانی دەکات و دەبێت بەلای کەمەوە ٢٤ کاتژمێر تیایدا بمێنێتەوەو یان ماوەکەی کەمتر نەبێت لە سێ مانگ ( درادكة ، ٢٠١٤ : ٢١) .

ڕێکخراوی گەشتیاری لە ساڵی (١٩٩١) دا بەم شێوەیە پێناسەی گەشتیار کردووە ئەو کەسەیە کە گەشت دەکات بۆ وولآتێک بەبیَ ئەوەی لەو وولآتەدا نیشتەجیَ بێت یان بەلای کەمەوە تەنها یەک شەو لەو شوێنەدا دەمێنێتەوە کە زیاتر نییە لە ساڵێک ، بە مەبەستی دابینکردنی حەزو ئارەزووەکانی و بەبیَ ئەوەی لە بەرامبەریدا هیچ دەسکەوتێکی مادی لەو وولآتەی کە سەردانیکردووە دەستکەوێت ( Stephen,2007, p14 )

یان گەشتیار کەسێکە کە کاتی ئازادی هەیەو تیایدا گەشت دەکات بۆ جێگەیەکی دیاریکراو بۆ ماوەیەکی کاتی تیایدا دەمێنێتەوە ، بۆ ئەوەی هەندێک فشاری کارو ڕۆتینی ژیانی ڕۆژانەی لەسەر کەم بێتەوە ، تاکو ئازادانە چەند ساتێک بەخەیاڵی پاک و ئارامیەوە پشوویەک بدات و چێژێک لەژیانی کۆمەڵایەیتانەی خۆی ببینێت ، گەشتیار کەسێکی بەکارهێنەرە نەک بەرهەم هێن ، تەنانەت مەبەستی گەشتەکەشی ئامادەبوون بێت لە کۆنگرەو کۆنفرانسی زانستی یان پێشانگایەک ، چونکە لەکاتی مانەوەی دا تەواوی ئامرازەکانی چێژوەرگتن وخۆشی دەگرێتەبەرو وبەکاریان دێنێت ، بۆ ئەم کارەشی لەپارەی تایبەتی خۆی خەرجی خۆی دەکێشێت و، لە گەشتەکەیدا هەڵدەستی بە کڕینی دیاریی و شتی جوان و سەرنج ڕاکێش بۆ دۆست و خزم و خۆشەویستانی ، بەمەش داهات بۆ لایەنی پیشەسازی شوێنەکەو داهاتی پیشەی دەستی ئەو جێگەیە زیاد دەکات کەلێی دەمێنێتەوە (الصيرفي ، ٢٠٠٧: ٢٤).

دوومەرجی بنەڕەتی هەیە بۆ پێناسەکردنی گەشتیار ئەوانیش مەرجی یەکەم : مەرجی ماوە و دووری (المسافة): تیایدا بەکەسێک دەوترێت  گەشتیار کە نزیکەی ٢٤ میل ببڕێت بۆگەشتەکەی ، لەهەندێک وڵات ئەو ماوەی دوورییە زیادکراوە بۆنزیکەی (١٦٠) میل.

مەرجی دووەم : بەسەربردنی شەوێک لەوشوێنەی سەردانی کردوە: ئەم مەرجە مەرجێکی پەسەندکراوە لای زۆرینەی سەرقاڵانی بواری گەشتیاری لە جۆری گەشتیاری ناوخۆیدا بەتایبەتی ، هەندێکجار ماوەکەیان بۆ نزیکەی (١٠٠) میل زیادکردوە وەک مەرجێک بۆ ئەو چالاکیانەی گەشتیار ئەنجامی دەدات ، گەشتیاری ناوخۆی کەسێکە ماڵەکەی خۆی بەجێدێڵێت بەمەبەستی سەردانیکردنی جێگەیەکی دیکە لە شوێنێکی دیکەی سنوری شوێنی مانەوەی خۆی لەناو هەمان ئەو دەوڵەتەی کەخودی گەشتیارەکە تێیدا دەژی ، بەمەرجێک (٤٠) کیلۆمەتر دوربکەوێتەوە لەشوێنەکەی خۆی و شەوێکیش بەسەربەرێت لەو جێگەی بۆی چووە ، نابێت مەبەستی گەشتەکەی بۆ بەدەستهێنانی پارە بێت یان بۆ کارو کاسپی بێت ، بەڵکو مەبەست لەگەشتیار گەڕان و بەسەربردنی کاتی خۆش و سەردانیکردنی خزمان و هاوەڵان و کردەی وەرزشی یان بۆ چارەسەری پزیشکی یان بۆ ئامادەبوون لە کۆنگرەو کۆنفرانسی زانستی(دعبس ، ٢٠٠٩ : ١٢١-١٢٢) .

لیژنەی پسپۆڕانی گەشتیاری نەتەوەیەکگرتوەکان هەستاون بە پێناسەکردنی گەشتیار لە ساڵی ١٩٣٧: بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

١- ئەو کەسانەن مەبەستی گەشتەکەیان وەرگرتنی چێژە یان بەهۆکاری تەندروستی و تایبەتی گەشت دەکەن .

٢- ئەو کەسانەن گەشت دەکەن بە مەبەستی ئامادەبوون لە کۆبونەوە و کۆنگرە جیاوازەکاندا کۆنگرەی زانستی بێت یان کارگێڕی یاخود سیاسی یان ئاینی یان وەرزشی.. هتد.

٣-ئەو کەسانەن کە لە پێناوی کارو بازرگانیکردن گەشت دەکەن.

٤-ئەو گەشتیارانەی کە گەشتی دەریایی دەکەن تەنانەت گەر مەبەستی گەشتەکەیان مانەوەی یەک کاتژمێریش بێت ، ئەمانە لەناو چوراچێوەیەکی زۆر تایبەتدا دەکرێنە گەشتیار چاوپۆشی دەکرێت لە شوێنی مانەوەیان کە هەیانبێت یاخود نەیانبێت ( الشرقاوی ، ٢٠٠٦: ٦-٧).

لە کۆتایی ئەو پێناسانەی کە خستمانەڕوو گەشتیار : ئەوکەسەیە کە گەشت دەکات بۆ دەرەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی هەمیشەی و بە هەر هۆکارێک بێت جگە لە بژێوی مادی و ، بۆ ماوەی زیاتر لە ٢٤ کاتژمێرو کەمتر لە ساڵێک بێت .

**٢-چالاکی گەشتیاری :** مەبەست لێی ئەو چالاکیانەیە کە کردەی مرۆڤن و زۆرێک لەتاکەکان پێیهەڵدەستن ، هەر بەمرۆڤ دەکرێت مرۆڤیش تیایدا دەبێتە میوان و مەبەستەکەشی تەنها ویستی گەشتیارییە (حسنات ، ٢٠١٦ :ص٥٣) .

**٣-کردەی گەشتیاری (الممارسة السیاحیة)** : لەتوێژینەوەکەماندا مەبەستمان لەکردەی گەشتیاری بریتییە لە کۆی ئەو پەیوەندی و دیاردە کۆمەڵایەتیانەی کە بەهۆی جوڵەو ڕۆشتنی تاکەکانەوە لەماوەیەکی دیاریکراوودا دروست دەبێت (غابة ، ٢٠١٧ ، ص٢٧) .

**٣- کۆمەڵناسی گەشتیاری :** بریتیە لە لقێک لە لقەکانی زانستی کۆمەڵناسی کە گرنگی دەدات بەدیاردەی گەشتیاری و کۆمەڵگەی گەشتیاری و هەموو ئەو دیاردەو گرفت وپەیوەندی وکارلێک و کردە گەشتیاریانەی کە پەیوەستن پێوەی و ، هەروەها هەموو ئەو شتانەی کە لێیانەوە پەیدا دەبێت لەڕەوشت و کردەی مرۆیی چ لەسەرئاستی تاک چ لەسەر ئاستی کۆمەڵگە ( الخریف ، موقع الانترنیت ) .

**٤-کاتی ئازاد :** زاراوەی (Leisure ) لە ڕووی زمانەوانییەوە لە ووشەی لاتینی (Licer ) وەرگیراوە واتە مرۆڤ ئازاد بێت یان مۆڵەت پێدراو یان ڕێگەپێدراو دەگەیەنێت( world Book of Encyclopedia , 1979 , P165-166)

**دووەم : ئامانجەکانی گەشتیاری**

کەرتی گەشتیاری وەک هەموو کەرتەکانی تر بە کارو چالاکییەکانی خۆیی هەڵدەستێت بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی لێرەدا کۆمەڵێک ئامانجی سەرەکی دەخەینەڕوو کە ئەمانەن :

١-پێدانی زانیاری و زانست .

٢-ناسینی کەسانی ترو دابونەریتیان .

٣-بینینی سروشت و حەزو ئارەزوو بۆ گەڕان .

٤-گواستنەوەی کولتورو شارستانێتی وڵات .

٥-دووبارە بونیادنانەوەی مرۆڤ لەڕووی جەستەیی و دەروونی و مێشکییەوە .

٦-پشودان بە دەروون و نوێکردنەوەی چالاکییەکان (کافي ، ٢٠٠٩ :٣٩) .

**سێیەم : تایبەتمەندیەکانی گەشتیاری:**

گەشتیاری بە دیاردەیەکی مرۆیی و چالاکییەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی دادەنرێت کە خۆی لە هێزێکی کاراو کاریگەر لە ژیانی کۆمەڵگاکاندا دەنوێنێت بۆیە کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەیە کە ئەمانەن :

-گونجاوی بارودۆخی گەشتیاری بە چەمکە گشتگیرەکەیەوە بە فاکتەری کاریگەر لەسەر بەرێوەدانی گەشتیاری (المنتج السياحي) دادەنرێت.

-خواستی گەشتیاری بەتەنها لەسەر ئاستی دەستەبەرکردنی دەرامەتەکان و جۆراوجۆری تواناو خزمەتگوزارییەکان نەوەستاوە .

-جیاوازی جۆرەکانی گەشتیاری و مەبەستەکانی پەیوەستە بە چالاکی و سروشتی خزمەتگوزارییە جیاوازەکانی کە پەیوەستن پێوەی .

-چالاکی گەشتیاری لە زۆربەی وڵاتەکاندا بەتایبەتی لە وڵاتە تازەگەشەسەندووەکاندا بە بابەتی گەشەپێدانی ئابووری و گەشتیارییەوە بەستراوەتەوە (عبوي، ٢٠١٦: ٢٦)

- گەشتیاری چالاکیی و کردەیەکی ئابوورییە ، چونکە گەشتیاران پارەکانیان لەو وڵاتەی کەسەردانیان کردووە خەرج دەکەن ، بەمەبەستی بەدەستهێنانی ئەو خزمەتگوزاریانەی کە لەگەشتەکەیاندا پێویستیانەو بەدرێژایی مانەوەیان لەشوێنی گەشتەکەیان ، سەرەڕای کڕینی ئەو دیاریی و شتە سەرنج ڕاکێشانەی کە گەشتیاران بۆخۆیان و دۆستەکانیانی دەکڕن و لەگەڵ خۆیان دەیبەنەوە ، بۆیە ئەم پارەیەش دەبێتە هۆی هێنانەکایەی چەندین شوێن و کەناڵ ودەرچەی تایبەت بە پیشەسازی گەشتیاری و برەودان پێی ، لەوانە کردنەوەی شوێنی تازەو ڕەخساندی هەلی کاری نوێ ، بەمەش داهات بۆ تاک و بۆ وڵاتیش زیاتر دەبێت و ، پێدەوترێت چەند بار زیاد بوون (المضاعف) .

- بەگوێرەی دروستبونی گۆڕانکاری لە نرخ وتێچوی خزمەتگوزاری گەشتیاری برو خەرجی گەشتیاری و گەشتکردنیش گۆڕانی بەسەردا دێت ، تا خەرجی کەم و هەرزان بێت گەشتیاریش زیاتر خەرج دەکات و بەپێچەوانەکەشیەوە هەر ڕاستە (ملحم ،٢٠١٨ : ٦).

کەواتە گەشەپێدانی گەشتیاری لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی بریتییە لە بەهێزکردنی ئابووری ناوچە گەشتیارییەکان ، ئەوەش بە بوژانەوەی ژێرخانی ئابووری و ڕەخساندنی هەلی کارو بەرزکردنەوەی ئاستی داهاتی تاک ونەتەوەیی ، هەموو ئەمانەش لەرێگەی بەگەڕخستنی توانستە سروشتی و

مرۆییەکانەوە دەبێت ، واتە گەشتیاری پشت بە توانای دەوڵەتە جیاوازەکان دەبەستێت بۆ هاندانی گەشتیاری لەڕووی دابینکردنی ئاسانکاری و خزمەتگوزارییەکان بۆ گەشتیاران و توانای بڵاوکردنەوەی ڕیکلام لە دەزگا جیاوازەکانی ڕاگەیاندنەوە بۆ ڕاکێشانی گەشتیاران بۆ ناوچە گەشتوگوزارییەکان و ، دەستەبەرکردنی ئامرازەکانی هاتوچۆو ئەمن و ئاسایش و چاودێری تەندروستی و ، مامەڵەی باش لەگەڵ گەشتیار و توانای دەرخستنی هەموو ئەو لایەن و تایبەتمەندیانە بۆ گرنگیدان بە حەزو ئارەزووەکانی گەشتیاران ، چونکە مەبەست لە گەشتیاری پڕکردنەوەی پێداویستی سایکۆلۆژییە بە مەبەستی حەوانەوەو خۆشگوزەرانی یان مەبەستی تر کە لایەنی مادی نەبێت ، لەهەمان کاتدا گەشتیاری ڕێگایەکە بۆ گەیاندنی پەیوەندی کولتوری و فاکتەرێکی بەهێزیشە بۆ لێکتێگەیشتن و هاوڕێیەتی نێوان گەلان .

## چوارەم : پاڵنەرەکانی گەشتیاری

ئەو هۆکارانەی وادەکات مرۆڤەکان گەشت بکەن یان بگوازنەوە لەجێگەیەکەوە بۆجێگەیەکی دیکە زۆرو جۆراوجۆرن ، بۆیە زۆرجار هۆکارەکان لەگەڵ یەکتری تێکەڵدەبن و کاریگەرییان لەسەریەکتری دەبێت تاکو بتوانن تاکێک هانبدەن بۆ گەشتکردن وسەفەرکردن ، بڕیاردان بۆ ئەنجامدانی گەشتێکی دیاریکراو دەرەئەنجامی هەندێک هۆکارو پاڵنەری دەروونی وکۆمەڵایەتی و ئابووری لای خودی تاکەکان هەیە ، هەموو ئەم هۆکارانە لەگەڵ یەکتردا کارلێک دەکەن و تاکە کەسێک دەخەنە سەرباوەڕی گەشتکردن و کەسەکە بڕیاری گەشتکردن دەدات (کافی ، ٢٠١٥ : ص٣٥-٣٦) .

لەو پاڵنەرانەی وا دەکەن مرۆڤ جوڵەو کردەی گەشتیاری ئەنجام بدات زۆرن لەوانە :

١- **پاڵنەری ڕۆشنبیری و مێژوویی و کولتوری :** پەیوەستە بە ناسینی شارستانێتیە دێرینەکان و ناسینی گەلان و شێوازی ژیانیان و بینینی شوێنە مێژووییەکان وشارەزابوون لەژیانی خەڵکانی دیکە لەڕووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و بژێوی و ، زانینی هەندێک ڕووداوی گرنگ کە لەجیهانداو لەناو ئەو گەلانەدا ڕوویانداوە و ئەو ڕوداوانەی کە پەیوەستن بە بەرەوپێشچونی زانستی و نوێگەری هاوچەرخ لەتەواوی دونیادا (نسیبە ،٢٠١٣ :ص٢٣) .

٢- **پاڵنەری ئاینی**: بەمەبەستی بەجێهێنانی حەج وعەمرە وسەردانیکردنی شوێن و جێگە پیرۆزەکان وەک سەردانیکردنی مەزاری پیاوچاکانی مزگەوتی حسێنی لە قاهیرەو یان سەردانیکردنی مەرقەدی ئیمام عەبدول قادری گەیلانی لە بغدادو سەردانیکردنی مەرقەدی عەلی ڕەزای خوی لێبێت لە نەجەف و کەربەلا یان گەشتی عەمرە بۆ شاری مەککەو مەدینە بەتایبەت لە ڕەمەزاندا (عبوي ، ٢٠١٦ :٢٧-٢٨)

٣- **پاڵنەری نەژادی (عرقية)** : تیایدا گەشتکردن لەپێناو سەردانیکردنی خزمان و دۆستان وخۆشەویستان و بەجێگەیاندنی پەیوەندی خێزانی وخزمایەتیی و هاوڕێیەتی ، هەروەها گەشتکردن بۆپشوودانی جەستەو حەوانەوەی لاشەو دەروون ، بۆ چارەسەری و بۆ وەرگرتنی کەشێکی ئارام و هەڵمژینی هەوایەکی پاک وسازگار (حمیداتو ،٢٠١٤:ص١٨) .

٤-**پاڵنەری کۆمەڵایەتی**: ئەم جۆرە پاڵنەرە جیاوازە لە بارودۆخی کەسی و خواستەکانی ، ئارەزوکردنە بۆ گەشتکردن و پەیوەندیکردن بە کەسانی ترەوە کە بۆ مەبەستی کارێکی گرنگە ، یان بۆ بەرژەوەندی پیشەییە ، یان بۆ مەبەستی خوێندنە ، یان هەوڵدانە بۆ گەڕان بەدوای حەزوئارەزووەکانیدا (الجلاد ، بدون سنة الطبع ، ٨٥-٨٦)

٥- **پاڵنەری تەندروستیەوە**: ئەم جۆرە لە گەشتیاری بۆ کەسانی بەساڵاچوو بۆ کەسانی نەخۆش و بۆ وەرگرتنەوەی دەرئەنجامی نەخۆشی و چارەسەری نەخۆشی ، یان بۆ حەواندنەوەی کەسێک کەتوشی بارگرژیەکی دەروونی بووە ، بۆ ئارامبونەوەی دەروونی کەسەکە (العسالی ، ٢٠١٦: ص٣٣-٣٤) .


٦- **پاڵنەری ئابوورییە** : بۆ مەبەستی کارکردن و گەشتکردن بەهۆی لایەنی بازرگانیەوە لەڕێگەی ئەنجامدانی گرێبەستی ئابوری بازرگانانەوە دەبێت ، یان خۆی دەبینێتەوە لە هەرزانکردنی نرخی شوێنە گەشتیارییەکان لەو وڵاتەی کە گەشتی بۆدەکرێت ، وادەکات بەلێشاو گەشتیار ڕوویان تێبکات ، چونکە بەهۆی هەرزانی نرخەوە هەم گەشتیاری دەبوژێتەوەو هەم گەشتیاران شتی زۆردەکڕن لەو وڵاتەی کەگەشتی بۆدەکەن و نرخەکانیان بەلاوە پەسەند دەبێت (مقابلة ، ٢٠٠٧ :٣٥) .

٧-**پاڵنەری وەرزشی** : یەکێکی دیکە لە پاڵنەرەکان لایەنی وەرزشییە ، بریتیە لە گەشتیاری سەرکێشی وخۆخستنە مەترسیەوە کە لەلایەن گەنجانەوە ئەنجامدەدرێت ، وەک یاری خلیسکانی سەرسەهۆڵ ، دەکرێت یەکێکی دیکە لەپاڵنەرەکانی گەشتکردن سەرنجدان و تێڕامانبێت لەبینینی خودی ئەو دیمەنە سروشتیانەی کە هەن ، وەک بینینی ڕووباری ئەمازۆن و دورگەکانی دەریای کاریبی ، ناوچە بەرزەکانی ڕووباری نیل ، یان پاڵنەرەکە بۆ مەبەستی خوێندن بێت وەک گەشتی دۆزینەوەی زانستی و ئاشکراکردنی شوێن وجێگە دێرینەکان و توێژینەوەکردن لەسەر هەندێک جۆری بەردەکان وخۆڵی جۆراوجۆری ئەوناوچانە ( عمر ، ٢٠١٠ : ١٣) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە هێڵکاری (١) .

لێرەوە دەگەینە ئەوەی کە پاڵنەرەکانی گەشتیاری فاکتەری گرنگن بۆ جوڵەکردنی مرۆڤ و پڕکردنەوەی حەزو ئارەزووەکانی و گەشتکردن بۆ ئەو ناوچانەی کە شوێنی هەمیشەیی خۆی نییە ، بۆ ناسینی ژیانی گەلان و زانیاری لەسەر ژیان و کارو کولتورو ژیانی کۆمەڵایەتی و شارستانی و ڕۆشنبیریان بۆ ڕزگاربوونیان لە ڕۆتینی ژیانی ڕۆژانەو ، پەنابردنیان بۆ شوێنی ئارام لە پێناو چێژوەرگرتن لە کاتە ئازادەکانیان و خۆشگوزەرانی دەروونیان یان لە پێناو گۆڕینی ئاوهەواو بەمەبەستی پشووی دەروونی و

تەندروستی یان بەهۆی ئارامی ئاسایشی ئەو وڵاتەی گەشتیار سەردانی دەكات ، چونكە هەركاتێك سەقامگیری ڕامیاری هەبوو ئەوا دڵنیایی و ئاسایش بەرقەرار دەبێت دەبێتە ڕاكێشانی گەشتیاران بۆ ناوچە گەشتیارییەكانی ئەو وڵاتەی گەشتی بۆ دەكات ، هەروەک چۆن هەرێمی كوردستان بەهۆی سەقامگیری ئاسایشەوە گەشتیارێكی زۆر لەباشوری عێراقە لەوەرزی بەهارو هاویندا ڕوویتێدەكەن .

**هێلكاریەک (١) پاڵنەرەكانی گەشتیاری**




**هێلكاری/ كاری توێژەر**

**پێنجەم : پێكهاتەكانی گەشتیاری:**

پێكهاتەكانی چاڵاكی گەشتیاری ڕۆڵێكی گرنگیان لە ئاراستەكردنی گەشتیار بۆ ناوچە گەشتیارییەكان هەیە ، هەریەكە لەم پێكهاتانە تەواوكەری ئەوی تریانەو پێكەوە بەستراونەتەوە ، هەر بۆیە پەرەسەندنی چالاكی گەشتیاری ڕاستەوخۆ بەستراوەتەوە بە پێشكەوتن و پەرەسەندنی ئەم پێكهاتانەوە .

**١–هاندانەكان :** هۆكارەكانی سەرنج ڕاكێشان و هاندانەكان هۆكاری سەرەكی گەشەپێدانی لایەنی چالاكی گەشتیارین، بۆیە دەكریت دابەشیان بكەین بۆ دووبەش لەوانە هاندەری سرووشتی و هاندەری دەستكردی مرۆڤ و مرۆیی ، ئەمانە بە هاندەرو خاڵی سەرنج ڕاكێشان وهۆكاری بنەڕەتی گەشەدان بەلایەنی زۆركردن و ڕاكێشانی گەشتیار بۆ شوێنە گەشتیارییەكان دادەنرێن ، مەبەست لەم هۆكارانە فرەجۆر كردنی توانایی و پێكهاتەی شوێنە گەشتیارییەكان كە هەموو ویستێكی گەشتیاری لەخۆبگرن ، وەک چالاكی وەرزشی وچالاكی ڕاوكردن وسواربوونی بەلەم و یارییە جۆراوجۆرە وەزرشییەكان ، بۆیە هەتا ئەم هۆكارانەی سەرنج ڕاكێشان زۆربن ژمارەی گەشتیارانیش زیاتر دەبن . بۆیە دەكرێت زۆرشت

بکرێن بۆ زیاترکردنی خاڵ و نیشانەکانی هاندانی گەشتیاری لەوشوێنانەدا وەک دروستکردنی یانە وەرزشییەکان و بنکەی تەندرووستی و شوێنی بازرگانی و چالاکی بازاڕگەری نویٚ وشتی دیکەش (اسبر، ۲۰۱٤، : ۱۱).

**۲- گواستنەوە:** گواستنەوە هۆکاری زیندویی و سەرەکییە بۆ گەشتیاری و چالاکبوونی سەرجەم دەمارەکانی دیکەی پرۆسەی گەشتیاری ، واتە گواستنەوە وەک دەماری گەیاندنی جوڵەی گەشتیاری بۆ ناوچە گەشتیارییەکان وایە ، بوونی تۆڕی ڕیگاوبانی نوێی هاتووچۆو بوونی خزمەتگوزاری گواستنەوەی نویٚ و ئەو هۆکارانەی کە کەمترین زیانی هەبێت بۆ ژینگە ، بەمەش ئەو ولاٚتانە لەگەڵ یەکتریدا گەشەدەکەن و لە پەیوەندی نویٚ وشارستانی دادەبن ، هەربۆیە لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە ئۆتۆمبێل و فڕۆکە بوونە دوو هۆکار لە هۆکارەکانی گواستنەوە لەدنیای گەشتیاریدا بۆ گواستنەوەی گەشتیاران لەنیوان ماوە دورەکاندا و کارئاسانی کردن بۆ گەشتیاران لەڕووی گواستنەوەوە (بظاظو، ۲۰۰۹: ۲٤۰-۲٤۱) .

**۳- خزمەتگوزاریەکان :** خزمەتگوزاریەکان واتە تەواوی ئەو کردە خزمەتگوزاریانەی کە پێشکەشی گەشتیار دەکرێت هەر لەیەکەم ساتی هاتنە ناوەوەی بۆ ولاٚت تاکو ئەو چرکە ساتەی ولاٚت بە جێدێڵێت و کۆتایی بە گەشتەکەی دێنێت وەک (خزمەتگوزاری گواستنەوە ، شوێنی مانەوە ، خواردن و خواردنەوەکان (دانیال ، ۲۰۰٦ : ٦٥) .

ئەم خزمەتگوزاریانە تەنها لەپێدانی خواردن و خواردنەوەدا کورتناکرێتەوە بۆ گەشتیارەکە هەر لەساتی گەشتنی بە ئەو ولاٚتە و ئەو شوێنەی بۆی هاتووە تا دەگەڕێتەوە بۆی ، بۆیە پیشوازیکردن لەمیوان تەنها بە پێدانی هۆتێل و خواردنێک تەواو نابێت بەڵکو زۆر لەوە زیاترە ، بۆیە خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکان وەک سەردەمانی پێشوو تەنها بە پێویستی جوانکاری دانانرێت ، بەڵکو لەئەمرۆدا بوونەتە پێویستییەکی سەرەکی ژیانی دانیشتوانی ئەو ناوچانە بەتایبەت لە ناوچە شارنشییەکاندا ، ئەم شوێنانە بەردەوام داواکاری ئەوە دەکەن ئاستی ژیاندنیان بەرەو بەرزتر ببرێت ، بۆیە پێشکەشکردنی خزمەتگوزرای گەشتیاری لەو ناوچانەدا سەرەڕای داهاتی گەشتیاری خاڵێک دەبێت لە خاڵەکانی ئاوەدانی ئەو شوێنانە لە ڕووی پێویستی ژیانی دانیشتوانەکەیەوە یان بە پێچەوانەوە (حمد ، ۲۰۰۸ : ۹۹).

**٤- نوێنەرایەتیەکانی گەشتیاری:** نوێنەرایەتی گەشتیاری ئەو جێگەیە کە لەڕووی گەشتیارییەوە خزموتگوزاری زانیاری پێشکەش دەکات و، هەڵدەستن بە ڕیکخستنی کاروبارە پێوستیەکانی بەستنەوەی گەشتەکان پێکەوە چ بەڕێگەی دەریایی بێت یان وشکانی یان هەوایی ، لەسەرتاسەری دنیادا ئەم نوێنەرایەتیانە هەن بەبیٚ بەرامبەر ئەم زانیاریە ڕاوێژکارییانە پێشکەشی گەشتیاران دەکەن ، بەشێوەیەکی هەمیشەیش ئەم نوێنەرایتیانە قەبارەیان بچووکەو ژمارەی کارمەندەکانی لە ۲-۱۲ کارمەند تێپەڕ ناکات ،

ئەم نوێنەرانە پەیوەندیان لەگەڵ زۆرێک لەسەرچاوەو شوێنە گەشتوگوزارییەکاندا هەیە وەک: ڕیکخەرانی گەشتیاری و کۆمپانیاکانیان ، کۆمپانیا فڕۆکەوانیەکان ، کۆمپانیای گواستنەوەی هەوایی و وشکانی و هۆتێل وشوێنەکانی مانەوە و مۆتێل و ڕیستۆرانتەکان و شوێنەکانی بەکرێگرتنی ئۆتۆمبێل و شوێنەکانی کات بەسەربردن (توفیق ، ٢٠٠٨ : ١٦٣) .

**٥- ڕێکخەرانی گەشتەکان:** ئەم زاراوەیە لەچارەکی کۆتایی سەدەی ڕابردوەوە سەریهەڵداوە ، کاتێک کۆمپانیا گەورەکانی بەرهەم هێنانی پیشەسازی هەستان بە خستنەبازاڕی بەرهەمەکانیان و فرۆشتنی بەرهەمەکانیان بەم بۆنەیەوە پەنایان بردە بەر دروستکردنی ئەم نوێنەرایەتیانە ، بەتایبەت بازرگانانی بەکۆمەڵ فرۆش-جوملە فرۆش زیاتر ئەم کارەیان برەوپێدانە بە کالاکانیان کە لەڕێگەی نوینەرەکانیانەوە دەیانفرۆشن بە گەشتیاران ، دەبێت بزانین ئەم شێوە لە کاری فرۆشتن و نوێنەرایەتیکردنی فرۆشتنی کالا هەندێک شت دەگرێتەوە لەوانە: گواستنەوە ، مانەوە ، خزمەتگوزاری کاتی خۆش بەسەربردن ، خزمەتگوزاری وەرزشی (الطائی ،٢٠٠٤ : ١٨٨) .

ڕیکخەرانی گەشتەکان لەڕووی گەشتیارییەوە برییتین لەکۆمەڵە خەڵکێک یان دامەزراوە (گەر قەبارەکەی گەورەبوو) ، کەخزمەتگوزرای تایبەت بەگەشتەکان پێشکەشی گەشتیاران دەکەن ، هەندێک لەوڕیکخەرانە خاوەنی ئۆتۆمبێلی گەورەو هۆتێل و مۆتێل و ڕیستۆرانتی خۆیانن ، هەندێکی دیکەشیان ئەم خزمەتگوزاریان لەڕیگەی بەلێندەرەکانەوە بەجێ دەگەیەنن ، وەک کۆمپانیای لیمۆزین و کۆمپانیاکانی دیکەی ئۆتۆمبێل ، هەندێک لەو کۆمپانییانە یان ئەو ریکخەرانە تەنها خزمەتگوزارین لەناو شوێنە گەشتیارییەکاندا نەک گواستنەوەیان ، بەڵام هەندێکی دیکەیان تەنها کار لە بواری گەشتیاری بیانییدا دەکەن و پێیان دەترێت( پێشکەشکاری خزمەتگوزرای بە گەشتیاری بیانی) ، ئەمانە توێژێکی هەستیارن لەناو ڕیکخەرانی گەشت و جوڵەکانی گەشتیاریدا، بەهۆی ئەوەی مامەڵەیان لەگەڵ کەسانی بیانییدایە ، هەروەها ئەم کەسانە ڕۆڵی گەورەیان لە گواستنەوەی هەستی ئەرێنی وڵاتەکەیان بۆ گەشتیارانی بیانی هەیە لەکاتی مامەڵەکردن وهەڵسوکەوتکردن لەگەڵیاندا ، ئەمەش بەسودو قازانجی وڵات دەکەوێتەوە ، بۆیە دەبێت بەردەوام ئەم چینە گەشتیاریە زۆرشارەزابن و زۆریش شارەزابکرێن لەچۆنیەتی مامەڵەیان لەگەڵ کەسانی بیانیدا (کافی ، ٢٠٠٩ : ٢٢٨-٢٢٩).

**٦- تەکنیکی زانیاری و ڕێنمایی گەشتیاری و خزمەتگوزاریەکان:**

زانیاری گەشتیاری لەڕێگەی ناوەندی تایبەتمەندەوە پێشکەش دەکرێت کەپێیان دەوترێت ناوەندی زانیاری گەشتیاری ، ئەو جێگەیەیە کە گەشتیاران لێیەوە زانیاریان دەستدەکەوێت لەبارەی شوێنەکانی مانەوەو خواردن و کات بەسەربردن و تەواوی ئەو زانیاریانەی کە گەشتێک پێویستییەتی ، هەروەها ئەم ناوەندانە هەندێک خزمەتگوزرای دیکەی گەشتیاری پێشکەش دەکەن وەک بڕینی بلیتی شانۆگەری یان

گرتنی شوێنە گەشتیارییەکان و بلیتی سینەما و هەڵدەستن بەفرۆشتنی پرۆشەرو کتێب و نەخشەی تایبەت بەشوێنە گەشتیارییەکان و سەرجەم زانیاریە گەشتیارییەکان ، بۆیە لەبنەڕەتەوە مەبەستی دروستکردنی ئەم ناوەندانە بە پلەی یەکەم گەیاندنی سوودە بەکەسانی گەشتیار و وەڵامدانەوەی پێویستی وپرسیارو سەرنجەکانیانن لەبارەی هەرشتێک کە بۆیان بوبێتە جێگەی گرفت و زەحمەتی ، هەر بۆیە یەکێک لەخاڵە گرنگەکان لە تایبەتمەندی ئەو ناوەندانە ئەوەیە کە دەبێت تەواو راستگۆیانە زانیاری بدەنە گەشتیاران ، چونکە ئەگەر وانەبێت بەزیان دەشکێتەوە بۆشکۆی خۆیان و شوێنە گەشتیارییەکانیش (اسبر،٢٠١٤: ١٤).

هەرچی خزمەتگوزاریەکانی ڕێنمایی گەشتیاریی یان ڕینوێنی گەشتیارانە بەوە پێناسەدەکرێت کە بریتییە لەو چالاکییە فێرکاریانەی کە کاردەکات بۆگەیاندنی زانیاری و دۆزینەوەی پەیوەندی لەنێوان شتەکاندا لەرێگەی ئەزموون وشارەزایی ڕاستەوخۆو ئامرازی ڕاگەیاندنی ڕوون و بەرچاوەوە (القدومی،٢٠٠٣: ٣٠) کەواتە لێرەدا چەندین چالاکی تریش هەن کە ئەوانیش یەکێکن لە پێکهێنەرەکانی گەشتیاری ڕۆڵیان هەیە لە ڕاکێشانی گەشتیار بۆ ناوچە گەشتیارییەکان ، ئەوانیش چالاکی بازاڕکردن و چالاکی یانەی وەرزشی و سەنتەری تەندروستی و بازرگانی ، جگە لە بوونی هۆتێل و مۆتێل و ئەپارتمانی ڕاخراو گوندی گەشتیاری و نوسینگەی بەکرێدانی ئۆتۆمبێل و چەندین خزمەتگوزاری دیکە ، هەموو ئەمانە وەڵامدانەوەن بۆ پێداویستی و خواستەکانی گەشتیاران ، جگە لە خزمەتگوزاری ژێرخان وەکو ڕێگاوبان و، خزمەتگوزاری تەندروستی و ئاو ئاوەڕۆو کارەبا چەندین خزمەتگوزاری تر هەن ، کە پێکهێنەری گرنگن بۆ پڕکردنەوەی ئارەزووەکانی گەشتیاران . لەوانە ڕێنیشاندەری گەشت هەیە ، کە ئەو کەسەیە چەندین زمان دەزانێت و شارەزاو ئەزموونی مێژووی و ڕۆشنبیری هەیە لەسەر ئەو شوێنەو جوگرافیای ئەو شوێنە کە گەشتیار لە میانەی گەشتەکەیدا ڕووی تێدەکات هەر لەسەرەتای گەشتەکەوە تا کۆتایی گەشتەکە لەگەڵ گەشتیاردا دەبن ، هەروەها ڕێبەری گەشتیاری کەڕوونکردنەوە لەسەر واقع و کولتورو کەلەپوری ناوچە گەشتییارییەکان دەدات ، هەموو ئەمانە پێکهێنەری گرنگن بۆ سەرکەوتنی کەرتی گەشتیاری لەو وڵاتانەی کە خاوەنی توانستی سروشتی و مرۆیی بەهێزن ، هەر بۆیە هەموو ئەم پێکهێنەرانەی گەشتیاری لەهەموو وڵاتێکدا بنەمایەکی سەرەکین بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی گەشەپێدانی گەشتیاری لەو وڵاتەدا.

**پوختەی ئەم باسە**

لەم باسـەدا هەوڵمانـداوە باسـی هەمـوو ئەو بنەمـا گرنگـانەی گەشـتیاری بکەیـن کە بـریتیین لە پـاڵنەرو تایبەتمەنـدی و پێکهێنەرەکـانی گەشـتیاری لە میـانەی ئەمـانەوە گەشـتیاری هەمـوو ئەو فـاکتەرو دیـاردانەی کە تـایبەتن بە گەشـتکردن و مـانەوە لەدەرەوەی شـوێنی نیشـتەجێبوونی هەمیشـەیی دەگـرێتەوە ، بە ئامـانجی پڕکـردنەوەی پێداویسـتی و حەزو ئـارەزوو و حەوانەوەو خۆشـگوزەرانی بـۆ گەشـتیارو یـان ، هەسـتانیان بە کارێـک یـان چارەسـەرکردن یـان مومارەسـەکردنی وەرزشـە جیاوازەکـان و هەسـتان بە سـروتە ئـاینییە جیاوازەکـانە ، هەربـۆیە گەشـتیاری یەکـێکە لەو پیشەسـازیانەی کە لە هەمـوو جیهانـدا گەشـەیکردووە بە تـایبەتی لە دوای جەنگـی جیهـانی دووەمەوە ، هەروەهـا گەشـتیاری دیـاردەیەکی گرنگـی سـەدەی بیسـتەمە کە زۆریـنەی دەوڵەتەکـان پشـتیان پێبەسـتووە لەبەر ئەو سـوودە ئەرێنیـانەی کە لە هەمـوو بوارەکانـدا هەیەتـی ، لەهەمـان کاتـدا کەرتـی گەشـتیاری ڕۆژ بە ڕۆژ لە هەمـوو وولاتانـدا پەرەدەسـتێنێت بە تـایبەتی لەو وولاتـانەی کە توانسـتەکانی گەشـتیاری تیایـدا بەهێـزەو ، بە پێداویسـتییەکی مرۆیـی دادەنرێـت ، بـۆ ڕزگـاربوون لە ژیـانی هەمیشـەیی ڕۆژانەو دروسـتکردنی گۆڕانکـاری بەمەبەسـتی حەوانەوەو چێژوەرگـرتن و ئـارامی دەروونـی و جەسـتەیی هەسـتکردن بە جـوانی سروشـت و مـانەوە لەو نـاوچەیەدا کە گەشـتی بـۆ کـردووە ، هەر بـۆیە ئەم چـالاکییە پێویسـتی بە دابینکردنـی خزمەتگـوزارییە گەشـتیارییەکان هەیە کە بە بنەمـایەکی گرنگـی گەشـتیاری دادەنـرێن لەگەڵ توانسـتە سروشـتی و مرۆییەکانـدا . هەرێمـی کوردسـتان لەڕووی چـالاکی گەشـتیارییەوە هەنگـاوی باشـی نـاوە بە تـایبەتی لە سـاڵانی ٢٠٠٧ کە گەشـتیارێکی زۆر ڕوویکـردە هەرێمـی کوردسـتان بەهـۆی بـوونی توانسـتە سروشـتی و مرۆییەکـان گەشـتیاری ، جـگە لە سـەقامگیری ئاسـایش کە ئەمـانە فـاکتەری گـرنگن بـۆ ڕاکێشـانی گەشـتیاران بـۆ نـاوچە گەشـتیارییەکان ، لەهەمان کاتدا کەرتی گەشتیاری توانیویەتی ببێتە سەرچاوەی داهات بۆ هەرێمی کوردستان .

# باسی دووەم

# بنەما سەرەکییەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی

یەکەم : پێناسەی چەمکی گەشەپێدان و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی

دووەم :تایبەتمەندییەکانی گەشەپێدنی کۆمەڵایەتی

سێیەم :ئامانجەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی

چوارەم :پرەنسیپەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی

پێنجەم :کەرتەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی

شەشەم :ڕەگەزەکانی (عناصر) گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی

حەوتەم: ئاستەنگەکانی بەردەم گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی

## یەکەم :پێناسەی چەمکی گەشەپێدان و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی

دیاریکردنی چەمک زاراوەکان یەکێکە لە هەنگاوە گرنگەکانی دیزاینکردنی توێژینەوە ، یارمەتی توێژەر دەدات بگات بە دەرئەنجامێکی ورد دەربارەی بابەتی توێژینەوەکەی لە گرنگترین ئەو چەمکانە ئەمانەن:

**١ : پێناسەی گەشەپێدان :(Development)**

گەشەپێدان لە زمانەوانیدا بە مانای زیادبوونە لە چەندێتی و چۆنێتی و جۆرایەتی دێت (بكار ،١٩٩٩ : ٩)، عەرەب دەڵێت: ڕووەکەکە چەکەرەی کرد ، منداڵەکە یان سامانەکە گەشەی کرد، واتە: زیادی کرد و زۆر بوو (معجم الوسيط، ٢٠٠٤ : ٩٨٢).

ب-لە زاراوەدا: بە گشتی چەمکی گەشەپێدان لەسەر ئاستی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئاستەکانی تریشدا بەکار دێت ، پێدەچێت یەکەم کەس ئەم زاراوەیەی بەکارهێنابێت زانای ئەمریکی بوجین ستیلی Boujin Stelliە بێت کاتێک لە ساڵی ١٨٨٩دا پێشنیاری پلانی گەشەپێدانی جیهانی کرد (بدران ، ٢٠١٤ : ٧).

**چەندین پێناسەی جیاواز بۆ چەمکی گەشەپێدان کراوە بەم چەشنەی خوارەوە :**

گەشەپێدان بەو پێیەی پرۆسەیەکی گۆڕانکاریی شارستانێتیە ، ئامانجی هێنانەدی کۆمەڵگایەکی ئەوتۆیە کە لە ڕووی ئابووری و تەکنەلۆژیا و کۆمەڵایەتی و کلتوورییەوە باڵا بێت و، هەڵدەسێت بە خستنەکاری سەرجەم دەسکەوتە مادی و سروشتی و مرۆییەکانی کۆمەڵگە لە پێناو بەرژەوەندی گشتیدا ،بەتایبەت ئەو کەرت و دەستە کۆمەڵایەتییانەی کە ماوەیەکی زۆر هەلی گەشەکردن و پێشکەوتنیان لێ زەوتکراوە (التابعي ، ١٩٩٥: ١٥).

زانایـــان پێیـــان وایە گەشـــەپێدان بـــریتییە لە گـــۆڕانی بـــڕ و جـــۆری ئەو پێکهـــاتە کـــۆمەڵایەتی و ئـــابووری و شـــوێنییەی ، کە لە پەیـــکەری ئـــابووری و سیســـتەمی کـــۆمەڵایەتی و سیســـتەمی دانیشـــتواندا بە شـــێوەیەکی خۆویســـتانە و (پـــلان بـــۆ داڕێـــژراو)_ دێـــتە ئـــاراوە بە ئاڕاســـتەی ئامانجەکـــانی لەســـەر ئاســـتە کەرتیـــی و شـــوێنییەکان . ئەمەش بەهـــۆی زیـــادبوونی بەرهەمـــی یەکەکـــان و گۆڕاوەکـــانی کـــۆمەڵگە لەســـەر ســـەرجەم ئاســـتەکان ، کە دەبێـــتە هـــۆی ئەوەی ڕەگەزەکـــانی بەرهەمهێنـــان لە ڕووی بـــڕ و جـــۆرەوە باشـــتر ئەرکـــی خۆیـــان لە بەرژەوەنـــدی مرۆڤەکاندا بەجێبهێنن ، ئەمەش ئامانجی سەرەکی گەشەپێدانە (العزاوي ، ٢٠١٤: ٥٦).

دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ١٩٥٥ ئەم جۆرە گەشەپێدانە دەناسێنن و دەڵێن: بریتییە لەو پرۆسانەی کە دەکرێت بەهۆیانەوە هەوڵ و کۆششی هاوڵاتیان و حکومەت یەکبخرێن بە مەبەستی چاککردنی دۆخی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە کۆمەڵگە لۆکاڵییەکاندا ، هەتا هاوکاریان بن بۆ ئاوێتەبوون بە ژیانی میللەت و بەشداریکردن لە پێشخستنیدا بەو ئەندازەیەی کە بیانەوێت (مصطفى ، ٢٠١١ : ٦٢).

کۆمەڵناسان وەهای دەبینن: گەشەپێدان بریتییە لە گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتی بەمەبەست و پلان بۆداڕێژراو ، کە ئامانجی گۆڕانی ڕەفتار و کولتوورەکانە هەتا بە ئاڕاستەیەکی ئەرێنی دا بڕۆن و زیاتر کرانەوە و نەرمونیانی بەخۆیانەوە ببینن و پتر بەرهەمدارتر بن (أبو نصر ومحمد ، ٢٠١٧: ٦٦).
لە دەرئەنجامی ئەو پێناسانەی خستمانەڕوو دەتوانین پێناسەی گەشپێدا ن بکەین بەوەی
بــــریتییە لەو گۆڕانکــــارییە خۆویســـــت و بە مەبەســــتدارانەی کە لە ڕووی کـــۆمەڵایەتی ئـــابووری و ڕامیـــــارییەوە ، لە کـــــۆمەڵگەدا ڕوو دەدەن . بەمەش کـــــۆمەڵگە لە هەلـــــومەرجێکی نەشـــــیاوەوە دەگـــــۆڕێ بـــۆ هەلـــومەرجێکی شـــــیاوتر لە میـــانەی قۆســــتنەوەی هەمـــوو دەرامەت و وزەی بەکارهێنراو ، ئەم گۆڕانکارییە لەسەر بەشداریکردنی خودی تاکەکانی کۆمەڵگە وەستاوە.

**٢- گەشەپێدانی کۆمەلاتیی(Social Development)**

**کۆمەڵناســـی بریتـــانی هۆبهـــاوس** (Hobhouse) جەخـــت لەوە دەکـــاتەوە کە گەشـــەپێدانی کـــۆمەڵایەتی بـــــریتییە لە پێشـــــکەوتنی مرۆڤەکـــــان لە ڕووی پەیوەنـــــدییە هاوبەشـــــەکانییانەوە ، ئەمەشـــی بە ســـازان و هـــاوکۆکبوون لە پەیوەنـــدییە کۆمەڵایەتییەکـــان نـــاوزەد کـــردووە ، چـــونکە گـــۆڕانی بونیـــادی کـــۆمەڵایەتی ســـەبارەت بە ئەو شـــتێکی وەهـــا نـــاهێنێتە ئـــاراوە ، گەر بێتـــو گۆڕانکـــارییەکی ئەوتـــۆ لە سروشـــتی پەیوەنـــدییە کۆمەڵایەتییەکانـــدا ڕوونەدات . لەبەر ئەمە دیـــدی دروســـتی ئەو بـــۆ گەشـــەپێدانی کـــۆمەڵایەتی بـــریتییە لە گەشـــەپێدانی پەیوەنـــدییە ئاڵوگۆڕکراوەکـــانی نێوان مرۆڤەکان (شلبي ، بدون سنة الطبع : ١٤).
هەر بۆیە چەمکی گەشەپێدان داهێنانێکی دەستەجەمعییە، وەک ئەوەی هەندێک لە زانایان جەختی لەسەر دەکەنەوە ، لە نێوان ئەوانەشدا ئەم بیرۆکەیەیان بونیادناوە ، زانای ئەمریکی ساندرز(Sanders) ، کە وای دادەنێت گەشەپێدان مەسەلەیەکی داهێنراوە ، بەو پێیەی بایەخ بە گەشەپێدان ماوەیەک دوای جەنگی دووەمی جیهانی دەرکەوت ، بەڵام ئەرنست وایت (E-WITT) دژ بەم بیرۆکەیە وەستاو ، هەڵوێستی بەرهەڵستکاری وەرگرت ، چونکە وای دەبینی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی چەمکێکی نوێ نییە ، بەڵام ئەوەی نوێیە بریتییە لە هەوڵی خستنە واقیع و پراکتیزەکردنی ئەم چەمکە لە چارەسەرکردنی هەندێ گیروگرفت کە کۆمەڵگە دواکەوتووەکان ، پێوەی دەناڵێنن (رحيل ، ٢٠٠٢: ٢٨٨) .
لە لای باتن (BATTEN) یش هەمان شت بەدی دەکەین ، چونکە ئەویش جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەوەی کە نوێگەریی خۆی لە خودی چەمکەکەدا مەڵاس نەداوە ، بەڵکو لە زیاد گرنگیدان پێی و بەو دەستپێشخەرییەی کە پشتی پێ دەبەستێ و جەختی لەسەر دەکاتەوە ، خۆی دەبینێتەوە . وێڕای دەرکەوتنی زاراوە گەلێک کە کۆنترن لە زاراوەی گەشەپێدانی کۆمەڵگە (گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی) ، وەک: پەروەردەی بنەڕەتی ، ڕێنوێنی کشتوکاڵی، چاکسازی لادێ ، پەروەردەی کۆمەڵایەتی ، ڕێکخستنی

کۆمەڵگە . لەگەڵ ئەمەشدا ئەم زاراوەیەی کۆتایی لای زۆرێک لە لێکۆڵەران نزیکترە لە چەمکی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتییەوە ، دەبینین (ساندرز) ڕای وایە: لە لێکۆڵینەوە ئەمریکییەکاندا ئارەزوویەک هەیە بۆ گۆڕینی زاراوەی ڕێکخستنی کۆمەڵگە بە زاراوەی گەشەپێدانی کۆمەڵگە (السعید ، ٢٠٠٤: ٤٣) .

هەروەهــــا کۆمەڵناســــان بەم جــــۆرە پێناســــەی گەشــــەپێدانی کــــۆمەڵایەتی دەکەن بــــریتییە: لەو پرۆســــەیەی کە بەگــــوێرەی مەبەســــت و سیاســــەتێکی گشــــتی هەوڵ دەدرێــــت بــــۆ هێنــــانە کــــایەی پێشــــکەوتنی کــــۆمەڵایەتی و ئــــابووریی ، بەجۆرێــــک کە دەســــتەبەری بەرژەوەنــــدی گشــــتی هاوڵاتیــــان و ژینگەکەیــــان بکــــات ، ئیــــدی جیــــاوازی نــــیە لە کــــۆمەڵگە لۆکاڵیەکــــان بێــــت یــــاخود هەرێمییەکــــان یــــاخود نەتەوەییەکــــان ، ئەمەش بە پشتبەســــتن بە هەوڵە ڕێکخــــراوە حکــــومی و ناحکومییەکــــان دەبێــــت ، بەو مەرجەی هەریەکەیــــان لە ســــەرەنجامی ئەو پرۆســــانەوە بتوانێــــت توانــــایەکی زیــــاتر دەســــتبخات هەتا ڕووبەڕووی کێشەکانی کۆمەڵگە ببێتەوە (عبدالکریم ، ٢٠١١: ٢٢-٢٤).

گەر بە ڕوانینێکی وردی شیکاریانە بۆ پێناسە جیاوازەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بڕوانین ، دەبینین سێ ئاڕاستە بوونیان هەیە ، ئەوانیش:

– ئاڕاستەی یەکەم: خاوەن ئەم ئاڕاستەیە پێیان وایە _ بە واتایەکی بەرتەسک _ زاراوەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هاوواتای زاراوەی چاودێری کۆمەڵایەتییە (الرعاية الاجتماعية) ، چاودێری کۆمەڵایەتیش بە چەمکە قەتیسبووەکەی تەنها لایەنێک لە خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان بەرجەستە دەکات کە دەوڵەت پێشکەشی هاوڵاتیانی دەکات.

–ئاڕاستەی دووەم: خاوەنی ئەم ئاڕاستەیە زاراوەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی دادەبڕن بەسەر ئەو خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییانەی ، کە لە بوارەکانی فێرکردن و تەندروستی و نیشتەجێبوون و مەشقی پیشەیی و گەشەپێدانی کۆمەڵگا لۆکاڵییەکاندا ، پێشکەش دەکرێن.

–ئاڕاستەی سێیەم: خاوەنی ئەم ئاڕاستەیە وەهای دەبینن گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بریتییە لە پرۆسەگەلێکی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی ، کە دەبنە پاشکۆیەک بۆ بونیادی کۆمەڵایەتی و وەزیفەکانی ، ئەمەش بە مەبەستی تێرکردنی پێویستییە کۆمەڵایەتییەکانی تاک (حسن ، ٢٠٠٥ : ٩٦_٩٩ ).

هەروەها زانای ئەمریکی (ساندرز )گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بە چەترێکی گەورە دەچوێنێت ، کە هەموو تاکەکان لەسایەیدا کۆدەبنەوە ، مانای ئەمەش ئەوەیە پرۆسەیەکەو پێویستی بە یەکخستنی هەوڵی پسپۆڕەکانە لە بوارە جیاجیاکاندا ، سەرەڕای هەوڵەکانی ئەندامانی خودی کۆمەڵگەکە (مجاهد ، ١٩٧٤: ٣٩٢ ).

گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی وەک چەمک ، ئاماژە دەکات بۆ پرۆسەگەلێکی نەخشەدار و ئاڕاستەکراو کە لە میانەیەوە گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی بەمەبەست و پەسەندکراو لە بونیاد و ئەرکەکانی کۆمەڵگەدا دەهێنێتە

ئاراوە ، هەروەها لە هەڵوێستەکانی تاک و کۆمەڵەکان بەرامبەر خودی خۆیان و کۆمەڵگەشیان ، دەکۆڵێتەوە (سلیمان و هاشم ، ١٩٧٣: ٥٤) .

ئەم بۆچوونەش هاوچەشنە لەگەڵ بۆچوونی (ڕوب )ە roupp کە پێی وایە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گونجاندنێکە و ، ئامانجی گۆڕینی بارودۆخەکانە ، یاخود گونجاندنێکی بە ئامانجە هاوڕێ لەگەڵ بارودۆخەکاندا . کەواتە گەشەپێدان گوزارشتە لە گۆڕانێک لە هەڵوێستگەلێکی نەویستراوەوە بۆ هەڵوێستگەلێکی ویستراو ، هەروەک بریتییە لە بەکارهێنانی بەڕێوەبردنی مرۆیی بۆ بەخشینی گۆڕانکاریی بە ئاڕاستەیەکی لۆجیکییانە لە پێناو بەرجەستەکردنی ئامانجە داواکراوەکان ، بەوەش گەشەپێدانی مرۆیی پەیوەستە بە ئامانجە مرۆییەکان لە توانەوەیدا لەگەڵ بەها مرۆییەکان و نزیکبوونەوەی لێیانەوە (صباح ، ٢٠١٣ : ١١٣) .

هەروەها دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان بەم جۆرە پێناسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی دەکات بەوەی بریتییە : لە نەشونماکردن لەگەڵ گۆڕاندا ، ئەم گۆڕانەش هەروەک کۆمەڵایەتی و کولتووریی و ئابوورییە و هاوکات گۆڕانێکی چەندێتی و چۆنێتیشیە ، چونکە گەشەپێدان جیاوازە لە گەشەکردن ، بۆیە دەبێت نەشونمایەکی ئاکاریی مەعنەویی و دەروونیی بە دوایدا بێت ، واتا گەشەپێدانێکی کۆمەڵایەتی هەڵساندنەوەی باشترکردنی بژێوی دانیشتوانە لەبواری پەروەردە و فێرکردن و تەندروستی و نەهێشتنی نەخوێندەواریی و بایەخدان بە ژن و کارکردن و خۆپێگەیاندن و شیاندنە پیشەییەکان (حمداوی ، ٢٠١٧ : ١٥) .

هەروەک دەکرێت پێناسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بەم چەشنە بکەین کە بریتییە: لە خستنەگەڕی ئەو هەوڵ و کۆششەی بۆ هێنانەدی زنجیرەیەک گۆڕانکاریی وەزیفی و پەیکەربەندیی و گەشەکردنی کۆمەڵگە دەدرێت ، ئەوەش بە زیادکردنی توانستی تاکەکانی دێتەدی ، هەتا بتوانن ئەوپەڕی وزەی بەردەست بقۆزنەوە لە پێناو دەستخستنی زۆرترین ئازادی و خۆشگوزەرانیی بۆ ئەو تاکانە ، بە خێراییەک کە زیاتر بێت لە تێکڕایی گەشەکردنە سروشتیەکە (الخواجە ، ٢٠١٦ : ٢٤٨-٢٤٩).

**بەگوێرەی ئەو پێناسانەی خستمانەڕوو گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی:**

بریتییە لەو گۆڕانە کۆمەڵایەتییانەی لە بونیاد و ئەرکەکانی کۆمەڵگەدا ڕوودەدات ، ئەو گۆڕانانەش کاریگەرییان لەسەر ڕەفتاری تاکەکان هەیە لە پێناوی بەدەستهێنانی هاوسەنگی لە نێوان لایەنی مادی و لایەنی مرۆییدا بۆ باشترکردنی بارو گوزەرانیی تاکەکان.

**-دیاریکردنی ئەو چەمکانەی پەیوەستن بە چەمکی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتییەوە:**

١-گەشەکردن Growth بریتییە لە پرۆسەی زیادکردن بەشێوەیەکی جێگیر یان بەردەوام کە لە لایەنێکی دیارکراوی ژیان ڕوودەدات (محمد ، ٢٠١٧ : ٦٠).

٢-پێشکەوتن :Progress بریتییە لە پرۆسەی گواستنەوە لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر کە لە ڕیزی قۆناغەکانی پێشکەوتنن هەتا دەگاتە گۆڕانی کلتووری کۆمەڵگە و بەها سەرەکییەکانی و دامەزراوە سیاسییەکانی ، واتا گۆڕانی شێوازی بەرهەمهێنان بە واتای گواستنەوە لە قۆناغێکی مێژووییەوە بۆ قۆناغێکی تر ، تا گوزارشت لە پێشکەوتن بکات (فیصل ،١٩٩٣: ١٦).

٣-نوێگەری :Modernisation زانای کۆمەڵناسی ئەمریکی **ماریون لیفی** ئاماژە بۆ نوێبوونەوە دەکات بەوەی ئەو گۆڕانە پلەبەندییەیە کە بەسەر دامەزراوە مادیی و نامادییەکانی کۆمەڵگەدا دێت ، بەڕادەیەک وای لێدەکات شیاوتر بێت لە بەجێهێنانی ئەرکەکانیدا کە ئامانج لێیان تێرکردنی پێداویستییەکان و بەدیهێنانی ئامانج و ئاواتەکانە (الحسن ، ١٩٩٩: ١٥١).

٤-پەرەسەندن :Evolution بریتییە لە بەدوایەکداهاتنی ڕووداووگەلێکی دیاریکراو لە یەکێک لە کۆمەڵگەکاندا بەجۆرێک لە بنەڕەتدا پەیوەستە بە ڕەگەزی کاتەوە ، ئەم ڕووداوانە بەشێوەیەکی ئەرێنی بەرەو ئاراستەیەکی باشتر دەڕۆن یان بەدوایەکداهاتنیان بەجۆرێکی نەرێنی دەبێت . بۆیە هەڵوێستەکە بە بێ پەرەسەندن بەرەو بارێکی خراپتر دادەڕمێت ، لە کاتێکدا مەبەست لێی ئەوەبوو کە بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجگەلێکی ئەرێنی ، ئاراستەبکرێت (لبنی ، ٢٠٠٩: ٤٩-٥٠) .

٥-گۆڕانی کۆمەڵایەتی :Social Change زانای کۆمەڵناسی ئەمریکی ڕوجێرز Rogers پێی وایە: گۆڕانی کۆمەڵایەتی ئاماژەیە بۆ ئەو پرۆسەیەی کە لە میانەیەوە بونیاد و ئەرکی سیستەمی کۆمەڵایەتی هەموار دەکرێنەوە ، ئەو بونیادەش لە چەند پێگەیەکی جیاواز پێکدێت لەسەر ئەو تاک و کۆمەڵانەی بونیادەکە پێکدەهێنن ، هەرچی ڕەگەزی وەزیفیی بونیادەکەیە ئەوا بریتییە لەو ڕۆڵە یان ئەو ڕەفتارە کردەییەی کە تاک لە پێگەیەکی دیاریکراودا دەینوێنێت (الصالح ، ٢٠٠٢ : ٥١).

٦-دواکەوتوویی :Underdevelopment بریتییە لە هەرەسهێنان یان کەمتەرخەمی لە بونیادنانی شێوازگەلێکی نوێ لە بیر و ڕەفتار ، کە دەشێت کۆمەڵگە بەرەو ئاقارێکی چاکتر ببات ، هەروەها بە واتای کەمتەرخەمی دێت لە توانستە مادی و مەعنەوی و سیاسییەکاندا (یان سەرمایەی مادی و مرۆیی) کە دەبێتە هۆی نەبوونی توانای دەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی بۆ هاوڵاتیان (عمر، ٢٠٠٥: ٣٣٣).

٧-گەشەپێدانی لۆکاڵی: کۆمەڵناسی ئەمریکی ئەرسەر دونهام (Arthur Dunham) لە پێناسەی ئەم جۆرەدا دەڵێت: چالاکییەکی تۆکمەیە و ئامانجی چاککردن و باشکردنی باری بژێوی کۆمەڵگەیە ، سەرباری ئەمەش کار دەکات بۆ گەشەپێدانی تواناکانی خۆی تا بتوانێت تەواوکاریی کۆمەڵایەتی و ئاراستەکردنی خودیی بۆ کاروبارەکانی دەستەبەر بکات ، شێوازی کارکردنیشی بەندە لەسەر بنەمای

پڕکردنەوەو ڕێکخستنی چالاکی هاریکاریی و هاوکارییە خودییەکانی هاوڵاتیان ، شانبەشانی هاوکارییە هونەرییەکان لەلایەن دامەزراوە حکومی و تایبەتەکانەوە (لبصیر ، ٢٠١٧ : ٥٢).

**دووەم : تایبەتمەندییەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی:**

گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی گۆڕانێکی کۆمەڵایەتییە و لە دامەزراوە کۆمەڵایەتیی و وەزیفەکانیاندا ڕوو دەدات و، بونیادێکی نوێی کۆمەڵایەتیە ، لەمیانەی تێرکردنی پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانی تاکەوە سەرچاوەی گرتووە ، ئەم پێداویستییە کۆمەڵایەتیانەش بە پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکانی تاک و کۆمەڵگە دیاری دەکرێت ، هەروەها پێداویستییە تەقلیدییەکانی تاک بە پێداویستییە بنەڕەتییەکان دیاری دەکرێت و پێودانگ دەکرێن ، وەک پێویستی بایۆلۆجی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ، هەرچی پێویستییەکانی کۆمەڵگەیە ئەوا لە ڕێگەی گەڕانەوە بۆ ئەو سیستمە کۆمەڵایەتییانەی لە کۆمەڵگەدایە دەستنیشان دەکرێت ، وەک سیستمی ئابووری و خێزانی و برەودان و ، هەروەها سیستمی چاودێری کۆمەڵایەتی و سیستمی ئاکاریی و سیستمی جوانیی و دەربڕین (رحیل ، ٢٠٠٢ : ٢٨٨-٢٨٩).

**گرنگترین تایبەتمەندییەکان ئەمانەن:**

-گەشەپێدان ، پێش هەموو شتێک ، پرۆسەیەکی خودییە ، هەڵسوڕێنەکانیشی لە ناو خودی قەوارەکەدایە (عبدالهادی ، ٢٠٠٧ : ص١٤٧).

١-گەشەپێدان پرۆسەیەکی دەستەجەمعییە ، بۆیە پێویستە سەرجەم دەستە و کەرت و کۆمەڵەکانی ناو کۆمەڵگە بەشداری تێدا بکەن .

٢-گەشەپێدان پرۆسەیەکی هۆشدارییە ، کەوابوو پرۆسەیەکی خۆبەخۆ نییە ، بەڵکو ئامانجەکانی دیاریکراوە (بدران ، ٢٠١٤: ٢٤).

٣-خاوەنی یەک ڕێچکە یان یەک ئاراستە نییە کە پێشتر دیاریکرابێت ، بەڵکو ڕێچکە و ئاڕاستەکانی هەمەچەشنە و بە گۆڕانی قەوارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان ، دەگۆڕێن.

٤-پرۆسەیەکی داینامیکیی بەردەوامە، واتە: جێگیر و چەقبەستوو و نەجوڵاو نییە (بن کادی ،٢٠٠٧: ٢٥).

٥-بەشداریکردنی خەڵکی کاراکتەرێکی بنەڕەتییە لە پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا .

٦-گەشەپێدانی کۆمەڵگە ، گرنگی دەدات بە هێنانەکایەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا .

٧-تایبەتمەندییەکی تری پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بریتییە لە دەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانی تاک و کۆمەڵ (المور ، ٢٠٠٩ : ٤٤).

دەتوانین بڵێین گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکە لەخۆوە ڕوونادات بەڵکو پرۆسەیەکی مەبەستدارەو بوارو چالاکییە مرۆییەکانی فراوانن سەرباری بواری فکری و تەکنەلۆجی و ئابووری بەردەوام دەبێت

لەڕێگەی دامەزراوەکانی کۆمەڵگاوە ، واتە هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا بەشداری لەم پرۆسەیەدا دەکەن بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی و خۆشگوزەرانی لە کۆمەڵگادا .

**سێیەم : ئامانجەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی:**

لەکاتی ئەنجامدانی هەر کارێکی سەر بە گەشەپێدان ، پێویستە ئەوانەی پێی هەڵدەستن ، خاوەنی ئامانجگەلێک بن و لە هەوڵ بەدەستهێنانیدا بن ، گرنگترین ئەو ئامانجانەش ئەمانەن:

١-بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی یەکێک لە گرنگترین ئامانجەکانی گەشەپێدان ، چاککردنی ژیانی ڕۆڵەکانی کۆمەڵگەیە، لە ڕێگەی تێرکردنی پێداویستییە مادی و دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانیانەوە دەبێت ، بە واتای دەستەبەرکردنی خواردن و جلوبەرگ و شوێنی نیشتەجێبوون و ئاو و کارەبا و تەندروستی ، لەگەڵ پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ و ڕێزگرتنی مافەکانی و، گەیشتن بە ئامانجەکانی دێت (العیسوی ، ١٩٨٤: ص٢٧). لەبەرئەوەی ئامانجی سەرەکی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی ، بریتییە لە چاککردنی جۆری ژیان لە چالاکییە جیاوازەکانی مرۆڤایەتیدا ، لەمیانەی ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییانەیە بەشداری دەکەن لە دەستەبەرکردنی هاوسەنگی لە نێوان لایەنی مادی و لایەنی مرۆییدا ، بەجۆرێک ببێتە هۆی دەستەبەرکردنی مانەوە و گەشەکردنی کۆمەڵگە (رشوان ، ٢٠٠٩: ٦٢) .

٢- بەرزکردنەوەی ئاستی تەندروستی:

ئامانجی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لەوەدایە کەرتی تەندروستی پێشبخات ، ئەم کەرتە لەخۆیدا بایەخ بە لایەنەکانی خۆپارێزی و چارەسەرکردنی هاوڵاتیان دەدات لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر پاراستنی منداڵان. (حمیدوش : ص١٥٥، موقع الانترنیت)

٣- کەمکردنەوەی بڕی جیاوازیی لە نێوان داهات و سامان‌دا:

لە یەکەم سەرنجدا ، ئەم ئامانجە وەک ئامانجێکی مادی خۆی دەنوێنێت ، بەڵام لە ڕاستیدا لە کرۆک و ڕەهەندەکانیدا ئامانجێکی کۆمەڵایەتییە ، چونکە بە مانای دابەشکارییەکی دادپەروەرانەیە لە داهاتی نەتەوەییدا، بە گشتی دەستەبەرکردنی ئاستگەلێکی بژێوییە بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە (صبیح وأبو حلو، ٢٠١٠: ٩٥) .

٤- دابینکردن و تێرکردنی پێداویستییە بنەڕەتییەکانی تاک:

ئەرکی دەوڵەتە ، سەقامگیریی دەستەبەربکات بۆ تاکەکانی ، هەروەها جیاوازی کۆمەڵایەتی نەهێڵێت لە نێوانیاندا و، پێداویستییە بنەڕەتییەکانیان بۆ دابین بکات ، وەک چارەسەرکردن و ئاسایش و شوێنی نیشتەجێبوون و جلوبەرگ و خواردن و فێرکردن و کارکردن ، لەم بارەشدا گەشەپێدان ، هەوڵ دەدات هەتا ئەو ڕادەیەی بیەوێت هەلی باشتربوون بڕەخسێنێت (عجمیە ، ١٩٨٣: ٥٣) .

**لەگەڵ ئەو ئامانجە سەرەکیانەی ئاماژەمان پێدان گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی چەند ئامانجێتر لەخۆدەگرێت لاوەکیین :**

١- گۆڕانکاریکردن لە بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە و وەزیفەکانی، ئەم گۆڕانە هەریەکە لە شێوازی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو سیستەم و پێوەر و بەهایانە دەگرێتەخۆ، ، کە کاردەکەنە سەر ڕەفتاری تاک و ڕۆڵی تاک دیاری دەکەن لەو ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییە جیاوازانەی کە لایەندارییان دەکەن .

٢- چارەسەرکردنی ئەو کێشە کۆمەڵایەتییانەی لەئەنجامی گۆڕانکارییەوە پەیدابوون .

٣- چاککردنی خوێندن و باری کۆمەڵایەتی تاک و هاوکاریکردنیان لە چارەسەرکردنی کێشەکانیاندا.

٤- چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی لە ئەنجامی گەشەپێدانی ئابوورییەوە هاتوونەتە ئاراوە وەک: گواستنەوە لە کۆمەڵگەی لادێ وە بۆ کۆمەڵگەی شارنشینی ،کە هۆکارە بۆ زیادبوونی ڕێژەی بێکاریی.

٥- چاندنی بەها و ئاراستە کۆمەڵایەتییە ئەرێنییەکانی وەک: هاوکاریی و بەجێهێنانی کارە پێویستەکان.


٦- پاڵپشتیکردنی ژیانی ناو خێزان، ئەوەش بە مەبەستی زیادکردنی پتەوی و یەکگرتوویی و سەقامگیریی و هاوکاریکردنی نێوان تاکەکانی خێزانە (أبو نصر و محمد ، ٢٠١٧ : ٩٥).

٧- پڕکردنی هەگبەی تاکەکانی کۆمەڵگە بە زانیاری و کارامەیی و توانا و شیاوی ، بۆئەوەی ببنە هاوکارێک بۆ چاککردنی ئاستی بژێویان.

٨- ڕەخساندنی هەلی کار بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە بۆ ئەوەی بەشداری کرداریی بکەن لە ئاڕاستەکردنی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و جێبەجێکردنی بەرنامەکانی و هەڵسەنگاندن و ڕاستکردنەوەی ئەنجامەکانی (السروجی ، ٢٠٠١ : ٣٦) .

لێرەدا بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی کاردەکات بۆ پەرەپێدانی خەسڵەتە مرۆییەکان و شارەزایی کەسێتی ، تاکو بتوانێت بەشداری کارا لە بونیادی کۆمەڵگەدا بکات ، لە گرنگترین خەسلەتیدا پەرەپێدانی بەهاو ئاراستەو شارەزایی و لێهاتووییەکانی تاکە بۆ بەرژەوەندی کۆمەڵگە ، واتە گۆڕانکاری لە پەیوەندی مرۆڤ بەئەوانی ترەوە و و گۆڕانکاری لە کولتوری مرۆڤایەتییدا دەکات و هەوڵدەدات ئاستی تاکەکان لەڕووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری و پەروەردەییەوە بەرزبکاتەوە ، بەسود وەرگرتنی تەواو لە دەرامەتە مرۆییەکان و بەدەستهێنانی ژیانێکی باشتر بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە ، لەڕێگەی بەشداریکردنی کارایی تاکەکانەوەو ، لەپێناو ڕوودانی پرۆسەی گۆڕانکاری مەبەستدارو پلاندارێژراو لە بونیادی کۆمەڵایەتی و وەزیفەکانیدا ، هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی بونیادێکی کۆمەڵایەتی تازە ، بە ئامانجی پڕکردنەوەی پێداویستییە سەرەکییەکانی تاکەکانی کۆمەڵگەوە و گرنگیدان بە کێشە جیاوازەکانیان لەلایەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی ، بۆ دەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی و ئابووری بۆ هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە . بۆ زانیاری زیاتر بگەڕێوە بۆ هێڵکاری (٢) .

هێلکاری (٢) ئامانجەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی




هێڵکاری/ کاری توێژەر

**چوارەم : پرەنسیپەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی**

گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لەسەر کۆمەڵە پرەنسیپێکی بنەڕەتی گرنگ وەستاوە تا تەواو و بێ کەموکورتیی بێت ، هاوکات هاریکار بێت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی ، بەم چەشنەی خوارەوە ڕوونیان دەکەینەوە:

١-بەشدارییپێکردنی ئەندامانی ژینگەی لۆکاڵی لە کردەی بیرکردنەوەدا و، کارکردن بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئەو بەرنامانەی ئامانجیان بەئاگاهێنانەوەی تاکە ، لەمیانەی وروژاندنی عەقڵ و بیریانە بەرەو ئاستێکی چاکتری ژیان (محمد ، بدون سنة الطبع : ١٦).

٢-تەواوکاریی کۆمەڵایەتی (social intersection) و یەکخستنی نێوان بەرنامەکانی گەشەپێدان ، هاوکات تەواوکاریی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان و هاوئاهەنگی لە نێوان کارەکانیدا بەجۆرێک کە دووبارە نەبێتەوە یان دژیەک نەبن ، هەروەها بەرجەستەکردنی ئەم جۆرە تەواوکارییە لە نێوان ئەو پرۆژانەی کە لە بنەڕەتدا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگە بونیادنراون (بودانە ، ٢٠١٣: ٨٠).

٣-پەلەکردن بە مەبەستی گەیشتن بە دەرئەنجامە مادییە بەرجەستەکانی کۆمەڵگە ، هەندێ لە کارمەندانی بواری گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی پێیان وایە دەبێت دەروازەی چوونە ناو ئەم بوارە خۆی لە چەند بەرنامەیەکدا ببینێتەوە ، کە هەم خزمەتگەلێکی ئەوتۆ لەخۆدەگرێت و هەمیش دەرئەنجامەکانی خێرایە ، وەک خزمەتگوزاری پزیشکی و نیشتەجێبوون . خۆ ئەگەر پلانەکە بەجۆرێک بوو کە پرۆژەی بەرهەمهێنانی لە پلانە گەشەپێدانەکەیدا دانابوو ، ئەوا پێویستە ئەوەندەی لە توانایدا بێت ئەو پرۆژانە هەڵبژێردرێن کە داهاتی خێرا و تێچوویان کەمە ، لە هەمان کاتدا پێویستییەکی کۆمەڵایەتی بەرچاو جێبەجێ دەکەن (خاطر ،٢٠٠٥ : ٤٧).


٤-پشتبەستن بە دەسکەوتە ناوخۆییەکانی کۆمەڵگە ئیدی مادی بن یان مرۆیی ، ئەوەش دەبێتە هۆی گەیاندنی سوودێکی ئابووری لەو ڕووەوە تێچووی پرۆژەکان کەم دەکاتەوە و، بوارێکی وەزیفی فراوانتری پێ دەبەخشێت . پرۆسەی پشتبەستن بە داهاتە ناوخۆییەکانی کۆمەڵگە بە یەکێک لە شێوازەکانی گۆڕانی ژیاریی بە مەبەست دادەنرێت ، بەو پێیەی ئەو پرۆسەیە لەمیانەی شێوازە دێرینەکانەوە تێکەڵ بە شێوازە ژیارییە نوێیەکان دەکرێت . ئەویش بە بەکارهێنانی داهاتە لۆکاڵییە بەردەستەکانی کۆمەڵگە دەبێت (محمد ، بدون سنة الطبع : ١٧) .

٥-هاوکاری خودی ، کە لە بنەڕەتدا پشت دەبەستێت بە دەستەبەرکردنی هەل بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە ، بە مەبەستی هاوکاریکردنی خودی خۆیان و هەڵنانیان بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵگە (کتاب السطور، سایتی ئەنتەرنێت).

گەشەپێدانی ڕاستەقینە ئەوەیە کە پشت دەبەستێت بە هەوڵ و کۆششی خودیی کۆمەڵگە ، واتە ناگونجێت پشت بە هاوکاری و یارمەتی وڵاتانی تر ببەستێت ، چونکە بەشدارییپێکردنی میللەت پێویستییەکی هاوتەریبە لەگەڵ پێویستی دروستبوونی ئەو ئاڕاستەیەی کە لە کۆمەڵگەدا هەیە و بەرەو پرۆژەکانی گەشەپێدان دەچێت ، هاوکات یەکێک لە پرەنسیپە بنەڕەتییەکانی گەشەپێدان ، ئەوەیە کە گەشەپێدان بەرپرسیارێتییەکی هاوبەشە لە نێوان تاک و کۆمەڵگەدا یان لە نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەدا (العیسوی ، ٢٠٠٦، ٢٣).

کەواتە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکی گرنگەو سەرباری ڕاستکردنەوەی بەها و ڕەفتارەکان ، توێژەرانیش درکیان کردووە بەو پەیوەندییە ئاڵوگۆڕەی کە لە نێوان گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتیدا هەیە ، لەبەر ئەوەی گەشەپێدانی ئابووری بەبێ گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بەدەست نایەت و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیش لە خزمەتی گەشەپێدانی ئابووریدایە و ، مرۆڤیش ئامانجی گەشەپێدانە ، ئەم دوو فاکتەرەش تەواوکەری یەکترن لە بەدەستهێنانی ئەو مەبەستەیاندا هاوبەشن . بۆ زانیاری بڕوانە هێڵکاری (٣) .

**هێلکاری (٣) پرەنسیپەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی**




هیلکاری/ کاری توێژەر

**پێنجەم : کەرتەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی:**

گەشـــــەپێدان پرۆســـــەیەکی گشـــــتگیرە و لەگەڵ تەواوی پێکهێنەرەکـــــانی بونیـــــادی کـــــۆمەڵایەتی کـــــۆمەڵگەدا پـــــێکەوە کـــــاردەکەن و یەکتـــــری تەواودەکەن ، واتە ڕوودانـــــی هەرگۆڕانکـــــارییەک لە کەرتێـک لە کەرتەکانـدا کـاریگەری هەیە لەسـەر تەواوی کەرتەکـانی دیـکە ، بـۆیە گەر گەشـەپێدانی ئـابووری کـاری بـۆ بکرێـت دەبێـت هاوشـان بێـت لەگەڵ گەشـەپێدانی لایەنـی کـۆمەڵایەتی و

شارستانی کۆمەڵگەدا ، چونکە پەیوەندیەکی دوولایەنە هەیە لە نێوان لایەنەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەدا ، هەر بۆیە ئەو پێشکەوتنە ئابوورییەی کە ڕوودەدات و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی وشارستانی و مرۆیی لەگەڵ نەبێت بە پێشکەوتن هەژمار ناکرێت ، چونکە پێشکەوتنی ئابووری پشت بە ڕێساو بنەمای کۆمەڵایەتی و شارستانی دەبەستێت ( الحسن ، ٢٠٠٥ : ١٨١-١٨٢ ).

هەربۆیە گەشەپێدان بەمانای تەواوی پێویستی یەکانی مرۆڤ دێت ، لەسەرئەم بنەمایەش هەژمارکردن و پۆلێنی کەرتەکانی گەشەپێدان فرەجۆرن لەوانە:

- لەڕوی جۆری ئەوخزمەتگوزاریانەی کەپێشکەشی دەکەن، ئەم جۆرەش وەک کەرتەکانی پەیوەست بەفێرکردن وتەندروستی و ئاسایش ودادگەری و پەروەردەکردنی ئاینی وخزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان.

- لەڕوی بواری جوگرافی یەوە وەک خزمەتگوزاری پەیوەست بەگەشەپێدانی کۆمەڵگەی شارنشین و لادێ نشین و بیابان نشین.

- لەڕوی گروپەکانی تەمەنەوە: وەک خزمەتگوزاری تایبەت بەمنداڵی وگەنج و بەتەمەن و ئافرەتان. ( الیمین ، ٢٠١٠: ٤٢ ).

لێرەدا ئێمە باسی گرنگترین ئەو کەرتانە دەکەین کە خزمەتگوزاری پێشکەش بە تاکاکانی کۆمەڵگە دەکەن .

**١- کەرتی فێرکردن**

زانستی کۆمەڵناسی پەروەردە گرنگی دەدات بە ئەو ئامرازە پەروەردەییانەی کە دەبنە هۆی بونیادنانی کەسێتی مرۆڤ ، چونکە بنەمای بابەتەکە ئەوەیە کە لە بواری پەروەردەدا پرۆسەی پەروەردەکردن بریتییە لە پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی ، بۆیە زانستی کۆمەڵناسی پەروەردەیی بە شوێن ئەو ئامرازانەدا دەگەڕێت کە مرۆڤ لەگەڵ کۆمەڵگەکەی خۆی ڕادەهێنێت . پەروەردە وفێرکردن لە بنەڕەتدا خۆیان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتین دەبێت لێکۆڵینەوەیان لێبکرێت لە بوونی کاریگەرییان بۆ سەر دیاردەکانی دیکەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ژینگەیی و کاریگەرییان لەسەر گۆڕاوەکانی دیکەی کۆمەڵگە لە ڕێگەی پرۆسەی کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە ، بۆیە لێرەوە کۆمەڵناسان جەختیان کردۆتەوە لە گرنگی شیکردنەوەی ئەو ڕۆڵەی کە سیستمی پەروەردەیی دەیگێڕێت لەگەڵ کەرتەکانی دیکەی پێکهێنەری بونیادی کۆمەڵایەتی و ئابوری و دیمۆگرافی و سیاسی ( الخفاجی ، ٢٠٠٧: ٨١ ).

فێرکـــردن بەســـەرجەم بەشـــە جۆراوجۆرەکـــانیەوە بـــۆتە یەکێـــک لە ئـــامرازە ســـەرەکیەکانی گەشـــەپێدان ، بەهـۆیەوە دەسـتمان دەگـاتە زانسـت و زانیـاری پێویسـت بـۆ ڕۆشـتن شـان بەشـانی گۆڕانکـــاری و پێشـــکەوتنی ژیـــان ورۆژگـــار ، هەروەهـــا بـــۆتە ئامرازێـــک بـــۆ خێراترکردنـــی پرۆســـەکانی گەشـــەکردن و گەشـــەپێدان و پەرەســـەندنی کەرتەکـــانی ئـــابووری و کـــۆمەڵایەتی و سیاسـی ، ئـامرازێکی گـرنگە بـۆ هێنانەکـایەی نـوێگەری و داهێنانکـاری و ڕاهێنـانی کـادری بەتوانـا بۆ کارپێکردنی ئامێرە جۆراوجۆرەکان ( العبیدی والفیاض ، ١٩٩٠: ٢٠٩ ).

گرنگـی بەرزکـردنەوەی هەلـی خوێنـدن تەنهـا کـارێکی سـادەنیە کە بکرێـت ، بەڵکـو پێویسـتییەکە بـۆ ڕاهێنـانی هێـزی کـارە ، کە لەسـەردەمی تەکنەلۆژیـادا فێربـوون و توانـایی کرێکـار تەواو پێویسـتە و بـۆتە کێبەرکـێ لەسـەری ، بـۆیە فێرکـردن بـۆ خـۆی دەبێـتە ئـامرازی گۆڕانکـاری و ، هەر کـۆمەڵگەیەک لە سـەردەمی زانیـاری و تەکنەلۆژیـادا بیەوێـت پێشـکەوێت بەبـێ زانسـت و ڕاهێنـان و فێرکردنی دەستی کار ناتوانێ ئەو کارە بکات ( دیاب ، ٢٠٠٥ ، ٣٣ ).

لەبەر تەواوی ئەو هۆکـارانەی باسـمان کـرد خوێنـدن و فێرکـردن بـۆتە دیـاردەیەکی بـاڵا ، هەرچەنـدە ئەنجامـدانی ئەرکـی سەرشـانی لە کـۆمەڵگەیەکەوە بـۆ کـۆمەڵگەیەکی دیـکە گـۆڕانی بەسـەردا دێـت ، بەڵام لەنـاو گشـت وڵاتانـدا فێرکـردن و خوێنـدن خـاوەن پـێگەو گرنگـی پێـدانی تـایبەتییە ، بـۆیە دەبینـین سـاڵانە حکومەتەکـان ژمـارەی زۆر گەورە لە داهـات و بـودجەی وڵات بـــۆ کەرتـــی فێرکـــردن و پەوررووەردە تەرخـــان دەکەن ، ئەمەش واتە پەروەردە کـــاریگەری گەورەی هەیە لەسەرڕەنگ ڕێژی سیاسەتەکانی حکوومەت . ( ویبستر ، ١٩٨٦ : ١٥٣) .

کەواتە دەتـوانین بڵێـین فێرکـردن و خوێنـدن پێویسـتە بـۆ گەیشـتن بە گۆڕانکـاری ڕاسـتەقینە بـۆ تاکەکـان و دواتـریش بـۆ کۆمەڵگـا ، لێـرەدا گـرنگییەکەی پەیوەسـتە بە تـاکەوە لەڕووی چـۆنێتی گـــۆڕینی بـــۆ ئەنـــدامێکی بەشـــداربووی کـــارا کە لە کۆمەڵگـــادا کە بە دادپەروەری و یەکســـانی کـــۆمەڵایەتی بـــژی ، چـــونکە ئامـــانجی گەشـــەپێدان نەهێشـــتنی دواکەوتـــوی و پاشـــکۆییەو جەختـــدەکاتەوە لەســـەر پشتبەســـتن بە خـــود تـــاکو تاکەکـــانی کۆمەڵگـــا بتـــوانن ڕووبەڕوی کێشەکانیان ببنەوە .

**٢- کەرتی تەندروستی**

پێویســتی تەندروســتی یەکـێکە لە پێویســتییە زۆر گرنگەکـان ، چـونکە ڕەگەزێـکە بـۆ مـانەوەی مـرۆڤ هەرگیـز ناکرێـت دەسـتبەرداری ببـین ، بـۆ گەشـەو پەرەپێـدانی گەشـەی کەرتەکـان و چێـژ وەرگـــرتن لە ژیـــان ، بـــۆیە لەم ســـەردەمە هـــاوچەرخەدا چـــاودێری تەندروســـتی یەکـــێکە لە پێویســتییە زۆر گرنگەکـان بـۆ تەواوی تاکەکـان وەک مـافێکی تاکەکـان سـەیری دەکرێـت ، بـۆیە

ئەم کەرتە و گرنگــی پێـدانی یەکـێکە لە بنەمـا زۆر گرنگەکـانی کـردەی گەشــەپێدان لە کـۆمەڵگەدا ( الحسونة ، ١٩٩٩ : ١٩٧) .

دەســتەی زانســتی تەندروســتی وا پێناســەی تەندروســتی کـردووە کە بـریتییە لە تەندروســت باشــی و تــۆکمەیی جەســتەو ئەقــڵ ولایەنــی کــۆمەلایەتی و کەمــاڵ ، بــۆیە تەنهــا بەمانــای نەبــوونی نەخۆشی نایەت یان تەنها بە مانای لەشساغی نایەت ( فريحات واخرون ،٢٠٠٢ : ٣٩ ).

لەگەڵ ئەوەشــدا دەبێــت جەخــت لەوە بکــرێتەوە کە تەندروســتی ، واتە بەرژەوەنــدی بەرهەمــی کــاری هەنـدێک هۆکـارە پـێکەوە و کاریگەریشـی لەسـەر تەواوی لایەنەکـانی ژیـان هەیە ، حـاڵەتی خوێنــدەواری و ئاســتی داهــاتی ئــابووری و بــاری خــۆراک و خــواردن ولایەنــی مــاڵ و شــوێنی نیشــتەجێبوون ، ورزگــاربوون لە پاشــماوەکان و بەردەســتبوونی ئــاوی پــاکی خــواردنەوەو جێگیــری دەروونــی و ســۆزداری و بــوونی ئاگــایی لەبــارەی هۆکــارو دەرەنجامەکــان . ئەمــانە هەموویــان هۆکارەکــانی کــاریگەرن لەســەر لایەنــی تەندروســتی مــرۆڤ ، بــۆیە دەبێــت ئامــانجی کەرتــی تەندروســتی بریتــی بێــت لە خزمەتکردنــی دانیشــتوان لە ڕووی تەندروســتییەوە و لە ڕێــگەی کــاراکردنی ڕۆڵــی تەواوی ئەو ڕەگەزانەی بــواری تەندروســتی و کاریگەریــان لەســەر هەردوو لایەنی خۆپارێزی وچارەسەرکاری ( عمار ، ١٩٨٨: ٥٦-٥٧).

کەواتە گەشــەپێدانی کــۆمەلایەتی جەختــدەکاتەوە لەســەر بەرزکــردنەوەی ئاســتی تەندروســتی تاکەکــانی کــۆمەڵگە باشــترکردنی ئاســتی بژێــوی ژیانیــان بەرەو ژیــانێکی باشــتر ، لەمیــانەی دەستنیشــانکردنی ئەو کێشــە کۆمەلایەتیــانەی کەڕووبەڕووی تاکەکــان دەبێــتەوە گۆڕینیــان بــۆ ژیـانێکی خـۆش و شایسـتە بۆیـان و هەوڵـدان بـۆ دۆزینەوەی چارەسـەری گونجـاو بـۆ ئەو کێشـانە لەپێناو خزمەتکردنی تاکەکانی کۆمەڵگەو چاودێریکردنیان لەڕووی تەندروستییەوە .

**٣- کەرتی نیشتەجێبوون**

هەر لە دێـر زەمــانەوە مــرۆڤ هەوڵــی ئەوەیـداوە پێویســتییە جۆراوجۆرەکــانی دەســتەبەر بکــات هەر لە دۆزیــنەوەی پەنــاگەیەکی ســادەوە تــاکو پێویســتییە جۆراوجۆرەکــانی کە خواســتە لەبــن نەهاتووەکـانی بـۆ مسـۆگەر بکـات ، هەوڵیـداوە ئاسـتی بژێـوی بەرزبکـاتەوە ، بـۆیە شـوێنی مـانەوە لە پـلەی دووەمـدا دێـت لە ڕیزبەنـدی پێویسـتییەکانی ژیـان لە دوای خـۆراکەوە ، شــوێنی مــانەوە یەکــێکە لەو بابەتــانەی زۆر جێگــای گرنگــی پێــدانە ، هەر بــۆیە هــیچ مرۆڤێــک بەبــێ بــوونی پەنـاگەیەکی ئـارام نـاتوانێ لەڕووی دەروونـی و جەسـتەییەوە ئارامبگرێـت وکەسـێکی هێـور بێـت ، ئەگەر شـوێنی مـانەوەی نەبـوو ناتوانێـت داهێـنەر بێـت بیـرکەرەوە بێـت و شـتی نـوێ بێنێـتە کـایەوە ، بـۆیە ئەو کەســەی کە ســەقفێکی نەبێـت بیپارێزێـت خـۆی بە نـامۆ و بـێ نیشـتیمان دەزانێـت و

پەیوەنـــدی بەنیشـــتیمانەکەیەوە زۆر لاواز دەبێـــت ، نیشـــتەجێکردن یەکـــێکە لە بـــزوێنەرە سـەرەکیەکانی ئـابووری نیشـتیمانی و کـۆڵەکەی ڕەوتـی کەرتەکـانی دیـکەیە بـا بەڕاسـتەخۆ نەبێـت کـاریگەری خـۆی هەر هەیەو بەرچـاوە ، بـۆیە بـێ مـاڵی بـۆ تاکەکـان گرفـت و ئاریشـەی زۆر دروسـتدەکات و پاشـان داهـاتووی کـاری سـەرجەم کەرتەکـانی دیـکەی کـۆمەڵگە دەخـاتە مەترسیەوە (سلام و بوسهوة ، ٢٠١٢: ٢ ، موقع الانترنيت ).

لێـرەدا دەگەیـنە ئەوەی هەمـوو ئەو پـلان و بەرنـامەو یاسـایانەی لەلایەن حکـومەتەوە لەنـاو دەوڵەتێکـدا بڕیـاری لەسـەر دەدرێـت بـۆ مەبەسـتی دروسـتکردنی پـرۆژە یـان یەکەی نیشـتەجێبوون یـان دووبـارە چـاکردنەوەی بـارودۆخی ئەو خـانوو مـاڵانەی کە هەن ڕەنگـدانەوەی ئەرێنـی یـان نەرێنـی لەسـەر کـۆمەڵگە هەیە بەتـایبەتی لەسـەر پرۆسـەی گەشـەپێدان لەڕووی ئـابووری و کـۆمەڵایەتی و سیاسـی دەبێـت . هەر بـۆیە یەکێـک لە خەسـڵەتەکانی گەشـەپێدان بـریتییە لە باشـترکردنی ژیـانی تاکەکـانی کـۆمەڵگە و گۆڕینیـان لە شـێوازی دواکەوتـووییەوە بـۆ شـێوازی گەشـەکردن و پەرەپێـدان ، لەڕێـگەی هەوڵ و تێکۆشـانی تاکەکـان بـۆ باشـترکردنی بـارودۆخی بژێـوی و تەندروسـتی و کۆمەڵایەتتیـان ، بەمەش کـۆمەڵگە بەدامەزراوەکـانییەوە دەتوانێـت پێشـکەوتن لە بـواری بەرهەمهێنـان و خزمەتگوزارییەکانـدا بەدەسـتبێنێت بەتـایبەت خزمەتکـوزارییە سـەرەکییەکانی ، وەک ئـاوی خـواردنەوەو ڕێگـای هـاتوچۆو ووزەی کارەبـا ، چـونکە هەریەکە لەم کەرتـانە گـرنگن لە پرۆسـەی گەشـەپێدانی هەر کۆمەڵگەیەکـدا ، هەرچـی خزمەتگـوزارییە خۆشـگوزەرانییەکانە وەکـو سـەردانی کردنـی نـاوچە گەشـتیارییەکان لەپێنـاو بەسـەربردنی کـاتێکی خـۆش و بەمەبەسـتی حەوانەوەی جەسـتەیی و دەروونـی و عەقڵـی بە یەکێک لە خزمەتگوزارییە گرنگەکانی کەرتی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی دادەنرێت .

**شەشەم : ڕەگەزەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی**

دەکرێـت ڕەگەزەکـانی گەشـەپێدانی کـۆمەڵایەتی لە سـێ لایەنـدا ئامـاژەی پێبکرێـت لەوانە : **گـۆڕانی بونیادی** ، **پاڵنانی بەهێز** ، **ستراتیژییەتی گونجاو**:

**١-گـۆڕانی بونیـادی :** بەڕای زانـای کۆمەڵناسـی ئەمریکـی(**سـملزر**) گـۆڕانێکی بنەڕەتیـیە ، چـونکە دەبێـتە هـۆی دروسـتکردنی وەرچەرخـانێکی فـراوان و قـوڵ لە بونیـاد و دیـاردە و پەیوەنـدییە کـۆمەڵایەتییە بەربڵاوەکـانی کـۆمەڵگەدا . ئەم ڕەگەزە تەنهـا لە یەک شـێوازی ڕەفتـار و چـالاکی و پەیوەنـدی کۆمەڵایەتییـدا بەدی ناکرێـت ، بەڵکـو هەمـوو شـێوازە بەربڵاوەکـانی نـاو کـۆمەڵگە دەگرێتەوە (الخفاجي ، ٢٠٠٧ : ٣٠-٣١).

ئەو کــاتەی کە گــۆڕانی کــۆمەڵایەتی بەرکەوتنــی دەبێــت لەگەڵ پێکهــاتەی دانیشــتوانی کــۆمەڵگە یــان لەگەڵ بونیــادە سروشــتییەکەی یــان سیســتمە کــۆمەڵایەتییەکەی یــاخود شــێوازەکانی پەیوەنــدییە کۆمەڵایەتییەکــانی یــان بەهاکــانی یــان ئەو پێــوەرانەی کە کــاردەکەنە ســەر ڕەفتــاری تاکەکــان ، ئیــدی گەشــەپێدانی کــۆمەڵایەتی کــاریگەریی لەســەر ئەم لایەنــانە جــێ دەهێڵێــت ، ئەمەش مانــای ئەوە دەگەیەنێــت کە گەشــەپێدانی کــۆمەڵایەتی تەنهــا بریتیــی نیــیە لە پێشکەشــکردنی جــۆرێکی دیاریکراوی خزمەتگوزاریی ، بەڵکو دوو ڕەگەزی بنەڕەتی لەخۆی دەگرێت:

- گۆڕینی شێوازە کۆنەکان کە چیتر ناتوانن هاوتەریبی لەگەڵ شێوازە نوێیەکانی ژیاندا بکەن.

- بەرپــاکردنی بونیــادێکی نــوێی کــۆمەڵایەتی کە جیــاواز بێــت لە بونیــادە کــۆمەڵایەتییە کــۆنەکە، کەپەیوەنــدی و بەهــای نــوێی لێــوە هەڵــدەقوڵێت و زۆرتــرین پێویســتیی تاکەکــان بەرجەســتە دەکــات (ثابت ، ١٩٨٣: ٣٢ ).

٢- **پاڵنــانی بەهێــز**: بێگومــان پاڵنــانی بەهێــزیش پێویســتە بــۆ گەیشــتن بە ئامانجەکــانی گەشــەپێدان و دەرچــوون لە حــاڵەتی چەقبەســتوویی کــۆمەڵایەتی و ئــابووری و، هێنانەکــایەی گــۆڕانی چــۆنێتیی لە کــۆمەڵگەدا و، گەیشــتن بە خــاڵی پێشــکەوتن لە زووتــرین کاتــدا (الــزين و زهــرى ، ١٩٩٦: ١٦٧-١٦٨_).

لە وڵاتە دواکەوتووەکانــدا حکــومەت (تــا ئاســتێکی زۆر) بەرپرســیارە لە دروســتکردنی ئەو پاڵنــانە یــان پاڵنــانە بەهێزەکــان ، چــونکە میکانیزمەکــانی گۆڕانکــاری تەنهــا لای ئەو هەیە و، هەر خۆشــی بەرپرســە لە گەرەنتــی دابینکردنــی نزمتــرین ئاســتی بژێــوی تاکەکــان . دەکــرێ ئەم پاڵنــانە بەهێــزە لە بــواری کــۆمەڵایەتی ببێــتە بەدیهێنــانی گۆڕانکــارییەکی ئەوتــۆ کە جیــاوازی کەم بکــاتەوە لە دابەشــکردنی داهــات و ســامان لە نێــوان هاوڵاتیانــدا ، ئەوەش بە دابەشــکردنی خزمەتگوزارییەکــان بەشێوەیەکی دادپەروەرانە لە نێوان تاکەکاندا دەبێت (السروجي : ٧٠).

کەواتە دەتــوانین بڵێــین ئەو پاڵنــانە دەبێــتە هــۆی گۆڕانکــاری کــۆمەڵایەتی وکەمکــردنەوەی جیــاوازی لەنێــوان ســەروەت و داهــاتی هاوڵاتیانــدا ، ئەویــش بەدابەشــکردنی خزمەتگوزارییەکــان لەنێــوان تاکەکانـــدا بەشـــێوەیەکی دادپەروەری وەک خزمەتگـــوزاری خوێنـــدن بەخـــۆڕایی و بـــیمەی چارەســـەرکردن و فراوانکردنـــی پرۆژەکـــانی نیشـــتەجێبوون هەر پـــرۆژەو بەرنـــامەیەک کە پەیوەندی بە خزمەتگوزارییەکانەوە هەیە .

٣-**ســتراتیژییەتی گونجــاو**: مەبەســت لێــی ئەو چوارچێــوە گشــتییەیە ، کە سیاســەتی گەشــەپێدان لە گواســتنەوەی گشــتیەوە بــۆ حــاڵەتێکی پێشــکەوتوو، ڕەنگرێــژی دەکــات . یەکێــک لە پێداویســتییەکانی

سیاســـەتی کــۆمەڵایەتی دروســـت ، ئەوەیە کە کــۆمەڵە پلانێکـــی ســـتراتیژی و تەکتیکـــی هەبـــن و هاوکــاری بــکەن بــۆ گەیشــتن بە باشــترین ئەنجــام ، چــونکە پــلانە ســتراتیژییەکان هاوکــارن بــۆ دیـــــاریکردنی ئامـــــانج و مەشـــــخەڵە ســـــەرەکییەکان و، ئەو پرسانەشـــــی کە پەیوەســـــتن بە دەســـتەبەرکردنی ئامانجەکــانەوە ، هەرچــی پــلانە تەکتیکییەکانیشــە بێگومــان بــۆ ئەوە دانــراون تــا ڕووبەڕووبـــوونەوەی هەڵوێســـتە زانســـتییەکان ببـــنەوە و، مـــامەڵەیەکی دروســـت لەگەڵ ئەو هەڵوێســتانەدا بــکەن ، ئیــدی جیاوازیشــی نــیە ئەو هەڵوێســتانە چــاوەڕوانکراوبن یــان نــا (الــزین وزهری، ١٦٨) .

لێـــرەدا دەگەیـــنە ئەوەی ســـتراتیجی گەشـــەپێدان لە کـــۆمەڵگەدا هەڵدەســـتێت بە دروســـتکردنی هاوســەنگی لە نێــوان گەشــەپێدانی کــۆمەڵایەتی و ئــابووری ، واتــا هاوســەنگی لە نێــوان ســەرمایەی مرۆیـــی و ســـەرمایەی مادیـــدا دەکـــات ، هەربـــۆیە هەمـــوو دەوڵەتێـــک پێویســـتی بە ســـتراتیجی پلانــدانان هەیە بــۆ گەیشــتن بە ئامــانجێکی دیــاریکراو کە ئەویــش گەشــەپێدانی کۆمەڵگــایە لە هەمــوو بوارەکاندا .

**هەشتەم : ئاستەنگەکانی بەردەم گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی:**

گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی ڕەگەزێکی گرنگە لە پرۆسەی گەشەپێدانی نەتەوەیی گشتگیردا نەک فاکتەرێکی لاوەکی کە تەواوکەری ئەو پرۆسەیە بێت ، بەڵکو بە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتیی نێو کۆمەڵگادا دێتە هەژمار، بەڵام چەندان ئاستەنگی ئەوتۆ هەن ڕێگرن لە گەیشتن بە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی ، کە دەبێت لە پێناو بەردەوامیدا کاریگەرییەکەی لاببرێت (الغرابية ، ٢٠١٠ : ٨٤) .

**یەکەم : ئاستەنگە دەرەکییەکان:**

گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی ئەمڕۆ لەگەڵ ئاستەنگە دەرەکییەکانی پەیوەست بە پەیوەندییە ئابوورییە نێودەوڵەتییەکان و پاشکۆی ئابووری و کۆنترۆڵکردنی قۆرخکارییەکانی سەرمایەداری و زاڵبوونی لە بازاڕی جیهانیدا ، بەریەکدەکەون. ئەمانە و هۆکاری تر دەبنەهۆی ئەوەی کە هەموو ئەمانە پشت بەخۆ ببەستن وەک ڕێگەیەک بۆ گەیشتن بە ئەرک و ئامانجە سەربەخۆکانی گەشەپێدان لە وڵاتە جیاوازەکاندا (حنفي و العظم ،٢٠٠٠ : ٨ ) .

**١-جیهانگیری :**

زۆر باس لە جیهانگیری کراوە ، لە ڕووی ڕوونکردنەوە و ، تێگەیشتن و ، لێکدانەوە و ، ستایشکردن و شێواندنی ئەنجامەکانی و دوورکەوتنەوە لێی ، ئەم بابەتە هەریەک لە بیرمەندانی گەلانی جیهان و

پسپۆڕەکان و ڕۆشنبیرانی ، بەخۆوە سەرقاڵ کردووە. بۆچوونەکان سەبارەت بە جەوهەرەکەی جیاوازن ، هەروەها بایەخپێدەرانی ئەم بوارە لە ڕۆشنبیران و توێژەران بوونەتە دوو بەشی دژ بەیەک ، سەرەڕای کۆکبوونیان لەسەر ئەوەی جیهانگیری دیاردەیەکی نوێی جیهانییە کە تەنیا پەیوەندی بە سیاسەت و ئابوورییەوە نییە ، بەڵکو لق و پەل دەهاوێت بۆ هەموو بوارەکانی ڕۆشنبیری و زانستی و بەرهەمهێنان (صبيح و أبوحلو، ٢٠١٠ : ٦٥-٦٦) .

دەتوانین بڵێین لە ئێستادا کۆمپانیا فرەڕەگەزەکان بەرەو هەڵکشان دەچێت ئەم کۆمپانیایانە هێزێکی ئابووری بەهێزیان هەیە کە دەتوانن سەرچاوەی دارایی و سروشتی و مرۆیی لەسەر ئاستی جیهان بەدەستبێنن ، ئەمەش لەسایەی بەجیهانیبوونەوە کە پرۆسەیەکی گەورەیەو هەموو وڵاتیک دەخاتە ژێر هەژموونی خۆیەوە .

**٢-قەرزە دەرەکییەکان:**

گرفتی قەرزی دەرەکی یەکێکە لەو کێشە سەرەکیانەی ڕووبەڕووی وڵاتانی تازەگەشەسەندوو دەبێتەوە، ئەویش لەڕووی کاریگەرییەکانی لەسەر جێبەجێکردنی بەرنامەکانی گەشەپێدان، کێشەی قەرزداری هۆکارەکەی لە ئەنجامی زیادبوونی خواستی وڵاتانی تازەگەشەسەندوو بۆ قەرز ، بەمەش لە کۆتایی حەفتاکاندا بانکە جیهانییەکان لە ئەوروپا و ئەمریکا دەستیان کرد بە توندکردنەوەی مەرجەکانی قەرزدان و، دەستیان کرد بە بەرزکردنەوەی ڕێژەی سوود و بەرتەسککردنەوەی ماوەی گەڕاندنەوەی قەرزەکان.

هەروەها کەمبوونەوەی هەڵاوسانی جیهانی هۆکاری کەمبوونەوەی نرخی کاڵا جیهانییەکان بوو، وەک کەرەستەی خاو کە لەلایەن وڵاتانی تازەگەشەسەندووەوە هەناردە دەکرێن (معلم ، ٢٠١٦ : ٦٤-٦٥ )

کەواتە وڵاتە تازەگەشەسەندووەکان لەڕووی داراییەوە پاشکۆی وڵاتانی دەرەوە بوون و بەهۆی زیادبوونی ئەو پارەیەی کە ئەیدەن بە وڵاتانی دەرەوە ، ئەمە بووە هۆی کەمبوونەوەی بەردەوامی داهاتی وڵاتانی تازەگەشەسەندوو بەرزبوونەوەی قەرزە دەرەکییەکانیان و، بێتواناییان لە دانەوەی قەرزەکانیان ئەمە کاریگەری لەسەر بەرنامەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەبوو .

**٣-داگیرکاری:**

وڵاتانی داگیرکار بە شێوەیەکی سەرەکی پشتیان بە باڵادەستی تەکنیکی خۆیان بەستووە و، سوودیان لە هونەری چەک وەرگرتووە بۆ داگیرکردنی وڵاتانی باشوور، وڵاتانی داگیرکەر دڕندەیی سەربازیی بێوچانیان ، بەکارهێنا بۆ ژێردەستەکردنی گەلانی باشوور لە پرۆسەی کۆمەڵکوژی (جینۆساید) و، سەپاندنی کاری زۆرەملێ و ، لەناوبردنی پیشەسازییە ناوخۆییەکان و ، بەکارهێنانی شێوازی دەروونی و ڕەگەزپەرستانە (يحياوي ، ٢٠٠٤ : ٧١) .

کەواتە دەوڵەتی داگیرکەر هەژموونی خۆی بەسەر دەوڵەتە داگیرکراوەکەدا دەسەپێنێت بەرهەڵستی هەموو گۆڕانکارییەکی ئەرێنی دەکات ، ئەو دەوڵەتە داگیرکراوە ڕووبەڕووی سیاسەتێک دەبێتەوە کە ناگونجێت لەگەڵ بوونی ئەودا لەبەرژەوەندی ئەو گەلە ستەم لێکراوە نییە ، بۆیە کەلتورو شارستانی خۆی بەسەر ئەو دەوڵەتە داگیرکراوەدا دەسەپێنێت لەگەڵ کولتوری ئەودا ناگونجێت و لەکۆتاییدا دەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم گۆڕانکاری و گەشەپێداندا .

**٤-پاشکۆی و دواکەوتوویی ( التبعية والتخلف ) :**

پاشکۆی یەکێکە لە سیستەمە یەکگرتووەکان کە لە پەیوەندی و پێکهاتە ئابووری و سیاسی و ڕۆشنبیری و کەلتووری و کۆمەڵایەتییە پەیوەندیدارەکان پێکهاتووە ، کە بە شێوەی جیاواز دەردەکەوێت ، ڕەنگە گرنگترینیان ئەم شێوانە بن پاشکۆیی دارایی و پاشکۆیی بازرگانی و سەربازی و تەکنەلۆجییە (العیسی واخرون ، ١٩٩٩ ، ١٣٢) .

دەتوانین بڵێین لەگرنگترین ئەو خەسڵەتانەی کە دەوڵەتە تازەگەشەسەندووەکانی پێ دەناسرێتەوە ئەوەیە کە ئەو دەوڵەتانە لەگەڵ ئەوەی کە بە سەربەخۆیی سیاسی گەیشتوون کەچی هەر پاشکۆیی دەوڵەتە پێشکەتووەکانن ئەو پاشکۆییە ڕەگ و ڕیشەکەی بۆ فاکتەرە مێژووییەکان دەگەڕێتەوە کە دەوڵەتانی داگیرکراو لەڕووی بازرگانی ودارایی و تەکنیکی و سەربازییەوە پاشکۆیانن ، ئەویش لەڕێگەی زاڵبوونی سەرمایەی بیانی و قۆرخکاری بازرگانی و ناردنی ئامرازو ئامێری پێشکەوتو لەلایەن دەوڵەتە پێشکەوتووەکانەوە کە دەوڵەتانی تازەگەشەسەندوو خاوەنی نین .

**دووەم : ئاستەنگە ناوخۆییەکان:** ئەمانە فاکتەرە شاراوەکانی بونیادی کۆمەڵایەتی و ئابووری کۆمەڵگەکانن کە بەدەست دواکەوتوویی و کەموکوڕی لە ڕێڕەوی گەشەپێدانیانەوە ، دەناڵێنن.

**١-ئاستەنگە کۆمەڵایەتییەکان:** بریتین لە ئاستەنگە دیمۆگرافی و ڕۆشنبیری و کولتوری و دەروونییەکان ، کە فاکتەرە دیمۆگرافییەکان نوێنەرایەتی یەکێک لە ئاستەنگە سەرەکییەکان دەکات کە بەندە لەسەر ڕێگەی پلانی گەشەپێدانی گشتگیر بۆ کۆمەڵگە تازە گەشەسەندووەکان (خاطر ، ٢٠٠٠: ١٦٨ ).

کەواتە دەتوانین بڵێین سەرباری ئەو ئاستەنگانە هەر لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە چەند ئاستەنگێکی تر هەن لەوانە نزمی ئاستی خوێندن و بڵاوبوونەوەی نەخوێندەواری و نزمی ئاستی تەندروستی و نەبوونی ئارەزوو بۆ گۆڕینی بارودۆخەکان و بەرزبوونەوەی ڕێژەی مردوان و لەدایکبووان هەموویان کاریگەری لەسەر گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و سەرنەکەوتنی پرۆسەکە لە وڵاتە تازەگەشەسەندووەکاندا هەیە .

**٢- ئاستەنگە ئابوورییەکان:** وەک بڵاوبوونەوەی ڕێژەی بەرزی بێکاری ، نەبوونی و لاوازی ژێرخانی ئابووری ، و پشتبەستنی دارایی بە وڵاتانی بیانی لە ڕووی داراییکردنی پرۆژە ناوخۆییەکان لە ڕێگەی قەرزەوە (العمري ، ٢٠١٦ : ١٧٨).

کەواتە ئاستەنگە ئابوورییەکان فاکتەری سەرەکین بۆ دروستکردنی ئاستەنگ لەبەردەم پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا ، چونکە لایەنی ئابووری شادەماری سەرەکی هەموو چالاکییەکانی کۆمەڵگەیە کە جەختدەکاتەوە لەسەر خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان ، بۆیە هەر کەموکورتییەک تیایدا ڕوودبدات کەواتە فاکتەرە ئابوورییەکان فاکتەری سەرەکین بۆ دروستکردنی بەربەست لەبەردەم ئەو پرۆسەی پێشکەوتنەی کە کۆمەڵگە هەوڵی بەدەستهێنانی دەدات ، لەوانە بێکاری و پاشکۆیی سیاسی و ئابووری و لاوازی بەشداریکردنی کەرتی تایبەتی و پەراوێزبوونی کەرتی گشتی چەندین ئاستەنگی تری ئابووری کە لە دەوڵەتە تازەگەشەسەندوەکاندا بوونی هەیە .

**٣- ئاستەنگە ڕۆشنبیرییەکان :** ئەمەش لە هەریەک لەفاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان و سیستەمی کۆمەڵایەتی و، داب و نەریتەکان و ، بەها بۆماوەییەکاندا خۆیدەبینێتەوە ، کە ڕەنگە ڕێگری بکەن لە گەیشتن بە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی (رشوان ، ٢٠٠٩ : ٢٢٥) .

کەواتە لێرەدا کۆمەڵگە لەکاتی پرۆسەی گەشەپێداندا ڕووبەڕووی هەندێک گروپی ناڕازی دەبێتەوە کە لەبەردەم جێبەجێکردنی پرۆژەو بەرنامەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا دەوەستنەوەو بەبێ ئەوەی هیچ ڕوونکردنەوەیەکیان هەبێت بۆ ئەو هەڵوێستە ، هەر بۆیە ئەو ئاستەنگانە چارەسەر نابن تەنها بە پەرەپێدانی کولتورو بیروباوەڕەکانی کە حوکمی ئەو کۆمەڵگەیە دەکات ، لەبەرئەوەی گۆڕینی دابو نەریتەکان لە کۆمەڵگە تازەگەشەسەندووەکاندا زۆر قورسە لەچاو کۆمەڵگە پێشکەوتووەکاندا کە یاسا بەڕێیانەوە دەبات ، چونکە یاسا سیستمێکی ئەخلاقی بۆ بەڕێوەبردنی گەشەپێدان دادەنێت ، بۆیە پێویستە لێکۆڵینەوە لە بونیادی ئەو کۆمەڵگەیە لەڕووی کولتورو دابونەریت و بیروباوەڕیانەوە بکرێت پێش پلاندانان بۆ هەر بەرنامەیەکی گەشەپێدان ، ئەمە کاریگەری لەسەر سەرکەوتنی پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی دەبێت .

**٤- ئاستەنگە سیاسییەکان:**

پاشکۆی سیاسی: پاشکۆی لە ئەنجامی پرۆسەیەکی مێژووییەوە سەری هەڵدا ، کە تیایدا وڵاتانی جیهانی سێیەم بە جیهانی عەرەبیشەوە لەسەر بنەمای نایەکسانی و نەشارەزایی ، پەیوەست بوون بە سیستەمی سەرمایەداری جیهانییەوە . یەکێک لە دەرەنجامەکانی ئەم پرۆسەیە تێکچوونی ئیرادەی نیشتمانی وڵاتانی پاشکۆ بوو ، هاوکات لەدەستدانی کۆنترۆڵی خۆیان بوو بەسەر مەرجەکانی خۆڕێکخستنەوە و نوێکردنەوەدا ، لێرەوە توانای بڕیاردان و داڕشتنی سیاسەتی چاکسازی لەڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەوە پەکی کەوت ، ئەم زاڵبوونەش بەسەر پرۆسەی بڕیارداندا رەنگە هەژموونی تەواو یان هاوشێوەی تەواو بێت لەلایەن وڵاتانی دەرەوە ، بەتایبەتی بەسەر بڕیارە ستراتیژییەکاندا ، ئەم هەژموونە

که بەسەر دەوڵەتە پاشکۆکاندا پەیڕەو دەکرێت ، لەمیانەی میکانیزمی سیاسی و ئابووری و سەربازی و ئۆرگانی (ئامرازی) ڕۆشنبیری و پەروەردەییەوە ئەنجام دەدرێت (حیدر ، ٢٠١٤: ٤٢٩ ).

دەتوانین بڵێین لە ئێستادا هەرێمی کوردستان ئاستەنگە سیاسییەکانی زۆرن لەوانە نەبوونی هۆشیاری ڕامیاری لای تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی بۆتە هۆی نەبوونی بەشداریکردنی سیاسی و ڕۆتینی سیاسی و گەندەڵی کارگێڕی هەموو ئەمانە ئاستەنگن لەبەردەم پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی ، بۆیە ئەم ئاستەنگانە پەیوەستە بەئاستی پابەندبوونی سەرکردایەتی سیاسی بە گەشەپێدانەوە ، لەڕێگەی ئاڵوگۆڕکردنی ئەرک و مافەکان لەنێوان دەوڵەت و هاوڵاتیاندا بە جەختکردنەوە لەسەر سەپاندنی یاساو سیستەم .

**٥- ئاستەنگە کارگێڕییەکان:**

لە گرنگترین ئاستەنگ و بەربەستە کارگێڕییەکان کە ڕێگری لە گەشەپێدان دەکەن لەوانە

-ئامرازە کارگێڕییە کاریگەرەکان: کە خۆبەخۆ دەبێتە هۆی ئاڵۆزی لە ڕێکار و ڕۆتینەکان و ، بەرەو خاوبوونەوەی لەڕادەبەدەر لە دەرکردنی بڕیارەکان و دژایەتی هەندێکیان لەگەڵ یەکترداو ، پابەندنەبوون بە جێبەجێکردنی دروشمە ڕاگەیەندراوەکان وەرگێڕانیان بۆ واقیعێکی بەرجەستە ، هاوکات هەندێک جاریش دانانەنانی کەسی شیاو لە شوێنی شیاودا و ، زاڵبوونی فاکتەرە کەسییەکان لەسەر پەیوەندییە فەرمییەکانی کار و دەستکەوتەکانی (فهمي ، ١٩٨٦: ١٠٤-١٠٥ ).

کەواتە ئاستەنگە کارگێڕییەکان پەیوەستن بە خودی بونیادی کارگێڕییەوە کە ئەمانیش پەیوەستن بە دەرامەتە مرۆییەکانەوە دەبنە ئاستەنگ لەبەردەم جێبەجێکردنی پلاندانانی گەشەپێدانی کارگێڕیدا ، هەر بۆیە هەرێمی کوردستان بێبەش نییە لەم جۆرە ئاستەنگە هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی سەرکردەیەکی کارگێڕی پێشکەوتو کە بڕوای بە ڕاوێژکردن لە بڕیارەکانیدا هەبێت ، جگە لەوە بڵاوبوونەوەی گەندەڵی کارگێڕی و ئەخلاقی و، بەرهەڵستیکردنی گۆڕانکارییەکان و قبوڵنەکردنی تازەگەرێتی و بڵاوبونەوەی فاکتەری واستەکردن ، هەموو ئەمانە ئاستەنگن لەبەردەم بەرنامەکانی گەشەپێداندا . لەهەمان کاتدا هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگی (ئابوری و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و کارگێڕی بۆتەوە بەهۆی بارودۆخی ڕامیاری و شەڕی ناوخۆو شەڕی داعش و ململانێ ی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی ،هەروەها لاوازی ئاستی خزمەتگوزارییە جۆراوجۆرەکانی کە پێشکەش بە تاکەکانی کۆمەڵگە ، جگە لەڕووبەڕووبونەوەیان چەندین کێشە وەک ئاو کارەباو غازو کە کاریگەری خراپیان لەسەر گەشەپێدانی کۆمەڵگەی کوردی هەبووە ، هەروەها دامەزراندنی کەسانی نەشیاو بۆ شوێنی شیاو هەموو ئەمانە چەندین ئاستەنگی تر کێشەیان بۆ گەشەپێدان خوڵقاندووە .

**پوختەی ئەم باسە**

گەشەپیدانی کۆمەڵایەتی لەسەر کۆمەڵێک ئامانج وەستاوە کە هەوڵی بەدەستهێنانیان دەدات ، کە ئەوانیش بوونی توانایە بۆ هەستان بەو پرۆسەیە ، لەگرنگترین خەسڵەتەکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بەردەوامییە ، چونکە ئامانجی سەرەکی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بریتییە لە باشتر کردنی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە ، هەتا بتوانن لە چوارچێوەیەکی تەندروست و باشدا بژین ، هەربۆیە کۆمەڵێک گۆڕانکاری وەزیفی و پەیکەری پێویست لە گەشەی کۆمەڵگەدا ڕوودەدات ، ئەویش بە زیادکردنی توانای تاکەکان دێتە دی هەتا بتوانن ئەوپەڕی وزەی بەردەست بقۆزنەوە لە پێناو دەستخستنی زۆرترین ئازادی و خۆشگوزەرانی بۆ تاکەکان لە پێناوی بەدەستهێنانی هاوسەنگی لە نێوان لایەنی مادی و لایەنی مرۆییدا بۆ ئەوەی گوزەرانی خەڵک بەرەو باشتر بڕوات ، بە پشتبەستن بە هەوڵە ڕێکخراوە حکومی و ناحکومییەکان دەبێت ، هەتابتوانن ڕووبەڕووی کێشەکانی کۆمەڵگە ببنەوە . واتە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی پرۆسەی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتییە بۆ هەموو بارودۆخە تەقلیدییەکان لەپێناو بەدیهێنانی بونیادێکی کۆمەڵایەتی تازەو، کە لەپەیوەندی و بەهای تازەوە هەڵقڵاو بێت بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی تاکاکان ، لەڕێگەی پاڵنانی بەهێز بۆ ڕوودانی گۆڕانکاری ، چونکە ئەو جۆرە لە گۆڕانکاری دەبێتە هۆی گۆڕانی گەورە لە دیاردەو سیستەم و پەیوەندییە باوەکانی کۆمەڵگەدا ، هەرکاتێک ئەو گۆڕانکارییە لە بونیادو وەزیفەکانی کۆمەڵگەدا ڕووینەدا ، ئەوا دەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا .

# باسی سێیەم

# ڕەنگدانەوەی گەشتیاری  لە پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا

**یەکەم- ڕۆڵی گەشتیاری لە لایەنەکانی بونیادی کۆمەڵگەدا**

**دووەم : بارودۆخی بزاوتی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستاندا**

**سێیەم: توانستەکانی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستاندا**

**چوارەم: جۆرەکانی گەشتیاری**

**پێنجەم : نموونەکانی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستاندا**

## باسی سێیەم

## ڕەنگدانەوەی گەشتیاری لە پرۆسەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا

گەشتیاری ڕەنگدانەوەی زۆری لەسەر گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەیە لەڕووی کۆمەڵایەتی و کولتوری و ژینگەی و ئابوورییەوە کارلێک لەگەڵ هەموو ئەو لایەنانەدا دەکات .

**یەکەم :- ڕۆڵی گەشتیاری لە لایەنەکانی بونیادی کۆمەڵگەدا**

گەشتیاری پشتدەبەستێت بەدەرامەتی جۆراوجۆرو نوێ و بەپێی تێپەرینی کات بەهاو بایەخی بەرەو زیاتر و گەورەبوون دەڕوات ، دامەزراوەی بچوک و مامناوەند کاری تیدادەکەن و دەستی کار بەچڕی تیایدا کار دەکات ، شێوەیەکی مرۆیی هەیەو تەواوی هۆکارەکان لەناویەکدا هەن وکاریگەریان لەسەریەکتری هەیەو ، پێکەوەش کاریگەریان لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی و ئابووری ڕۆشنبیری و کولتووری وژینگەیی هەیە ، بۆیە کەرتی گەشتیاری کاریگەری لەسەربونیادی ئابوری وپێکهاتەی کۆمەڵایەتی وژینگەیی هەیە (راوية ، ٢٠١٧ : ٧).

هەر کات هاوکاری پێکەوە گونجان و سازان لە نێوان سەرجەم کەرتەکانی بەرهەم هێناندا هەبوو، ئەوا ژیان لەو جێگەیە بەرەوپێش دەڕوات و خۆشگوزەرانی بۆهاوڵاتیان دێتەدی ، بەمە دەوترێت گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی ، بەڵام ئەم کارە نایەتەدی هەتاکو نەتوانرێت ئامانجە بچوکەکان بێنەدی کە لەپێش ئامانجە گەورەکانەوەن ، بەتایبەت لەکەرتەکانی بەرهەم هێناندا . چونکە لەبنەڕەتدا هەموو ئامانجێکی گەورە دابەشدەبێت بۆسەرچەندین ئامانجی بچووک ، لەناویشیاندا کەرتی گەشتیارییە ، بۆ نموونە کارکردن لە بواری تەندروستیدا خۆی بۆ خۆی دەبێتە هێنانە پێشەوەی پێشکەوتن لەو بوارە گەورەیەدا کە پێشکەوتنی کۆمەڵگەیە بەگشتی ، هەروەها ئەمە بۆ سەرجەم کەرتەکانی دیکەش هەر ڕاستە (محمود ، ٢٠١٨ : ٧).

چالاکی گەشتیاری خۆی لەخۆیدا کردەیەکی ئاڵۆزەو پەیوەستە بەسەرجەم کەرتەکان و سێکتەرەکانی ناو کۆمەڵگەوە بەتایبەت بە کەرتەکانی بەرهەمهێنانەوە ، بۆیە خۆی بەتەنها هەرگیز ناتوانی بەرەو پێشەوە بڕوات بەبێ پێشکەوتنی کەرتەکانی دیکە ، بۆ نموونە چۆنێتی خزمەتگوزاری گەشتیاری پەیوەندی هەیە بە چۆنێتی لەبەرهەم هێنانداو، هەروەها چۆنێتی جۆری ڕێگاوبان و کەرتی تەندروستی و پێشوازی گەشتیارو بەرزی ئاستی دروستکراوی بیناو باڵەخانەی هۆتێل و مۆتێل و ڕیستۆرانت و ، هەروەها جۆری ئەو یاری و شوێنانەی کاتیان تیادا بەسەردەبرێت ، بۆیە هەرکات باس لەکەرتێکی ناوکۆمەڵگە دەکەین ڕاستەوخۆ دەچینە سەر پەیوەندی ئەو کەرتە بەکەرتەکانی دیکەوە ، هەر بۆیە باشی کەرتەکانی دیکە دەبێتە هۆی باشتربوونی خزمەتگوزاری گەشتیاری و ، هەرکەموکوڕیەک هەبێت لەکەرتەکانی دیکە

ڕەنگدانەوەی خراپی دەبێت بۆ سەر کەرتی گەشتیاری لەناوچەکەدا، بۆیە دەبینین گەشتیاری لەگەڵ ژینگەکەی چواردەوری دا بەردەوام لەکارلێکدایەو کاریگەری هەیەو کاریگەریشی لەسەردەکرێت ، لەڕێگەی هەندێک سیستم و دامەزراوەوە هاوکاری هەندێک سیستمی دیکەی کۆمەڵگەوە دەبێت کە لەخوارەوە باسیان لێوەدەکەین (موهوب،٢٠٠٦: ٣٤-٣٥)

**یەکەم : ڕۆڵی گەشتیاری لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی و کولتوری کۆمەڵگە**

گەشەپێدانی گەشتیاری ناوخۆیی دەبێتە هۆی بەهێزترکردنی پێکەوەبەسترانی کۆمەڵایەتی و کولتوری لەنێوان ئاڵوگۆڕی زانیاری لەنێو دانیشتوانەکەیدا ، بەڵام گەشەپێدانی گەشتیاری دەرەکی کاردەکات بۆهاندانی ئاڵوگۆڕی کولتوری و شارستانی لەنێوان گەلاندا ، چونکە گەشتیاری دەرەکی کار دەکات بۆ دروستکردنی زانیاری لای گەشتیاران لەبارەی کولتورو نەریت و شێوەی ژیان و شارستانیەتی گەلانەوە ، ئەو گەلانەی کە بۆی دەچن وەک گەشتیار یان ئەو گەلانەی کە میوانداری گەشتیاران دەکەن ، واتە چی بۆ خودی گەلان چی بۆ ئەو گەشتیارانەی دێن بۆلایان ناسین و ئاڵوگۆڕی شارستانی لەنێوانیاندا ڕوودەدات ، نەوەکانی هەردوولا پەیوەندی لەنێوانیاندا دروست دەبێت و شارەزای شێوازی ژیان و شێوازی بیرکردنەوە وهەڵسوکەوتو ڕەفتاری یەکتری دەبن ، بەمەش هاوکاری مرۆیی نێوان گرۆپی مرۆڤایەتی زیاتر دەبێت (حسنین ،٢٠٠٦ : ١٤).

سەرەڕای ئەوانەش گەشتیاری بەدیاردەیەکی کۆمەڵایەتی دادەنرێت و کۆمەڵناسان بەبایەخەوە گرنگیان پێداوە ، لەهەندێک ڕووەوە ئەو گرنگی پێدانانەیان دەخەینەڕوو:

-ئاڵوگۆڕی بەهاکان و پتەوترکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان وتێکەڵاتربوونی کولتورەکان لەگەڵ یەکتری ، گەشەدان بە بەهای خۆشەویستی و مرۆڤدۆستی وڕێزگرتنی بەرامبەر.

-تازەکردنەوەی گوڕو وزەی کارکردن بەهۆی بەسەربردنی کاتێکی خۆش و ئارامەوە.

-کۆچی کاتی تاک وخێزانەکان کە ناوەناوە بەهۆی گەشتگەشتیارییەوە لەنێوان وڵاتاندا ڕودەدات.

-بەگەڕخستنی کات و شوێنی مرۆڤ و ڕێگری کردن لەدروستبونی کاتی بەتاڵی تاکەکان.

-هاوکارە لە گەشەپێدان بە کۆمەڵگە لەهەموو ڕووەکانەوە بەتایبەتی لەکاتێک ئاستی خزمەتگوزاریەکانی کەرتی گەشتیاری باش و بەرچاو دەبێت لەڕووی هاتوچۆو مانەوەو خواردن و دانانی پلانی زانستی بۆ شوێنە گەشتیارییەکان بەشێوەیەکی وردو دروست (محمد ،٢٠١٨ : ٦٩).

-گەشتیاری هاوکاری گەلان دەبێت لە دروستبونی ڕێزی دوو لایەنەو پتەوترکردنی بەها ئەخلاقیەکان لەنێوان گەلاندا و ، زیاتر کاراکردنی گیانی فرە ئاینی و کولتوری و پەسەندکردنی فرە بیروڕایی و ڕەنگی جیاوازو لە ژیان و ناو کۆمەڵگەدا ، چ لەنێوان خودی وڵات یان لەنێوان گەشتیاران و کەسانی نیشتەجێ

یان لەنێوان کەمەنەتەوەییەکان و نەتەوەی باڵادەست و کەمینەکانی دیکەدا ( منظمة السياحة العالمية ، ٢٠٠١ ، موقع الانترنيت)

-گەشتیاری دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی و لایەنی خۆشگوزەرانی کۆمەڵگە و باشتربوونی ڕەوشی پەروەردەو بەهۆی پەروەردەوە گرنگیدان بە هۆشیاری لایەنی مامەڵەی گەشتیاری لای تاکەکانی کۆمەڵگە زیاد دەکات ( الكاسح ، ٢٠١٩ : ٥٤٥).

-هاتنەکایەی ئارامی و سەقامگیری کۆمەڵایەتی و ڕامیاری : سەرەڕای ئەوەی هیچ پێوەرێکی وەها ڕوون و ڕاستمان نیە تاکو بتوانین بەهای سەقامگیری ڕامیاری و کۆمەڵایەتی وڵاتێکی پی بپێوین ، بەڵام کاتێ باسی سەقامگیری بارودۆخی ڕامیاری وکۆمەڵایەتی کۆمەڵگەیەک دەکەین ، هەندێک ئاماژە هەن کە دەکرێت وەک نیشانە باسبکرێن لەوانە : بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەڵئاوسان و زۆربونی ڕێژەی بێکاری و ئەو قەیران  و بەڵا کۆمەڵایەیتانەی لێی دەکەوێتەوە کە دەبنە مەترسی بۆسەر سەقامگیری ڕامیاری و ئاشتەوای کۆمەڵایەتی لەناو دەوڵەتدا . لە لایەکی دیکەوە کارکردن لە نوێکردنەوەو باشتر کردنی کەرتی گەشتیاری یەکێکە لەو دەرئەنجامە ئەرێنیانەی کە ڕەوڕەوەی گەشەپێدانی ئابووری خێراتر دەکات و ئەو گرفتانەی باسمان لێوەرکردن چارەسەر دەکات و ئەو سەقامگیرییەش دەیهێنێتەکایەوەو ، وادەکات متمانەی خەڵکی بەحکومەت زیاتر بێت ( سمية ، ٢٠٢٠ : ٦٠)  ، هەروەها لەڕووی کولتوری و ڕۆشنبیریەوە ڕادەی شارەزایی تاکەکان بەشوێنە مێژوویی وگەشتیارییەکان و شوێنە دیارەکانی وڵاتەکە هۆکارێکە بۆ زیاتر ڕۆشنبیربونی و کار ئاسانی بکات بۆ ئەو گەشتیارانەی دێنە وڵاتەکەی و ، بەمەش ڕاگۆرینەوەو یەکترناسین دروست دەبێت و مامەڵەی جوانی ئەم تاکە لەگەڵ گەشتیاردا دەبێتە ڕیکلامێکی خۆڕایی بۆ وڵاتەکەی و کەرتی گەشتیاری وڵاتەکەی ، کە گەشتیار گەڕایەوە مامەڵەی جوان و ڕۆشنبیرانەی ئەو تاکانە بۆدۆست و خزم و کەسەکانی باس دەکات ، بەمەش هاندانی ناسینی کەلتوری و گەشتکردنی لێدەکەوێتەوە ( ريمة  ، ٢٠١٨ : ٦٠ ) .

-هەروەها گەشتیاری هۆکارێکە بۆ ناساندنی چەندین زمان بە دانیشتوانی ئەو هەرێمە گەشتیارییانەی کە گەشتیار ڕووی تێدەکات و، مامەڵەکردنیان ئاسان دەکات بە تایبەتی فرۆشیارەکانیان و ئەو فەرمانبەرانەی کە لە شوێنی مانەوەی گەشتیاراندا کاردەکەن لە دەوڵەتە جیاوازەکانی جیهاندا کە ئەمە لایەنێکی ڕۆشنبیری گرنگە ( غابة ، ٢٠١٧، ٣٨) .

-جگە لەوانە گەشتیاری  هۆکارێکە بۆ پەرەپێدان بە هەستی نیشتیمانی لای تاکەکان زیاتر ناسینی نێوان گەلان بەتایبەت لە نێوان کۆمەڵگەی میوانداری دەکات و کۆمەڵگەی میوانداری کراوودا و لە نێوان گەشتیارو دانیشتوانی ناوچە گەشتیارییەکە . ( الكاسح ، ٢٠١٩: ٥٤٥).

لێرەدا لەڕووی کۆمەڵایەتی و کولتوریەوە ڕۆڵی گەشتیاری لەسەر گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی دەردەکەوێت:

**أ-ڕۆڵی گەشتیاری لە گۆڕانی کۆمەڵایەتیدا :**

دەکرێت پێناسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بکەین بەوەی بریتییە لە هەر گۆرانکارییەک کەڕوو دەدات لە لایەنی شێوازو ئەرکی سیستەم و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە ، گۆڕانی کۆمەلایەتی سیفەتی بەیەکداچوون پەیوەستبونی بەیەکترییەوە هەیە ، بۆیە هەرگۆڕانێکی کۆمەڵایەتی زنجیرەیەک گۆڕانی دیکە بەدوای خۆیدا دروست دەکات ، بەڕێژەی جیاواز لەسەر سەرجەم سێکتەرەکانی ژیان کاریگەری دادەنێت (هواری ، ١٩٩٣: ١٢١).

گۆرانی کۆمەڵایەتی پرۆسەیەکی بەردەوامە ، بەڵام ڕیژەو بڕی گۆڕانەکە لەسەردەمێکەوە بۆسەردەمێکی دیکە جیاوازی دەبێت و لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە دەگۆڕیت ، هەندێک ماوە هەن گۆڕان تیایاندا خاوە و ، هەندێک ماوەی دیکە هەن کە گۆڕان تیایاندا زۆرخێراو بەرچاوە ، هەندێک کۆمەڵگە هەن زۆر خێراتر لە هەندێک کۆمەڵگەی دیکە دەگۆڕێن و گۆڕانکاری تیایاندا ڕودەدات ، پرۆسەی گۆڕانی کۆمەلایەتی شتێکی ئاساییە لە گشت کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو تازە گەشەسەندودا ڕوودەدات ، بەڵام دەکرێت بەڕێژەو شێوازی جیاواز لەیەکتری بێت( غابة ، ٢٠١٧ : ٢٨-٢٩ ).

گەشەپێدان لەهەر بوارێکدا کە دەکرێت یان کاری بۆ دەکرێت ببێتە هۆی دروستبوونی گۆڕانی کۆمەلایەتی ، دەکرێت گەشەسەندنەکە خۆی ببێتە بەشێک لە گۆڕانە کۆمەلایەتیەکە ، بەڵام نابێتە هۆی دروستبونی گشت گۆڕانکاریەکی کۆمەڵایەتی ، دەکرێت دۆزینەوەی دەرامەتێکی سروشتی ببێتە هۆی دروستکردنی ئەو گۆڕانەو بەرزبونەوەی داهاتی تاکەکان بەهۆیەوە ، یان بەهۆی ئەم گۆڕانەوە هەندێک لەبەهاکان دەگۆڕین و کاریگەری دەبێت لەسەر پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و ڕۆڵی دەبێت لەسەر ئاراستەی بیرکردنەوەی ئاگاو نائاگای تاکەکان ( حسين ، ٢٠١٧ : ٤٠٨).

گەشتیاری بە هاوپشکی کردن لەو خالآنەی خوارەوەدا بەیەکێک لە هۆکارەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی دادەنرێت ، لەبەرئەوەی دەبێتە هۆی ئەمانەی لای خوارەوە :-

١-بەرزکردنەوەی هۆشیاری ڕامیاری .

٢-دانانی سنورێک بۆ بێکاری لە ڕیگەی زیادکردنی هەلی کارەوە .

٣-هەستکردنی مرۆڤ بە گرنگی وگەورەیی شوێنە گەشتیارییەکان و بەرزبوونەوەی گیانی نیشتیمان پەروەری دروست و گیانی پاراستنی شوێنە گەشتوگوزارییەکان .

٤-گرنگیدان لەبواری پەروەردەدا بەفێرکردنی گەشتیاری و ، دواتریش وادەکات دەستی کرێکاری بیانی کەمبێتەوە لەم کەرتەدا.

٥-گەشتیاری دەبێتە هۆی بوژاندنەی کاری دەستی و لەڕێگەی ئەم بوژاندنەوەیەوە ڕەخساندنی هەلی کار بۆ زۆرێک لەو خێزانانەی کە بە کاری دەستییەوە سەرقاڵن.

٦-گەشتیاری لایەنی ئەمن و ئاسایش بەهێز دەکات هاوڵاتی فێری بەفیرۆنەدانی کاتی ئازاد و لە پاڵدانەوە دەیپارێزێت.

٧- گەشتیاری کار دەکات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی بژێوی ژیانی دانیشتوانی ناوخۆیی ئەو شوێنە گەشتیارییانە ( غابة ، ٢٩) .

کەواتە چالاکی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستاندا کاریگەرییەکی زۆری لەسەر بونیادی کۆمەڵایەتی و ئابووری و کولتوری کۆمەڵگەی کوردی هەیە ، ئەویش بەهۆی ئەو هەلومەرج و بارودۆخەی هەرێم و تواناکانی کاریگەرییان لەسەر چالاکی گەشتیاری هەیە . هەر بۆیە گەشتیاری کاریگەری لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی و کولتوری لە ناوچە جیاوازەکانی هەرێمدا هەیە ، چونکە گەشتیاران کە ڕوودەکەنە ئەو ناوچانە بەمە دانیشتوانی ئەو ناوچانە لە گەشتیارانەوە فێری دابونەریتی نوێ و شێوازی ژیانی نوێ دەبن هەموو ئەمانە دەبنە گۆڕانکاری لەو ناوچانەدا.

ب- **گەشتیاری و ڕەفتاری کۆمەڵایەتی**:

ڕەفتار بریتیە لەگشت ئەو کردەو جوڵانەی کەتاک لەژیانی ڕۆژانەیدا پێی هەڵدەستێت بەرامبەر دەوروبەرو ئەو گروپ وکۆمەڵەیەی کە ئەندامە تێیدا بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ژیانی بەمامەڵەکردنی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا ، لەڕێگەی ڕەفتارەوە مرۆڤ بەهاو خونەریت و بیرۆکەو بیرکردنەوەکانی دەکاتە رەفتار وپراکتیزەی دەکات. ئەم کردەو رفتارە لە قسەو وەڵامدانەوەو هەڵسوکەوتی تاک بەرامبەر بەئەوانی تر خۆی دەردەخات ، بۆیە دەکرێت ئەو ڕەفتارانە ئەرێنی یان نەرێنی بێت بەگوێرەی سروشتی ئەو بیروباوەڕو نەریتانەی کە باوە لەو کۆمەڵگەیەدا (ابومصلح،٢٠٠٦: ٢٩١ ).

هەر بۆیە هۆکاری کولتوری و شارستانێتییەکان گرنگترین هۆکارن بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر ڕەفتاری گەشتیارو ، ئەو کولتورەی کە گەشتیارەکە هەڵیگرتوە ، کولتوریش بریتییە لە کۆمەڵێک بەهاو نەریت و بیرڕاو باوەڕو ڕەفتاری تایبەتی کە هاوبەشە لەنێوان تاکەکانی هەڵگری ئەونەریتەدا و لە ڕێگەی خێزان و سیستمەکانی تری کۆنترۆلی کۆمەڵایەتی و پەروەدەوە بۆی دەگوازرێتەوە ، کولتوریش لەژمارەیەک لەوردە کولتور و نەریت ئەزمون و بیرکردنەوەی نەوەکان پێکدێت کە پێکەوە بەتەنها پیایدا تێپەریان کردوە بۆیان بۆتە ڕاستیەک و لەسەری دەڕۆن ، کەلتورە لاوەکیەکان لەناو هەندێک کۆمەڵەو گروپی تایبەتیدا دەردەکەن کە هاوبەشن لە ئاین و شوێنی جوگرافی و زمان وپێگەیەکی دیاریکراوودا (بوحناش و شریط ، ٢٠١٣ : ٤٦ ).

هاتنی ژمایەکی زۆری گەشتیار بۆناوچە گەشتیارییەکان وەک هاتنی شەپۆلێکی ئاوی وایە کە تیایدا تاکە گەشتیاریەکان هەڵگری کولتورو نەریت و بیروڕای تایبەتی خۆیانن ، بەبیرکردنەوەی خۆیان لەو شوێنە گەشتیارانەدا هەڵسوکەوت دەکەن ، بەمەش لەکاتی تێکەڵاویکردنی کەسانی خاوەن شوێنی گەشتیاری جۆرێک لە تێکەڵاوی بیرکردنەوە و بەرکەوتنی بنەمای ڕەوشتی و ڕەفتاری دروستدەبێت بۆ ڕاییونی پێداویستییەکانی هەردوولا ، گومانی تیدانیە ئەم تێکەڵابوونە دەبێتە هۆی گۆڕینەوەی کاریگەری هەردولا لەسەر یەکتری هەم گەشتیار لەسەر خاوەن ماڵ هەم خاوەن ماڵی گەشتیاری لەسەر تاکی گەشتیار ( الزوکة ، ٢٠١٢ : ٢٨٧-٢٨٨) . هەر بۆیە هەندێک جار لەبەرهۆکاری تێکەڵی زۆری گەشتیار بەو ناوچانە دیاردەی لاسایکردنەوەی گەشتیار لەلایەن خەڵکی شوێنە گەشتیارییەکانەوە دروستدەبێت ، لەڕووی شێوازی ژیانیانەوە بەتایبەت لەناو چینی گەنجانداو جۆرێک لە وونبونی کەلتوری و سەرلێشێواندنیان بۆ دروستدەبێت و لاسایی گەشتیاران دەکەنەوە ، بەمەش تەواوی بەهاو نەریت وبیرکردنەوەو بەهای ڕەوشتی شوێنە گەشتیارییەکە دەکەوێتە بەر مەترسی لەناوچون و توانەوەوە( زکي ، ٢٠٢١ : ٣٦ ) .

کەواتە دەتوانین بڵێین گەشتیاری ڕۆڵی لە گۆڕینی ڕەفتاری تاکەکان لە کۆمەڵگەی لۆکاڵیدا هەیە ، لە دەرئەنجامدا کۆمەڵگە سادە و داخراوەکان لاسایی زۆرێک لە گەشتیاران دەکەنەوە لە ڕووی جلوبەرگ و پێڵاو ستایلی قژو شێوازی نان خواردن و چەندین خوی ترەوە ، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا گەشتیاری بەشداری لە زیندوکردنەوەی پیشەسازییە دەستی و تەقلیدییەکاندا دەکات ، هەروەها پارێزگاری لە هەندێک دابو نەریت و کەلەپوورو کولتور دەکات کە فاکتەری گرنگی ڕاکێشانی گەشتیارین و ، دەبنە هۆی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئابووری لە وڵاتدا .

**ج- ڕۆڵی گەشتیاری لە ئاراستەکردنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکاندا:**

زانای ئەنسرۆپۆلۆجی ئەمریکی(ڕیدفێڵد) وای دەبینێت تۆڕی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان تەنها لەناو خودی تاک و گروپەکانی کۆمەڵگەیەکدا کورتنابێتەوە ، بەڵکو سنوری خودی کۆمەڵگە تێپەڕ دەکات و دەچێتە ناو پەیوەندی نێوان کۆمەڵگەکەو تەواوی ئەو کۆمەڵگانەی دیکە کە پەیوەندی لەگەڵیاندا هەیە . بۆیە بابەتی بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە لای (ڕیدفێڵد) ماناکەی و سنوورەکەی گەورەترو زیاترە و گشتگیرترو ئاڵۆزتریشە ، بۆیە گرنگیدان بە یەکەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی کارێکە بۆ پتەوتربوونی یەکپارچەیی کۆمەڵگەو ، وادەکات تاکەکان بەیەکچاو بڕواننە ئەو شتانەی کەهاوبەشن لەنێوانیاندا وەک زمان وبیروباوەڕەکان وئاین و تەنانەت کەلتوری مادییش ( ابراهیم ، ٢٠٠٦ : ٢٢٥).

لەنێوان گەشتیارو کەسی خاوەن ماڵی گەشتیاریدا جۆرێک لەپەیوەندی دروست دەبێت بەهاوکاری و کاریگەری ژینگەی شوێنە گەشتیارییەکە ، بۆیە هەر لەساتی بەریەکەتنیان و ڕادەی لایەنی کولتوری و جۆری مامەڵەی کەسی خاوەن ماڵ لەگەڵ گەشتیاردا دەردەکەوێت ، بەڵام کارەکە بە ڕوبەڕووبونەوەی

کاریگەری کولتوری لایەکیان بەسەرئەوی دیکەدا دەردەکەوێت بۆ دروستکردنی لێک تێگەشتن و ڕاییونی پێوستی هەردولایان ، بۆیە ڕادەی پەسەندی پەیوەندیەکە لەنێوان گەشتیارو خاوەن ماڵی گەشتیاریدا دەبێتە هۆی بەرزترکردنەوەی سنووری پەیوەندیەکان و زیاتر ڕازیبونی هەردولا لەیەکتری ، تەنانەت هەندێکجار دەگاتە ئاستی دروستکردنی دۆستایەتی و پەیوندی ژن و ژنخوازی لەنێوان هەردولایاندا بەتایبەت خواستنی گەشتیار بۆخاوەن ماڵ ، بێگومان بە تێگەشتن و دەستهەڵگرتنی هەردوولا لە هەندێک تایبەتمەندی کولتوری و دروستکردنی تێگەشتنێکی هاووبەش ، لێرەشەوە کولتورو نەریتی تازە دروستدەکات ، بۆیە گەشتیاری کولتوری نوێ دروستدەکات و کولتوری نوێی گەشتیاری زیاتر برەو پێدەدات ( ملوخية ،٢٠٠٨ : ١٢٧).

زۆرێک هۆکاری کۆمەلایەتی هەن وادەکەن پەیوەندی نێوان گەشتیارو خاوەنماڵ پتەوتر دەبێت لەخوارەوە هەندێکیان پوخت دەکەینەوە:

-بڵاوبونەوەی خوێندەواری و خوێندن لەناو خەڵکی ناوچە ناوخۆییەکاندا هۆشیاری و زانینی بە گرنگ سەیرکردنی گەشتیاران ، بەرزبوونەوەی ئاستی ئابووری خەڵکی ناوچە ناوخۆییەکان ، بەرزی توانایی و لێهاتوییە تاکایەتیەکانی دانیشتوانی ناوچە لۆکاڵییەکان ، توانایی تاکەکان بۆئاخافتن و دەربڕینی گونجاوو، زانینی ئەو زمانەی کە گەشتیار قسەی پێدەکات ( الرفاعي ، ١٩٩٨ : ٩٥ ).

مرۆڤ کاتێک گەشت دەکات لە شوێن و وڵات و بیرکردنەوە و زمانی خۆی دەچێتە دەرەوە ڕوو لە شوێنی دیکە دەکات ، ناوچەی دیکە دەبینێت زمان وبیرکردنەوە و کولتوری خەڵکی دیکەی چاوپێدەکەێت ، شێوازی ژیانی ئەوانی دیکە بەچاوی خۆی دەبینێت ، بەمەش ڕۆشنبیری و تێگەشتن و دیدگا فراوانبون ودنیا بینی زۆر بۆخۆی پەیدا دەکات لەڕێگەی ئەو گەشتەی کە دەیکات ، ئەو شوێنانەی دەیبینێت ئەزمونێکی دەداتێ هەم بۆخۆی و هەم بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی وڵاتەکەی خۆی کە گەڕایەوە سوودی لێوەرگرێت ، بۆیە هەمیشە گەشتکردن هۆکارێکە بۆ تێگەشتنی شارستانێتی جیاواز لەیەکتر و بۆ ناسین و نزیکبونەوەی زیاتر لەیەکتری وتێکەڵاوبونی زیاتری تاکەکانی ئەو گەلانە لەگەڵ یەکتریدا ( النسور ، ٢٠٠٨ : ٣١).

کەواتە لێرەدا دەگەینە ئەوەی کە کاتێک گەشتیار کە سەردانی ناوچە گەشتیارییەکان دەکات کۆمەڵێک پەیوەندی هاوڕێیەتی لە نێوان خۆی و کەسانی کۆمەڵگەی لۆکاڵیدا دروستدەکات ، لێرەدا چەندین فاکتەر هەیە کە یارمەتی دروستکردنی ئەو پەیوەندییە دەدات ئەوانیش ( زمان ، ئاین ، کەلتور ) زۆر جار پەیوەندییەکان بۆ پەیوەندی ژنوژنخوازی پەلدەکێشێت ، جگە لەوەش دروستکردنی پەیوەندی کولتوریی لە نێوان گەشتیارو کۆمەڵگەی لۆکاڵیدا کە هەریەکێکیان کارتێکراو دەبن بەوی تریان ، لەمیانەی هەندێک لە سیماتە کولتورییەکانەوە کە هەموو ئەمانە هۆکاری سەرەکین بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگەی

لۆکاڵیدا ، بەڵام لێرەدا ئەوەی کە گرنگە هۆشیاری گەشتیارییە کە ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت لە گەشەپێدانی چالاکی و پرۆژە گەشتیارییەکاندا ، ئەویش بە کارکردن لەسەر پەرەپێدان بە هۆشیاری گەشتیاری لای هاوڵاتیان لە میانەی ڕێکخستنی هەڵمەتی هۆشیارکردنەوەی گەشتیاری ، ئەم هەڵمەتانە هۆشیاری لای تاکەکان زیاتر دەکات ڕەنگدانەوەی لەسەر چۆنێتی مامەڵەکردنیان لەگەڵ گەشتیاری بیانی وناوخۆیدا دەبێت ، وا دەکات بە بەردەوامی گەشتیار ڕووبکاتە ناوچە گەشتیارییەکانی ئەو وڵاتەی کە ڕووی تێکردووە ، جگە لەوەش دەتوانرێت چەندین میکانیزمی تر پەیڕەو بکرێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری لای تاکەکانی کۆمەڵگەی لۆکاڵی ، لەوانە بە بەستنی کۆنگرە و خۆ ڕۆشنبیرکردن و زیندوکردنەوەی ژمارەیەک پیشەسازی دەستکردو تەقلیدی .

**د- گەشتیاری و لایەنی ئاسایش و سەلامەتی گەشتیار:**

تێکەڵاویکردنی گەشتیار لەپێناو بەدەست هێنانی ویست و پێداویستییەکانی لەگەڵ خەڵکی شوێنە گەشتیارییەکاندا پێویستی بەکەسانی ئاسایش پارێز هەیە ، بۆیە کاتێک دەیەوێت گەشتێک بکات ئەبێت کۆمەڵێ کەس لەوڵاتی میوانداری کەرەوە ئەمن و ئاسایشیان بۆ ڕیکبخەن تاکو بەکەشێکی ئارامەوە گەشتەکەیان بکەن ، ئەم کارەش دەستبەر نابێت تا هەندێک ڕێساو یاسای تایبەتی بۆ دەرنەکرێت ، ئەوەشی گرنگە باسبکرێت کەسەقامگیری بارودۆخی ئاسایشی وڵاتان زۆر گرنگە بۆهاتنی گرووپی گەشتیار ، هەرشوێنێک ئارام بوو گەشتیار ڕووی تێدەکات بەپێچەوانەوە گەشتیار ڕوو لەناوچەی پڕ پشێوی و نائارام ناکات (الرفاعي،١٩٩٨: ١٣٨-١٣٩).

گەشتیاری هاوکاری وڵاتان دەکات بۆ باشترکردنی پەیوەندیەکانی نێوانیان و چارەکردنی گرفتەکانیان بەگفتوگۆ و لێکتێگەشتن ، هۆکارێکە بۆ یەکتر ناسینی گەلان و نزیکبونەوەیان لە یەکتری و بڵاوبونەوەی ئاشتی لە نێوانیاندا (صابرین،٢٠١٨: ٣٢)

داهاتووی گەشەپێدانی گەشتیاری لەهەر وڵاتێکدا بەندە بەبوونی ژمارەیەکی باش لەو کەسانەی کە خاوەن تواناو لێهاتویی پێویستییەکانی بازاڕی گەشتیارین ، چ لەئێستادا و چ لەداهاتووشدا ، بۆیە هەندێک لەوڵاتان زۆر بەگرنگیەوە کاریان کردووە لەبواری دروستکردنی کادیری گەشتیار و بەتایبەتیش دروستکردنی کادیری پاراستنی ئاسایشی گەشتیاری ، کار دەکەن بۆ ڕاهێنانی کارمەند بۆخزمەتکردنی گەشتیاری بە باشترین شێوە بۆ بەڕیوەبردنی هۆتێل و مۆتێل و شوێنی حەوانەوە خواردنگەکان و چۆنیەتی کارکردن لە شوێنە مێژوویی و شوێنەوارییەکاندا ، هەروەها ئەوەی کە زۆر گرنکە بایەخدانە بە زانینی زمانەکان و چۆنیەتی فێربونی زمانەکان لای کرێکارانی شوێنە گەشتیارییەکان، بۆ ئەوەی بتوانن بەئاسانی و بەزمانی تایبەتی خۆیان گفتوگۆ لەگەڵ گەشتیاراندا بکەن ، هەر بۆیە کادیری گەشتیاری لەڕووی ئاسایشەوە دەبێت هێندە شارەزابن وبەبێدەنگی کاری خۆیان لەشوێنە

گەشتیارییەکاندا ڕاپەڕینن ، هەر کات کارمەند هەست بەبوونی مەترسیەک بکات خێراو بێ زیان هەوڵی چارەسەرکردنی دەدات (برسولی و وردة،٢٠١٢: ١٦-١٧).

کەواتە کەرتی گەشتیاری یەکێکە لەو کەرتانەی کە پێویستی بە سەقامگیری ئاسایش و سەلامەتییە ، کە ئەمە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە ڕاکێشانی گەشتیاران لە هەموو لایەکی جیهانەوە بۆ دەستەبەرکردنی ئەو ڕەگەزە گرنگە کە سەقامگیری ئاسایش و کۆمەڵایەتییە، بەمە ژمارەی گەشتیاران زۆر زیاد دەکات ، بەهۆی دروستکردنی کەشێکی بێدەنگ و ئارام و دڵنیای دەروونی کە زۆر گرنگە بۆ گەشتیار ، هەرچەندە هەرێمی کوردستان خاوەنی هەموو توانستە سروشتی و مرۆییەکان بێت کە ئەمانە فاکتەری گرنگن بۆ ڕاکێشانی گەشتیاران ، بەڵام ئەگەر لە ڕووی ئاسایشەوە کەموکورتی هەبێت ئەوا گەشتیار تووشی دڵەڕاوکێ و ترسی دەکات ، وا دەکات گەشتیار هەرگیز سەردانی ئەو ناوچانە نەکات ، ئەمەش کاریگەری لەسەر داهاتی گەشتیاری و داڕووخانی بارودۆخی گەشتیاری دەبێت ، هەر بۆیە پێویستە هەموو ڕێگایەکی گونجاو بگیرێتە بەر بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری لە نێوان هەموو چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە کە بناغەی سەرەکی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتییەو ، بنەمایەکیشە بۆ دەستەبەرکردنی ئەمن و ئاسایش بۆ گەشتیار لە ناوچە گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستان و گرتنەبەری هەموو ڕێوشوێنێکی پێویست بۆ پاراستنی گەشتیار.

**هـ- پەیوەندی گەشتیاری بە کێشە کۆمەڵایەتیەکانەوە :**

زۆرجار گەشتیاری هۆکارە بۆ دروستبوونی کێشەکۆمەڵایەتیەکان بەتایبەتی لە کۆمەڵگە داخراوەکاندا کە پابەندی کۆمەڵێک دابو نەریتی تایبەت بە خۆیانن هەندێک لەو کێشانە دەبنە بەربەست لەبەردەم گەشتیارو وا دەکات گەشتیار لەو ناوچەیەی کە گەشتی بۆ کردووە بتۆرێت و جارێکی تر سەردانی نەکاتەوە لەو کێشانە ئەمانەن :

**١-دیاردەی منداڵانی سەر شەقامەکان**

بونی منداڵانی بێلانەوە بێ سەرپەرشت لەسەر شەقامەکاندا بۆ خۆی دیاردەیەکی ترسناکە بەهۆی ئەو کردە ناتەندروست ونایاساییانەی ئەنجامی دەدەن ، جا ئەو کردەو ڕەفتارانە بۆ بەدەست هێنانی پێویستی ڕۆژانەیان بێت یان لەلایەن هەرباندو گروپێکەوە خراپ سوودیان لێوەربگیردرێت ، ئەمان ڕەفتاری بەدەر لە بەهاو نەریتی باوی کۆمەڵگە لەسەر شەقامەکان ئەنجامدەدەن خەریکی دەرۆزەکردن-سواڵکردن و ئاژاوەنانەوە و لادانن ، لەناوچە گەشتیارییەکاندا دەبنە هۆی لەدەستدانی داهاتی خەڵکی ناوچە گەشتیارییەکان و گرفت و دڵەڕاوکێی دەروونی بۆ خەڵکی گەشتیار دروستدەکەن تا وایان لێدەکەن بەزوویی شوێنەکە بەجێبهێڵن ، چونکە سواڵکردنیان بەرێژەیەکی بەرچاو لەکەسانی بیانی و گەشتیارە ، هەر بۆیە ئەم کارەشیان لە شوێنە گەشتیارییەکاندا بەلاوە باشە بەهۆی بوونی گەشتیارەوە پارەی

باشیان دەست دەکەوێت بۆ نموونە ، نزیک هەرەمەکانی میسر و جیزە و لە شوێنە شوینەواریەکان و لەبەردەم هۆتیل و مۆتێلەکانی نیشتەجێبونی گەشتیاراندا ، زۆر لە گەشتیاران دەپاڕێنەوە کە شتیان لێبکڕن لەکاتی دروستبونی قەرەباڵغیشدا دەست دەکەن بەدزینی کەل وپەلی گەشتیاران لەکاتی سەرقاڵیان بەشتکڕینەوە ، یان لەشوینی سواربوونی بەلەم و کاتی چوونی گەشتیار بۆناو هۆتێلەکان ئەمان هەل دەقۆزنەوە و دەرۆزە دەکەن و چاوەڕوانی خواردن و بەرماوەی ناو هوتێلەکان دەکەن . هەموو ئەمانە وێنەیەکی هزری ناشیرین دروستدەکەن بۆ گەشتیارو کاریگەری لەسەر ڕێژەی هاتنی گەشتیار دەبێت بەتایبەت گەشتیاری دووەم جار کەبیەویت سەردان بکاتەوە (عبدالغني و طه ، ٢٠١٩ : ٣٠٦ ) .

**٢-دیاردەی سواڵکردن:**

سواڵکردن شێوە و جۆری زۆرەو لە کەسێکەوە بۆکەسێکی ترو لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی ترو لەولاتێکەوە بۆولاتێکی تر دەگۆڕێت ، لەکۆندا لەسەر ڕێگاکاندا وەستاون وداوای پارەیان کردووە یان بەکۆلانانداا گەڕاون ماڵ بەماڵ داوایان کردوە لە خەلکی ، بەلام لەئەمڕۆدا شێوەکان گۆڕاون و کەسەکان چەندەها شێوەو شێوازی نوێ و هاوچەرخیان دۆزیوەتەوە بۆ سوالکردنەکەیان ( الشرفات ، ٢٠١٣ : ٦٣ ) . لە ولات و شوێنە گەشتوگوزارییەکاندا بەتایبەت لەکاتی گەڕانی گەشتیاراندا دەبینین منداڵان شوێنی کەسانی گەشتیار دەکەون و شێوازی جیاواز بەکاردەهێنن بۆ ڕاکێشانی سۆزی گەشتیاران دەستکەوتی مادی ، بۆیە زۆرجار ولات و شارو حکومەتەکان دەکەونە خۆیان بۆ کەمکردنەوەو ڕێگری کردن لەم حالەتە ، بەلام بارودۆخەکە لە ئەوروپاو ڕۆژهەلاتی ئاسیا زۆر جیاوازە ، چونکە ئەم دیاردەیە دەقۆزرێتەوە بۆ زیاتر سەرنج ڕاکێشانی گەشتیاران ، بۆ نموونە لەهیندستان سواڵکەران جل وبەرگی میلی ولاتی هیند لەبەردەکەن لەکاتی سوالکردندا ، لەئیسپانیادا سواڵکەران هەڵدەستن بەسەماکردن و شێوە فۆلکلۆریەکانی سەمای خۆیان ئەنجامدەدەن وەک ڕێگەیەک بۆ پەیداکردنی پارە بەتایبەت بۆ کەسانی گەشتیار لەناو مەیدانەکانی مەدریددا ، لەفەڕەنساشدا سواڵکەران جلوبەرگی قەرەج لەبەردەکەن باوەشێک گوڵیان پێیەو دەیفرۆشن، یان گروپی سەماکردن دروستدەکەن و دوای تەواو بوون خەڵکە گەشتیارەکە پارەیان دەدەنی ( عبدالغني و طه ، ٣٠٧ ). لە هەرێمی کوردستان ئەم دیاردەیە بوونی هەیە سواڵکەران بە جلوبەرگی دڕاو لە بازاڕی ناوچە گەشتیارییەکاندا دەکەونە سواڵکردن لەگەشتیاران بۆ ئەوەی سۆزی گەشتیاران بەلای خۆیاندا ڕابکێشن

**٣- دیاردەی گێچەڵی سێکسی ( تحرش الجنسی) و کردەی تاوانکاری :**

ئەم کارە ڕەفتارێکی بەئەنقەسەتە لەلایەن کەسی دەستدرێژیکارەوە ئەنجامدەدرێت بۆکەسێکی دیکە کە ئەو ڕەفتارەی هیچ پێ پەسەندنیەو ڕەتیدەکاتەوە ، بەجۆرێک کەسە دەستدرێژی لەسەرکراوەکە توشی ئازاردانی دەروونی و جەستەیی و ئاکاری دەبێتەوەو بەتایبەت بۆسەر ڕەگەزی مێینە دەکرێت لەهەر

جێگەیەک بێت ڕووبەڕووی ئەم حاڵەتە ببێتەوە ، وەک شوێنی کارو ناو دامەزراوە پەروەردەیەکانداو لەڕێگاوبانەکان و شوێنی هاتوچۆو ناو ئامرازەکانی هاتوچۆکردندا وەک پاس ومیترۆ و شەمەندەفەر و تەکسی (حسن و شکری ، ٢٠٠٨ : ٥).
بەڕێژەیەکی زۆر هۆکاری ئەم دەستدرێژی و گێچەڵە سێکسیانە دەگەڕێتەوە بۆ هۆشیاری تاکەکانی کۆمەڵگە بەگشتی ، ئەم کارە ڕەنگدانەوەی ئەو پەروەردە کۆمەڵایەتیە پڕ لە زەبرو زەنگەیە کە مرۆڤی پێ پەروەردەکراوە ، جگە لەوەش پرۆگرامە پەروەردەییەکان و سیاسەتی پەروەردەیی تاڕادەیەکی زۆر بێباکە لەباسکردن و بنبڕکردنی ئەم دیاردەیە لەکاتی پەروەردەکردنی نەوەکانی کۆمەڵگەدا ، کاری دەوڵەتیش لەم بارەوە تەنها هەندێک ڕاهێنان و کۆنفرانس و کاری ڕۆتینی یە کە بەزۆری هیچ شتێک لەواقیعی ئەو بارودۆخە لەسەر ئەرزی واقیع و ژیانی کۆمەڵایەتیدا ناگۆڕێت و هیچ لەم دیاردەیە لە کۆمەڵگەدا کەمناکاتەوە ( الزق ، ٢٠١٧ : ٨٢).

**٤-دیاردەی بەرزکردنەوەی نرخی کاڵاکان :**

هەمیشە گەشتیاران ڕووبەڕووی دیاردەی گرانفرۆشی دەبنەوە لەلایەن فرۆشیارانەوە لە شوێنە گەشتیارییەکاندا ، بەهۆی ئەو جیاوازییە کولتوریەی کەهەیە لەنێوان کەسی گەشتیارو خەڵکی ناوچە گەشتیارییەکاندا ، چونکە هەمیشە گەشتیار بەگوێرەی بارودۆخی وڵاتی خۆی چاوەڕوانە خزمەتگوزاریەکان باش و هەرزانبن ، ئەگەر کەسانی فرۆشیار بەگرانکردنی کاڵاو خزمەتگوزاریەکان بکەن ئەم دیگاو بارودۆخەی وڵاتەکەی لەبەرچاو ناشیرین دەکەن ، بەهۆی نەبونی چاودێری و ڕۆشنبیری گشتی خودی فرشیارەکانیشەوە ، بەمەش گرفت دروستدەبێت و گەشتیار ناچارە ڕێکەوتن لەسەر نرخەکان لەگەڵ فرۆشیاردا بکات و فرۆشیاریش بەگوێرەی بارودۆخی ئابووری وڵاتەکەی خۆی نرخەکانی لەسەرگران دەکات ، بۆیە کەسی گەشتیاریش وادەزانێ ئەم نرخانە دەوڵەت دیاریکردووە ناچار دەیانکرێت . ( الزق ، ٢٠١٧: ٨٣).
کەواتە لەمەوە دەگەینە ئەوەی چەندین کێشەی تر هەن کە پەیوەندیان بە سەلامەتی گەشتیارەوە هەیە جا کێشەکان یان ڕاستەقینەن یان پێشبینیکراون کە کاریگەری خراپیان لەسەر ناو ناوبانگی ئەو وڵاتەی کە گەشتیار ڕووی تێکردووە هەیە ، بەمە ترس لای گەشتیارو کاریگەری خراپ لەسەر ئاسۆی گەشتوگوزاری لای زۆربەی ئەو وڵاتە گەشتیارانە دروست دەکات ، یەکێکیتر لەو کێشانەی کە بەهۆی گەشتوگوزارەوە دروست دەبن بریتییە لە ململانێی نێوان نەوەکان ، کەوا گەشتوگوزار کەلێنێک دروست دەکات لە نێوان نەوەیەک کە پارێزگاری لە کولتورو دابونەریتی کۆن دەکات لەگەڵ نەوەیەک کە لە بارودۆخێکی جیاواز لەو بارودۆخەی ئەوان دەژین ، بەمەش بەریەککەوتن لە نێوانیاندا ڕوودەدات بە تایبەتی لەسەر ئاستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ، هەروەها گەشتیاری کاریگەری هەیە لەسەر

دروستبوونی جیاوازی لە نێوان چینەکانی کۆمەڵگە ، بۆیە ئەو وڵاتانەی ئاستی بژێویان نزمەو کەمدەرامەتن ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕێژەیەک لە لە تاکەکانی ئەم کۆمەڵگایانە بۆ ئەوەی بە خێرایی بگەنە توانایەکی دارایی باش هەوڵ بۆ چەندین شێوازی ناڕەوا دەدەن لە بازاڕی ڕەشدا کار دەکەن بۆ ئیستغلالکردنی گەشتیار لە هەموو بوارەکاندا و هەندێک ووێنەی نەشیاو لە ژێر چەندین ناوی جیاوازی وەک ڕابواردن و خۆشی و چێژ وکات بەسەربردن بڵاودەکەنەوەو لەبەرامبەر ئەمانەدا پارەیەکی زۆریان دەست دەکەوێت ، هەموو ئەمانە دەبنە کێشە بۆ گەشتیار لەو ناوچە گەشتیاریانەی کە ڕووی تێکردووە ، چەندین کێشەی تر هەن کە گەشتیاری دروستی دەکات ، وەکو زۆربوونی ڕێژەی تاوان و ئالودەبوون بە مادە هۆشبەرەکان و مەی خواردنەوە و دروستبوونی کێشە خێزانییەکان ، بەڵام لە هەرێمی کوردستاندا تاڕادەیەک ئەو کێشانە کەمترن و ئاسەوارەکانی ئەو کێشانە لە چەند لایەنێکی جیاوازەوەیە ، وەکو گۆڕانی ڕەفتاری هەندێک لە هاوڵاتیان لە ڕێزگرتن و میوانداریەوە بۆ ئیستغلالکردنی گەشتیار ، یان هەندێک بەهاو ئاراستەو دابو نەریتی تازە دروست دەبن کە لەگەڵ کەلتورو دابونەریتی دانیشتوانی ناوچە گەشتیارییەکاندا ناگونجێن و کتوپڕە بۆیان دەبێتە هۆی دروستبوونی چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی.

**دووەم : ڕۆڵی گەشتیاری لە ژینگەدا :**

گەشتیاری دەتوانێت زۆر بەباشی دەرامەتەکان و سەرجەم لایەنە ژینگەییەکان بەکاربێنێ و ڕێگری بکات لە لەناوچوون و زیان گەیاندن پێیان ، دەبێت زەوی گەشتیاری لەڕووی ژینگەییەوە بەجۆرێک بەکاربێت کە زۆرترین سودی هەبێت و کەمترین زیانی بەربکەوێت ، لایەنی گەشتیاری گرنگی دەدات بە جوانکاری زەوی شوێنە گەشتیارییەکان جا چ سروشتی بن ئەوە دەپارێزرێن و چ دەستکردیش بن بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ دانراو دەکرێنە شوێنی گەشتیاری ، ئەمەش لەپێناو هێشتنەوەیان وپاراستنیان ودووبارە نوێکردنەوەیان بە باشترین شێوە (غنیم وسعد ، ٢٠٠٣ : ٤٢ ) .

کەرتی گەشتوگوزار دەکرێت وەک هەر کەرتێکی دیکە کاریگەری ئەرێنی و نەرینیشی بۆ سەر ژینگە هەبێت ، گەر کار بکرێت بۆ پاراستنی ژینگەی سەوزایی وشوێنی مێژووی و ناوچەی شوێنەواری لەکاتی پەرەپێدان بە کەرتە گەشتیارییەکاندا ، ئەوە بەسود دەشکێتەوە بۆ لایەنی ژینگە ، زۆربەی وڵاتانی تازەگەشەسەندوو هەستاون بە ئەنجامدانی چەندین پرۆژەی ئابووری وژینگەیی بۆ بەرەو باشترکردنی ژیانی دانیشتوانە لۆکاڵییەکان ، بۆیە دەکرێت گەشتیاری سوودی زۆر لەگەڵ خۆی بۆ وڵات و شوێنە گەشتیارییەکان بێنێت ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەدەرنیە لە کاریگەری نەرێنی و لایەنی زیانمەند بۆ سەر خودی ژینگەو شوێنەوارەکان ، بۆیە گەشەپێدان بە کەرتی گەشتیاری نابێت لەسەر حیسابی زیان گەیاندن بەکەرتەکانی دیکە بێت بەتایبەت ژینگە ، چونکە ژینگە واتە ئەو شوێنەی کەهەموومانی تێدا

دەژیین ، گەشەپێدانیش واتە هەوڵدان بۆپاراستنی پشکی هەریەکێکمان لەسەر ئەو ژینگەیە ( جادالله ، ٢٠٠٩ : ١٦).

ژینگە بە بنەمایەکی سەرەکی چالاکی گەشتیاری هەژمار دەکرێت ، چونکە ژینگەی پاکوخاوێن گرەنتییە بۆ گەشتیارییەکی نوێ ، هەربۆیە گەشەپێدانی دەرامەتە ژینگەییەکان دەبێتە هۆی بەردەوامبوونی چالاکی گەشتیاری ،سەرەڕای ئەوەی بەیەکێک لە لە فاکتەرە کاریگەرەکانی وەبەرهێنانی گەشتیاری بۆ داهاتوو هەژمار دەکرێت ، بۆیە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەگەڵ ڕێکخراوی جیهانی گەشتیاری(W.T.O) لە ساڵی (١٩٨٢) ڕێکەوتنێکی هاوبەشیان لەژێر ناوی (گونجاندن لەنێوان گەشتیاری و ژینگەدا ) مۆرکرد، ئامانجیان بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەیی لەنێوان گەلانی جیهاندا و ڕەچاوکردنی پاراستنی ژینگەو گەشەپێدانی بوو (البرزنجي ،٢٠١١ :٣٤٢) . هەروەها لەساڵ (٢٠٠٢) دا کۆنگرەیەکی هاوبەش لەنێوان ڕێکخراوی گەشتیاری نێودەوڵەتی و ئەنجومەنی گەشتکردنی جیهانی لە کەنەدا لەژێر ناونیشانی (گەشتیاری ژینگەیی ) بەسترا ، کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەهەمان ساڵدا هەڵمەتێکی جیهانی بەرپاکرد بۆ ئەم مەبەستە بەجاڕدانێک پێشنیازی کرد ، کە ساڵی (٢٠٠٢) بکرێت بە ساڵی گەشتیاری ژینگەیی ، بە ئامانجی پەرەپێدانی بیرۆکەی ئەوەی کە کە گەشتیاری بکرێت بە هۆکارێک بۆ پاراستنی ژینگە (ڕەشید ،٢٠١١ :٣٥) ، هەربۆیە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ژینگەییی لەڕێگەی گەشتیارییەوە پێویستی بە بەردەست بوونی دوو هۆکاری سەرەکی هەیە لەوانە:

هۆکاری یەکەم : گەشتیاری ژینگەیی ئامانجێکی هەیەو دەیەوێت بەدی بهێنێت ، ووێنایەکی لەخەیاڵدایە دەیەوێت لەسەرئەرزی واقعی بیکاتە ڕاستی ئیتر گرنگ نییە واقیع گونجاو دەبێت بۆ ئەو کارەی ، واتە ژینگەکە لەبارە یاخوود نالەبارە.

هۆکاری دووەم: گەشتیاری ژینگەیی پەیامێکی هەیە بۆ ئەوەی بیگەیەنێتە تەواوی گەلانی دنیا بە جیاوازی ڕەنگ و زمان و نەژاد و بیرکردنەوە و شێوە جیاوازەکانیانەوە ئەو پەیامەی خۆی بگەیەنێت ، ئەوەش بۆ لایەنی باشەی مرۆڤایەتی و بۆمانەوەو هێشتنەوەی ژینگە بەدروستی و تەندروستی ، بۆیە لە داهاتوودا دەبێت سەرجەم ڕێگەکانی ناردنی ئەو پەیامە بگیرێتەبەر و چاوەڕوانی پەرچەکرداری تەواوی مرۆڤایەتیە بۆ بەدی هێنانی ئەو پەیامەی کە هەیەتی ( ابراهیم ، ٢٠١٣ : ١٠٣-١٠٤) .

هەر بۆیە لەدوای یەکگرتنی ئەم دوو هۆکارە و گرنگی گەشتیاری ژینگەیی دەست پێدەکات ، لەبانگەوازکردنی بۆ گۆڕینی ڕەوشتی مرۆڤەکان ڕووە و سەلامەتی ژینگەیی و سەلامەتی تەواوی ئەو پرۆژانەی کە لەلایەن حکومەتەکانی دنیاوە دەکرێن یان بڕیارە لەداهاتوودا بکرێن بۆ ئەوەی بێ زیان بن بۆ سەر ژینگە ، هەروەها بۆ ئەوەی ڕەفتارێکی سەلامەت بن بۆ چارەسەرکردنی تێکچوونی ژینگە . دەبێت لەو پرۆژانەدا پرس بەکەسانی پسپۆڕی ژینگەیی و شوێنەواری بکرێت ، تاکو ژینگە بەگشت لایەن

و بەشەکانیەوە نەشێوێندرێت ، گەر وابوو گەشتیاری ژینگەیی بەڕاستەوخۆ بێت یان بە ناڕاستەوخۆ دەبێتە کەرتێکی دەوڵەمەندو کاریگەرو بەیەکداچوو لەگەڵ کەرتە پیشەسازیەکانی دیکەدا و داهاتی باشی بۆ وڵات و حکومەتەکان دەبێت و بەم هۆیەشەوە کاریگەری دەبێت و هاوکار دەبێت بۆ گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی (بن صابرة و عريس ، ٢٠٢٠ : ١٧ و ٢٢).

لێرەدا کاریگەری دوولایەنەو پێچەوانە لەنیوان کەرتی گەشتیاری و ژینگەدا هەیە ، گەر ژینگە دروست و تەندروست بوو ئەوا کەرتی گەشتیاری گرنگ و پێشکەوتوو دەبێت ، ئەگەر ژینگەش ویران و نالەبار بێت ئەوا کەرتی گەشتیاری وێران و نالەبار دەبێت . هەروەها گەشتیاری هەمیشە هەوڵدەدات ژینگە پاک و چاکو بێخەوش بێت ، بۆ ئەوەی بەباشی کارەکانی خۆی وەک کەرتی گەشتیاری ڕاییێت و لەبرەو دابێت ( احمد و حمزة ، ٢٠٠٨ : ١١٩).

کەواتە لێرەوە دەگەینە ئەوەی کە ژینگە ڕۆڵێکی گرنگی لە بەرەو پێشبردنی کەرتی گەشتیاری لە جیهاندا هەیە ، چونکە هەتا ژینگە پاک و تەندروست بێت گەشتیاری زیاتر گەشە دەکات و دەبوژێتەوە ، گەشتیاری بە یەکێک لە سەرچاوەکانی پاراستنی ژینگە دادەنرێت نەک بە سەرچاوەی پیسبوونی ، بەڵام بە پێچەوانەشەوە ، لەگەڵ ئەوەی لایەنی ئەرێنیشی هەیە گەشتیاری سەرچاوەیەکی سەرەکییە لە سەرچاوەکانی پیسبوونی ژینگە ، کە ئەویش بەهۆی دروستکراوەکانی مرۆڤەوەیە . بۆیە پێویستە هاوسەنگی لە نێوان گەشتیاری و ژینگەدا بکرێت ، لە هەرێمی کوردستاندا زیادبوونی ژمارەیەکی زۆر لە گەشتیار بە تایبەتی لە وەرزی هاویندا بەربەست دروست دەکات لەبەردەم خزمەتگوزارییەکانی دەوڵەتدا هەر لە ئامرازەکانی گواستنەوەو هۆتێل و هەموو خزمەتگوزارییەکانی ئاو کارەباو ڕێگاوبان ، چونکە بەکارهێنانی ئەو خزمەتگوزارییانە دەبنە هۆکار بۆ پیسبوونی ژینگە ، جگە لەوە فڕێدانی خۆڵ و خاشاک لە ناوچە گەشتیارییەکان ، لەهەمان کاتدا زیان گەیاندن بە هەندێ لە شوێنەوارە مێژووییەکان لە لایەن گەشتیارەو هۆکارە بۆ زیان گەیاندن بە ژینگە ، هەربۆیە گەشەپێدانی ناوچە گەشتیارییەکان پێویستە بە جۆرێک بێت زیان نەگەیەنێت بە بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی و ئابووری دانیشتوان یان ژینگە یان دەرامەتە سروشتییەکانی کە بە فاکتەری کێشکردنی سەرەکی گەشتیاری دادەنرێت .

**سێیەم : ڕۆڵی گەشتیاری لە لایەنی ئابووری کۆمەڵگە :**

گەشتیاری بەیەکێک لە هۆکارە بەهێزەکانی پتەوکردنی لایەنی گەشەپێدانی ئابووری دادەنرێت ، پێگەی ئابووریانەی گەشتیاری لە دەوڵەتێکەوە بۆ دەوڵەتێکی دیکە گۆڕانی بەسەردادێت ، بەڵام تەواوی پسپۆڕانی ئابووری هاوڕان لەسەرئەوەی کاریگەری ئابوری گەشتیاری یەکێکە لە کاریگەرییە هەرە دیارەکان بۆ سەر لایەنی ئابووری لەساڵی (١٩٨٥) گەشتیاری بوو بە گەورەترین بواری پیشەسازی لەسەر ئاستی تەواوی دنیادا بەگوێرەی ئەو ڕاپرسیانەی کەنەتەوە یەکگرتوەکان ئەنجامیداون ، بۆیان

دەرکەوتووە لایەنی ئابووری کەرتی گەشتیاری لایەنێکی هەرە گرنگی پێکهاتەی بونیادی ئابووری وڵاتە ، بەهۆی ئەوەی دەتوانێ دراوی قورس بۆ وڵات دەستەبەر بکات و هەلی کاربڕەخسێنێت.

گەشتیاری ڕۆڵی لەسەر بوژاندنەوەی کەرتە ئابوریەکانی دیکە هەیە ، بەمەش ئابووری بەگشتی دەبوژێنێتەوەو بە هۆیەوە گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی لەوڵاتدا دەستەبەر دەکات ، جگە لەوە بەرەوپێشچوونی وەبەرهێنان لەبواری گەشتیاریدا وادەکات وڵات باکی نەبێت بەهاوردەکردنی زۆرێک لەکاڵاو شمەکی وەبەرهێنەرو خۆی پشت ببەستێ بەبازاڕی ناوخۆیی بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ( الدليمي و مجول ،٢٠٢٠ : ١٠٧-١٠٨).

دەکرێت ڕۆڵی گەشتیاری لە هاندانی لایەنی ئابوریدا بەدیاربخرێت لەڕیگەی توێژینەوەکردن لەسەر کاریگەرییە ئابوریەکانی گەشتیاری لەسەر گۆڕاوەکانی ئابوری نیشتیمانی ئەوانیش:

- **ڕۆڵی گەشتیاری لە دابینکردنی هەلی کار**: چالاکی گەشتیاری ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە دۆزینەوەی کار بۆ ژمارەیەکی زۆری دانیشتوان بەتایبەتی هێزی کار لە وڵاتە گەشتیارییەکاندا ، چونکە گەشتیاری بە پلەی یەکەم لەتەواوی چالاکییەکانیدا پشت بە دەستی مرۆڤ و بەشداری مرۆڤ دەبەستێت ، بەگوێرەی ئەو توێژینەوانەی لە وڵاتە گەشتیارییەکاندا ئەنجامدراون چالاکی گەشتیاری لەتوانایدا هەیە لەبەرامبەر کردنەوەی هەر ژورێک لە هۆتێلێکی پێنج ئەستێرەیی بەڕێژەی(٧٥,٢) هەلی کار بڕەخسێنێت، واتە ئەگەر هۆتێلێکی گەشتیاریی(٢٠٠) ژووری بکرێتەوە لەتوانایدا هەیە (٥٥٠) هەلی کار بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ بڕەخسێنێت ، ئەمە لەکاتێکدا ئەم ڕێژەیە دادەبەزێت بۆ (٢-٥,٢)هەلی کار لە هۆتێلی پێنج ئەستێرەیی بەرەوخوا ،بەگوێرەی زانیارییەکانی ئەنجومەنی جیهانی بۆ گەشتکردن و گەشتیاری(WTTC) لە ساڵی ٢٠١٣ کەرتی جیهانی گەشتیاری توانیویەتی هەلی کار بۆ (٢٦١)ملێۆن کەس بڕەخسێنێت ، لەساڵی ٢٠١٨ ئەو ژمارەیە گەشەیکردووە بۆ (٣٢٣)ملێۆن کەس ( عزيز ، ٢٠٢٢: ٥٩) ، هەربۆیە لەبواری دابینکردنی هەلی کاردا گەشتیاری لەسەرجەم کەرتەکاندا خزمەت بەتەواوی نیشتیمان دەکات ، بەتایبەت بۆئەو شوێن و شارو جێگایانەی شوێنی گەشتیارییان لێیە ( دليلة وبسمة ، ٢٠١٧ : ١٧).

-**زۆربونی خاوەن سەرمایەی بیانی:** دەکرێت گەشتیاری بەشێوەیەکی بەشەکی ڕۆڵی هەبێت لەهێنانە ناوەوەی دراوی نەختینەیی بیانی بۆ ناو وڵات ، وەک یەکێک لەهەنگاوەکانی جێبەجێکردنی پلانی گەشەپێدانی گشتگیر و ئەوبارودۆخەی کە هەیە لە وولاتانی تازەگەشەسەندوودا ، دەکرێت هەندێک جۆر لەزۆربونی دراوی بیانی بەهۆی گەشتیارییەوە باسبکەین بەمشێوەیەی لای خوارەوە:

-**بەشداریکردنی سەرمایەی بیانی لەوەبەرهێنانە تایبەتیەکانی کەرتی گەشتیاری** وەک ( هۆتێل و شوێنی حەوانەوەی گەشتیاری ) ، هەروەها ئەو پێدان و کرێ گەشتیارییانەی کە حکومەت وەریدەگرێت لەبەرامبەر پێدانی کارتی هاتنە ناوەوەی گەشتیاران بۆ ناو وڵات وەک ڤیزای گەشتیاری ، هەروەها

جیاوازی نیوان گۆڕینەوەی دراوەکان و ، خەرجی ڕۆژانەی گەشتیاران کە لەشوێنە گەشتیارییەکاندا خەرجی دەکەن ، سەرباری بوونی خواست لەسەرکڕینی هەندێک بەرهەمی ناوخۆیی و بەرهەمهێنراو لەلایەن گەشتیارانەوە جا لە هەر بەشێکی ناوکۆمەڵگەدا بێت ، ، هەروەها کاریگەری نەرێنی گۆڕانی قازانجی پشکەکان و هاتنی کرێکاری بیانی بۆ ناو وڵات و کارکردنیان لەم کەرتەدا ( موفق ، موقع الانترنیت) .

**-باشتکردنی تەرازووی پارەدان (تحسين ميزان المدفوعات)** : بەهۆی زۆربونی سەرمایەی بیانی لەوەبەرهێنانی کەرتی گەشتوگوزاردا بەهۆی باشتر بەکارهێنانی دەرامەتە مرۆیی و سروشتیەکان لە کەرتی گەشتیاری ، بەهۆی دروستکردنی پەیوەندی باشی کەرتەکە لەگەڵ کەرتەکانی دیکەی ئابووری وڵاتداو ، هەروەها بەهۆی هاتنە ناوەوەی گەشتیاری بیانی و هێنانی دراوی بیانی لەگەڵ خۆیان بۆ ناو وڵات لەهەردوو جۆری گەشتیاری ناوەکی و دەرەکییەوە ، بەم هەموو هۆکارانە داهاتی نیشتیمانی زیاد دەبێت وئەم زیادبونەش هاوکاری بونیادنانی پتەوی لایەنی ئابووری وڵات دەکات.

**-گەشەدان بەلێهاتوویە کارگێڕیەکان ودروستکردنی نەوەیەکی نوێ لەبەڕیوەبەران**، بوونی کۆمپانیای بیانی لە بواری گەشتیاریدا دەکرێت ببێتەهۆی باشترکردن وبەرەوپێشبردنی سیستەم و ڕێوشوێنی بەڕیوەبردنی ئەم کەرتە ، گرنگی ئەم ڕێگەیە خۆی دەبینێتەوە لە بەگەڕخستنی لایەنی تەکنەلۆژیا لەبواری کارگێڕی وبەڕیوەبردنی هۆتێلەکاندا . سەرەڕای ئەوە گەشتیاری ڕۆڵی لە گەشەپێدانی ئابووری لە وڵاتە جیاوازەکاندا هەیە ئەویش لەڕێگەی :

-هاندانی سەرمایەو سەرمایەداری ناوخۆیی بۆ وەبەرهێنانی نوێ وباشتر ، بەتایبەت لەبواری گەشتیارییدا بۆ هاوکاری لایەنی ئابووری وڵات ، هەروەها قۆستنەوەی باشتری ئابوریانەی ئەودەرامەتانەی کە لە وڵاتدا هەن بەتایبەت لە کەرتی گەشتیاریدا و ، باشترکردنی ئاستی خزمەتگوزاری کەرتەکانی تری وەک کەرتی گواستنەوەی وشکانی وئاوی وکەرتی پیشەسازییە خۆراکیەکان ( سمية ، ٢٠٢٠ : ٥٨-٥٩) .

داهاتی گەشتیاری یەکێکە لەو هۆکارو پلان و بەرنامەو ئامانجەکانی گەشەپێدانی کەرتی گەشتیاری بەتەواوی لایەنەکانیەوەو ، هۆیەکە بەدەست حکومەتەکانەوە بۆ بەرەو باشتربردنی ئاستی لایەنی ئابووری و بژێوی وڵات ، بەتایبەت گەر ئەو داهاتە گەشتیارییە لەڕووی بڕو ژمارەوە داهاتێکی زۆرو بەرچاو کاریگەر بوو ، بۆیە هەمیشە گرنگە ئەوە لەبارچاوو بگرین کە خەرجی و داهاتی کەرتی گەشتیاری بەیەکتری بەراوردبکرێت وبەردەوام کاربکرێت لەپێناو زیاتر کردنی داهاتی گەشتیاریدا ، بێگومان لەڕێگەی خەرجکردنی دروست و بەگەڕخستنی سەرمایە لەکەرتی گەشتیاریدا بەشێوەیەکی وردو بەرنامە بۆ داڕیژراوو ، هەربۆیە ژمارەیەی گەشتیار کە لە ماوەی ساڵانی (٢٠١٢-٢٠١٧) کە

هاتوونەتە کوردستان ، دەرکەوتووە ڕێژەکەیان ڕوو لەزیادبوونە ، بۆیە دێین تەنها خشتەی داهاتی گەشتیاری و ژمارەی گەشتیارانی کوردستان وەردەگرین لەماوەی ساڵی ٢٠١٢ دا وەک توێژینەوەیەک بۆزانینی داهاتی گەشتیاری بەم شێوەیەی لای خوارەوە :

خشتەی (٦)

ڕونکەرەوەی ئاماژە جۆراوجۆرەکانی لایەنی گەشتیاریە لەهەرێمی کوردستاندا (١)

| ئاماژەکان /ساڵ | ٢٠١٢ | ٢٠١٦ | ٢٠٢٠ | ٢٠٢٥ |
|---|---|---|---|---|
| خێزان بەهەزاران | ٣٩,٥ | ٤٥,٥ | ٥٢,٧ | ٦١ |
| ژ.گەشتیاربەملیۆنان | ٢,٢١٦ | ٣,٥٦٠ | ٥,١ | ٧ |
| داهات بەملیۆن دۆلار | ٦٠٠ | ١١٧١ | ١٦٨٠ | ٢١٧٠ |

١-بە پشتبەستن بە سەرچاوەی : ڕۆژگار حمد امین شیخاني، الابعاد الاجتماعیةوالاقتصادیة للتنمیة السیاحیة في اقلیم کوردستان، دراسة تطبیقة في مدینة اربیل ، مطبعة الثقافة ، اربیل ،٢٠١٦ ، ص١٦٣ .

کەواتە دەتوانین بڵێین لە ئێستادا زۆرێک لە دەوڵەتان گەشتیاری بە یەکێک لە سەرچاوە گرنگەکانی داهاتی نەتەوەی ئەژمار دەکەن و، هەرێمی کوردستانیش لە توانایدایە داهاتی نیشتمانی زۆر بەدەستبێنێت ، لەبەرئەوەی خاوەنی چەندین توانستی سروشتی و مرۆییە کە دەبنە هۆی ڕاکێشانی هەزاران گەشتیار بۆ ناوچە گەشتیارییەکان و بوژانەوەی شوێنەکانی حەوانەوەو چێشتخانەو کافتریاکان ...هتد ، کە هەموو ئەمانە سوودی ئابووری زۆری هەیە بۆ وڵات ، لەگەڵ هەموو ئەمانەدا گەشتیاری لەهەرێمی کوردستاندا ڕۆڵێکی گرنگی لەبەدەستهێنانی ڕێژەی گەشەی ئابووریدا هەبووەو کە ڕەنگدانەوەی لەسەر ئاستی پێشکەوتنی شارستانی کۆمەڵگەی کوردی هەبووە ، سەرەڕای ئەوەی بۆتە هۆی بەگژدا چوونەوەی بێکاری و دەستەبەرکردنی هەلی کاری جیاواز لە نوسینگە گەشتیارییەکان و هۆتێلەکان و ئاهەنگە گەشتیارییەکان و چەندین شوێنی تری گەشتیاری ، لەهەمان کاتدا ئەو داهاتەی کە لەسەرمایەی بیانیدا دەستدەکەوێت لە پرۆژە گەشتیارییەکاندا بەکاردەهێنرێت و ، ئەمەش ڕۆڵێکی گرنگی لە بوژانەوەی ئابووری وڵاتدا هەیەو دەبێتە هۆی باشترکردنی ئاستی بژێوی تاک و زیادکردنی ڕێژەی داهاتی نەتەوەی و بوژانەوەی کەرتی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستاندا . هەربۆیە گەشتیاری وەبەرهێنانی جۆراوجۆری هەیە وەک دروستکردنی هۆتێل و مۆتێل و گوندی گەشتیاری و ڕێستورانت و سەنتەری وەرزشی و کۆمپانیای گەشتیاری و ئامرازەکانی گواستنەوەو ، هەموو ئەمانە دەبنە پاڵپشتی بۆ چالاکییە ئابوورییەکانی تری وەک کەرتی کشتوکاڵی و پیشەسازی و خزمەتگوزارییەکانی تر .

## دووەم: بارودۆخی بزاوتی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستاندا:

کورد لەپاڵ نەتەوەکانی دیکەی وەک عەرەب وفارس وتورک ، یەکێکە لەگەلانی ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیا ، کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی تورکیاو ڕۆژئاوای ئێران و باکوری عێراق و سوریا ، لە دێر زەمانەوە لەم جێگەیەدا دەژین ، زۆرێک داڕشتە هەیە بۆ ووشەی (کورد) لەسەردەمانی زووەوە لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆکراوە، بەڵام هەر لەسەردەمی چاخی مەسیحییەوە تاکو ئەمڕۆ زاراوەی (کورد) زاراوەیەکە بەکاردێت بۆ کۆمەڵە خەڵکێک کە خاوەن تایبەتمەندی خۆیانن بەتێپەڕبوونی کات ئەو تایبەتمەندیانەیان وەرگرتووە ، ناوچە بەرزەکانی نزیک هەردوو ڕووباری دیجلەو فوراتیان بۆ خۆیان هەڵبژاردوە ، سەدان ساڵ دەبێت کۆمەڵە هۆزو تیرەیەک پێکەوە یەکیان گرتووە و هاوشێوەبوونی خۆیان بە یەکتری سەلماندوەو پێکەوە گردبونەتەوە بەیەکەوە پێکهاتەی نەتەوەی کوردییان دروستکردوە ، لە دوای ئەو گۆڕانکاریانەی کە هاتووە بەسەر گەلانی ناوچەکەدا ئەمانیش گۆڕانیان بەسەردا هاتووە لەڕووی شێوەی ژیان وئامرازەکانی ژیانیانەوە کاریگەربوون بەو گۆڕانکاری و کاریگەرییانەی کە لەڕووی کەلتوری و ئاینییەوە بەسەر تەواوی گەلانی رۆژئاوای ئاسیادا هاتووە (احمد و رشید،١٩٩٠: ٧

گەشتیاریش لە دنیادا بۆتە بەشێکی گرنگی ژیان ، چونکە پەیوەستە بەژیانی گەلانەوەو کاریگەری هەیە لەسەر ئەو پەیوەندیانەی کە لەنیوانیاندا هەیە ، بۆیە هەندێک لەو وڵاتانە توانیویانە زۆر بەباشی وەبەرهینانی تێدا بکەن و گەشتیاری بکەنە کارێکی کردەنی ودەست پێڕا گەیشتوو، هەندێک وڵات سەرەڕای ئەوەی کەسروشت پیی بەخشیوون توانیویانە ئەوشوێنانە گۆڕانکاری تێدا بکەن ، ئەو پێداویستی و ئامراز شێوازی وەها سەرنج ڕاکێشیان بۆ دابینکردون تاکو گەشتیار بۆ لای خۆیان کێش بکەن ، بۆیە دروستکردنی ژینگەیەکی جوانی گەشتیاری وگرتنەبەری ڕێگای بەرزی کارگێڕی بۆ بەڕیوەبردنی ئەو ناوچانە دەبنە هۆی هێنانە کایەی جیهانێکی گەشتیاری جیاواز (شامایا ، ٢٠٠٧ : ٨٩ ).

شوێنە گەشتیارییەکانی کوردستان بە درێژایی ساڵ و بەتایبەت لەهەردوو وەرزی گەرماو سەرمادا جێگەی سەرنجی گەشتیاری دانیشتوانی عێراقن ، بەهۆی نزمی پلەکانی گەرما لە هاویندا و بوونی زستانێکی پڕ بەفرو باران لە کوردستاندا سەرنجی گەشتیاری بۆ لای خۆی ڕاکیشاوە ، هەروەها ناوچە گەشتیارییەکانی کوردستان جێگەی گەشتکردنی خەڵکانی ناوچە سنووریەکانی سەر سنوری نێوان کوردستان و وڵاتانی دراوسێن ، کوردستان بۆ گەشتیاری ناوچەکانی خوارو ناوەڕاستی عێراق جێگەیەکی سەرنج ڕاکێشە هەر لە خەڵکی بەغدادەوە تا تەواوی شارەکان لە کۆنەوە ئەم سەردانە گەشتیارییە هەیە ، تەنانە لەبیستەکانی سەدەی ڕابردوەوە گەشتکردنی گەشتیاری عەرەبی بۆ کوردستان بوونی هەبووە و بەردەوامیشە ، تا ئێستاش کۆشکی حەوانەوە گەشتی پاشای عیراق لەسەدەی ڕابردوودا بەڕوونی دیارە کە لە بەرزاییەکانی زاوێتەدا ، شارێکە دەکەویتە کەناری پارێزگای دهۆکەوە بە

دووری ٤٥٠ کم ، دروستیکردوە ، لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو هەولێر ناونراوە بەپایتەختی گەشتیاری هاوینەی عێراق ( الصفار ، ٢٠٢١ ، ٢٠٨ ) . لە بەرەبەیانێکی ڕۆژانی ساڵی (١٩٩١)دا ڕۆژی ئازادی کورد هەڵهات و گەل ڕاپەڕینی کرد دژی حکومەتی بەعسی و خاکی کوردستان ئازادکراو ڕاپەڕین سەری گرت ، لە (١٩) ئایاری ساڵی (١٩٩٢) یەکەم هەڵبژاردنی ئازادانە لە کوردوستان بەڕیوەچوو خەڵک نوێنەرانی خۆیان لە پەڕلەمانەکەیان هەڵبژاردو ، لە (٤ )ی حوزەیرانی (١٩٩٢)دا یەکەمین حکومەتی خۆماڵی کوردی دروستکرا بۆ بەڕیوەبردنی ئەو ناوچەو خاکەی کوردستان کە ئازادکرا ، هەروەها لە ساڵی (١٩٩٣) دا پەڕلەمان فیدراڵی بەخشیە هەرێمی کوردستان ، ئەمەش وایکرد حکومەتی بەعسی ئابڵۆقەیەکی توندی ئابووری بخاتە سەر کوردستان ، ئەمە سەرەڕای بوونی ئەو ئابلۆقە نێونەتەوەیەی کە خرابوویە سەر تەواوی خاک و حکومەتی ئەوسای عێراقی ، بۆیە بارودۆخ بەوجۆرە بەردەوام بوو تاکو (٩) نیسانی ساڵی (٢٠٠٣) ، ئیتر کوردستان بە تەواوی ئازادبو (خضر ،٢٠١٥ : ٧٠-٧١ ).

لەچوارچێوەی ئەو ئاڵنگارییانەی کەڕووبەڕوی جیهان بۆتەوە بە تایبەت بۆ وڵاتانی تازەپێگەشتوو، پەرەپێدانی گەشتیاری ڕێگەیەکی زۆر کارایە بۆ گەشەپیدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی بەتایبەت ئەووڵاتانەی کە تەنها پشت بەیەک دەرامەت دەبەستن ، ئەم پشت بەستنە بەیەک دەرامەتە بەزیان دەشکێتەوە بۆ باری ئابووری وڵاتەکە ، بۆیە کوردستان وەک ئەو وڵاتەی کەخاوەن چەندین دەرامەتی سروشتی وخواکردەیە ، وەک ئاووهەوای گونجاوو دیمەنی سرووشتی وچەندین شوێنی سەرنج ڕاکێشە ، بەمەش دەکرێت ببێتە جێگەیەک بۆ ڕاکێشانی سەرنجی خەڵکی بۆ لایەنی گەشتوگوزار چ لەناوە و چ لە دەرەوە ( علي ، ٢٠١٨ : ٣٢٧-٣٢٨) .

لەمرۆدا گەشتیاری بۆ کوردستان بۆتە شتێکی زۆر پێویست وحەتمی ، سەرەڕای ئەو سەرچاوە نەوتی وگازییەی کەهەیەتی ، بۆیە لەپێناو گەشەپێدان بەتەواوی کەرتەکان دەبێت هاوسەنگی بپارێزرێت لەکارکردن تیایاندا و بەتایبەت لەکەرتی گەشتیاریدا و دەکرێت بکرێتە پرۆژەیەکی بەردەوام ، بەتایبەت لە دوای بەستنی کۆنگرەی بەریتانیا لە شاری لەندەن کە لە( ٢٠١٣/٧/٢) کە پیناسەی لایەنی گەشتیاری کوردستان کراوە و بەستراوەتەوە بەتۆڕی گەشتیاری وڵاتانی تری جیهانەوە بۆ ناسین و هاوکاری دروستکردنی پەیوەندی نیوانیان بۆ ئەوەی کوردستان ببێتە جێگەیەک بۆ بەستنی کۆنفرانسی نێونەتەوەیی و ئاڵوگۆڕکردنی گەشتیاری لە دنیادا. ( صالح و حسن ،٢٠٢٠: ٢) .

بەهۆی ئەم کۆنگرەیەوە لە ساڵی (٢٠١٤) دا پارێزگای هەولێر کرایە پایتەختی گەشتیاری وگرنگی پێدانێکی زۆرو بایەخی باشی پێدراوە ، بەڵام لەساڵی (٢٠١٥) دا بەهۆی گۆڕانی بارودۆخی ڕامیاری و هاتنی گروپی چەکداری داعش بۆ ناوچەکە لایەنی گەشتیاری لاوازی بەخۆیەوە بینی ، تاکو سەرەتاکانی ساڵی (٢٠١٨) دا ڕێژەیەکی باش و بەرچاوی گەشتیار ڕوویان کردەوە کوردستان و ژمارەیەکی زۆری

گەشتیار لەپاریزگاکانی ناوەڕاست وخواروی عێراقەوە دەهاتن بەجۆرێک ژمارەکە گەیشتە نزیکەی (سێ) ملیۆن گەشتیار ، (١٥%) ی ئەو ژمارەیە گەشتیاری وڵاتانی تورکیاو ئێران ووڵاتانی کەنداووبوون ( (الصفار ، ٢٠٢١ : ٢٠٨-٢٠٩) . ژمارەی گەشتیاران لە هەرێمی کوردستان لە زۆر بووندایە بۆیە دەکرێت سوودی لێوەربگرین بە ڕێگای زانستی پێش بخرێت ، لە ساڵی (٢٠٠٧)دا ژمارەی گەشتیارانی هەرێمی کوردستان گەیشتە (٣٧٧٣٩٧) گەشتیار ، بەڵام لە ساڵی (٢٠٠٩) دا زیاتر لە (٧٩١٣٤٥) گەشتیارو ، لە ساڵی (٢٠١٠) دا زیاتر لە ( ١,٣١٣,٨٤١) گەشتیار بووە ( ڕۆستی ، ٢٠١١ ، ١٢) ، بەڵام ڕێژەی گەشتیارانی هاتوو بۆ هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵانی (٢٠١٢-٢٠٢١) بەم شێوەیەی لای خوارەوە بوو :

خشتەی(٧)

ڕێژەی بەراوردکردنی ژمارەی گەشتیارانی هاتوو بۆ هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی (٢٠١٢-٢٠٢١)

| ساڵ | ژمارەی گەشتیار | ڕێژەی زیادبوون |
|---|---|---|
| 2012 | 2216993 | %30 |
| 2013 | 2952027 | %33 |
| 2014 | 1529434 | %48- |
| 2015 | 782251 | %49 |
| 2016 | 1603400 | %1.5 |
| 2017 | 2100210 | %31 |
| 2018 | 3057642 | %40 |
| 2019 | 3789983 | %44 |
| 2020 | 845747 | %78 |
| 2021 | 4189596 | %81 |

سەرچاوە : وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار –دەستەی گشتی گەشتوگوزار ئاماری گەشتیارانی هاتوو بۆ هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی(٢٠١٢-٢٠٢١) لەڕێکەوتی ٢٠٢٢/٤/٧

خشەی ژمارە(٨)

ژمارەی گەشتیارانی هەرێمی کوردستان بە گوێرەی پارێزگاکان لە نێوان سالآنی (٢٠١٢-٢٠٢١)

| سال / پارێزگا | 2012 | 2013 | 2014 | 2015 | 2016 | 2017 | 2018 | 2019 | 2020 | 2021 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 151883 | 2029623 | 937591 | 579876 | 776165 | 996621 | 1644942 | 1983391 | 630340 | 2051550 |
| سلێمانی | 374276 | 444807 | 333478 | 146498 | 728823 | 733358 | 1007296 | 1140760 | 61026 | 1501881 |
| دهۆک | 302004 | 444414 | 229630 | 49639 | 88390 | 279875 | 35852 | 618638 | 150000 | 613978 |
| گەرمیان | 0 | 33183 | 28735 | 6238 | 10022 | 90356 | 46884 | 47194 | 4381 | 22160 |
| کۆی گشتی | 2216993 | 2952027 | 1529434 | 782251 | 1603400 | 2100210 | 3057642 | 3789983 | 845747 | 4189596 |

سەرچاوە : وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار –دەستەی گشتی گەشتوگوزار ئاماری گەشتیارانی هاتوو بەگوێرەی پارێزگاکان بۆ سالّی( ٢٠١١-٢٠٢١) لە ڕێکەوتی٢٠٢٢/٤/٧

خشتەی ژمارە (٩)

ژمارەی گەشتیارانی هاتوو بۆ هەرێمی کوردستان بە گوێرەی ڕەگەزەکان لە سالّی ( ٢٠١١-٢٠٢١)

| | 2012 | 2013 | 2014 | 2015 | 2016 | 2017 | 2018 | 2019 | 2020 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ناو هەرێم | 131144 | 45984 | 273326 | 171445 | 383340 | 420042 | 611528 | 757998 | 92614 |
| دەرەوەی هەرێم | 1470138 | 1933544 | 1000762 | 526962 | 843949 | 1302131 | 1895738 | 2349789 | 670873 |
| بیانی | 433711 | 558636 | 255346 | 83844 | 376111 | 378037 | 550376 | 682196 | 82260 |
| کۆی گشتی | 2216993 | 2.952027 | 1529434 | 78225 | 1603400 | 2100210 | 307642 | 3789983 | 845747 |

سەرچاوە : وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار –دەستەی گشتی گەشتوگوزار، ئاماری گەشتیارانی هاتوو بەگوێرەی ڕەگەزەکان بۆ سالّی( ٢٠١١-٢٠٢١) لە ڕێکەوتی٢٠٢٢/٤/٧

تێبینی : لێرەدا دەبینین ژمارەی گەشتیارانی ناو هەرێم لە سالّ (٢٠١٢-٢٠١٩) ڕوو لە زیادبوون بوو بەجۆرێک سالّی (٢٠١٢) گەیشتە (١٣١١٤٤) گەشتیار و ، سالّی (٢٠١٩) گەیشتە (٧٥٧٩٩٨) ، بەلاّم ئەم

ژمارەیە بۆ ساڵی (٢٠٢٠) ڕوو لە کەمبوون بوو ، ئەویش بەهۆی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا لە هەرێمی کوردستان ، هەروەها سەبارەت بە گەشتیارانی دەرەوەی هەرێم و گەشتیارانی بیانیش بەهەمان شیوە لە (٢٠١٢ –٢٠١٩ ) ڕوو لە زیادبوون بوو ، بەڵام بۆ ساڵی (٢٠٢٠) کەمی کرد بەهۆی پەتای کۆرناوە کە لە خشتەی (٩) دا ئاماژەمان پێداوە . سەرەڕای ئەوەش لە ئێستادا ژمارەی گەشتیارانی هاتوو بۆ هەرێمی کوردستان ساڵ بە ساڵ لە زیادبووندایە ، لێرەدا بۆ ئەوەی بە بارودۆخی بزاوتی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستاندا ئاشنا بین پێویستە توانستە گرنگەکانی گەشتیاری جۆرەکانی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستاندا بخەینەڕوو ، چونکە هەرێمی کوردستان خاوەنی توانستی گەشەپێدانی گەشتیارییە بە هەردوو جۆری سروشتی و مرۆییەوە کە بە ڕەگەزێکی گرنگی سەرنجڕاکێشانی گەشتیاری دادەنرێن لەهەمان کاتدا خاوەنی چەندین جۆری گەشتیارییە هەروەک لەخوارەوە ئاماژەمان پێداوە .

**سێیەم: توانستەکانی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستاندا**

هۆکارەکانی سەرنج ڕاکێشانی گەشتیار ڕۆڵێکی زۆر گەورە دەبینن لە هێنانی گەشتیار بۆ ناوچەیەکی دیاریکراوو، بۆ ئەوەی پشووی خۆیان تێدا بەسەربەرن ئەو هۆکارە سەرنج ڕاکێشانەش دەکرێن بە پێنج جۆرەوە:

**أ- توانستە سرووشتییەکان**

لەزۆرشتی وەک پێگەی جوگرافی وکەش و هەواو ڕووبارەکان و کانی و کارێز و سەرچاوە ئاوییەکان و شاخ و کێو و دەریاچە ئاویەکان و ڕووەکی سروشتی و ئاژەڵانی کێویی دەگرێتەوە ، دەکرێت بەم شێوانەی لای خوارەوە بقۆزرێنەوە بۆمەبەستی گەشتوگوزاری ( بوعکریف ، ٢٠١٢ : ١٨).

**١-شوێنی جوگرافی (هەڵکەوتەو پێگەی جوگرافی):**

شوێنی جوگرافی ڕۆڵی گرنگی هەیە لەناو هۆکارەکانی سەرنج ڕاکێشانی گەشتیاراندا ، کار دەکات لە دیاریکردنی تایبەتمەندیە سروشتییەکانی شوێنە جوگرافی و گەشتیاریەکاندا ، شوێنی گەشتنی گەشتیارو دەرچوونی گەشتیار لە ناوچەی گەشتیاریدا دیاریدەکات بۆ زانینی کاتەکانی گەیشتن و جێهیشتنی شوێنەکان لەلایەن گەشتیارانەوە ( القرني ، ٢٠٢١ : ٢٢٦ ).

شوێنی کوردستان لە باکوری ڕۆژهەڵاتی عیراقدا جێگەی گرتووە ، بەم جێگەیەشی دراوسێیە لەگەڵ تورکیاو سوریاو عێراقدا . هەندێک ڕێڕەوی سنوری هەیە کە دەیان بەستێتەوە بەم سێ وڵاتەوە ، دەروازە سنوریەکان هاوکاری باشی کوردستانن لە چالاککردنی بزاوتی گەشتیاریدا لەڕێگەی ناوچە

سروشتیەکانەوە ، لەگەڵ ناوەڕاست و خوارووی عێرقیشدا بەچەند ڕێگەیەکی وشکانی لە پەیوەندی دایەو ، ئەم ڕیگایانە هاوکاری کوردستانن لەڕووی ئاڵوگۆڕی گەشتیاری و ئابووری و بازرگانیەوە ، لەڕووی باکورو خۆرهەڵاتەوە کوردستان بەناوچەیەکی بەرزو شاخاوی بەنابانگە ، بەجۆرێک لەهەندێک شوێنی شاخاوی هاوسنورە بە وڵاتی تورکیاوە بەرزی چیاکانی دەگەنە نزیکەی (٣٠٠٠م) لە ئاستی ڕووی دەریاوە ، زۆرێک لەدۆڵ و شیو خەرەندو ئەشکەوت و کانی و کارێزو کانیاوی سروشتی لە کوردوستاندا بوونیان هەیە ، بوونی ئەم هەموشوێن و دیمەنە سروشتییە جوانانە وای کردوە شوێنی گەشتوگوزاری باشی لەسەربونیادبنرێت ( طالب ، ٢٠٠٤ : ٢١٦-٢١٨ ) .

**٢- بەرزو نزمی (التضاریس):**

زۆرینەی خاکی کوردستان لەدەشتاییەکان پێکدێت و ، ڕووبەرێکیشی بەچیاو شاخ وکێو داپۆشراوە کە بە قەبارەی (٢٠,٥ ) لە ڕووبەری گشتی خاکی کوردستان پێک دێت ، هەتاکو لە هەردوولای ئەم خاکەوە واتە لەلاییەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە بەرەوپێش برۆین لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزتردەبینەوە ، خواربونەوەی زەویەکانیشی زیاتر لای ڕۆژهەڵاتی گرتوە لەچاو لایەکانی تری خاکی کوردستاندا ، شاخەکان لەڕووی سەروەیاندا بەڕوپۆشی خۆڵین ڕوپۆشکراون و چینەکانی دیکە ژێرەوەیان چینی بەردین وکلسین ، لەنیوان ئەم چیایانەدا کۆمەڵە دەشتێکی بەپیت هەن وەک دەشتەکانی سۆما و برادۆست و تەرگەڤەرو مەرگەڤەر و دەشتی شنۆ و لاجان وسوندس و بایەزید ( زەند ، ٢٠٠٨ : ١٦٠-١٦١) .

شوێنگەی فەلەکی کوردوستان کەوتۆتە نێوان بازنەی پانی ٤٠ ی باکوورو بازنەی ٣١ ی باکوور ، واتە نێوان ٩ بازنە لە بازنەکانی باکووری هێڵی یەکسانی ، هەروەها نێوان هێڵی درێژی ٥٣ ی ڕۆژهەڵات و ٣٦ ی ڕۆژهەڵات . واتە ١٧ هێڵ لە هێڵەکانی ڕۆژهەڵاتی هێڵی گرینویج لە بەریتانیای مەزندا (غەفور ، ٢٠١٢ : ١٣) .

**٣-کەش وهەواو ئاوو:**

کەش و هەوا یەکێکی دیکەیە لە توانایەکانی باری گەشتیاری لە ناو بەشی ژینگەی سروشتیدا کەخۆی لەچەند بەشێکدا دەبینێتەوە وەک (هەوای پاک ، خۆرەتاوی ڕوون و تیشکدار ، پلەکانی گەرمای مامناوەند ، بارینی بەفر وباران) ، ئەمانە پێکەوە بوونەتە سەرچاوەیەکی باشی گەشتیاری( النقشبندي ، ٢٠٠٤ : ٨٨). کەش وهەوای کوردستان لەهاویندا گەرم و وشکە تەنها ناوچە بەرزو شاخاویەکانی نەبێت ، لەوەرزی زشتانیشدا هەوا ساردە ، بەهار وەرزێکی زۆر جوانە لە کوردستاندا ، ئەوکاتەیە کە کوردەکان تیایدا بۆنەی (نەورۆز) دەگێڕن ، هەرێمی کوردستان دەوڵەمەندە بەئاوو ، بەوە جیادەکرێتەوە کە ڕووبەری ئاوی تەختانی زۆرە لەوانە (ڕوباری سیروان ، دجلە و ئاوەکانی زێی گەورەو زێی بچووک و ڕوباری

خاپوور) ، ئەمە سەرەڕای بوونی بڕیکی زۆرباش لە ئاوی ژێر زەوی ، بۆیە ئەم تایبەتمەندییانە بوونەتە هۆکارێکی باش بۆ سەرنج ڕاکێشانی گەشتیاری (اسماعیل ، ٢٠١٩ : ٢٧ ) .

**٤- ئاوی کانزایی:**

ئاوەکانی ژێر زەوی هەندێک تایبەتمەندی کیمیاویان هەیە کە پێیدەناسرێنەوەو وەک هۆیەکی چارەسەرکردنی پزیشکی بەکاردەهێنرێن ، بۆیە لەم لایەنەوە ئاوی کانزایی تەواو گرێدراوە بە گەشتوگوزاری چارەسەرکردنەوە ، بۆ نموونە لە عێراقدا بەرزاییەکانی دەوڵەمەندە بە ئاوی کانزایی وەک ( گەڕاوی بانی خێلان ، و گەڕاوی دلۆ لە پارێزگای سلێمانی و گەڕاوی ئەسحابان ، و شێخی باڵەکان و بوکرە ماست ، گەڕاوی شێرە سوار لە پاریزگای هەولێر و گەرماڤا لە پارێزگای دهۆک ( جبر ، ٢٠١٨ : ٤٣).

**٥- ڕووپۆشی ڕووەکی :**

ڕووەکەکانی ناوچە شاخاوییەکانی کوردستان زۆرینەیان سەر بە ئاو هەوای ناوچەی دەریای ناوەڕاستن ، کە بە پلەی یەکەم پێکهاتوون لە درەختەکانی بەڕوو ، هەندێک جۆری درەختی دیکە وەک سنەوبەر حورو ئەوانی دیکە ، هەروەها درەختی دیکەی بەرداریی زۆری لێیە ، کە مرۆڤ دەیان ڕوێنێت و چاودێری و پارێزگارییان لێدەکات وەک چناری سپی دار، درەختی سەروو جۆرەکانی دیکەی درەختە بەردارەکانی میوەهات لە ناوچە شاخاوییەکاندا ( حسین ، ٢٠١٤ : ٤٤).

**٦-باڵندەو ئاژەڵانی کێوی:**

بوونی باڵندەو ئاژەڵی کێوی لەهەرێمی کوردستاندا بۆتە هۆی سەرنجڕاکێشانی گەشتیاران بە تایبەت ئەو گەشتیارانەی ئارەزووی ڕاووشکار دەکەن ، بەلام جۆرە دەگمەنەکانی باڵندەو ئاژەڵ بوونەتە جێگەی سەرنج و گرنگی پێدانی توێژەران و پسپۆرانی بواری زیندەوەرزانی ، لە هەرێم هەندێک باڵندەی هەمیشەیی بوونیان هەیە ، کۆتر و کەوو باڵندە دەنووک تیژەکان و داڵ و هەڵۆو واشەو کەروێشک و بەرازی کێوی پڵنگی خەتخەت ، سمۆرە و چەقەڵ و کەمتیار و ڕێوی ( طالب ، ٢٠٠٤ : ٢٢٠).

**ب- توانستە شارستانی و ئاینی و کۆمەلایەتی و کولتوریەکان:**

لێرەدا هەوڵدەدەین شیکاری ئەو واقعە شارستانی و ئاینی و کۆمەڵایەتی و کولتورییەکانی گەشتیاری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بکەین لە ڕێگەی دابەشکردنی توانستە مێژووییەکانی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستاندا .

هەرێمی کوردستانیش خاوەنی چەندین شوێنەواری بەنرخە کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ شارستانیە کۆنەکانی مرۆڤایەتی کە لێرەدا گرنگترین ئەو شوێنەوارانە دەخەینەڕوو :

**١-شوێنەوارەکان**

لەگەڵ ئەوەی چالاکی گەشتیاری زیاتر پەیوەستە بەبوونی دەرامەتە گەشتیارییە سروشتییەکانەوە ، بەڵام گۆڕانکاریەکانی دەستی مرۆڤ کە بەسەر ئەو دەرامەتانەیدا هێناوە هیچ لە گرنگیانی کەم نەکردۆتەوە ، بۆیە شوێنەوارەکان و شارستانیەکانی کوردستان دادەنرێن بە یەکێک لە سیما دیارو مێژوویەکانی ئەم ناوچەیە ، کە دەکرێت ببنە ناوەندێکی سەرنجڕاکێشانی گەشتیاری ، یەکەم هەنگاوەکان و نیشانەکانی مرۆڤی سەرەتایی لەسەر خاکی ئەم هەرێمە وەک پاشماوەی ئەشکەوتی (شانیدەر) و کۆنترین زەوی کشتوکاڵی کە دەکەوێتە گوندی (چەرمۆ) لە شاری چەمچەماڵ ( طالب ،٢٠٠٤ ٢٢٠- ٢٢١) ،

**٢-مۆزەخانەکان**

ئەگەر چی مۆزەخانەکان وەکو شوێنەوار سەیر دەکرێن ، بەڵام ئەم شوێنە شوێنێکی دروستکراوە ومرۆڤی ئەمڕۆ هەوڵیداوە کە بایەخی پێبدات کەلوپەلی کۆنی شوێنەواری تێداکۆبکاتەوە ، هەندێک جاریش خانوویەکی شوێنەواری بۆ ئەم مەبەستە بەکاربهێنێ ، ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە بەهۆی مۆزەخانەوە هەزاران گەشتیار ڕوو لە هەر وڵاتێک دەکەن کە مۆزەخانەیان ڕازاوەو پڕ لە کەلوپەلی میللی نایاب بێت کەلوپەلی شوێنەواری دەگمەنی تێدا هەڵگیرا بێت ، لە زۆر وڵاتاندا لەیەک شار چەندان جۆر مۆزەخانە هەیە کە هەریەکە لە سەردەمێک دروستکراون ( ڕۆستی ، ٢٠١٠: ٥٦-٥٧) . لەشاری هەولێر هەشت مۆزەخانە (مۆزەخانەی شارستانی هەولێر ، مۆزەخانەی ڕستن و چنین لەقەڵا ، مۆزەخانەی بەردو گەوهەر لە قەڵا ،مۆزەخانەی جلوبەرگی ژنان لەقەڵا ، مۆزەخانەی پەروەردە، ئەنتیکەخانەی کولتوری لەقەڵا ، مۆزەخانەی کولتوری سریانی لە عەنکاوە) لەشاری سلێمانی بەهەمان شێوە خاوەنی چەند مۆزەخانەیەکە (مۆزەخانەی سلێمانی ، مۆزەخانەی هونەری هاوچەرخ ، مۆزەخانەی ئەمنە سورەکە ، مۆزەخانەی کولتوری هۆتێل فەرەح، مۆزەخانەی ئەتنۆگرافیا) لە پارێزگای دهۆکیش (مۆزەخانەی دهۆکی نیشتمانی ، مۆزەخانەی کولتوری ، مۆزەخانەی کولتوری ئێزیدییەکان)(ڕۆستی ، ٢٠٢٢: ١٧١-١٧٢) .

ئەمە سەرەڕای بوونی ژمارەیەک قەڵای جیاوازی مێژوویی کە بوونەتە نیشانەی ناسراو بوونی ژیانی دێرین لەم ناوچەیەوە ژمارەیەکی زۆر لە هەلکۆڵراوی سەر دیوارمان هەیە کە دەکرێت بەم خشتەیەی لای خواروە کورتیان کەینەوەو باسیان لێوەبکەین .

خشتەی ژمارە ( ١٠)

ناوی گرنگترین شوێن وجێگە مێژووی و شوێنەواریەکانە لە هەرێمی کوردوستانی عێراقدا.

| پارێزگا | ناوو شوێنەکان |
| --- | --- |
| سلێمانی | ئەشکەوتەکانی زەرزی ، هەزارمێرد ، باڵکورە ، و هەڵکۆڵراوەکانی میرقولی ، قزقاپان ، تەنگەی کاوز، بەردی سەرکردە تەنگەی بازیان ، ناوەندی کاری دەستی ، مۆزەخانەی ئەمنەسورەکە. |
| دهۆک | ئەشکەوتەکانی بەهیری ، چوارستوون ، هەڵکۆڵراوی ئەشکەوتی هلامتا ، و خەنس ، قەڵای ئامێدی وپردی بەردینی زاخۆ ، قەڵای بەردینی زەعفەران ، قەڵای ئارمشت ، بڵندگۆی عیمادیە. |
| گەرمیان | ئەشکەوتی باوەشاسواری دروستکراو ، هەڵکۆڵراوی دەربەند بێلولە ، مۆزەخانەی گەرمیانی فۆلکلۆری ، بورجی گوندی احمد قادر ، ئاشی قولدار ، قەبرستانی باوەشاسوار ، قەڵای شێروانە ، کۆشکی پاشا ، قەیسەری کفری ، کۆشکی مەجید پاشا ، قەڵای حەوش کورو (شێخانی ،٢٠١٦ : ١٧٩-١٨٠). |

**ج- توانستە ئاینییەکان**

یەکێکی تر لەو توانستانەی کە دەبنە هۆی ڕاکێشانی گەشتیاران توانستە ئاینییەکانە کە پاڵنەری سەرەکی ئەم جۆرەی گەشتیارییە کە گەشتیاری ئاینییە ، کە خۆی لە گەشتکردنی ساڵانەی هەزاران گەشتیاردا دەبینێتەوە کە لە وەرزە دیاریکراوەکاندا ڕوودەکەنە ئەو شوێنە ئاینییانە بۆ بەجێهێنانی سروتە ئاینی و مەراسیمە ئاینییە جیاوازەکان ، بۆیە ئەم جۆرە گەشتیارییە بنەمای ئابووری گرنگی هەیە بۆ ئەو دەوڵەتەی کە خاوەنی ئەو شوێنە ئاینیانەیە ( موستەفا ، ٢٠١٦ : ١٠٩-١١٠)

هەرێمی کوردستان-عێراق شوێنی ئاینە دێرینەکان بوون ، لە نموونەی ئاینی (میترا و زەردشت) و سەرزەمینی پێکەوە ژیانی ئاینە جیاوازەکانی وەک ئاینەکانی ئیسلام و مەسیحی و یەزیدی و کاکەیی و چەندان بیروباوەڕ و ئاینزای دیکە بووە ، ناوەندی پێغەمبەران (زەردەشت ، ابراهیم ، نوح و ایوب وعوزیر ودانیاڵ) بووە و شوێنی گۆڕو مەزراگەی چەندین کەسایەتی ئاینی و پیاو چاکی ئاینی بووە ، بۆیە هەموو ئەو شتانە لە لایەنی ئایندارییەوە دەکرێت ببێتە هۆکاری ڕاکێشانی خەڵکی بۆ لایەنی گەشتیاری و بەمەبەستی سەردان و زانینیان و پیرۆز ڕاگرتنیان (دليل السياحي لاقليم كوردستان ،٢٠١٣و٢٠١٤و٢٠١٥ : ١٨ ).

**د-توانسته کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان:**

توانسته کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیریەکان ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پلانی گەشتیاریدا ، چونکە ڕۆڵی بەرچاوی لە کاردانەوە ڕەفتاری تاک بەرامبەر بە ژینگەی دەوربەری بەگشت لایەنەکانی سروشتی وشارستانی و مرۆیی هەیە ، ئەم گرنگی پێدانەشی لەڕەوشتیدا بەدیاردەکەوێت ، پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و بەهاو نەریت و چینە کۆمەلایەتیەکان جۆرێکن لە هۆکارە کۆمەڵایەتیەکان و ڕۆڵی گەورەیان لە پەرەسەندنی کۆمەڵگاکاندا بەتایبەت کۆمەڵگەی هاوچەرخدا هەیە ، ئەو گۆڕانکاریەی کە لەڕەوشت و ڕەفتاری تاک و کۆمەڵگەدا دروست دەبێت هۆکارە بۆ بەرەو پێشچونی لایەنی گەشتیاری و سەرنجڕاکێشانی گەشتیاری بۆ وڵات و کۆمەڵگەکە ، بۆیە پەیوەندیەکی ئاڵوگۆڕ لە نێوان ڕۆشنبیری و گەشتیاریدا هەیە، ڕۆشنبیرییە وا لە تاک دەکات گەشت بکات بیەوێت دنیاو شوێن ودیمەنە ناوازەکانی جیهان ببینیت شێوەی ژیانی خەڵکانی دیکە سەیر بکات شارەزایی زمان و نەریت و شێوەی ژیانی ئەوانی دیکە ببێت (علي، ٢٠٠٨: ١٣٢) .

لێرەدا توانستە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان لە کوردستان بەشێوەیەکی گشتی ئەمانەن:

**ا-داب و نەریت:** دابو نەریتەکان بەرهەمی پەرەسەندنی مێژووی و شارستانی تاک و گروپەکانن لە ژینگەی  کوردیدا ، کە پشتی بەستووە بە ڕابردوو هەتا ئێستا  ، هەرێمی کوردستان خاوەنی جۆرێکی تایبەتە لە دابونەریت کە بەشیوەیەکی گشتی لای کورد بوونی هەیە و ، بەوە وەسف دەکرێن ڕێز لە میوان دەگرن و پێشوازیان لێدەکەن و بەسۆزو ڕاستگۆو دەستپاکن و ڕێز لە ماف و بیروڕای ئەوانی تر دەگرن ، حەزیان بە یارمەتیدانی بێگانەو ئەوانەی کە بۆ هەر مەبەستێک دێنە ناوچەکایانەوە دەکەن ، هەموو ئەمانە بەشێکن لە سامانی شارستانی و کۆمەڵایەتی گەلی کورد ، بەتێپەڕبوونی کات هەندێک لەو بەها و کردەوە جوانانەیان لە نەوەکانی پێش خۆیان بۆ ماوەتەوە ، لەهەمان کاتدا ئەدەبی میللی و هونەری باوباپیران و فۆلکلۆر هەمووی دەکەوێتە چوارچێوەی دابونەریتەکانەوە (خضر،٢٠١٥ :١١٣) پەرەپێدان بە لایەنی گەشتیاری  گەر پەیوەست نەکرێت بە گرنگیدان بەلایەنی مرۆییەوە هەرگیز سەرکەوتوو نابێت بەتایبەت لە لایەنی کۆمەڵایەتییەوە ، بۆیە دەبێت لەم کارەدا جەختبکرێتەوە سەر دوو لایەن کە زۆر گرنگە بۆ خودی گەشتیار و خاوەنی شوێنە گەشتیارییەکان ئەوانیش:

١-چێژوەرگرتن لە بەشداریکردنیان لەو جۆرە چالاکیانەدا .

٢- لەڕێگەی کارو پیشە دەستییەکانەوە کە لە شوێنە گەشتیارییەکاندا خراونەتەڕوو گەشتیار زانیاری وەردەگرێت لەبارەی نەریت و ژیان و کولتوری ئەو شوێنە گەشتیارییە کە بۆی هاتووە (علي،١٣٢:٢٠٠٨)

**ب- پیشە دەستی ومیلییەکان:**

دروستکردنی فەرش و ڕاخەر و کاری جۆلایی یەکێکە لە پیشە هەرە دێرین و میلیەکانی هەرێمی کوردوستان ، کورد چەندین سەدەیە بەرماڵ دەچنێت ، چنینی گوڵ و کاری دەستی و ڕازاندنەوەی پارچە قوماشەکانی ناوماڵ و ، هەندێک لەبەرماڵ چنانە شیوەی ئەندازەیی جوان و هێلکاری وێنەو گوڵ و خەیاڵدانی جوانی خۆی دەنەخشێنێتە سەر بەرماڵەکەو ڕەونەقێکی جوانی پێدەدات و بەکارهێنانی ڕەنگەکانیش بۆ ئەوەیە ئیش و کارە دەستییە کوردیەکان زیاتر دەوڵەمەند بکرێن (الدليل السياحى لاقليم كوردستان :٢٠١٣ و ٢٠١٤و ٢٠١٥ :ص١٤ ).

بەرهەمە فلکلۆری و پیشەسازییەکان و کارە دەستکردەکان لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان زۆر هەمە چەشنن گرنترینیان ئەمانەن:

١-پیشەسازی ڕستن و چنین لەسەرووی هەمووشیانەوە دروستکردنی جل و بەرگی کوردی پیاوان ، ئەویش شاڵ و شەپەک و ڕانک و چۆغە(پەشمە بەرگوز) کە ڕووخسارێکی ناوچە گەریان پێوە دیارە ، لەگەڵ کڵاو جامانە و گۆرەوی و ساقە (بەلەک پێچ) چۆغ (پەستەک) و کەپەن ، جگە لە جلوبەرگی میللی تایبەت بە پیاوان ، لەهەمان کاتدا جلوبەرگی کوردی تایبەت بە ئافرەتان هەیە  ئافرەتان بە شێوەیەکی بەردەوام جلی کوردی دەپۆشن  کە پێی دەوترێت (کراس وکەوا) لەگەڵ پۆشینی چارۆگ .

٢- هونەری میللی کە پشتاوپشت لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر ماوەتەوە ، مەبەست هەڵپەڕکێ و گۆرانی و مۆسیقا و جلوبەرگە ، لەگەڵ ئەوەی گەشتیار هەیە گەشت ئەنجام دەدات بۆ ناوچە سروشتییەکان دڵخۆشکردنیان بە دیمەنە سروشتییە سەرنجڕاکێشەکان ، بەڵام لەهەمان کاتدا گەشتیار گەشت دەکات بۆ ئاوێتەبوون و ئاوێزان بوون بە کولتوری گەلان و وەرگرتنی چێژ لە هونەری میللی (تۆفیق ، ٢٠١٢ : ٨٩) .

**ج-کەرناڤاڵ و بۆنە نەتەوەییەکان:**

کەرنەڤاڵەکان یەکێکن لەو هۆکارە کاریگەرانەی کە ڕاستەخۆ سەرنجی گەشتیار بۆلای خۆیان ڕادەکێشن و یەکێکن لە بنەماکانی کەرتی گەشتیاری ، کەرنەڤالەکان چەندین چالاکی جۆراوجۆرن و ساڵانە ئەنجام دەدەرێن و دەکرێت لەگەڵ خۆیان داهاتیکی باش بۆ ئابووری نیشتیمانی شوێنە گەشتیارییەکاندا دابینبکەن ( الغرير و محمد ،٢٠٠٤ : ١٥٢).

فەلسەفەی بۆنەو دیاردە کۆمەڵایەتیەکان لە کوردستاندا بریتییە لە پتەکردنەوەی گیانی برایەتی و ڕاستگۆیی و لێک نزیکبونەوە ، بۆ ئاشتەوایی نێوان خەڵکی و بۆ دەستگیرۆیی و هاوکاری هەژاران و نەداران ، بۆیە هەمیشە بۆنە و یادەکان لەگەل خۆشەویستی و لایەنی مرۆڤدۆستی تێکەڵاون ،

زیندوکردنەوەی ڕووی ئەو کردە جوان و مرۆییانەی کە باوباپیران لەسەری بەردەوام بوون و زۆرجۆری هەن لەوانە ئاینی و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی و خیزانی ومیللی وچەندانی دیکە.

جەژنی نەورۆز یەکێکە لەبۆنە نەتەوەییەکانی گەلی کورد ، کە بەمانای ڕۆژێکی نویٚ دێت و دەکەوێتە(٣\٢١) هەموو ساڵێک ، بەگوێرەی ڕۆژمێری کوردی سەرەتای ساڵی کوردیەو ، هەموو ساڵیک وەک جەژنێکی نەتەوەیی یادی دەکرێتەوە ( حسین ، ٢٠٠٩ : ١٤٧) .

**ن- توانستە مرۆییەکان**

توانستە مرۆییەکان کە ئەنجامدەدرێن یەکەم وکۆتایی کردەی گەشتیارییە و پێشکەشکردنی خزمەتگوزرای گەشتیاریین دەکرێن بە چەند شێوەیەکەوە کە هەموویان دەستکردی دەستی مرۆڤن ، ژیانی کۆمەڵایەتی و لایەنی مرۆیی و شارستانی و ئاینی و ئاهەنگ و فۆلکلۆرو پیشەی دەستی ورازاندنەوە و مۆسیقاو شانۆ و هونەر و نموونەکانی دانیشتوان و چۆنیەتی دروستکردنی خانوی نیشتەجێبون لەناوچە گەشتیارییەکاندا ، ئەمانە هەر هەموویان کردەی دەستی توانستە مرییەکانن و کە لایەنی گەشتیاریان لەسەر ڕاوەستاوە ، بۆیە بەبیٚ لەبەرچاوگرتنی گرنگیدان بەلایەنە مرۆییەکە ئەستەمە کاری گەشتیاری بەڕێوە بچێت ( الدليمي و مجول ، ٢٠٢٠ : ٤٢-٤٣).

بەتێڕوانینمان بۆ توانستە مرۆییەکانی گەشتیاری ، لەم باسەدا ئاماژە دەدەین بە توانستە مرۆییە سەرەکییەکانی پێکهاتەی دانیشتوان لەبەرئەوەی دانیشتوان مەبەست و ئامانجی گشت پەرەپێدان و گەشەپێدانێکن ، پەیوەندی نێوان دانیشتوان و گەشەپێدان پەیوەندەیەکی لێک ئالاوە زۆرئاڵۆزە و کاریگەریان لەسەر یەکتری داناوە ، بۆیە گەشەپێدانی گشتگیر ( التنمية الشاملة) کە هەموو وڵاتێک ئەنجامی دەدەن ئەبێت گشت لایەنەکانی ژیان چارەسەر بکات بەتایبەت لەڕووی دانیشتوانەوە . پێکهاتەکانی دانیشوان ئەمانەن :

**١- گەشەکردنی دانیشتوان:**

دەکرێت زۆربونی ژمارەی دانیشتوان ببێتە هۆکارێکی نەرێنی لەبەردەم ڕەوتی گەشەپێداندا ، گەر بێت و پرۆسەی بەرهەمهێنان نەتوانێت خواستەکانی ئەو زیادەیەی دانیشتوان لە کاڵاو بەرهەم پڕنەکاتەوە و بەرەو پێشەوەی ببات و، لەلایەکی دیکەشەوە نابێت وەها لەو زیادبوونەی دانیشتوان بڕوانین کە ببێتە بارگرانی لەبەردەم پرۆسەی گەشەپێداندا و ببێتە هۆکارێک بە تەنها بۆ زیادبونی خواست ، بەڵکو دەکرێت بەوچاوەوە لێی بڕوانین کە ژمارەی دانیشتوان زیادی کردووەو ببێتە بنەمایەکی سەربار بۆ زیادبونی هێزی کارو دەستی کار ، خاڵی دڵخۆشکەر ئەوەیە کە کەرتی گەشتوگوزار بەردەوام پێویستی بەدەستی کارو کرێکاری تازە هەیە ، چونکە پرۆسەیەکە بەردەوام لە فراوانبوون ونوێبونەوەدایە (علی ، ٢٠٠٨ : ٨٦) .

**٢-پێکهاتەی تەمەن و جۆری دانیشتوان :**

پێکهاتەی تەمەنی دانیشتوان کاریگەری هەیە بەسەر جوڵەی گەشتیاری و جۆری گەشتەکە ، بێگومان مرۆڤ لە تەمەنی گەنجیدا توانای گەڕان و گەشتکردنی زیاترە وەک لە تەمەنی قۆناغی پیری ، جگە لەمەش گەنجان بڕبڕەی دابینکردنی خزمەتگوزارییەکانن لە ناوچە گەشتیارییەکاندا ، بۆیە دەبینین جیاوازی بەرچاو لە ڕێژەی بەشداریکردنی چینەکانی تەمەنی مرۆڤ لە چالاکی گەشتیاریدا هەیە .

**٣- پێکهاتەی ژینگەیی دانیشتوان:**

پێکهاتەی ژینگەیی کاریگەری ڕوون و دیاری لەسەر جوڵەی گەشتیاری هەیە لەو شوێنەی کە مەبەستی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی گەشتیاری لەسەر دەکرێت ، خۆی لەهەردوو ڕێژەی دانیشتوانی گوندنشین و شارنشیندا دەبینێتەوە ، دەکرێت پرۆسەی بەشارنشینی بوون کردەیەکی گۆڕانکاری ڕێژەیی بێت لە لایەنەکانی مادی ومەعنەوی و ڕەفتاری مرۆیی لەماوەیەکی کاتی دیاریکراودا بەچاوپۆشین لەو گواستنەوە شوێنییەی کە لای دانیشتوانی شارنشین ڕوودەدات ( الحوري والدباغ ،٢٠٠٠ : ١٣٤).

**٤- پێکهاتەی کار و پیشەی دانیشتوان:**

دەرامەتە ئابوورییەکان بە یەکێک لە فاکتەرە کاریگەرەکان لەسەر داواکاری خزمەتگوزاری گەشتیاری و خۆشگوزەرانییەکان دادەنرێت ، کەواتە بەرزی داهاتی تاک هۆکاری زۆری داواکارییە لەسەر ناوەندە خۆشگوزەرانی و گەشتیارییەکان ، بە تایبەت لەکاتی پشووەکاندا لە پێناو چێژوەرگرتن و حەوانەوە ، لە کاتێکدا نزمی ئاستی داهاتی تاک پێچەوانەکەی بەدیدەهێنێت ، هەتا ئەگەر کاتی ئازادیشی هەبێت تاک ناتوانێت کاتەکەی بەسەر بەرێت لە شوێنە گەشتیارییەکاندا ( فاتح ، ٢٠٢١ : ٥٤).

**٥- پێکهاتەی خوێندەواری:**

باری خوێندەواری لە وڵاتاندا کاریگەری  لەسەر هەڵکەوتەی گەشتیاری ئەووڵاتانە هەیە ، مەبەستمان لەخوێندەواری بریتییە لە ڕادەی توانای ڕێژەی دانیشتوان بۆ زانینی خوێندن و نوسین ، بۆ زانینی ڕێژەی نەخویندەواریش لە کۆمەڵگەدا ، بۆ ئەوەی بزانرێت چۆن پێشوازی دەکرێت لەو گروپە گەشتیارییانەی کەڕوو لەو ناوچانە دەکەن ، بەتایبەت ئەو وڵاتانەی کە خواستی گەشتویارییان لەسەرە ، بۆیە هەتا ڕێژەی خوێندەواری لەو وڵاتە گەشتوگوزارییانەدا زۆرتر بێت بەئەرێنی دەگەڕێتەوە بۆ سەر کەرتی گەشتیاری و ڕوویەکی شارستانی ناوچەو وڵاتەکە دەردەخات لەبەردەم کەسانی گەشتیاردا ، بەپێچەوانەشەوە هەرڕاستە ، ئەمە سەرەڕای کاریگەری فاکتەرەکانی دیکەی وەک داب ونەریت و کەلتوورو ڕووخۆشی و جوان پێشوازیکردن لەگەشتیاران  ( احمد و طه ، ٢٠٠٨ ، ١٥٣ ) .

**هـ- : خزمەتگوزاری وئاسانکاریە گەشتیاری :**

جوڵەی کەرتی گەشتوگوزار بە دوو هۆکاری سەرەکییەوە بەستراوەتەوە ، ئەوانیش یەکەم: هۆکارەکانی سەرنجڕاکێشانی گەشتیار و ، دووەمیشیان بریتییە لە خزمەتگوزاریەکان وئاسانکاری کردن بۆ گەشتیاران ، کە بەکۆڵەکەیەکی بنەڕەتی لەچالاکی گەشتیاری دادەنرێت ، ئەم ئاسانکاریانە لە لایەنی مرۆیی و سروشتییەکانی چالاکی گەشتیاریدا خۆی لە چەند شتێکدا دەبینێتەوە ئەوانیش ، مانەوەی ئاسان و ئارام ، دەبێتەهۆی درێژکردنەوەی ماوەی مانەوە لەلایەن گەشتیارەوە و دروستبونی حەز بۆ ئەوەی دووبارە بێتەوە بۆ ئەو جێگایە ، بۆیە تاکو ئاسانکاری گەشتیاری هەبێت گەشتیار بەجوڵەوترەوە دێتە شوێنە گەشتیارییەکان ، بەڵام لە حاڵەتی نەبوونی ئەو ئاسانکارییانەدا زۆرخراپ بەسەر کەرتی گەشتیاریدا دەشکێتەوە ( بظاظو ، ٢٠٠٩ : ١٩٦) لەو خزمەتگوزاری و ئاسانکاریانە:

**١-هۆتێلەکان:**

هۆتێلەکان لەهەروڵاتێکدا هەبن ڕۆڵێکی تەواو گەورە دەگێڕن لە چالاککردنی بزاوتی گەشتیاریدا ، زانراوە کە گەشتیار زۆرترین کاتی مانەوەی لە کاتی گەشتەکەیدا لە هۆتێلەکاندا بەسەر دەبات لەو وڵاتەی کە گەشتی بۆ کردووە ، لایەنی خۆشی و ئارامی لای گەشتیار هەر لە ساتی گەیشتنی بۆ ناو هۆتێلەکەوە لا دروست دەبێت ، بۆیە هۆتێلەکان بە شوێنی سەرنجڕاکێشی گەشتیار دادەنرێن وەک هۆکارێک لە هۆکارە گرنگەکانی ئەو سەرنجڕاکیشانانە ( حسين و خلف ، ٢٠١٦ : ١٥٤).

ئەو ڕێژە بەرچاوەی کە حکومەتی هەرێم کردویەتی لە لێخۆشبونی باجەکان بۆ وەبەرهێنانی گەشتیاری ، بۆتە زەمینەیەکی لەبار بۆ وەبەرهێنان لە بواری گەشتیاریدا ، بۆیە ژمارەی هۆتێلەکان لەساڵی (٢٠٠٧) دا لە (١٠٦) دانە هۆتێلەوە بەرزبۆتەوە بۆ (٢٥٩) دانە هۆتێل و ، لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٢ دا ژمارەی مۆتێلەکانیش گەیشتە (١٦٨) مۆتێل و ، ژمارەی گوندە گەشتیاریەکان لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٢دا گەیشتۆتە نزیکەی( ٥٤) گوندی گەشتیاری ، زۆرینەیان لەناوەندی پارێزگاکاندا بوونیان هەیە ، ڕادەی سەرقاڵی کارکردن لەناو هۆتێلە خێزانیەکاندا بەرزبۆتەوە بۆ (٦٦%) لەگەڵ باشتربوونی ڕادەی شوێنەکانی مانەوەی گەشتیاراندا ( اسماعيل واخرون ، ٢٠١٩ : ٢٨-٢٩ ).

لەژێر ڕۆشنای ئەوەی سەرەوەدا ژمارەی هۆتێلەکانمان بۆ ساڵی (٢٠١٢-٢٠٢١) مان وەرگرتووە ، بەجۆرێک ژمارەی هۆتێلە گەشتیارییەکان لە ساڵەکانی (٢٠١٢-٢٠١٩) زۆر بەرزبووەوە لە (٢٥٩) هۆتێلەوە بوو بە (٤٥٩) هۆتێل بۆ ساڵی( ٢٠١٩) ، بەڵام لە ساڵی ( ٢٠٢٠) ژمارەی هۆتێلەکان بوو بە (٤٢٠) هۆتێل ، جارێکی تریش لە ساڵی( ٢٠٢١) ئەم ڕێژەیە بەرزبوەوە کە گەیشتە (٤٣٢) هۆتێل هەر وەکو لە خشتەی ژمارە ( ١١) دیارە

### ٢- مۆتێلەکان

مۆتێلەکان لە هۆتێلی بچووک پێکدێن کە بە شێوەیەکی شاوڵیانە لە لایەکی ڕێگاکانەوە درێژبوونەتەوە ، بەوە ناسراون جوڵەیەکی زۆریان بەسەرەوەیە شوێنیان هەیە بۆ وەستاندنی سەیارەی ئەو کەسانەی کە لە یەک شەو زیاتر نامێننەوە ، هەمیشە مۆتێلەکان دەکەونە ڕۆژئاوای فرۆکەخانەکانەوە ، بەوەش ناسراون نرخیان لە هۆتێلەکان هەرزانترە ( عبدالعزیز ، ٢٠١١ : ١١٧) . لە هەرێمی کوردستانیش مۆتێلەکان لە دوای هۆتێلەکانەوە بە ڕەگەزێکی گرنگ و دەرکەوتووی چالاکی گەشتیاری دادەنرێن ، هەر بۆیە ژمارەی مۆتێلەکان لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (٢٠١٢) گەیشتە (١٦٨)مۆتێل ، دواتر لە ساڵی ( ٢٠١٦-٢٠١٩) زۆر بەرزبووەوە بە جۆرێک بۆ ساڵی (٢٠١٦) گەیشتە (٢٧١)مۆتێل و ، بۆ ساڵی (٢٠١٧) گەیشتە (٢٧٩)مۆتێل و بۆ ساڵی (٢٠١٨) گەیشتە(٢٥٨)مۆتێل و بۆ ساڵی (٢٠١٩) گەیشتە (٢٦٢) ، بەڵام بۆ ساڵی (٢٠٢٠) دابەزی بۆ (٢٣٠)مۆتێل کە لە خشتەی ژمارە ( ١١) دیارە .

### ٣-گوندە گەشتیاریەکان

گوندە گەشتیاریەکان یەکێکن لەسێ ڕەگەزە پێکهێنەرەکەی نوێنەرایەتیکردنی گەشتیاری کە بەشێوەی ئاسۆی دروستدەکرێن نەک ستونی وەک هۆتێلەکان ، گەشتیاران ڕووی تێدەکەن بۆ چێژوەرگرتن لە خۆرەتاوێکی ڕوون و کەنارێکی لمینی جوان وڕووبەری سەوزایی زۆرو فراوان و دڵڕفێن کە تەواوی ئەو چالاکیانەی خۆی دەیەوێت لەم جێگایەدا ئەنجامی بدات (عبدالعزیز ، ٢٠١١ : ١١٩) .

لە هەرێمی کوردستان ژمارەی گوندە گەشتیارییەکانی بۆ ساڵی (٢٠١٢-٢٠١٨) بە جۆرێک بەرزبووەوە کە لە ساڵی (٢٠١٢) لە (٥٤) گوندی گەشتیارییەوە بوو بە (٨٨) گوندی گەشتیاری و ، بەڵام لە ساڵی (٢٠١٨ و ٢٠١٩و ٢٠٢٠) ئەم ڕێژەیە کەمیکرد بە جۆرێک لە (٢٠١٩) گەیشتە (٦٩) گوندی گەشتیاری و ، ئەم ڕێژەیە لە ساڵی (٢٠٢٠) کەمی کرد بۆ (٥٢) گوندی گەشتیاری ، بەڵام لەساڵی (٢٠٢١) جارێکی تر ئەم ڕێژەیە بەرزبوەوە بۆ (٦٢) گوندی گەشتیاری هەروەک لە خشتەی ژمارە ( ١١) ڕوونکراوەتەوە .

### ٤- ڕێستورانت و کافتریاکان :

لە هەرێمی کوردستاندا ژمارەی ڕێستورانت و کافتریاکان ساڵ بە ساڵ بەرزبوونەوەی بەرچاوی بە خۆوە بینیوە لە ساڵی (٢٠١٢) گەیشتە (٤٨٢) ڕیستورانت وکافتریا و ، تا لە ساڵی (٢٠١٩) زۆر بەرزبووەوە بۆ (١٣٤٣) ڕێستورانت و کافتریا ، بەڵام ساڵی (٢٠٢٠) ڕێژەکەی تاڕادەیەک دابەزی بۆ (١١٠٣) ڕێستورانت و کافتریا هەروەک لە خشتەی (١١) دا ڕوونکراوەتەوە

خشتەی ژمارە (١١ )

بنکە گەشتیارییەکان هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (٢٠١٢-٢٠٢١)

| بنکەی گەشتیاری | 2012 | 2013 | 2014 | 2015 | 2016 | 2017 | 2018 | 2019 | 2020 | 2021 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هۆتێل | 259 | 314 | 385 | 417 | 430 | 434 | 435 | 459 | 420 | 432 |
| مۆتێل | 168 | 206 | 248 | 271 | 271 | 279 | 258 | 262 | 230 | 262 |
| گوندی گەشتیاری | 54 | 72 | 75 | 89 | 91 | 91 | 88 | 69 | 52 | 62 |
| ڕیستورانت و کافتریاکان | 482 | 565 | 643 | 764 | 775 | 799 | 838 | 1343 | 1103 | 1188 |

سەرچاوە : وەزارەتی شارەوانی گەشتوگوزار – دەستەی گشتی گەشتوگوزاری هەرێم ئاماری بنکە گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی( ٢٠١٢-٢٠٢١) لە ڕێکەوتی٢٠٢٢/٤/٧

**٥- باخچەو پارکەکان:**

مەبەست لەم جۆرە خزمەتگوزاری و ئاسانکارییانەیە وەک ( باخچە، یاریگاکان، پارک ، مەلەوانگە ، سەنتەرەکانی حەوانەوە و خۆشگوزەرانییە) شوێنێکی گرنگن بۆ گەشتیاران ، چونکە دەبنە شوێنی حەوانەوە و ئاسودەیی و ئارامی بۆ گەشتیاران ، جگە لەوەی دیمەنێکی جوان و سەرنجڕاکێشیان هەیە بەهۆی بوونی گوڵ و دارو درەختی جۆراو جۆر و ڕوتێکردنی باڵندەکان ، هەروەها دەبنە هۆی پاک ڕاگرتنی ژینگە لە پیسبوون و تەپوتۆز ، بۆیە گەشتیارێکی زۆر سەردانی ئەم شوێنانە دەکەن ، ئەمەش خۆی لە خۆیدا توانستێکی خستنەڕووی گەشتوگوزاری گرنگە ( موستەفا ، ٢٠١٦ : ١٠٩-١١٠) . چەندین باخچەو سەیرانگای گشتی و شاری یاری و باخچەی ئاژەڵان و سەنتەری وەرزشی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا بوونیان هەیە ، کە هەموویان دروستکراوی مرۆڤن لە شاری سلێمانی چاڤی لاند و پارکی هەواری شارو پارکی ئازادی و سەیرانگای نەورۆزو ، لە پارێزگای هەولێر پارکی منارەی چۆلی و گڵکند و پارکی سامی عبدالرحمن و پارکی شانیدەرو . ، لە پارێزگای دهۆک شاری یاری خەونەکان و سەیرانگای ماڵتا و سەیرانگای شندۆخا و سەیرانگای گەلی دهۆک و چەندین سەیرانگای تر بوونیان هەیە .

**٦- ناوەندو دامەزراوە ڕۆشنبیری و مێژووی و کولتوریەکان:**

ئەمانەش کتێبخانەو زانکۆو سینەما و گەلەری هونەرو هۆڵی شانۆ و شوێنەوارە کۆنەکان و باڵەخانە مێژووی و یادگارییە کۆنەکان دەگرێتەوە . بینینی شوێنەواری شارستانیەتە کۆنەکان ، بەشداربوون لە

ڤیستیڤاڵ و کەرنەڤاڵ و پێشانگای هونەری و فۆلکلۆرییەکان ، بینینی دیاردە بەناوبانگەکانی شارەکان وەک پەیکەری ئازادی لە نیویورک و تاوەری خەلیفە لە دوبەی و تاوەری ئیڤڵ لە پاریس و قەڵای هەولێر و ئەهرامەکانی میسر و بورجی بیزا لە ئیتاڵیا. ئەمانە هەمووی پاڵنەرن بۆ ڕاکێشانی گەشتیاران بۆ لای خۆیان ( عزیز ، ٢٠٢٢ : ٨٧) . هەرێمی کوردستانیش لە ئێستادا چەندین دامەزراوەی ڕۆشنبیری و مێژووی و کولتوری هەیە وەکو زانکۆکان وکتێبخانە و سینەماو شانۆو دامەزراوەی وەرزشی و هۆڵی کۆنگرەو بۆنەکان ، کە هەموو ئەمانە لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا بوونیان هەیە کە هۆکاری گرنگن بۆ ڕاکێشانی گەشتیاران بۆ ناوچە گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستان .

**و- : دامەزراوەە خزمەتگوزاریە گشتییەکان :**

بوونی ژێرخانێکی بەهێز لەهەر ناوچەیەکدا هۆکارە بۆ پەرەپێدانی لایەنی گەشتیاری ، چونکە بوونی هەر پرۆژەیەکی گەشتیاری بەندە بەبوونی ژێرخانی ئەو ناوچەیەی کە پرۆژە گەشتیارییەکەی تیادەکرێت ئایا ئەو شوێنە ژێرخانی هەیە یاخود نا ، وەک ( بونی ڕێگاوبانی جۆراوجۆر ، تۆڕی ئاو ، کارەبای نیشتیمانی، خزمەتگوزاری پەیوەندیەکان).

**١-گواستنەوەو گەیاندن:**

بوونی ڕێگاکانی هاتوچۆو ئاسانی گواستنەوە و گەیاندن هۆکارێکی گرنگی گەشەپێدانی ئابووریە لەهەر ناوچەیەکدا ، بۆیە گواستنەو هۆکارەکانی و ڕێگاکانی زۆر زیاتر گرنگن و پێویستن ، بۆ ئەوەی گەشتیار بتوانێت بە ئاسانی و بێ گرفت و بەسەلامەتی هاتووچۆی شوێنە گەشتیارییەکان بکات و زیاتر سەرنجی شوێنی گەشتیاری لا دروست بێت و و جێگاکەی لا پەسەندتر بێت (القرني ،٢٠٢١ : ٢٣٢) .

هەر بۆیە خزمەتگوزارییەکانی هاتوچۆ بە شادەماری ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری گەشتیاری دادەنرێت ، شایانی باسە پەیوەندی نێوان جوڵەی گەشتیاری و ڕێگاکانی هاتوچۆ پەیوەندییەکی ئاڵوگۆڕە ، بوونی تۆڕێکی ڕێگاوبانی باش مایەی پێشکەوتن و وەبەرهێنانی توانستە گەشتوگوزارییەکانی هەر ناوچەیەکە ، لەلایەکی ترەوە ئەنجامدانی گەشت بە ڕێگایەکی باش و سەردەمیانە چێژی سەردانیکردن بۆ شوێنە گەشتیارییەکان زیاتردەکات (توفیق ، ٢٠١٢ : ٩٨) .

**٢-خزمەتگوزاری ئاوو( خدمات المیاه):**

مانەوە لە شوێنێکدا بۆ ماوەیەکی کاتی پێویستی بە بوونی ئاوی پاکی خواردنەوە هەیە ، بۆیە دروستکردنی هەر هۆتێل یان مۆتێل یان شوێنێکی گەشتیاری پێویستە سەرەتا دەستەبەری بونی ئاوی پاکی خواردنەوەی هەمیشەیی بۆ بکرێت پاشان کارەکە دەست پێبکرێت ، بەتایبەت ئەو جێگایانەی کە تازە دروستدەکرێن ، بۆیە پێویستە لەکاتی دروستکردنی پرۆژەی گەشتیاریدا لێکۆڵینەوە لە ڕادەی ئاووی پێویست و شوێنی ئاو و ڕادەی پاکێتی و ڕوونی ئاوەکە بە تەواوی بکرێت (سراب و الیاس ٢٠٠١ : ١٦٥)

**٣-خزمەتگوزاری وزەی کارەبا :**

وزەی کارە یەکێکە لە ڕەگەزەکانی بونیادی ژێرخانی ئابوری ، ڕۆڵیکی زۆر گەورەی لە گەشەپێدانی گەشتیاریدا هەیە ، چونکە زۆرینەی کارو کردەوەو چالاکی و پڕۆژەو شوێنە گەشتیارییەکان بەکارەبا کار دەکەن و کارەبایان پێویستە ، کارەبا پێوستییەکی سەرەکیە بۆ گشت جۆرو پێداویستییەکانی کەرتی گەشتیاری ، جگە لەوەش بەکاردێت بۆ وزە و ڕووناکردنەوە و ئیشپێکردن ولایەنە جوانکاریەکان ( حسین ، ٢٠٠٩ : ١٦١-١٦٣).

**٤-خزمەتگوزرای تەندروستی:**

خزمەتگوزاری تەندروستی یەکێکە لە پێویستییە گرنگەکان ، لەبەرئەوەی لە هەندێک ناوچەی گەشتیاریدا بە پێوەری کوالێتی دیاریکراو ئەژمار دەکرێت ، ناوچە گەشتیارییەکان لەسەنتەری شارەکاندا خزمەتگوزاری تەندروستییان بۆ دابینکراوە و نابێتە کێشە بۆ دامەزراوەکانی پەرەپێدانی گەشتیاری ، بەڵام دەبێتە کێشە بۆ ناوچە دوور دەستەکان کە هیچ جۆرە خزمەتگوزارییەکی تەندروستیان بۆ دابینەکراوە ، پێویستە خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ ئەو ناوچانە دابینبکرێت ، هەروەها پێویستی بە کادری پزیشکی و پەرستارو ڕاهێنەری تەندروستی بەردەوام هەیە (حسین ، ٢٠١٤ ، ١٠١)

**٥-خزمەتگوزاری پەیوەندەی و پۆستەو گەیاندن :**

گەشتیاران بەبەردەوامی پێویستیان بە خزمەتگوزاری پەیوەندیکردن و پۆستە و گەیاندن هەیە ، چ لە شوێنی مانەیان چ لەناوچەو شوێنە گەشتوگوزارییەکاندا ، بۆ ئەوەی بە بەردەوامی لەگەڵ کەس ودۆست و خۆشەویستانیاندا لە پەیوەندیدا بن ، هەر بۆیە ئێستا لە کوردوستاندا تەواوی ئەو خزمەتگوزاریانەی پەیوەستن بە پەیوەندیکردنەوە بوونی هەیە ، وەک سەنتەرەکانی پەیوەندیکردن و شوێنەکانی پەیوەندیکردنی حکومی و تایبەت و نوسینەگەکانی پۆستەو گەیاندن و بەریدی ئەلیکترۆنی (فاکس وتیلفاکس) وتۆڕی ئینتەرنێت و بەستنەوەیان بە مانگە دەستکردەکانەوە بۆ ئەوەی پەیوەندیەکان خێراترو کوالیتیان باشتر ببێت ، بۆ ئەوەی لەم ڕووەوە گەشتیاران بۆ هیچ پێویستیەک دانەمێنن (موسیس ،٢٠٠٥: ٢٣٨) .

لێرەدا دەگەینە ئەوەی هەرێمی کوردستان لە دەستەبەرکردنی زۆربەی خزمەتگوزاری گەشتیاریدا لەم ساڵانەی دوایدا تاڕادەیەک پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە لەڕووی دابینکردنی ئەو خزمەتگوزارییانەوە ، هەربۆیە ڕۆژ بەڕۆژ هۆتێل و مۆتێل و گوندی گشتیاری لەناوچە گەشتیارییەکاندا دەکرێنەوەو پێویستیان بە دابینکردنی ئەم خزمەتگوزاریانەیە کەلەسەرەوە ئاماژەمانپێدان بۆیە دەبێت حکومەت پلانی گەشتیاری تۆکمە هەبێت تا گەشتیارێکی زۆر ڕوو لە هەرێمی کوردستان بکات .

## چوارەم : جۆرەکانی گەشتیاری

بەگوێرەی ئەو خواست و پێویستی و هۆکارانەی کەجولێنەری کەسی گەشتیارن خودی گەشتیاری زۆر جۆری لێدەکەوێتەوە، گەشتیاری هەیە بۆ کات بەسەربردن یاخود بۆ وەرگرتنی چارەسەری تەندروستیە ، یان ئاینیە ، یان گەشتیاری وەرزشیە ، لەپاڵ ئەمانەشدا لە دنیای گەشتیاریدا زۆر جۆری دیکە هاتونەتەکایەوە کەبەگوێرەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو زانیاری دێنەکایەوە ، کەپێشتر نەزانراو نەناسراوو بوون، وەک گەشتیاری کۆنگرەو کۆنفرانسەکان ، گەشتیاری پێشانگاکان وگەشتیاری هاندان و خەلاتکردن ، بەلام هەموویان پێویستیان بەخستنبەردەستی ئامرازو هۆکاری گرنگی سەرنج ڕاکێشان لەسەرجەم لایەنەکاندا هەیە و ئەمانە پێویستییەکانیان لەگەشتیاری نەریتی و ئاسایی جیاوازترە ، بۆیە پسپۆڕان هەستاون بە پۆلێنکردنی جۆرە جیاوازەکانی گەشتیاری بەگوێرەی هۆکاری تایبەتی و ڕەگەزە جیاوازەکانی پێکهێنەریان (تلي، ، ٢٠١٨ : ٨١ ).

**أ-پۆلێنکردنی گەشتیاری بەشێوەیەکی گشتی**

پۆلێنکردنی گەشتیاری بەیەک شێوەی دیاریکراو نابێت ، بەڵکو جۆراوجۆرن بەگوێرەی ئەو پێوەرەی پشتی پێدەبەستێت ئەو پێوەرانە ئەمانەن :

**١-بەگوێرەی ژمارەی کەسەکان: بەگوێرەی ئەم پێوەرە هەندێک جۆری هەیە لەوانە:**

-گەشتوگوزاری تاکەکەسی (فردی) : جۆرێکە لە گەشتیاری نارێکخراوە کەپشت نابەستێت بە بەرنامەیەکی دیاریکراوە ، کەسێک یان کۆمەڵە کەسێک پێکەوە پێی هەڵدەستن ،بۆ سەردانیکردنی ناوچەک یان شارێکی دیارکراوو، ماوەی مانەوەیان بەندە بەو کاتەی کە لەبەردەستیاندایە ، بەلام گەشتوگوزاری بەکۆمەڵ پێچەوانەی ئەوەی یەکەمەو ڕیکخراوەو هەموو پێداویستییەکانی پێشتر بەشێوەیەکی ووردو بەرنامە بۆ داڕێژراوو لەلایەن ڕیکخراو کۆمپانیای گەشتیارییەکانەوە دەستەبەرکراوە(توفيق ، ٢٠٠٨ : ٥٢)

**٢-بەگوێرە ئامرازی گواستنەوە:**

-گەشتیاری وشکانی: (ئۆتۆمبێلی تایبەتی، هێڵی ئاسن ، پاسی گشتی و تایبەت، هەرچی گەشتوگوزاری ئاووی: (بەلەمی بچوک، کەشتی) دەگرێتەوە ، هەروەها گەشتیاری هەوایی: (فڕۆکەی جۆراوجۆر) دەگرێتەوە (الصيرفي، ٢٠٠٧: ٤٨).

٣-بەگوێرەی تەمەن: گەشتیاری گەنجان ( تەمەنی نێوان ١٦بۆ٣٠ ساڵی ) وگەشتیاری تەمەنی ناوەند (لەنێوان ٣٠بۆ ٦٠ساڵی) و گەشتیاری بەساڵاچوان،( کەسانی سەروتەمەنی شەست ساڵی).

٤-بەگوێرەی ڕەگەز: گەشتیاری ژنان و گەشتیاری پیاوان (الشرقاوی ، ٢٠٠٦ : ٧٣ ).

**٣-بەگوێرەی دووری جوگرافی ( مەودای جوگرافی):لەم جۆرەدا دەتوانین جیاوازی نیوان سێ جۆری گەشتیاری بکەین:**

**-گەشتیاری ناوخۆیی:** واتەسەردانی کردنی هاولاتیانی ولاتێک بۆشارو شوێنەکانی سنوری ولاتی خۆیان، ئەم جۆرە لە گەشتیاری پێویستی بەشوێن و نرخی جۆراوجۆرو هاندانی گەشتیاری هەیە بۆ هاولاتیانی خودی ولاتەکە (ریان ،٢٠١٧ : ٤٩) ، **هەروەها گەشتیاری دەرەکی : (نێودەوڵەتی)** ، ئەمەش واتە گەشتکردنی تاکەکان لە شوێنی هەمیشەیی خۆیان بۆ ولاتانی دیکە ودەرەوەی سنوری ولاتی خۆیان ، و بەشێوەیەک کەمانەوەکەیان لەوجێگەیە هەمیشەیی نەبێت و، پێویستی بەوەرگرتنی مۆڵەت هەیە لەلایەن ئەو دەوڵەتەی بۆی دەچێت تاکو بتوانێ سەردانی بکات و یان پێشوازیکردنە لە گەشتیاری بیانی ، بەمەبەستی بەسەربردنی کاتە ئازادەکانیانە یان بۆ حەوانەوەو خۆشگوزەرانیە یان بۆ بەشداریکردنە لە چالاکییەکی دیاریکراودا (سميرة ، ٢٠١٤: ٤٠)

**٤- بەگوێرەی ماوەی بەرنامە گەشتیاری ئەویش دابەش دەبێت بۆ : گەشتیاری چەند رۆژێک** ئەم جۆرە چەند ڕۆژێک دەخایەنێت و زۆرینەی جارەکان پشووی کۆتایی هەفتەکان دەگرێتەوە.

**-گەشتیاری وەرزییە:** ئەمیش تایبەتە بە گەشتکردن لەوەرزێکی دیاریکراودا وبۆ شوێنێکی دیارکراو ، ماوەکەی لەمانگێکەوە بۆ سێ مانگ دەخایەنێت ، ئەم جۆرە لەگەشتکردن شێوەیەکی بازنەیی و دووبارە وەردەگرێت بەجۆرێک وەرزانەو سالانە هەمان گروپ دێن و سەردانی هەمان شوێنی دیارکراو دەکەنەوە، هەروەها جۆرێکی دیکەش هەیە بەناوی **گەشتیاری تێپەڕ (عابرة)** : ئەم جۆرەیان کاتێکە گەشتیاران لەکاتی سەردانیاندا بەگەشتێک بەلای شوێنێک یان شارێکدا تێپەڕ دەبن ، بەلام سەرنج ڕاکێشی شوێنەکە وادەکات یەک دوو ڕۆژێک تیایدا دەمێننەوە (سهام ، ٢٠١٧ : ٣٧).

**٦- گەشتیاری بە هۆکارو پاڵنەری جوڵەی گەشتیاری:** ئەم جۆرە پەیوەستە بەخواست وئارەزوەکانی گەشتیارانەوە لەم جۆرەشدا چەند شێوازێکی گەشتیاری بوونی هەیە لەوانە:

**-گەشتیاری کاتبەسەربردن** :یەکێکە لەجۆرە زۆر گرنگەکانی ناوجۆرەکانی گەشتوگوزار و گەشتکردن و جۆرێکی زۆر بەربلاویشە، بۆتە پێویستییەکی زۆر گرنگی کۆمەلایەتی بەتایبەت بۆ دانیشتوانی شارەکان، بەهۆی بارودۆخی ژیان و فشاری زۆری کارو ڕۆتینی ژیانی ڕۆژانە ودورکەوتنەوەیان لەسرووشت و ئاوهەوای پاک و ئەم جۆرە چەند چالاکیەکی خۆشی و کات بەسەربردن لەخۆدەگرێت بۆئارامکردنەوەی دەروونی کەسە گەشتیارەکان کە لە شوێنە گەشتیاری و هاوینەهەوارەکاندا بوونی هەیە جا چ شوێنی شاخاوی بن یان هاوینەهەواری دەریایی وتەختانی بن ، وەک (جیهانی دیزنی) ، وباخچە نیشتیمانیەکان (يونس ، بدون سنة الطبع : ٢٥-٢٦) ، هەروەها جۆرێکی دیکەی گەشتیاری هەیە بە ناوی

-**گەشتیاری مێژوویی:** بەهۆی ئەوەی پیشەسازی گەشتیاری گرنگیەکی زۆری داوە بەئەوشتانەی تایبەتن بە کەلەپوری ڕۆشنبیری و وەک یەکێک لەپێکهێنەرەکانی چالاکی گەشتیاری ناساندویەتی ، هەربۆیە دەستی کردوە بەفراوانکردنی بەرهەمە کەلەپوریەکان و بڵاوکردنەوەیان لەشوێنە گەشتیارییەکاندا و پیشاندانیان بۆ بەرچاوی گەشتیاران تاکو ببێتە جێگەی سەرنج وداهاتێک دروستبکات بۆداهاتی نیشتیمانی ، لەلایەکی دیکەوە ئەم جۆرە لەگەشتیاری زیاتر پشت ئەبەستێت بەدەرامەتە مێژوویی و دێرینەکانی ناوچەکە کە لەناو خودی هەر وڵاتێکدا لە مۆزەخانەدا پارێزراون لەگەڵ ئەوشوێنەوارانەی کە وەک کەلەپوری دێرینی ئەو شوێنە ناسێنراوون و نیشانەی ئاوەدانی دێرزەمانەی ئەو شوێنەگەشتیارییە بوون (عشی ، ٢٠١٠: ١٩)

هەروەها جۆرێکی دیکەمان هەیە لە گەشتوگوزار کە ئەویش **گەشتیاری کۆنگرەو کۆنفرانسەکانە** : ئەم جۆرە لەگەشتیاری پێویستی بەبوونی توانایی زۆر گەورەی گەشتوگوزار هەیە لەڕووی شوێنی مانەوەو گواستنەوەی گەشتیاران وئاسانکاری گەشتیاری وبوونی ژمارەیەکی زۆر لە پسپۆڕانی بواری گرتن و بەستنی کۆنگرەو کۆنفرانسەکان بەهەموو جۆرەکانیەوە ، بەشێوەیەک پتەوبێت لەڕووی کاری ڕاگەیاندن و تەکنەلۆژیای سەردەمەوە (القضاة والطالب، ٢٠٠٩: ٦٧)، هەروەها **گەشتیاری بازاڕگەری** : گەشتیارییەکە مەبەست لێی نیشاندان و فرۆشتنی کاڵاوشمەکی وڵات و شارێکی دیاریکراوە تیایدا داشکاندنی کاڵاکان دەکرێت وەک هۆکارێک بۆسەرنج ڕاکێشانی گەشتیاران و کڕینیان و ، بەمەش ڕاکێشانی گەشتیار زۆرتر دەبێت بۆئەوشوێنە (طبايبية، ٢٠١٧ : ٣ ).

هەرچی **گەشتیاری چارەسەروەرگرتن**: ئەم جۆرە گەشتیارییە باو بڵاوە بەتایبەت لەناو ئەو کەسانەی کە توشی جۆرێک لەجۆرەکانی نەخۆشی درێژخایەن بوون ، وەک هەناسە توندی و نەخۆشیەکانی پێست ورۆماتیزمە و ئەو نەخۆشیانەو ئەو جۆرانەشی کە چارەسەریەکەی بریتیە لە گۆڕینی کەشی ژیانی نەخۆش بۆماوەیەکی کاتی وگۆڕینی ئاو هەوایان لە ساردەوە بۆمامناوەند یان لە مامناوەندەوە بۆ گەرم ، ئەم **جۆرە خۆی لەگەشتیاری چارەسەری پزیشکییدا دەبینێتەوە** ، پشت بەهاتنی کەسانی بیانی دەبەستێت بۆئەو وڵاتەو وەرگرتنی چارەسەر ، وەک هاتن بۆکانیاوە گەرمەکان و وەرگرتنی چارەسەری پێست و نەخۆشیەکانی و کانیاوی هەڵمی و ئاوە کانزاییەکان، (يحياوی ، ٢٠١١ : ٢٩-٣٠) .


**گەشتیاری ئاینی** :ئەم جۆرە تەنها هەندێک وڵاتانی دیاریکراو لەدونیادا پێوەی سەرقاڵن ، بەڵام لەڕاستیدا ئەم جۆرە گەشتیارییە بۆ خۆی مێژوویەکی دێرینی هەیەو مرۆڤی بەخۆیەوە سەرقاڵکردوە لەهەرسەردەم و چاخێکدا ئەم جۆرە بەردەوام بووە ، وەک وڵاتی سعودیە بۆحەج و عەمرە" یان فەلەستین بۆسەردانی (بيت المقدس) قودسی پیرۆز، کەربەلاو نەجەف بۆ سەردانی مەزاری ئیمامی حەسەن و حسێن ، گۆڕی هاوەڵانی پێغەمبەر دروودی خوای لەسەربێت ، و هیندستان بۆسەردانیکردنی پەرستگاو شوێنە ئاینییە

جۆراووجۆرەکان ، ئەم جۆرە لە گەشتیاری دووبارە پێویستی بە نرخی گونجاو ئاسانکاری هاتوچۆ و بازاڕی گەورەی شتفرۆشتن هەیە ، چونکە گەشتیاران شتی لێ دەکڕن و دەیبەنەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان (عبوي، ٢٠٠٧ : ١٨٩) .

**گەشتیاری زانستی:** ئەم جۆرە زۆرجار ناونراوە بە گەشتیاری توێژینەوەکردن و جۆرەکانی توێژینەوەکردنی ژینگەیی و ئاوهەواو ژیانی ڕوەک و ئاژەڵان لەخۆدەگرێت ، لەگەڵ توێژینەوەی باڵندەوە تەواوی جۆرەکانی زیندەوران هەندێک جار ئەم جۆرە لەگەشتیاری هەڵدەستن بە ڕێکخستنی گەشتی بەکۆمەڵی زانستی بۆ توێژینەوە کردنی ناوچەیەک لە دەریا بێت یان لە ئۆقیانوسەکاندا ، یاخود توێژینەوەی شێوەکانی ڕووی زەوی و پێکهاتەی بایۆلۆجی ودیاردە ناوازەکانی سەرڕووی زەوی لەڕێگەی کەسانی خاوەن پسپۆڕی و شارەزای زانستی کەسانی شارەزاو سەرقاڵ لەوبوراەدا بەشداری پێدەکەن  (عباس ، ٢٠١٦، ٢٥١) .

جۆرێکی دیکەش هەیە بەناوی **گەشتیاری وەرزشی:** مەبەست لێی ڕۆشتنی خەڵکە لە شوێنی مانەوەی خۆیان بۆجێگەیەکی دیکە وولاتیکی دیکە بۆماوەیەکی کاتی وبەمەبەستی ئەنجامدانی چالاکیەکی وەرزشی جا هەرجۆرە چالاکیەک هەبێت لەناو دنیای چالاکیە وەرزشییەکاندا یان بۆچێژوەرگرتن لەو چالاکیە وەزشیانە وەک بینەر ئەو گەشتە دەکات ، بۆنمونە خولی ساڵانەی پاڵەوانیەتیە ئۆلۆمپییەکان یان مۆندیالی وەرزشی سەرتاسەری جیهان کەچوارساڵ جارێک وهەرجارەی لەوڵاتێک ئەنجام دەدەرێت دەبنە مایەی ڕاکێشانی گەشتیارێکی زۆرو داهاتێکی زۆر بۆ وڵاتەکە دروست دەکەن (عبدالقادر،٢٠١٢، ٢٣). کەواتە لە ئێستادا چەندین جۆری تری گەشتیاری سەریانهەڵداوە کە خەڵک بە مەبەست و بێ مەبەست ئەنجامی دەدەن وەکو گوشتیاری (کڕین و فرۆشتن و گەشتیاری دارستان و گەشتیاری سروشت و بیابانەکان و گەشتیاری گوند و گەشتیاری بۆشایی ئاسمان ، هەموو ئەمانە بە گەشتیاری دادەنرێن  ، چونکە گەشتیار شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی بەجێدەهێڵێت و دەچێتە ناوچەیەکی تر بۆ ئەنجامدانی ئەم چالاکیانە ، ئەویش بە پڕکردنەوەی خواست و ئارەزووەکانی خۆی ئەنجامیدەدات ، هەر بۆیە ئامانجی گەشتەکە جۆری گەشتیارییەکە دیاریدەکات ، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بۆ ناسینی ئەو پۆلێنانەی کە لە دەوڵەتە جیاوازەکاندا کراوە بۆ جۆرەکانی گەشتیاری لە هێڵکاری (٤) دا خستومانەتەڕوو .

**هێلکاری (٤) جۆرەکانی گەشتیاری**





هێلکاری/ کاری توێژەر

**ب-پۆلێنکردنی جۆرەکانی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستان**

هەرێمی کوردستان بێبەش نییە لە چەندین جۆری گەشتییاری کە لەسەر بنەمای مەبەست و چالاکی گەشتیاری وەستاوە ، چونکە هەڵکەوتەی جوگرافی و مرۆیی و شارستانیەتی هەرێمی کوردستان لەبارە بۆ چالاکی گەشتیاری وجۆرەکانی گەشتیاری ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەرێمی کوردستان هەنگاوی باشی نەناوە بۆ بنیاتنان و ڕێکخستن و هاندانی جۆرە جیاوازەکانی گەشتیاری تەنها جۆرێکی کەم لە جۆرەکانی گەشتیاری بوونیان هەیە ،کە لەهێڵکاری (٥) دەیخەینەڕوو

(هێڵکاری (٥) جۆرەکانی گەشتیاری لەهەرێمی کوردستان




**بەپشتبەستن بە سەرچاوە/ هەتاو کریم خضر**

**(اشکالیە العلاقة بین السیاحة ورأس مال الاجتماعي) اطروحة الدکتوراة، الجامعة اللبنانیة**

## پێنجەم: نموونەکانی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستاندا :

### ١-گەشتیاری لە پارێزگای هەولێر:

هەولێر بە دانیشتوان و جووڵەی مرۆڤ هەر لە دێر زەمانەوە تاکو ئەمڕۆ یەکێکە لەکۆنترین ئاوەدانیەکانی سەر زەوی ، ناوی هەولێر وەکو خودی شارەکە کۆن و دێرینە ، لەناو زۆر کتێب و نوسراوی مێژوویدا و لە نوسراوی زۆر سەردەمەکاندا ناوو باسی هاتووە ، بۆ یەکەمین جار ناوی هەولێر لە سەردەمی پاشای سۆمەری پاشا (شولکی ) ناوی هاتووە لە ٢٠٠٠ هەزار ساڵ پێش زاین ، ئەو سەردەمەی بە (اوربیلم ) ناوی هاتووە و ناوبراوە و، لە سەردەمی بابلی و ئاشوریەکاندا بووە بە (اربا ایلو) ، واتە شاری چوار خودا ، خەڵکانی ئاسایی ناوچەکانی دەوروبەری هەولێر خۆی بە ناوی (ئەروبل) ناویان هێناوە ، بە زمانی کوردی واتە (هویر) هەندێک مێژونوسی کوردی دەڵێن ئەم ناوە کۆنەو پەرەیسەندووە لە ووشەی (خۆرلیر) وە واتە پەرەستگەی ڕۆژ ، کە ئەو سەردەمانە هەولێر پەرەستگەی عەشتاری تێدابووە ، هەندێکی دیکە دەڵێن هەولێر لە ووشەی (ئەبیل) ەوە پەرەیسەندووە و گۆڕانی بەسەردا هاتووە ( الچاوشلي ، ١٩٨٥ ، ١٧).

### -شوێنی جوگرافی( هەڵکەوتەی جوگرافی) :

پارێزگای هەولێر هەردوو زێی سەروو خوارووی لە خۆگرتووە کە لە باکورەوە درێژی کردۆتەوە بۆ باشوور ، لە ڕۆژهەڵات و باکوری ڕۆژهەڵاتەوە دراوسێی ئێران و تورکیایە ، بەم شوێنە جوگرافیەی پارێزگای هەولێر کەوتۆتە نێوان هەردوو پارێزگای دهۆک و نەینەواوە لە باکورەوە ، هەردوو پارێزگای کەرکوک و سلێمانی لە باشورەوە ، ئەمە سەرەڕای گرنگ بوونی لایەنی سنووری ئەم پارێزگایە ( احمد ، ٢٠١٦ : ١١٥).

### -نیشانەکانی ڕووی زەویەکەی:

شوێنێکی شاخاوی گرتووە ئەم پارێزگایە و بۆتە شوێنێکی زۆر گرنگ لە کوردستانی عێراقدا ، سێگۆشەی سنووری دروستکردووە ، لە نێوان ئێران و باکورو ڕۆژهەڵاتی باکورەوە ، وە تورکیا لەباکورو باکوری خۆرئاواوە ، شاخەکانی دەکەوێتە نێوان دوو دۆڵی بنەڕەتییەوە ئەوانیش دۆڵەکانی ڕووباری دیجلە وەک دۆڵی زێی بچووک لە ڕۆژهەڵات و دۆڵەکانی زێی گەورە لە ڕۆژئاواوە ، لە ڕۆژهەڵاتەوە پاریزگای سلێمانی پێوەلکاوە و ، لەڕۆژئاواوە پاریزگای دهۆک ، بەمەش شوێنەکەی زۆر گرنگە بۆ گەشتیار بەهۆی نوسانی پارێزگاکە بەدەوڵەتانی دراوسێوە ، بۆیە ناوچە سنووریەکانی بەشاخ و چیا داپۆشراوە وەک دەروازەی سنووری حاجی ئۆمەران کە درێژی ڕێگاکەی دەگاتە نزیکەی (١٨٧) کم ( حمەرشید ، ٢٠١٨ : ١٨٨-١٨٩ ) .

**-کەش و هەوا:**

ئاوهەوای پارێزگای هەولێر سەربە ئاوهەوای دەریای ناوەڕاستە . کە ئاوهەواکەی گەرم وشکە لە هاویندا ، جگە لە ناوچە شاخاویەکانی کە بەزستانان زۆر ساردە ، بەڵام بەهار بە وەرزی جوانی دادەنرێت .

**-دانیشتوان:**

هەولێر پایتەختی کارگێڕی وڕامیاری هەرێمی کوردستانی عێراقە ، پێکدێت لە ١٠ قەزاو ٣٥ ناحیەو کۆی گشتی ڕووبەرەکەی ١٤٨٧٢ کم دوجایە ، ژمارەی دانیشتوانەکەی بە گوێرەی سەرژمێری ساڵی ٢٠١٥ نزیکەی ١٩٥٧٤٨٦ کەسە . ئەم شارە لەسەدەمی ڕژێمی پێشوودا بۆتە پایتەختی گەشتیاری هاوینە ، لەبەرئەو گرنگییە مێژووییەی کە بە درێژایی سەردەمەکان هەیبووە ، لەبەرئەوەی ناوەندێکی ئابووری و ڕۆشنبیری و شارستانییە ، بەڵام گرنگیەکەی لە ئێستادا زۆر زیاتر بووە ( شێخاني ، ٢٠١٦ ، ١٨٥).
هەولێر هەر لە کۆنەوە جێگای پێکەوە ژیانی نەتەوەکان بووە و ، ئێستا کوردو تورکمان و ئاشووری و کلدان و عەرەب لە پارێزگای هەولێر دەژین ، هەروەها هەڵگری باوەڕی ئاینەکانی ئیسلام و مەسیحی لە هەولێرو شارۆچکەکان وەک برا پێکەوە دەژین ئەمانە گشتیان بنەمای ڕاکێشانی گەشتیارن و شار دەکەنە شاری گەشتوگوزار ( ڕۆستی ، ٢٠١١ ، ٢٦) .

پارێزگای هەولێر جیادەکرێتەوە بە بوونی بنەماکانی ڕاکێشانی گەشتیاران وەک بوونی هاوینە هەوارو تاڤگە و کانی کانیاو کارێز و سەیرانگاو و ئەشکەوتی جۆراوجۆر ، تیایدا گەشتیار دەتوانێت چەندین جۆری گەشتوگوزار لەم ناوچانەدا وەک چالاکی ئەنجام بدات ، لەوانە ڕۆشتن بەپێ بۆماوەی دورو درێژ ، بینینی دیمەنی سروشتی سەرنجڕاکێش ، بینینی باڵندە و ئاژەڵی کێوی و ئەستێرەو چالاکی دیکەی جۆراوجۆر ، وە ئەم چالاکیە گەشتیارییە سروشتیانە پێویستە سێ پێوەریان تێدا بێت ، یەکەمیان : دەبێت ئەم چالاکیانە لەناو ژینگەو سروشتدا ئەنجام بدرێن ، دوەمیان : نابێت ئەم چالاکیانە زیانی بۆ ژینگە هەبێت ، سێیەمیان : پێویستە ئەم چالاکیانە سودێکیان هەبێت بۆکۆمەڵگەی ناوخۆی چیتر گرنگ نیە سودەکە ئابووری بێت یان ڕۆشنبیری یاخود کۆمەڵایەتی ( عزیز ،٢٠١٤ : ٣٣٦-٣٣٧) .

پارێزگای هەولێر زۆرترین گەشتیار سەردانیان کردووە ، ئەمەش بەهۆی دابینکردنی خزمەتگوزارییە گەشتیارییەکانەوە بووە ، وەک و زیاترکردنی میوانخانەو چێشتخانەو پارکی گەشتیاری و یاری و هۆڵی جۆراوجۆر ، بۆ نموونە لە ساڵی (٢٠١٠) ژمارەی گەشتیارانی پارێزگای هەولێر گەیشتۆتە (٦١٥٤٧٩) گەشتیار ، واتە لە کۆی یەک ملیۆن و سێسەد هەزار گەشتیار لە هەرێمی کوردوستان لە ساڵی (٢٠١٠) نزیکەی نیوەی گەشتیاران هاتونەتە پارێزگای هەولێر کە ڕێژەی ( ٤٦،٨%) گەشتیارانی کوردستان

پێکدەهێنێت (ڕۆستی ،٢٠١١، ١٢) . بەڵام بە پێی ئەو خشتەیەی خوارەوە ژمارەی گەشتیاران بۆ پارێزگای هەولێر لە (٢٠١٢–٢٠٢١) بەم شێوەیەی خوارەوە بووە .

خشتەی ژمارە (١٢)

ژمارەی گەشتیارانی هەرێمی کوردستان بە گوێرەی پارێزگای هەولێر بۆساڵی (٢٠١٢–٢٠٢١)

| ساڵ / پارێزگا | 2012 | 2013 | 2014 | 2015 | 2016 | 2017 | 2018 | 2019 | 2020 | 2021 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 151883 | 2029623 | 937591 | 579876 | 776165 | 996121 | 1644942 | 1983391 | 630340 | 2051550 |

سەرچاوە : وەزارەتی شارەوانی گەشتوگوزار – دەستەی گشتی گەشتوگوزار ئاماری بنکە گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستان ٢٠٢٢/٤/٧

**–توانستە مێژوویی و ڕۆشنبیری و ئاینییەکان :**

هەولێر دەوڵەمەندە بەهەندێک شوێن و جێگەی شوێنەواری مێژوویی ورۆشنبیری وئاینییە لەوانەش :

ئەشکەوتی شانیدەر: یەکێکە لە ئەشکەوتە دێرینەکانی قەزای مێرگەسوور و هەرێمی کوردوستانی عێراق، ئەم ئەشکەوتە دەکەوێتە قەدپاڵی چیای برادۆست بە بەرزی (٦٧٠ ) م لە ئاستی ڕووی دەریاوە ، (١٢٢) کم لە باکووری پارێزگای هەولێرەوە دوورە مێژووی ئەم ئەشکەوتە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بەردینی کۆن کە ١٠٠هەزار ساڵ پێش زاینییە (الدليل السياحي لاقليم كوردستان ، ٢٠١٤، ٥٨ )

**–قەڵای هەولێر :** قەڵای هەولێر دەکەوێتە ناوەندی پارێزگای هەولێر لە دوو ڕێگای سەرەکی بە پیادەو بە ئۆتۆمبێل دەتوانیت بچێتە ناو قەڵا و گەڕەکەکانی ، ڕێگای یەکەم لە ڕۆژهەڵاتەوە دەکەوێتە بەرامبەر پارکی شارو بازاڕی نیشتمان و قیسەری کۆنی هەولێر ، ڕێگای دووەمی لە ڕۆژئاوای قەڵاکەیە دەڕوانێتە سەر بینای پارێزگاو گەڕەکی مستەوفی .

**–قەڵای خانزاد** : بە دووری (٢٢ ) کم دەکەویتە باکووری شاری هەولێر ، لە خوارووی پێچەکانی شارۆچکەی پیرمام لەسەر ڕێگای هەولێر –پیرمام .

**–قەڵای دێرێ :** ئەم قەڵایە دەکەوێتە بەشی ڕۆژئاوای دامێنی زنجیرە چیای پیرمام و بە دووری (٣٨) کم لە ناوەندی پارێزگای هەولێر دەکەوێتە باکووری پارێزگای هەولێر ، بە دووری (٢) کم لە لای چەپی ڕێگای هەولێرو دارەبزمارە گوندی سەروکانی هەڵکەوتووە ، هەروەها بە (٢٠٠) م دەکەوێتە بەشی ڕۆژئاوای گوندی دێرێ .

- **قەڵای دوین**: بە دووری (٥٥) کم دەکەوێتە باکووری پارێزگای هەولێر ، قەڵای دوین دەکەوێتە سنووری ناحیەی پیرمام (سەلاحەدین) سەر بە قەزای شەقڵاوە لە پارێزگای هەولێر .

-**جووت ئەشکەوتی کاوانی** : لەسەر ڕێگای هەولێر شەقڵاوە بە دووری (٤١) کم دەکەوێتە باکووری پارێزگای هەولێر ، هەروەها دەکەوێتە بەشی ڕۆژئاوای کۆتا کلکەی زنجیرە چیای سەفین ، ئەشکەوتەکە لەناو دۆڵێکی بچووکدایە ، کە (٥٠) م لەناو دۆڵەکە بەرزترە ، دوو ئەشکەوتن بە تەنیشت یەکەوەڕوویان لە یەکتری کردووە .

-**مۆزەخانە** : لە ناو پارێزگای هەولێردا چەندین مۆزەخانە هەیە ، وەک مۆزەخانەی شارستانی هەولێر و مۆزەخانەی ڕستن و چنین ، ئەنتیکە خانەی قەڵای هەولێر (ڕۆستی ، ٢٠١١ : ٢٩-٣١ و ٣٦ و ٣٨ و ٤٢) .

-**قەڵای بانەمان** : ئەم قەڵایە دەکەوێتە (٢٩) کم باکووریپارێزگای هەولێر لەسەر ڕێگای نێوان (هەولێر – پیرمام) لەسەر گردێک بە بەرزی (٥٠) م لە نزیک گوندی بانەمان مێژووی دروستکردنی بۆ سەردەمی میر محەمەدی ڕەواندوزی میری سۆران دەگەڕێتەوە لە ساڵی (١٨٢٤ز) دا بە مەبەستی پاراستنی ڕێگای نێوان هەولێر ڕەواندز .

**گردی قالینج ئاغا** : یەکێکە لەو ناوچە شوێنەواریانەی دەکەوێتە ناوجەرگەی پارێزگای هەولێر ، واتە بە دووری کیلۆمەترێک لە باشووری قەڵای هەولێرەوە ، ناوی گردەکە لە (قالە ئانجەوە) هاتووە ، واتە قەڵای گچکە بەبەراوورد بە قەڵای هەولێر گچکەیە بەرزی گردەکە (٧) م لەسەر ئاستی ڕووی دەریاوە لە ساڵی (١٩٦٦ ز) بۆ یەکەمجار لەو گردەدا دەستکراوە بە هەڵکۆڵین ، بەهۆی ئەو پاشماوە شوێنەوارییانەی کە تیایدا دۆزراوەتەوە سەردەمەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەزارەی (پێنجەم و چوارەمی پ.ز) لەو کاتەوە مرۆڤ تیایدا نیشتەجێبووە (ڕێبەری شوێنەوارەکانی هەرێمی کوردستان ، ٢٠١٧ : ٥ – ١٦).

**هەندێک لە ناوچە گەشتیارییەکانی پارێزگای هەولێر:**

-**تاڤگەی بێخاڵ** :بە یەکێک لە گەورەترین تاڤگە سروشتییەکانی پارێزگای هەولێرو هەرێمی کوردوستانی عێراق هەژمار دەکرێت ، دەکەوێتە ڕۆژئاوای شاری ڕەواندز بە دووری (١٠) کم وە بە (١٣٥) کم لە پارێزگای هەولێرەوە دوورە بەوە جیادەکرێتەوە کە ئاوێکی پاک و ساردی هەیە کە لە هاویندا ساردوخۆشە پلەی گەرمای ئاوەکەی (٣٢)پلەیە .

**تاڤگەی گەلی عەلی بەگ** : ئەم تاڤگەیە دەکەوێتە ڕێگای هاملتۆنی نێودەوڵەتی سەر بە قەزای سۆران بە بەرزی (٨٠٠) م لەسەر ئاستی ڕووی دەریاوە و بە دووری (١٣٠) کم لە پارێزگای هەولێرەوە ، سەرچاوەی ئەم تاڤگەیە بەفرو بارانە کە پلەی گەرمی ئاوەکەی لە هاویندا (٣٥) پلەیە (رشید ، والصفار، ٢٠٢٢ ، ٢٠٧-٢٠٨) .

**هاوینە هەواری شەقڵاوە:** شەقڵاوە دەکەوێتە دووری (٥١) کم لەباکوری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای هەولێر و لەدووری (١٩) کم لە باکووری ڕۆژهەڵاتی ناحیەی سەلاحەدین ، سەر بەیەکێک لە دۆڵەکانی نێوان چیای سەفینە ، (١٩٧٥) م لە باشورەوە و بەرزاییەکانی گردەسوور.

**تەنگەی دەربەندی گۆمەسپان**: دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای هەولێرەوە ، بەدووری (٢٧) کم تەنگەیەکی سەرنجڕاکێشە کە ڕووباری بەستۆرە پیایدا تێپەڕ دەبێت ، دەکەوێتە نێوان چیای چێشکە ، (١٢٤١م ) ڕووبەری باشوری ڕۆژهەلاتی پێکدینێت ، بەڵام لە ڕووی باشووری ڕۆژئاوایەوە دەکەێتە نزیک چیای ساردتکە ، (١٣٣٨م) درێژای ئەم تەنگەبەرەی گۆمەسپان دەگاتە نزیکەی (١٩) کم پانیەکەشی (٢٧١) مەترە .

-**ناوچەی چنارۆک**: ئەم ناوچەیە یەکێکە لە شوێنە جوانەکانی پاریزگای هەولێر ، دەکەوێتە ناو قەزای کۆیسنجەقەوە ، دەکەوێتە دووری ڕۆژهەلاتی پارێزگای هەولێرەوە ، بەدووری (١٣) کم.

-**ناوچەی توسکە** : ناوچەیەکی سەربە سەلاحەدینە لە ڕووی کارگێڕیەوە بە دووری (٦٠) کم، بەرزی ئەم ناوچەیە دەگاتە (٧٢٠) م لەئاستی ڕووی زەویەوە .

-**ناوچەی شێرەسوار:** ئەمیش دەشتێکی فراوان و شێوە لاکیشەییە ، هەندێک نزمایی و بەرزایی تێدایە بە بەرزی (٨٠٠)  م لەئاستی ڕووی زەویەوە.

-**ناوچەی خانزاد :**  دەکەوێتە ڕۆژئاوای ڕێگای گشتی نێوان پارێزگای هەولێرو سەلاحەدین ، کۆمەڵگەی مەلاهۆمەر دەوری داوە ،لە بەشی باشوورییەوە وە گوندی ئۆخسەر لەبەشی ڕۆژهەڵاتیەوە و کۆمەڵگەی بەستۆرە لەڕووی باکووریەوەو ، گوندی (براغ) دەکەویتە ڕۆژئاوایەوە  (حمه رشيد ،  ٢٠٠٧ : ٩٥-٩٨).

-**هاوینەهەواری جوندیان** :کە بە ماوەی (١١٥) کم لە پارێزگای هەولێرەوە دوورە ئەم هاوینە هەوارە دەکەوێتە سنووری ناوچەی ڕەواندوز و خوارەوەی چیای هەندرێنەوە بە (٥) کم لە ڕۆژئاوای ناوچەی سۆرانەوە نزیکە ، ئەم هاوینە هەوارە بەوە جیادەکرێتەوە کە هەڵقوڵانی ئاوەکەی بە سەرچاوەی سحری ناودەبرێت کە خوارەوەی شاخەکە لە ناوەوەی وشکە ئاوی پێوە نییە ، ئەمە لە وەرزی بەهاردا دەردەکەوێت ، هاوینەهەواری جوندیان ناوچەیەکی گەشتیاری سەرەکیە لە قەزای ڕەواندز کە سروشتێکی سەرنجڕاکێشی هەیە دارودرەختێکی چڕو ئاوهەوایەکی مامناوەندی لە وەرزی هاویندا هەیە.

**هاوینە هەواری هیران و نازەنین:** ئەم هاوینە هەوارە بە (٢١) کم لە قەزای شەقڵاوەوە دوورە ، بەوە جیادەکرێتەوە ئاوهەوایەکی خۆش و سروشتێکی گەشتوگوزاری هەیە بە هۆی بوونی ژمارەیەکی زۆر لە دارو درەخت ، هەڵکەوتە جوگرافیەکەی لە ئاستی چیای سەفینەو بەرزی ناوچەکە لە ئاستی ڕووی

دەریاوەیە ، ژمارەیەکی زۆر لە کانی و کارێزو باخی تێدایە بە دەیان چەرداخی لێیە کە سەقفەکانیان حەسیرە وە شوێنی مانەوەو پشودانە (الصفار ، ٢٠١٩ : ٩٠-٩٣) .

**- توانستە ئاینی و مەزارەکانی شاری هەولێر:**

**-مەزاری ستی ئیمام:** ئەم مەزارە دەکەوێتە گەڕەکی (المحطة) ، ئەم مەزارە دەگەڕێتەوە بۆ پێش ئیسلام ، چونکە ئەم ناوچەیە جیاوازە و سەردەمەکەی پێش ئیسلامە ، بەڵام ناوچەکانی دیکەی هەموویان هی سەردەمی ئیسلامن .

**مەزاری چاکی بن عاردی :** ئەم مەزارە دەکەوێتە نزیک باخچەی گڵکەند . خەڵک لە ڕۆژانی چوارشەممەدا دێنە سەردانی بەمەبەستی وەرگرتنی چارەسەر بۆ ئازارەکانی پشت و ئەژنۆ و ڕۆماتیزم .

**-مەزاری پێنجەعەلی:** ئەم مەزارە دەکەوێتە پشت کتێبخانەی گشتییەوە ، تیایدا شوێنەواری پێنج پەنجەی تیایەو چاپکراوە کە دەوترێت مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی خەلیفە (عەلی کوڕی ئەبو تالیب) (ڕەزای خوای لێبێت) ، گوایە ئیمامی عەلی لە کاتی ناشتنی خاوەنی ئەم مەزارگەیەدا ئامادەبووە و بەشداری ناشتنەکەی کردووە .

**-مەزاری سوڵتان موزەفەر :** دەکەوێتە نزیک پارێزگای هەولێر، لە ناوەوە مزگەوتێکە بە مەڕمەڕ ڕازێنراوەتەوە ، کە لە سەر دەرگاکەی مێژووی لەدایکبوون و مردنی سوڵتان موزەفەر نەخشێنراوە .

**-مەزاری شێخی چۆلی:** دەکەوێتەی گەڕەکی (العرب) لەناو مزگەتی گەورەدا کە بەناوی ئەمەوە ناونراوە ، خاوەنی ئەم گۆڕە شێخ موستەفایە لە دانیشتوانی گوندی ئاغۆلانە لە ناوچەی هەورامان ، باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانی ، قوتابی شێخ بەهادینی نەقشەبەندی بووە و بە فەرمانی ئەو ناوچەکەی چۆڵکردووە و لە پارێزگای هەولێر نیشتەجێبووە بۆ ئەوەی مزگەوتێک لەناو مەزارەکەدا بکاتەوە ، لەناویدا گومەزێک بوونی هەیە کە جلوبەرگەکانی شێخی تێدا دانراوە کە تاکو ئێستەش خەڵکی نەخۆش دێن و لەبەری دەکەن ، بە مەبەستی وەرگرتنی شیفا بۆ نەخۆشیەکەیان بە یارمەتی خوای گەورە بەهۆی پیرۆزی ئەم گومەزەوە ڕۆژانی چوارشەممە سەردانی دەکرێت بەمەبەستی وەرگرتنی چارەسەرو شیفا ( حمە رشید ، ٢٠٠٧ : ١٢٥-١٢٦ ).

**-ئاسانکاری و خزمەتگوزاری گەشتیاری :**

توانستە گەشتیارییەکان تەنها بۆ توانستە سروشتی و شارستانی و مێژوویی کورتناکرێتەوە و بەڵکو بە توانستە مرۆییەکان پاڵپشتی دەکرێن بۆ کارئاسانی و سودی گەشتیاران ، ئەم توانستە مرۆییانە وەک بوونی توانایی هوتێلەکان بەجیاوازی پۆلێنەکانیانەوە بۆیەکەو پلەو شێوەی جیاوازی ئابووری بۆ گەشتیار ، واتە توانای لەخۆگرتنی ئابووریانەی هۆتێلەکان بۆ ژمارەیەکی بەرچاو لە گەشتیاران بە

جیاوازی ئاست و تەمەنیانەوە ، سەرەڕای ئەوانە بوونی بونیادی ژێرخانی ناوچە گەشتیارییەکان وەک ڕێگاوبانەکان و فرۆکەخانەکان و بەندەرکان و تۆڕەکانی پەیوەندی کردن ، کە ئەمانە هەموویان پێکەوە هاوکارو پاڵپشتی گشت کەرتەکان دەکەن بە کەرتی گەشتوگوزاریشەوە ، ئەمە وادەکات ژمارەیەکی زۆری گەشتیار نیشتەجێ بکەن لای خۆیان وایان لێبکەن ماوەی مانەوەی گەشتیاران درێژتر بکەنەوە، لەو شارانەی کە میوانداری گەشتیاران دەکەن ( طبايبية ، ٢٠١٧ : ٥).

پارێزگای هەولێر پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە بۆ ساڵی (٢٠٢٠) ، ئەم پلە بەرزییە لە ڕووی چالاکی گەشتیارییەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی پارێزگای هەولێر پایتەختی هەرێمەو بنکەی گەشتیاری جۆراوجۆری تێدایە ، بۆیە لە ساڵی (٢٠٢٠) دا ژمارەی هۆتێلەکان لە پارێزگای هەولێر (٢٧٩) هۆتێل بوو ژمارەی مۆتێلەکان (٩٣) بوو ، ژمارەی گوندی گەشتیاریش (١٧) گوندو توانای وەرگرتن (٣٠٨٠٢) بوو ژمارەی گەشتیاران گەیشتە (٦٣٠٣٤٠) گەشتیار هەروەک لە خشتەی (١٣) دا ڕوونکراوەتەوە .

خشتەی (١٣)

کۆکراوەی زانیاری لەسەر یەکە گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستان و ژمارەی گەشتیاران بەپێی پارێزگای هەولێر بۆ ساڵی (٢٠٢٠)

| جۆری چالاکی | هەولێر |
|---|---|
| ژمارەی هۆتێل | 279 |
| ژمارەی ئەپارتمێنت و مۆتێل | 93 |
| ژمارەی گوندی گەشتیاری | 17 |
| توانای وەرگرتن | 30802 |
| ژمارەی ژوور | 11299 |
| ژمارەی ڕێستورانت و کافتریا | 423 |
| ژمارەی گەشتیاران | 630340 |

سەرچاوە : وەزارەتی شارەوانی گەشتوگوزار – دەستەی گشتی گەشتوگوزار ئاماری بنکە گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستان ٢٠٢٢/٤/٧

بە شێوەیەکی گشتی پارێزگای هەولێر لە پێش هەموو پارێزگاکانی تر دێت لەسەر ئاستی عێراق بەوە جیادەکرێتەوە کە چەندین پێدراوی ژینگەی سروشتی و کشتوکاڵی و شاخاوی و تاڤگەو ڕووبارو ناوچەی شوێنەواری کە مێژووەکەی بۆ چاخە کۆنەکان دەگەڕێتەوە وەکو ( قەڵای هەولێر و ئەشکەوتی شانیدەرو ... هتد ، جگە لە ناوچە شوێنەوارییەکانی تر ئەمانە بۆتە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆر گەشتیار بە بەردەوامی ڕووی تێبکات چێژ لە دیمەنی سروشتی و کاری دەستی و خواردنە میللییەکان لەناو هەرێمی کوردستان بەگشتی و پارێزگای هەولێر بەتایبەتی ببینێت ، جگە لەوە پارێزگای هەولێر لەڕووی

دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ گەشتیاران وەکو هۆتێل و مۆتێل و گوندی گەشتیاری و چێشتخانەو کافتریاو .. لە ڕیزی پێشەوەیە لە چاو پارێزگاکانی تری هەرێمدا .

**٢-گەشتیاری لە سلێمانی:**

پارێزگای سلێمانی لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە دروستکراوە تاکو ببێتە پایتەختی میرنشینی بابانیەکان ، بابانیەکان بۆ ماویەکی زۆر دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوایی ئەو ناوچەیەیان کردوە ، شارەکە لەلایەن ئیبراهیم پاشای بابان لەساڵی (١٧٨٤) دا دروستکراوە . ئیبراهیم پاشا یەکێک بووە لە میرەکانی میرنشینی بابان ، لە نزیک سەرای ئێستاوە دروستکراوە هەستاوە بەدروستکردنی ئەو جێگەیەی کە نزیکە لەو شوێنەی کە مەحمود پاشای مامی لێنێژراوە کە ناسراوە بە گوندی مەڵکەندی لەساڵی ١٨٧١دا ، دوای تەواوبوونی سلێمانی پایتەختەکەیان لە قەڵاچوالانەوە گواستەوە بۆ شاری سلێمانی ، ناوی سلێمانی هەندێک ڕاوبۆچونی لەسەرەو لەوانە ئیبراهیم پاشا بەناوی باپیرە گەورەیەوە ناوی ناوە کەناوی سلێمان پاشا بووە ، دەڵێن بەناوی والی بەغدادەوە ناونراوە کە ناوی سلێمان بووە ، یان بەهۆی دۆزینەوەی ئەو مستیلەیەوە ناونراوە کە لە کاتی کارکردنی لە بناغەی سلێمانیدا دۆزیویانەتەوە . سلێمانی لەڕووی تەمەنەوە بچووکترین شارە لەچاو شارەکانی دەستە خوشکیدا بە جۆرێک تەمەنی ئەم شارە لە ٢٢٠ ساڵ تێناپەڕێ ، هۆی دروستکردنەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە گەڕەکی کانێسکانی ئێستایی لەو سەردەمەدا شوێنێکی ئاوەدانبووە ئێستاش شوێنێکی ئاوەدان و بەرچاوی شاری سلێمانییە ، کە ناوبراوە بە (ژاڵە ، دەفلە ، ئەلحەق) ، دارستانی چڕوپڕ بەدرەخت و سەوزایی و مێرگی پان و بەرین و پڕ لە باڵندە و ئاژەڵی کێوی بووە خەڵکی بۆڕاوکردنی جۆراوجۆر بۆی هاتوون ( زەند ، ٢٠٠٨ : ٢٥١-٢٥٢) .

**أ-شوێنی جوگرافی:**

شوێنی جوگرافی پارێزگای سلێمانی دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردوستان و باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراق ، لە ڕۆژهەڵات و باکووری ڕۆژهەڵات کۆماری ئیسلامی ئێرانەو ، لە باکووری ڕۆژئاوا پارێزگای هەولێرو لە لای باشوورو باشووری ڕۆژهەڵات ئیدارەی گەرمیان (پارێزگای کەرکوک) دەوریانداوە ، سەرجەم ڕووبەرەکەی دەکەوێتە ناوچە شاخاوییەکانەوە ، تەنها بەشێکی کەم لە قەزای دەربەندیخان دەکەوێتە ناوچەی نیمچە شاخاویەکانەوە ، بەمەش ناوچەکە لە ڕووی تایبەتمەندی ئاوهەواو ڕووەکی سروشتی و ئاژەڵی و دیاردە سروشتی و مرۆییەکانی تر، لە ناوچەکانی نیمچە شاخاوی و ناوەڕاست و باشووری عێراق جیاواز دەبێت ( ڕەشید ، ٢٠١١، ٣٨) .

**ب–ئاوو وهەوا :**

پارێزگای سلێمانی بە پێی بازنەکانی پانی و هێڵەکانی درێژی دەکەوێتە بازنەی پانی مامناوەندییەوە لە نێوان بازنەی پانی ( ٥٤ ،٣٠) (٣٦ ، ٣٥) ی باکوور و هێڵی درێژی (٤٤ ، ٥٠) (٤٦ ، ١٦) ی ڕۆژهەڵات ، ئەمەش کاردەکاتە سەر کەش وهەوا ، لەبەر فراوانی ناوچەکە جیاوازی هەیە لە تێکڕایی پلەی گەرمی و تێکڕایی باران ، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی کەش وهەوای پارێزگای سلێمانی لە جۆری کەش و هەوای دەریای ناوەڕاستە کە پلەی گەرمی مامناوەندە لە وەرزی زستان و ووشک و گەرمە لە وەرزی هاوین (عزیز ، ٢٠١٥، ٩٨) .

**ج–توانستە سروشتی وشوێنەواری ومێژووییەکانی پارێزگای سلێمانی:**

لە پارێزگای سلێمانیدا زۆر توانستی مێژوویی و شوێنەواری شارستانی جۆراوجۆر بوونی هەیە ، سلێمانی ناوچەیەکی دەوڵەمەندە بە دەرامەتی گەشتیاری جۆراوجۆر کە تاڕادەیەکی باش بە شێوەیەکی هاوسەنگ بەسەر گشت ناوچەکانی سنووری پاریزگاکەدا دابەشبوون ، شوێنی گەشتیاری زۆری هەیە وەک گەشتیاری ( سروشتی ، مێژوویی ، کات بەسەربردن ، ژینگەیی ، چارەسەری ، ئاینی و سیاسی) ، سەرەڕای بوونی سەقامگیری و ئارامیەکی زۆر باش لە ڕووی ئاسایشەوە بوونی پەیوەندی باش و کراوەی لەگەڵ هەمولایەکدا ، بەڵام حکومەتی هەرێم و لایەنە بەرپرسەکان نەیان توانیوە ئەم دەرامەتە گەشتیارییانە وەک پێویست بەکاربێنن و ، ئەمەش وایکردووە گەشتیاری لەم ناوچەیەدا نەختێک گۆشەگیرو کەنار خراو بێت سەرەڕای ئەو گرفتانەش ، بەڵام دوای دروستکردنی فڕۆکەخانەی سلێمانی لە (٢٩–١١–٢٠٠٣) دا دوای کردنەوەی بەڕووی گەشتیاراندا لە (٢٠\٧\٢٠٠٥) دا چالاکی گەشتیاری جوڵەو بزاوتێکی زۆری تێکەوت بەجۆرێک گەشتیاری ناوخۆیی و بیانیش ڕوویان لە زیاد بوون کرد ( عبدالله ، ٢٠١٩ : ٢٥٣ ).

هەر بۆیە پارێزگای سلێمانی زۆرترین ژمارەی گەشتیاری بەرکەوتووە بە ڕێژەی (٣٠%) ی سەرجەم گەشتیاران ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زۆری نزیکی شوێنە گەشتیاری و بەرزی داهات و خوێندەواری و ڕۆشنبیری و فراوانبوونی شارەکان و زۆر بوونی خاوەندارێتی ئۆتۆمبێل و بوونی کاتی ئازادو و شارەزای ناوچەی گەشتیاری و کەمی تێچوو بە بەراوورد بۆ گەشتکردن بۆ دەرەوەی پارێزگاکە . لە کاتێکدا هەر یەک لە پارێزگی هەولێرو کەرکوک ڕێژەی بەرزیان لە گەیشتنی گەشتیاران بۆ پارێزگای سلێمانی تۆمار کردووە دەگاتە (١٥%) و (٧٫٨%) یەک بە دوای یەک ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نزیکیان لە ناوچەی گەشتیاری و بوونی ڕێگای هاتوچۆو پەیوەندی کۆمەڵایەتی و نەتەوەی و ئابووری لە نێوان دانیشتوانی ئەو پارێزگایانەو پارێزگای سلێمانی ، لە کاتێکدا پارێزگای دهۆک بە حکومی دووری جوگرافی و نەبوونی سنووری هاوبەش و کەمی دانیشتوان تەنها ڕێژەی لە (٧٫٥%) کۆی گەشتیارانی

پێکهێناوە ، کەواتە هەرسێ پارێزگاکە نزیکەی لە (٣٠%) کۆی سەرجەم گەشتیارانیان پێکهێناوە (رشید ، ٢٠١١، ٢٦) .

**د-شوێنە دێرین و شوێنەواری و ئاینیەکانی پارێزگای سلێمانی:**

**لەپارێزگای سلێمانی چەندین شوێنەواری دێرینمان هەیە کە لە خوارەوە ئاماژەمان پێداون:**

١-**سەرای سلێمانی**: سەرای ئێستای سلێمانی لە سەردەمی (احمد پاشای کوڕی سلێمان پاشا) دروستکراوە کە دوا میری بابان بووە دوای ئەوەی بیری لەوە کردەوە کە شوێنێکی تازە بکاتەوە و بیکاتە سەرای میری ، ئەم شوێنەی ئێستای هەڵبژارد ، کە بە گوێرەی ئەو ڕۆژە ناوەڕاستی شار بوو ، بۆچوون هەیە (احمد پاشا) لە نێوان سالآنی (١٨٣٨-١٨٤٢) دا بەردی بناغەی سەرای سلێمانی دانابێت ، لە سەردەمی حکومەتی عێراقدا سەرا لە ساڵی (١٩٧٢) داسەر لەنوێ بە بەردو گەچ دروستکرایەوە ، ئەم سەرایە پێکهاتووە لە دوو نهۆم و ٤٣ ژوور چەندین جار کاری چاکسازی تێدا کراوە بۆ سوود وەرگرتن لە نیشتەجێبوون و بەڕێوبەرایەتی فەرمانگەکانی شار . پاشان تەرخانکراوە بۆ پێگەی ئیداری و پۆلیس و قایمقامیەت ئێستا لەلایەن پارێزگای سلێمانی و بەڕێوبەرایەتی شوێنەواری سلێمانی بۆ گەڕانەوەی شێوازە ڕەسەنەکەی نۆژەنکراوەتەوە وەک مۆزەخانەیەکی مێژووی و سیاسی و نەتەوەیی شاری سلێمانی و شانازییەکانی ڕابردووی ئەم شارەی تێدا دەپارێزێت .

٢-**چایخانەی شەعب** : سەرەتای دروستبوونی چایخانەی شەعب دەگەڕێتەوە بۆ سالآنی پەنجا ، چایخانەی شەعب هەر لە سەرەتاوە مەڵبەندی کۆبوونەوەو حەوانەوەی خوێندەواران و هونەرمەندان و نووسەران بووە دەکەوێتە نزیک سەرای سلێمانی بەشی باشووری ڕۆژهەلاتی.

-٣-**ماڵی سۆفی کەریم:** سۆفی کەریمی سەراج یەکێک بووە لە کەسایەتییە ناودارەکانی شاری سلێمانی لە ساڵی (١٨٩٧) لەدایکبووە و لە ساڵی (١٩٦١) کۆچی دوایی کردووە ، لە ساڵی (١٩٢٨) ئەم خانووەی لە گەڕەکی سابوونکەرانی شاری سلێمانی کڕیووە ژیانی ئاسایی خۆی تیادا بەسەربردووە ، پاشان لە ساڵی (٢٠١٣) لەسەر بودجەی پەرەپێدانی هەرێمەکان نۆژەنکردنەوەی خانووەکە دەستپێکرد لە ساڵی (٢٠١٥) کاری نۆژەنکردنەوەی خانووەکە کۆتایی هات بۆتە مۆزەخانەیەک بۆ نمایشی بەرهەمە کەلەپوورییەکان و هاونیشتمانیان و گەشتیاران دەتوانن لەوێ مێژووی کورد لە ڕێگەی ئەو بەرهەمانەوە ببینن (فاتح ، ٢٠٢١ : ١١١-١١٣) .

٤- **قەیسەری نەقیب** : قەیسەری نەقیب لەساڵی( ١٩٠٠) لە لایەن موستەفای نەقیبەوە دروستکراوە ، ئەوکات هاوشێوەی قەیسەریە ئاوەدان و مۆدێرنەکانی سەردەمی خۆیبووە.

٥- **ئەشکەوتی هەزارمێرد** : دەکەوێتە دوری (١٣) کم لە ڕۆژئاوای سلێمانیەوە ، ئەم ئەشکەوتە دووەم دێرینترین ئەشکەوتی سنووری کوردستانەو لەناویدا هەندێک ئامێرو ئامرازی کۆن دۆزراوەتەوە ، کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ نزیکەی (٥٠٠٠٠) ساڵ پێش زاین .

٦- **ئەشکەوتی زەرزی** : ئەم ئەشکەوتە دەکەوێتە بەردەم گوندی کونەکۆتر لە ناچەیەکی شاخاویدایە لە قەزای دەربەندیخان ، دەروازەی ئەم ئەشکەوتە بەشێوەی نیمچە بازنەیەکەی جیادەکرێتەوە ، بە پانی و درێژی هەشت مەتر و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ چاخی بەردینی کۆن کە مرۆڤ تێیدا ژیاوە.

٧- **ئەشکەوتەکانی چەمی ڕەزان** : (٥٧) کم لە سلێمانیەوە دوورە لە ڕووی ڕۆژئاوایەوە دەکەوێتە نێوان شاری سلێمانی وقەزای دوکان ، ئەم ناوچەیە چەندین ئەشکەوتی تێدایە بەنزیک لە تافگەی (بافلۆ) بەکیلۆمەترێک ، بەڵام ئەشکەوتە گەورەکانی دەکەونە ڕووی ڕۆژهەڵاتیەوە .

٨-**ئەشکەوتی جاسەنە** : ئەم ئەشکەوتە دەکەوێتە دووری (٥٠) کم لە ڕۆژئاوای سلێمانیەوە سەر بە ناوچەی سورداشە لەسەر ڕێگەی سەرەکی سلێمانی دوکان ، لە پشت گوندی کانی خانەوە لە ناوچەیەکی بەرزی چیاییدایە .

٩-**هەڵکۆڵراوی قزقاپان** : ئەم هەڵکۆڵراوە دەکەوێتە شوێنێکەوە بەدووری (٥٠) کم لەرۆژئاوای سلێمانیەوە ، لە دۆڵی ڕووباری ڕەزان بە نزیک لە ئەشکەوتی زەرزی و بە بەرزی (٧) مەتر لە ڕووی چیاکەوە (الدليل السياحي لمدينة السليمانية ، ٢٠٢٠ : ١٧٨-١٩٧) .

١٠-**قەڵای سەرتکە** :قەڵایەکی بەرزی سەربازییە ، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی میری سۆران ، دەکەوێتە دووری (٥) کم لە قەزای دوکان بەسەر تەپۆلکەیەکی بەرزەوە بە ئەمری میری گەورە میر موحەمەد دروستکراوە کاتێک میری سۆران دەسەڵاتەکەی پەرەیسەند و قەڵایەکی بەرامبەر قەڵای (قەمچۆغە) ی میرنشینی بابان دروستکرد بۆ ئەوەی چاودێری کاروانە بازرگانییەکانی بکات.

١١- **ئەشکەوتی کوڕ و کچ** : ئەشکەوتی کوڕو کچ دەکەوێتە باشووری گوندی شوناخ سەر بە ناحیەی سورداش ، ئەم ئەشکەوتە ئەشکەوتێکی سروشتییە لەناو شاخێکدایە پێیدەڵێن (کەتاوی) کە ناوی جۆرە دارێکی زڕی ناوچەکەیە.

١٢-**هەڵکەنراوی میرقولی** : ئەم هەڵکەنراوە دەکەوێتە ڕۆژئاوای گوندی زێوێیە لە شاخی پیرەمەگرون لە دووری (٣٠) کم لە پارێزگای سلێمانی ، ئەم هەڵکەنراوە لەناو چوارچێوەیەکی لاکێشەیی بە قوڵی (١٠سم)

و درێژی (٢,١٠م) و پانی (٩٠سم) هەڵکەنراوە لەناو چوارچێوەکەدا وێنەی پیاوێک داتاشراوە ڕووی لە باکووری ڕۆژهەڵاتە لە حاڵی ڕۆشتندایە (ڕێبەری شوێنەوارەکانی هەرێمی کوردستان ،٢٠١٧ ، ٢٨-٢٩)

**١٣-ئەشکەوتی تەشوێۆتاش :** ئەم ئەشکەوتە دەکەوێتە باکووری گوندی سەرگەڵو بە دووری (٢) کم لە دۆڵێکدایە کە بە دۆڵی سەرگەڵو ناسراوە لەسەر چیای تەشوێۆتاش نزیک لە لوتکەکەی کە بەسەر دۆڵە پان و بەرینەکەی سەرگەڵودا دەڕوانێت بەرامبەر شاخە قۆچ ( احمد ، ٢٠١٥: ١٤١ )

**ر-هەندێک لە شوێنە ئاینی و مەزارەکانی شاری سلێمانی و دەوروبەری :**

**١-مەزارگەی کاک ئەحمەدی شێخ لە مزگەوتی گەورە :** ئەم مەزارگەیە دەکەوێتە نێو مزگەوتی گەورە لە شاری سلێمانی یەکێکە لەو مەزارو شوێنە پیرۆزانە کە زۆرترین کەس سەردانی دەکەن بە درێژایی ساڵ ، ئەم مزگەوتەی شاری سلێمانی لە دواییدا گۆڕا بۆ کۆمەڵگەیەک کە بەشێک لە جەستەی میرەکانی تێدا نێژراوەو لە پاشان تەرمی پیرۆزی شێخ مەحمودی نەمری تێدا نێژراوە لەگەڵ هەندێک لە ئەندامانی خێزانەکەی (فاتح ، ٢٠٢١ : ١٢١-١٢٢) .

**٢-هەردوو ئارامگای شێخ عیسا و شێخ موسا :** ئەم ئارامگەیە دەکەوێتە شارۆچکەی بەرزنجە لە دووری (٣٠) کم لە ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانی ، سەرچاوە کوردییەکان بنەچەیان دەبەستنەوە بە شێخ (علی الهمدانی) تا دەگاتە (اسماعیل المحدث) کوڕی (امام موسی کاظم) ئەم دوو مەزارگەیە مەزارگەیەکن ئەمڕۆ زۆبەی خەڵک سەردانی دەکەن ( رشید ، ٢٠١١ : ١٨٥-١٨٦) .

**٣-مەزاری شێخ ئیسماعیلی عەوەڵان :** بە شوێنەوارو مەنزڵگایەکی پیرۆز دادەنرێت لە لای موسڵمانانی تەریقەتی قادری ، شوێنەکەی دەکەوێتە گوندی عەوەڵان سەر بە ناحیەی سورداش بەرامبەر چیای سەری ماڵان دەکەوێتە نێوان گوندەکانی ( زەرزی و قۆچە بڵاخ و عیسا بەگی و) چەند گوندێکی ترەوە لەسەر ڕێگای تابین – چەمی ڕێزان بە دووری (١٣) کم ، ئەم تەکیەو خانەقایە خزمەتێکی زۆریان بە ئیسلام و موسڵمانان پێشکەش کردووە ساڵانە ژمارەیەکی زۆر گەشتیاران سەردانی دەکەن.

**٤-مەزاری پیرەمەگرون:** ئەم مەزارە دەکەوێتە باکووری ڕۆژئاوای گوندی زێوێ لەنێو سەیرانگای زێوێدایە، بەڵام سەرچاوە مێژووییەکان ناوی پیرەمەگرون لە (پیر عەنبەر گودروون) یان (گوردوونەوە) هاتووە خەڵکی ڕۆژانی چوار شەممان سەردانی دەکەن.

**٥-تەکیەو خانەقای شەدەڵە** : ئەم خانەقایە دەکەوێتە گوندی شەدەڵە سەر بە ناحیەی سورداش کە مەزاری شێخ عەبدول کەریمی شەدەڵەیە کە دامەزرێنەری بزوتنەوەی (حەقەیە) ، کۆمەڵەی حەقەش ئەندامەکانی لە هەردوو گوندی سەرگەڵو و شەدەڵە نیشتەجێن ئەم دوو گوندە مەڵبەندی ئاینی ئەو

کۆمەڵەیە بوون کە شێخەکانی لە بنەچەدا دەچنە سەر سەیدەکانی بەرزنجە ئەم دوو گوندە دەکەونە نزیک (١٢) کم ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی سورداش و (٥٠) کم لە ڕۆژئاوای سلێمانی .

**٦-مەزارگەی بابی بەهائییەکان :** بەهائی ئاینێکی جیهانیەو لەلایەن بەهائوڵا ناوێکە لە نیوەی سەدەی هەژدە لە ئێرانەوە داهێنراوە کەوا خۆی بە پێغەمبەری ئاینەکە داناوە ، ئاینەکە تێکەڵەیە لە ئیسلام و مەسیحی و یەهودی و زەردەشتی و مەزهەبی شیعە کە پێشتر بناغەی ئاینێکی لەو جۆرە لەلایەن کەسێکەوە بە ناوی (باب) کەوا بە ڕێبازی بابی ناسراوە سەریهەڵداوە ، بەهائییەکان زیاتر لە ٢٣٥ وڵاتدا دەژین جگە لە ڤاتیکان لە چەندین وڵات بە فەرمی دانی پێدانراوە ، ئەشکەوتی بابی دەکەوێتە ڕۆژئاوای گوندی سەرگەڵو سەر بە ناحیەی سورداش پەیرەوانی بەهائوڵا بۆ زیارەتکردن سەردانی ئەم ئەشکەوتە دەکەن ( احمد ، ٢٠١٥: ١٤٦-١٤٩) .

**ز-هەندێک لە شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای سلێمانی :**

**١-سەرچنار:** لە ڕۆژئاوای شاری سلێمانی دەکەوێتە یەکێک لە گەڕەکانی شاری سلێمانی ژمارەیەک هۆتێل و چێشتخانەو گازینۆو کەپر و باخێکی فراوانی گەشتیاری هەیە .

**٢-سەیرانگای زێوێ :** بە دووری (٤٦) کم دەکەوێتە ڕۆژئاوای شاری سلێمانی لە بناری چیای پیرەمەگرون.

**٣-هاوینگەی ئەحمەد ئاوا :** بە دووری (٨٤) کم دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی سلێمانی ، ئەحمەد ئاوا تا دەگەیتە سەروچاوە ئاوی زەڵم دۆڵێکە بە دارو درەخت داپۆشراوە.

**٤-هاوینە هەواری دوکان :** بە دووری (٧٥) کم دەکەوێتە ڕۆژئاوای سلێمانی ، شارۆچکەی دوکان بەنداوێکی مەزن لەسەر ئاوەکەی دروستکراوە دەریاچەی دوکانی پێکهێناوە ، لەسەر دەریاچەکەو لەسەر ڕووباری قەشقۆڵی لەناو دوکان چەندین میوانخانەو مۆتێل و هەوارگەی گەشتیاری دروستکراون ( ڕۆستی ، ٢٠١٠ : ٢١٣-٢١٧) .

**و- توانستی مرۆیی :**

پارێزگای سلێمانی لە ڕووی ژمارەی هۆتێل ومۆتێلەکانەوە بۆساڵی (٢٠٢٠) بەم شێوەیە بووە ژمارەی هۆتێل (٧٨) هۆتێل بوو ژمارەی مۆتێل (٨٦) بوو ، ژمارەی گوندی گەشتیاری (٣١) گوندی گەشتیاری و توانای وەرگرتن (٧٧٧٤) بوو ، ژمارەی ژوور (٤٣٩١) ژوور بوو ، ژمارەی ڕێستورانت و کافتریاکان (٤٣٧) ڕێستورانت و کافتریا بوو ، ژمارەی گەشتیاران گەیشتە(٦١٠٢٦) گەشتیار لەخشتەی(١٤) دیارە.

## خشتەی (١٤)

## کۆکراوەی گشت زانیاری لەسەر یەکە گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستان ژمارەی گەشتیاران بە پێی پارێزگای سلێمانی بۆ ساڵی (٢٠٢٠)

| جۆری چالاکی | سلێمانی |
|---|---|
| ژمارەی هۆتێل | 78 |
| ژمارەی مۆتێل | 86 |
| ژمارەی گوندی گەشتیاری | 31 |
| توانای وەرگرتن | 7774 |
| ژمارەی ژوور | 4391 |
| ژمارەی ڕێستورانت و کافتریاکان | 437 |
| ژمارەی گەشتیاران | 61026 |

## خشتەی (١٥)

## ژمارەی گەشتیارانی هاتوو بۆ شاری سلێمانی بۆ ساڵانی (٢٠١٢-٢٠٢١)

| | 2012 | 2013 | 2014 | 2015 | 2016 | 2017 | 2018 | 2019 | 2020 | 2021 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| سلێمانی | 374276 | 444807 | 333478 | 146498 | 728823 | 73358 | 1007296 | 1140760 | 61026 | 1501881 |

سەرچاوە : وەزارەتی شارەوانی گەشتوگوزار – دەستەی گشتی گەشتوگوزار ئاماری بنکە گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستان ٢٠٢٢/٤/٧

کەواتە پارێزگای سلێمانی خاوەنی چەندین توانستی سروشتی و مرۆییە و چونکە هەردووکیان تەواوکەری یەکترین جگە لە ئاوهەواو چیاو سەرچاوەی ئاوی ڕووبار و کانی ..هتد خاوەنی پێگەی گرنگی شوێنەواری و مێژووی و ئاینییە کە نزیکن لە شوێنە گەشتیارییەکان و ڕێگا سەرەکیەکان وەکو ئەشکەوتی جاسەنەو پاشای کۆرە و قزقاپان ...هتد ، لەهەمان کاتدا ژمارەی هۆتێل و مۆتێل زۆرە ، بەڵام ژمارەکەی لە چاو پارێزگای هەولێردا کەمترە جۆری ئەو گەشتیارییەی کە لە پارێزگای سلێمانی باوە زیاتر گەشتیاری کاتبەسەربردنە .

**٣- گەشتیاری لە دهۆک :**

**أ-شوێنی جوگرافی:**

پارێزگای دهۆک دەکەوێتە باکوری ڕۆژئاوای عێراقەوە پارێزگایەکی باکوریە لەعێراقدا ، زیاتر لە هەر پارێزگایەکی دیکە ئەو شوێن پێگە جوگرافیەی گرتوە لەعێراقدا و پارێزگایەکی ڕۆژئاواییە لەناو خودی کوردستاندا ، شوێنێکی گرنگی داگیرکردوە لەڕووی جوگرافیەوە ، چونکە کەوتۆتە ناوخاڵ و یەکتربڕی سنوری نێوان عێراق و تورکیاو وسوریا لەناو جەرگەی خاکی کوردستاندایە ، دهۆک لەناوەڕاستی هەندێک شاخ و کێو دۆڵی گەورەو بەرچاودا هەڵکەوتوە ، شێوەیەکی لاکێشەیی ناڕیک وپیکی هەیە ، لە ڕۆژهەڵاتەوە ٤٣کم بەناو ناوەڕستی شاردا دەڕوات و شار دەکات بەدوو بەشەوە ، ئەم پارێزگایە لە ناوچەی باکوریەکەیدا پلەکانی گەرما لەنێوان هێڵی درێژی ڕۆژهەڵاتی ٤٤E ١٠ ،٤٣ ، هێڵەکانی پانی باکوور بەگوێرەی کۆتا سەرژمێری دانیشتوان، ( بەناوچەی عەقرەو شێخانیشەوە بە نزیکەی زیاتر لە ٨٢٠ کەس و نزیکەی ١١٧٩ شارو گوندی هەیە (المديريه العامة للسياحة – دهوک ، موقع الانترنيت )

**ب- ڕووکاری زەوی پارێزگای دهۆک:**

زۆرینەی زۆری ڕووکاری زەوی پارێزگای دهۆک ناوچەی شاخاوییە ، خاوەن دیمەنێکی چیایی جوان و دڵگیرە فرەیی شێوەی جوگرافی هەیە ، بەوە جیادەکرێتەوە شوێن و دیمەنی زۆر بێدەنگ و هێوری هەیە ، زۆر کانی و کانیای جوانی تێدایە ئەو ناوچانە ، زۆر کارێز ئاوی لەبەر ڕۆشتووی ڕوون و پاک و جوانی هەیە کە بەناو دۆڵ و شیوەکانیدا دەڕۆن ، ژماریەکی زۆر تاڤگەی جوانی سروشتی هەیە کە هێندەی تر ئەو ناوچانەی ڕازاندۆتەوە لەبەرزاییەکی بەرزی چیاوە نەرم دێنە خوارەوە دیمەنێکی سەرنجڕاکێشیان دروستکردووە ( موسیس ، ٢٠٠٥ : ٧٩).

**ج-سەرچاوە ئاویەکان و کانی وکانیاوەکان و ئاوەکانزاییەکانی دهۆک:**

دهۆک بەوە ناسراوە کە چەندین کانی وکانیاوی ڕوون و جوانی تێدا هەڵدەقوڵێت ، بوونیان بۆتە سەرچاوەی ژیان بۆ خەڵک و پارێزگاکە ، بەجۆرێک بوونی ئەم کانی و کانیاوانە وایکردووە چڕی دانیشتوان لە هەندێک شوێنی پارێزگاکە لە دەوری خۆیان کۆ دەکەنەوە ، شێوەی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتیانی ڕەنگ ڕێژکردووە ، جۆری ئەو ئاوانەی لەم کانیاوانەوە دێنەدەر لە باشترین جۆرەکانی ئاوون دەتوانرێت بۆ چەندین مەبەستی جۆراوجۆر بەکاربهێندرێن چ بۆ کوردستان چ بۆ ناوچەکانی دیکەی عێراق بە گشتی ، چونکە ڕێژەی بوونی خوێ تیایاندا زۆر زۆر نزمە و ئاوێکی زوڵاڵ و شیرینە بۆ خواردنەوە ، بە قەبارەی (٢٤٠-٣٥٠ میللی گرام بۆ هەر لیترێک).

پاریزگاکە خاوەن چەندین کانیاوی ئاوی کانزاییە ، نزیکەی ١٠ کانی و کانیاو دەبێت ، هەندێکیان دەخورێتەوە و کشتوکاڵی پێدەکرێت وە هەندێکی تریان بۆ مەبەستی دیکە بەکاردێن وەک خۆشۆرین و

چارەسەری نەخۆشی پێست و چارەسەر وەرگرتن ، هەرچەندە ئەم ئاوانە تایبەتن و پێکهاتەی کیمیاویان زۆر گونجاوە بۆ ئەو بابەتە ، بەڵام تاکو ئێستە وەک پێویست ئاوڕیان لێنەدراوەتەوەو نەتوانراوە وەگەڕبخرێن بۆ لایەنی گەشتیاری.

**د-باڵندەی کێوی وئاژەڵانی کێوی :**

دەکرێت باڵندە و ئاژەڵانی کێوی دهۆک دابەشی سەر دوو گروپ بکەین:

١-باڵندە هەمیشەییەکان : ئەو باڵندانەن کە هەمیشە لەناوچەکەدا دەژین وەک سوێسکەو کەو پۆڕ و کۆتری کەژی .

٢-باڵندە کۆچەریەکان : ئەو باڵندانەن کە بەگوێرەی گۆڕانی وەرزەکان لە جێگەیەکەوە بۆ جێگەیەکی دیکە کۆچ دەکەن ، وەک ( هەڵۆ و داڵ و حاجی لەقلەق و نەورەس) ، بەڵام گرنگترین ئاژەڵە کێویەکان لە دهۆکدا بریتین لە ئاژەڵانی ڕاوکەرو ئاژەڵانی ناڕاوکەر وەک ( گورگ و کەمتیار وچەقەڵ وپشیلەی کێوی و ورچ وبەرازو و پڵنگی خەتدار، ئاژەڵان ژمارەیان زۆر کەمی کردووە بەهۆی زۆری ڕاوکردنیان و کوشتنیان لەلایەن خەڵکی ناوخۆی ئەو ناوچانەی کە ئەم ئاژەڵانەی تێدا دەژین ، بەڵام ئاژەڵانی ناڕاوکەرو سەلامەت وەک و بزنی کێوی و ئاسک وکەروێشکی کێوی وسمۆرە و ژوژو ( حسین ،٢٠٠٩ : ١٠٧ ).

لەپارێزگای دهۆکدا کوردو کلدان و ئاشوریەکان و ئەرمەن پێکەوە بەئاشتی دەژین ، سەرەڕای جیاوازی بیرباوەڕی ئاینییان ، شارەکە بە بوونی هەندێک جێگەی شوێنەواری جیادەکرێتەوە وەک ئەشکەوت و هەڵکۆڵراوی بەردین و سەرەڕای ئەمانەش دەیان هۆتێل و مۆتێل وچێشتخانە و مۆزەخانەی شوێنەواری لەخۆگرتووە ، مۆزەخانەی فۆلکلۆری تایبەت بەئاشوریەکان هەیە و بەهەمان شێوە یەزیدیەکانیش مۆزەخانەی تایبەتی خۆیان هەیە لەشارەکەدا ، هەروەها شاری یاری و چەندین بازاڕی گەورەو ناوازەی تێدایە ، باخچەی ئاژەڵانی بچوکی تێدایە ، هەروەها دهۆک زانکۆی تایبەت بەخۆی هەیە و چەندین ناوەندی ڕۆشنبیری تێدایەو ، هەروەها چەندین شوێنی گەشتوگوزاری تێدایە لەوانە بەرزایی شاخی زاوا و دۆڵی دهۆک (الدلیل السیاحی لاقلیم کوردستان ، ٢٠١٤ ، ١٢٦-١٢٧ ).

پارێزگای دهۆک چەندین هاوینەهەواری تایبەتی تێدایە لەگەڵ ژمارەیەک تاڤگەی سەرنجڕاکێش بەمەش لایەنی گەشتیاری دهۆک زۆر بەناوبانگ بووە ، لەبەناوبانگترین هاوینەهەوارەکانی وەک : زاوێتەو سوارە توکاو سەرسەنگ و ئاشاوا وئەنشکێ وسۆلاڤ وئارادن وهاوینە هەواری عمادیە (یوسف ، ٢٠٢٠ : ٨٠)

**ر–ناوچە مێژووی و شوێنەواری و ئاینییەکانی پارێزگای دهۆک :**

**١–ئەشکەوتی هەڵامتا :** ئەم ئەشکەوتە دەکەوێتە (٧ کم) یی شاری دهۆک لەسەر چیای زاوا ، لەم شاخە چوار نەخشی هاوشێوە هەڵکەنراون بە قەبارەی ( ٧٥,٥ * ٢٠,٢ م) کە مێژووەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سەنحاریبی پاشای ئاشوور (٧٠٥–٦٨١ پ.ز) .

**٢–هەڵکەنراوی خەنەس :** دەکەوێتە دۆڵی خەنەس لە قەزای شێخانی سەر بە پارێزگای دهۆک . ئەم هەڵکەنراوە لە سەردەمی پاشا سەنحاریبی ئاشووری ( ٧٠٥–٦٨١ پ.ز) هەڵکەنراوە کە وەک سەیرانگایەک بەکاریهێناوە بۆ دورکەوتنەوە لە گەرمای هاوینی شاری نەینەوا (ڕێبەری شوێنەوارەکانی هەرێمی کوردستان ، ٢٠١٧ ، ٣٨–٣٩ و ٤٥) .

**٣– مۆزەخانەی نیشتیمانی کوردستان لە دهۆک** : پێکهاتووە لە سێ هەزار پارچەی شوێنەواری وەک: پەیکەرو نوسراو فوخارو، ئەم مۆزەخانەیە لەساڵی ١٩٨٨دا دروستکراوە چەندین پارچەو ئامرازی فۆلکلۆری تێدایە کە مرۆڤی کوردی لە سەردەمە جیاوازەکاندا بۆ پێویستی خۆی بەکاری هێناون، جلوبەرگی کوردی تەواوی سەردەمە جیاوازەکانی لەخۆگرتوە ، مەنجەڵی مس و فافۆن و شوشەی تێدایە و ئامرازو کەل وپەلی کشتوکاڵی وچێشت لێنانی تێدایە و ڕاخەرە دەستی و چنراوەکانی تێدایە و تفەنگ و ئامرازی بەرگریکردنی لەخۆگرتوە .

**٤–ئەشکەوتی چوار ستوون: ( چوار کۆڵەکە) :** کەوتۆتە ناوچەی کێوی بێخێر ( شاخی سپی) ، لە بەرزی ٧٥٠ مەتر لە بەرزی ئاستی ڕووی دەریاوە .

٥–**ئەشکەوتی کەندەک** : دەکەوێتە دووری ٥٠٠ مەتر لە باکوری ڕۆژئاوای گوندەوە کە دەروازەیەکی گەورە و فراوانی هەیە لە ڕووی باشورەوە بەرزی بنکەکەی نزیکەی ٥٠ مەتر دەبێت پانی دەروازەکەی نزیکەی ٥٠ مەترە و بانەکەی– سەقفەکەی نیمچە قەوسە .

٦–**قەڵای عەقرە :** دەکەوێتە باکووری شارەکەوە بە بەرزی ٤٥٠ مەتر لە بەرزی شاخێکی بڵندەوە ، قەڵاکە شێوەیی چوارسوچی هەیە کە هەر سوچێکی درێژیەکەی نزیکەی ١١٠مەترە ، بونیادنراوە لە لایەن شازادەیەکەوە بەناوی میر زەند لەساڵی (٥٨٠) پێش زاین ( حسین ، ٢٠١٤ ، ٨١–٨٣ ) .

**٧–قەزای عەقرە:** یەکێکە لە قەزاکانی سەر بە رپارێزگای دهۆک ، شوێنێکی گرنگ و مێژوویە و لەڕووی جوگرافییەوە پێگەیەکی بەرچاوی هەیە ، دەکەوێتە سنووری سێ پارێزگاوە ( هەولێرو دهۆک و نەینەوا) ، و بۆتە ناوەندی بەیەکگەیاندنی دوو ناوچە ( الطائی و غثوان، ٢٠١٩، : ١٩١٧ و ١٩٢١).

**ز-شوێنە ئاینییەکان لەپارێزگای دهۆک:**

**١-منارەی مزگەوتی عمادیە (مزگەوتی گەورە)** : ئەم منارەیە لەسەردەمی سوڵتان حسێن وەلی دروستکراوە لەساڵی٩٨١ کۆچیدا ، بەرامبەر بە ساڵی ١٥٧٦میلادی ، ئەم سوڵتانە بەدرێژایی چل ساڵ بەردەوام بووە لە دەسەڵاتی ئەو ناوچەیەو ئیمارەتەکەی ، منارەکە شێوەیەکی جوان و سەرنجڕاکێشی هەیە و بەرزیەکەی (٣٠) مەترەو لەبنکەوە چوارگۆشەیەو لەناوەوە (١٠٢) قادرمەی تێدایە بۆ سەرکەوتن بۆ سەرەوە تیادایە ، باس لەوەدەکرێت ئەم منارەیە بەشێوەیەکی زۆرجوان و ئەندازەیی وهێڵکاری دروستکراوە ، شوێنەواری ئەم منارەیە لە مۆزەخانەی عێراقدا پارێزراوە پێکهاتەکەی بریتیە لەبەرد و کۆتایەکەشی بە تەختە دروستکراوەو بەخەتی کوفی لەسەری هەڵکۆڵراوە.

**٢--قوتابخانەی قوباد (قوتابخانە ئاینییەکان)** : ئەم قوتابخانەیە دەکەوێتە سەر ڕووباری عمادیە واتە دەرەوەی شار ، بە یەکێک لە قوتابخانە ئاینییە دێرین وشوێنەواریەکان دادەنرێت ، لە سەردەمی فەرمانڕەواکانی بادیناندا بونیادنراوە خزمەتی کتێبخانەکەیان بە گرنگییەوە کردووە تاوای لێهاتووە بۆتە کتێبخانەیەکی تەواو فراوان و ئاوەدان لە جیهانی ئیسلامیدا ( موسیس ، ١٩٩-٢٠١).

**٣-مەزارگەو تەکیەی شێخ عبدالقادر الگیلانی:** مەزارگەیەکە دەکەوێتە ناو شاری ئاکرێوە ، گڵکۆی (شێخ عبدالعزیز عبدالقادر الگیلانی) لە خۆگرتوە ، کە لەگەڵ خەڵکی ئاکرێدا سەردەمانی خۆی بەشداربوون لە ڕزگارکردنی شاری عسقلان لە فەلەستین ساڵی ٥٨٣ کۆچی بەرامبەر بە ساڵی ١١٨٧ ی میلادی بە سەرکردایەتی سەلاحەدینی ئەیوبی.

**٤-مزگەوتی تۆلیتان:** مزگەوتێکی دێرینەو یەکێکە لەمزگەوتە گەورەکانی شاری ئاکرێ ، دەکەوێتە ناوچەی سەرا لە ئاکرێدا و هاوەڵی بەڕیزی پێغەمبەر درودی خوای لەسەر بێت (عەبدڵلای کوڕی عومەر کوڕی خەتاب ) دروستی کردووە لە کاتی ئازادکرنی شاری ئاکرێدا ، خەڵکەکەی بە ویستی خۆیان بەئاسانی لەسەردەستی موسوڵمان بوون و ئەویش بەهۆی ئەو موسوڵمان بونەیانەوە ئەومزگەوتەی بۆ دروستکردوون ، بەڵام بەتێپەڕینی سەردەمەکان ناوەکەی گۆڕاوە بۆ مزگەوتی گەورەی ئاکرێ ، هەر لە سنووری ئاکرێدا چەندین شوێنی دیکەی ئاینی و شوێنەواری بوونیان هەیە وەک کەنیسەی (مار عبد یشوع) لە گوندی کەندەک و پاشماوەی دێری (مەریەم عەزرا ) لە خەربەو ودێری (ربة التابعين) لە ناحیەی بوجێل ، هەروەها کەنیسەی (هەرن) لە گوندی هەرنی سەر بەناحیەی نەهلە کە مێژووی دروستکردنەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانێکی زۆر دوور ،بۆیە چەندین شوێنی مێژوویی و شوێنەواری تێدایە کە دەکرێت سوودی گەشتوگوزاری زۆری لێوەربگیرێت ( حسین ، ٢٠٠٩ : ١٣٧ و ١٤١-١٤٢).

**٥-خانی لالش :** ئەم خانە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی پەرستگای لالش کیلومەترێک نزیک لە پارێزگای دهۆک لەبەرئەوەی دەکەوێتە سەر ڕێگای پەرستگای ئێزیدییەکان بۆیە بە خانی لالش یان خانی ئێزیدیەکان ناونراوە ، مێژووی ئەم خانە دیار نییە ، چونکە هیچ دەقێکی لەسەر نییە ، بەڵام بە بەراورد لەگەڵ بیناکانی تری سەردەمی عوسمانی دەکرێت بڵێین لە سەدەی شازدە یان حەڤدەی زایینیدا دروستکراوە کە کۆنترین خانە لە هەرێمی کوردستان .

٦ -**خانووی شێخ بەهائەدین :** ئەم خانووە لە کۆتاییەکانی سەردەمی عوسمانیدا لە ناوچەی بامەڕنێی قەزای ئامێدی لەسەر دەستی شێخ بەهائەدین نەقشبەندی ( ١٨٥٦-١٩٥٢ ز) دا دروستکراوە بە خانوی غەیاسەدینی کوڕی شێخ بەهائەدین ناوی دەرکردووە ، چونکە ئەو کەسە ئەم خانووەی وەک ناوەندێک بۆ قوتابخانە ئاینییەکان و گفتوگۆو ڕاوێژی شێخانی تەریقەتی نەقشبەندی بەکارهێناوە ( ڕێبەری شوێنەوارەکانی هەرێمی کوردستان . ٢٠١٧ : ٣٨-٣٩ و ٤٥-٤٦) .

**و- ناوچە گەشتیارییەکانی پارێزگای دهۆک:**

**١-هاوینە هەواری زاوێتە:** بەماوەی (٩٦ کم) لەشاری موسڵ و بەنزیکەی (١٧ کم) لە دهۆکەوە دوورە .

**٢-هاوینەهەواری سوارە توکە:** دەکەوێتە سەر ڕووی چیای کارە بەبەرزی (١٥٠٧ م) لەسەر ئاستی ڕووی دەریا و بە نزیکی (٢٢ کم)لە هاوینەهەواری زاوێتەوە دوورە .

**٣- هاوینە هەواری ئاینشکی :** دەکەوێتە زنجیرە چیاکانی مەتینەوە و لە ناوەندی پارێزگای دهۆکەوە بە نزیکی (٧٥ کم) دوورە کەتیایدا دارستان و کانی و ئاوی کانزایی و تاڤگەو ئەشکەوتی گەورەو بەرزی لێیە و بەبەرزی نزیکەی (١١٥٠م) لە ئاستی ڕووی دەریاوە ( صالح ، ٧٣-٧٤ ، الموقع الالكتروني )

**-٤-هاوینە هەواری سۆلاڤ (سیلاڤ)** : ئەم هاوینە هەوارە بە ماوەی (٤ کم) لەشاری عمادییەوە دوورە ، لە دۆڵێکی پڕ لە دارودرەختدایە کە ئاوی سازگاری لێیە کە پێیدەڵێن (سۆلاڤ) کەلەسەر شاخەکەوە هەڵدەقوڵێت و لێژ دەبێتەوە بە ئاراستەی عمادیە کە لە تاڤگە دەچێت ، چەندین بینای هۆتێل و مۆتێل و کەپرو چەرداخی بۆ میوانداریکردنی گەشتیاران تێدایە .

**٥-هاوینە هەواری سەرسنگ** : شوێنێکی گەشتوگوزارییە دەکەوێتە سەر چیای کارە بە ماوەی (٥٠ کم) لەشاری دهۆکەوە دوورە ئەم ناوچەیە دەکەوێتە زنجیرەیەک ناوچەی گەشتوگوزارییەوە ئەوانیش : ئاشاوا ، ئانیشکی ، سۆلاڤ . ژمارەیەک هۆتێل و مۆتێل و ڕێستورانت و بازاڕی گەورەشی تێدایە (علي واخرون ، ٢٠٢٢ ، ٢٩١)

**ن- توانستی مرۆیی :**

پارێزگای دهۆک لە ڕووی خزمەتگوزاری گەشتیارییەوە لە ساڵی (٢٠٢٠) دا ژمارەی هۆتێلەکانی (٦٠) هۆتێل بوون ، ژمارەی مۆتێلیش (٥٠) بوو ، ژمارەی گوندی گەشتیاری (٢) گوندی گەشتیاری و ، توانای وەرگرتن (١١٥٠٣) بوو ، ژمارەی ژوور (٣٩٤٩) ژوور بوو ، ژمارەی ڕێستورانت و کافتریاکان (٢٢١) ڕێستورانت و کافتریا بوو ، ژمارەی گەشتیاران گەیشتە (١٥٠٠٠٠) گەشتیار وەک لە خشتەی (١٦) دیارە

خشتەی ( ١٦ )

کۆکراوەی گشت زانیاری لەسەر یەکە گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردوستان و ژمارەی گەشتیاران بەپێی پارێزگای دهۆک بۆ ساڵی (٢٠٢٠).

| جۆری چالاکی | دهۆک |
| --- | --- |
| ژمارەی هۆتێل | 60 |
| ژمارەی مۆتێل | 50 |
| ژمارەی گوندی گەشتیاری | 2 |
| توانای وەرگرتن | 11503 |
| ژمارەی ژوور | 3949 |
| ژمارەی ڕێستورانت وکافتریاکان | 221 |
| ژمارەی گەشتیاران | 150000 |

خشتەی (١٧)

ژمارەی گەشتیارانی هاتووە بۆ شاری دهۆک لە نێوان ساڵانی (٢٠١١-٢٠٢١)

| | 2012 | 2013 | 2014 | 2015 | 2016 | 2017 | 2018 | 2019 | 2020 | 2021 |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| دهۆک | 302004 | 444414 | 229630 | 49639 | 88390 | 279875 | 358520 | 618638 | 150000 | 613978 |

سەرچاوە : وەزارەتی شارەوانی گەشتوگوزار – دەستەی گشتی گەشتوگوزار ئاماری بنکە بنکەگەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستان ٢٠٢/٤/٧

کەواتە پارێزگای دهۆک یەکێکە لەو پارێزگا جوان و دڵڕفێنانەی کە لەچاو پارێزگای هەولێرو سلێمانی ڕووبەرەکەی بچووکترەو خاوەن چەندین توانستی سروشتی و مرۆییە ، بەڵام لەڕووی ڕێژەی خزمەتگوزاری هۆتێل و مۆتێل و گوندی گەشتیاری و کافتریاو کەمترە لە چاو دوو پارێزگاکەی تردا

٤- گەشتیاری لە هەڵەبجە:

بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان بنیاتنانەوەی ئەم شارە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی (١٨٥٠- ١٨٦٠) لە سەردەمی دەسەڵاتی عوسمانییەکاندا ، بەڵام ئەم بۆچوونە تاڕادەیەک دوورە لە ڕاستییەوە ، چونکە (ڕیچ) لە ساڵی (١٨٢٠) باس لە هەڵەبجە دەکات ، وەکو شار ناوی دەهێنێت کە کەوتۆتە کۆتایی دەشتی شارەزوور باشووری ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانی ، لەبەرئەوەیە هەڵەبجە وەک شارێک لە دێر زەمانەوە هەبووە و مەڵبەندی ژیان بووە . ئەم شارە جار لە دوای جار وێران کراوە و ئاوەدانکراوەتەوە ، دواجار لە ساڵی (١٦٥٠) لەسەر دەستی بنەماڵەی شیوەکەڵییەکان ئاوەدانکراوەتەوە . زۆربەی سەرچاوەکان لەسەر ئەوە کۆکن لەگەڵ دەستپێکردنی نیشتەجێبوونی (جافەکانی ئێلی موراد) ئیتر وورده وورده هەڵەبجە زیاتر ڕووی لە ئاوەدانی کردووە ، چونکە شوێنەکەی شینایی ئاودار بووە ساڵ لە دوای ساڵ خەڵک زیاتر ڕوویان لە شارەکە کردووە بۆ نیشتەجێبوون بەهۆی بوونی زەوی بەپیت و دەوڵەمەندی ناوچەکە بە سەرچاوەی ئاوی بۆتە مەڵبەندێکی کشتوکاڵی گرنگ ، ئەمەش وایکردووە بەشێکی زۆر لە جولەکەکانی کوردستان بکەونە ناو ئەم هەرێمەوە ، بە ڕادەیەکی ئەوتۆش هەڵەبجە یەکێک بووە لەو ناوەندو مەڵبەندە سەرەکییانەی کە ژمارەیەکی زۆر جولەکەی تێدا بووە بە ڕادەیەک جولەکەکان دووەمین بنەماڵە بوون لە دروستکردن و سەر لە نوێ ئاوەدانکردنەوەی هەڵەبجەی نوێدا (عەبدوڵلا ، ٢٠١٣ : ٧).

سەبارەت بە ناوی هەڵەبجە هەندێک وای بۆ دەچن ناوی هەڵەبجە لە (عەجەب جا) یەوە هاتبێت ، بەو پێیەی کە شوێنێکی خۆش و سەرسوڕهێنەری هەبووە ، ووشەکە فارسییەو بە واتای جێگای سەرسوڕهێنەر دێت . هەندێکی تر وای بۆ دەچن کە ناوی هەڵەبجە لە هەڵوژەوە هاتبێت بەو پێیەی کە ناوچەکە درەختی هەڵوژەی زۆر بووە ناوەکە بووە بە هەڵوجە دواتر بە تێپەڕبوونی کات بووە بە هەڵەبجە (علی ، ٢٠٢٠ : ١٩-٢٠) .

**أ-شوێنی جوگرافی:**

پارێزگای هەڵەبجە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستان و باکوری ڕۆژهەڵاتی عێراق ، بۆیە دەتوانین بڵێین شوێنەکەی دەکەوێتە شوێنێکی دوورە دەستەوە ، چونکە سنووری ڕۆژهەڵاتی هەڵەبجە دەبێتە سنوری لەگەڵ وڵاتی ئێراندا ، ئەم شوێنەی هەڵەبجە کاریگەری هەیە بۆ سەر پەیوەندی ئابووری و گەشتیاری لەنێوان خۆی وولاتی ئێراندا ، پارێزگاکە سنوورێکی ئاوی فراوانی لەگەڵ یەکە کارگێریەکانی دیکەدا هەیە بەهۆی بوونی ئاوی دەربەرندیخان و ئەم دەریاچەیەش کاریگەری هەیە لەسەر کەش وهەوای هەڵەبجە بەشێوەیەکی گەورە چ لەڕووی شوێنی فەلەکی شارەکەوە و چ لەڕووی شوێنی ناوچە

شاخاویەکانیەوە لەلای ڕۆژهەڵاتیەوە ، شاخ و چیاکان لەناو سنوورەکەیدا هەن شارەکە خۆشی هەر بەشاخ دەورە دراوە.

**ب-کەش وهەوا:**

ئاوهەوای پارێزگای هەڵەبجە سەر بە ئاوهەوای دەریای ناوەڕاستە ، کە لە هاویندا گەرم و وشکە و ناوچەکە دەکەوێتە ژێرکاریگەری دەریای ناوەڕاست و بەزو نزمی ئاوهەواییە گەرمەکان ، ناوچەکە بەوە جیادەکرێتەوە کە کەشێکی زستانەی سارد و شێدار و باراناوی و هاوینێکی گەرم ( مارف ، ٢٠١٩ : ٥٦٧-٥٦٨).

**ج-دەرامەتەئاویەکان:**

پارێزگای هەڵەبجە دەوڵەمەندە بەسەرچاوە ئاویەکان ، کە بەهۆی چەند تایبەتمەندیەکەوە ئەم سەرچاوانەی هەیە وەک پشتبەستن بە دابارینی باران و بەفرو و ئاوی سەر زەوی و ڕووبار و دەریاچەکانی وەک دەربەندیخان و ، ئاوی ژێر زەوی ، بۆ هەڵسەنگاندی سەرچاوە ئاویەکان و توانایان بۆ پاڵپشتی گەشەپێدانی گەشتوگوزار ، گرنگترینیان (ڕووباری سیروانە ، چەمی تەوێڵە و چەمی ئاوی زمکان ، ڕووباری زەڵم چەمی بیارە و ڕووباری سەرچاوەی ڕیشێن) . هۆکارە ئاوهەواییەکان ولایەنی بەرز و نزمی ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە لە دەوڵەمەند کردنی پارێزگای هەڵەبجە لە ڕووی ئاوی ژێرزەویەوە ، جیاوازی شێوەی دەرکەوتنیان و دابەشبونیان و تایبەتمەندیە جوگرافیەکانی وایکردووە بڕیکی باش بەفرو باران لەناوچە شاخاویەکانیدا ببارێت ، بۆیە هەمووئەم هۆکارانە وایکردووە پارێزگای هەڵەبجە دەوڵەند بێت بە ئاوی ژێر زەوی و جیاوازی ڕووی بەرزو نزمی کەش و هەوایی و چۆنیەتی بوون و دەرکەوتنی ڕووبەری ئاوی تیایدا (وهاب ، ٢٠٢٠: ١٣١-١٣٧ ).

**د-ئاوی کانزایی وکبریتی ( گەڕاوەکە) ی خورماڵ:**

گەڕاوەکەی خورماڵ دەکەوێتە ناو شاری خورماڵ لە خوارەوەی قەڵایەکی دێریندایە و ڕاستەوخۆ دەکەوێتە سەر ئاوی سەرچاوەی گەنجان ، بە نزیکەی پێنج مەتر دوورە لە ئاوی گەنجان ، ئەم کانیاوە لەدێر زەمانەوە بەکارهێنراوە بۆ مەبەستی خۆشۆرین و ڕاستەوخۆ لەژێر ئەو قەڵایەوە دێتەدەرەوە و لەنزیکیەوە جۆگەی گەنجان و سەرچاوەی زەڵم بوونی هەیە ، کە تەنها نزیکەی شەش مەترلێیەوە دوورن ، ئەم کانیاوە لای خەڵکی بە (گەڕاوەکە) و ، هەندێکی دیکە پێیدەڵێن (خەیراوەکە) ، ئێستا وەک چارەسەر بۆ هەندێک نەخۆشی پێست بەکاردێت ( مارف ،٢٠١٩ : ٥٧٦).

**ت-ژیانی وشکانی (ڕوەکی سروشتی، باڵندەکان، ئاژەڵی کێوی) لەپارێزگای هەڵەبجە:**

ڕووبەرێکی بچووکی ناوچەی هەڵەبجە ڕوپۆشی ڕووەکی سروشتی داپۆشیوە کە ڕێژەکەی دەگاتە (٦,٠%) ڕووبەری گشتی سنووری پارێزگای هەڵەبجە ، ئەم ڕوو پۆشە ڕووەکیە باڵایان بەرزە ، بەڵام

بەڕیژەی (٣,٦%) ڕووبەرەکەی رووەکی سروشتی باڵا مامناوەندە ، ڕوو پۆشی ڕووەکی چڕی زۆرە و خۆی دەبینێتەوە لە دارستانی سروشتی و دەستکرد و بێستانەکان لە ناوچە جیاوازەکانیدا ، لەنزیک لێوارو ناوچە قوڵەکان و شاخی بەرزدا بوونیان هەیە و بەرزی ئەو ناوچانە دەگاتە نزیکەی (٧٠٠-٢٥٠٠م) لە ئاستی ڕووی دەریاوە ، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە زۆرینەی دارستانەکانی دەکەنە ئەو ناوچانەی کە بەرزیان دەگاتە (١٠٠٠م) لە ئاستی ڕووی دەریاوە ، لە بارەی باڵندەکانەوە پارێزگای هەڵەبجە چەندین جۆرە باڵندەی هەمیشەیی تێدایە وەک کەو کۆترو بولبول و سوێسکە و پۆڕ و چەندین باڵندەی دیکەی تێدایە کە کۆچەرین وەک (جۆرەکانی هەڵۆ، داڵی ئێرانی ، کەناری و لەق لەق و کەڵەشێری ڕۆمی و قازوقوڵنگ) ، هەروەها پارێزگای هەڵەبجە خاوەنی ژمارەیەکی کەمی ئاژەڵی کێویە وەک (گورگ ، پشیلەی کێوی ، پڵنگ و چەقەڵ و بەرازی کێوی ( وهاب ،٢٠٢٠ : ١٤٨-١٥٠).

**ر-شوێنە ئاینییەکان لە پارێزگای هەڵەبجەدا:**

**١-خانەقای بیارە** : یەکێکە لە مەزارگە ئاینییەکانی تەریقەتی نەقشبەندی دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی سلێمانی بە دووری (٩٨) کم ، دەکەوێتە باکووری بیارە لە بەرزی (١١١٢ م) لە ئاستی ڕووی دەریاوە دووری لە خانەقای تەوێڵە (١٤,٧) کم لە خانەقای باخە کۆن (١٢,٦) کم دەبێت ، کە گڵکۆی شێخ عوسمان سیراجەدین و شێخ موحەمەد بەهائەدین و شێخ عومەر زیائەدین تێدایە ، ژمارەیەکی زۆر لە گەشتیاران سەردانی ئەم مەڵبەندە ئاینییە دەکەن کە هەندێکیان لە ناوخۆی کوردستان و عێراقەوە دێن هەندێکی دیکەیان لە وڵاتانی ئێران و تورکیاو سوریاو وڵاتانی عەرەبی و بیانی سەردانی ناوچەکە دەکەن بە مەبەستی زیارەتکردنی شێخەکان و ئاشنابوون بە ناوچەکە و شارەزابوونی کەلتوورو دابونەریتی خەڵکەکەی ، هەندێکی تر بە مەبەستی مانەوەو خوێندن سەردانی دەکەن کە بە فەقێ ناسراون.

٢-**خانەقای تەوێڵە :** خانەقای تەوێڵە دەکەوێتە سەر سنووری عێراق – ئێران لە بەشی ڕۆژهەڵاتی سلێمانی بە دووری (١٠٨) کم دەکەوێتە باشووری تەوێڵەوە لە بەرزی (١٦٣٨) م لە ئاستی ڕووی دەریاوە ، گۆڕی شێخ عوسمان سیراجەدین و شێخ ئەحمەدی کوڕی لەناو خانەقای تەوێڵەدا نێژراون ، ئەم خانەقایە بە شێوازی ئەندازیاری ڕەسەنی کوردی دروستکراوە و پێکهاتووە لە ١٧ ژوور و هەیوانێک و ئارامگەیەک لەگەڵ گومەزی شێخ سیراجەدین.

**٣-ئارامگای شێخ حیسامەدین لە باخە کۆن :** دەکەوێتە باکووری بیارەوە لە بەرزی (١٠٨١) م لە ئاستی ڕوی دەریاوە ، دووری لە خانەقای بیارە (٦,١٢) کم و لە خانەقای تەوێڵە (٣,٢٧) کم دەبێت . شێخ حیسامەدین کوڕی شێخ عوسمانی تەوێڵەیە جێگرەوەیەکی بەناوبانگی باوک و باپیرانیەتی ، چونکە پلەیەکی بەرزی هەبووە و ژمارەیەکی زۆر خانەقای لە کوردستان و ئێراندا دروستکردووە ( مارف ، ٢٠١٩ : ١٠٤-١٠٦) .

**ز-شوێنە مێژوویی و شوێنەواری و شارستانیەکانی پارێزگای هەڵەبجە :**

پارێزگای هەڵەبجە شوێنێکی گرنگی هەیە بەوەی کەوتۆتە نێوان چەند ناوچەیەکی گەشتوگوزاری پارێزگای سلێمانی و دەوڵەتی ئێران ، کە سەیرانگاکانی کوردوستانی ڕۆژهەڵات دەگرێتەوە لە ناو دەوڵەتی ئێراندا هاوسنوورن لەگەڵ پارێزگای هەڵەبجەدا ، ئەمە سەرەڕای ئەوەی هاوسنوورە لەگەڵ ناوچە گەشتیارییەکانی هەردوو قەزای پێنجوێن و دەربەندیخان لە پارێزگای سلێمانی ئەوانیش شوێنە گەشتیارییەکانی سەرتەکی بەمۆ و چیاکانی شەمێران و دەریاچەی دەربەندیخان و قەڵای کچێ وکوڕێ و بلکیان دەگرێتەوە ، هەروەها پارێزگای هەڵەبجە دەکەوێتە سەرەتای دەستپێکردنی ناوچە گەشتوگوزارییەکانی پارێزگای سلێمانی ، ئەمەش وایکردووە لە کاتی هاتنە ناوەوەی گەشتیارانی ئێرانی ببێتە ناوچەی تێپەڕبوونی گەشتیاران لە کاتی گواستنەوەیان بۆ ناوچەیەکی تر ، بەمەش پارێزگای هەڵەبجە دەبێتە مەڵبەندی ڕاکێشانی گەشتیاران ( مارف ، ٢٠١٤ : ٥٦) .

**و-ناوچە گەشتیارییەکانی هەڵەبجە :**

**١-چیای شنروێ :** پێکدێت لە زنجیرە چیایەک کە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری هەڵەبجەوە ، کە لە ڕووی گەشتوگوزارییەوە ساڵانە گەشتیارێکی زۆر لەخۆ دەگرێت بەهۆی جوانی سروشتی و زۆری سەوزای لە وەرزی هاویندا و لە وەرزی زستاندا بەفرێکی زۆری لێدەبارێت.

**٢-چیای باڵامبۆ :** ئەم زنجیرە چیایە دەکەوێتە ڕۆژئاوای شاری هەڵەبجەوە بە درێژی (١٨) کم و بەرزی (١٦٠٣) م لە ئاستی ڕووی دەریاوە بەسەر ناوچەی نەورۆڵیدا دەڕوانێت ، ئەم زنجیرە چیایە دیمەنێکی جوان وسەرنجڕاکێشی بۆ گەشتیاران دروستکردووە.

**٣-گوندی سازان :** ئەم گوندە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری هەڵەبجە بە دووری (١١) کم لەسەر ڕووباری سیروان ، ئاوهەوای ئەم گوندە زۆر فێنک و سازگارە شوێنێکی سەرنجڕاکێشە لە ڕووی گەشتیارییەوە

**٤-ناوچەی نەورۆڵی:** ناوچەی نەورۆڵی دەکەوێتە باشووری ڕۆژئاوای شاری هەڵەبجەوە کە ناوچەیەکی فراوانە کە چەند گوند لەخۆ دەگرێت کە لە وەرزی بەهاردا گەشتیارێکی زۆر ڕووی تێدەکەن بە تایبەت ئەو گوندانەی دەکەونە سەر ڕووباری سیروان چەندەها شوێنی گەشتیاری تێدایە.

**٥-غاباتی جەلیلە :** ئەم غاباتە دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شاری هەڵەبجە لە دامێنی چیای شنروێ لە بەهاراندا گەشتیارێکی زۆر ڕووی تێدەکەن بەهۆی زۆری درەختی جوان و سەرنجڕاکێش و دەبێتە شوێنی حەوانەوەی گەشتیاران .

**٦-سەرگەت :** سەرگەت شوێنێکی گەشتوگوزاری جوانە دەکەوێتە دامێنی چیای شەڵواندڕ بە دووری (١٥)کم لە بیارەوە دوورە بە دووری (٢١)کم لە شاری هەڵەبجەوە دوورە ئەم گوندە لە هاویندا

ئاوهەوایەکی فێنکی هەیە بە چەندەها درەخت ڕازاوەتەوە (بەڕێوبەرایەتی گەشتوگوزاری هەڵەبجە زانیاری لەسەر پرۆژەی پێشکەوتوو نەخشەی ئەندازەی پێویست بۆ گەشتوگوزار ، ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٣/٦) کەواتە ئەگەر بەراوردێک بکەین لە نێوان هەر چوار پارێزگاکەی هەرێمی کوردستاندا لەڕووی توانستە سروشتی و مرۆییەکان و خزمەتگوزاری و ئاسانکاری بۆ گەشتیاران دەبینین پارێزگای هەولێر یەکێکە لەو پارێزگایانەی کە لەڕووی توانستی سروشتییەوە کەش و هەوایەکی گونجاو دیمەنی سروشتی چیاو دارستان وکانی و ڕووبارو تاڤگەو لە ناوچە گەشتیارییەکاندا وای کردووە مانگانەو ساڵانە ژمارەیەکی زۆر لە گەشتیاران بۆ کاتبەسەربردنی خۆیان و چێژوەرگرتن لەو سروشتە جوانە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان پارێزگاکانی تری هەرێم ڕووی تێبکەن ، لەڕووی مرۆیشەوە خاوەنی چەندین سەرورەت و سامانی گەشتیارییە وەک بوونی چەندین قەڵاو شوێنەواری سەردەمە جیاوازەکان و نەتەوە جیاوازەکان لەو پارێزگایەدا ، هەروەها بوونی خزمەتگوزاری هۆتێل و مۆتێل و گوندی گەشتیاری چێشتخانەو کافتریاو چەندین خزمەتگوزاری تر لە ڕیزی پێشەوەیە لەچاو پارێزگاکانی تری هەرێم ، بەڵام شاری سلێمانی ئەویش خاوەنی هەردوو توانستی سروشتی و مرۆییە ، بەڵام لەڕووی خزمەتگوزاری هۆتێل و مۆتێل و گوندی گەشتیاری چێشتخانەو لەچاو پارێزگای هەولێردا ژمارەیان کەمترەو ، هەرچی پارێزگای دهۆکە خاوەنی توانستی سروشتی و مرۆییە ، بەڵام لەڕووی دابینکردنی خزمەتگوزاریی و ئاسانکارییەکان بۆ گەشتیاران تاڕادەیەک لە دوای پارێزگای سلێمانیەوەیە ، بەڵام پارێزگای هەڵەبجەش خاوەنی توانستی سروشتی و مرۆییە لەڕووی خزمەتگوزارییەکانەوە زۆر هەژارە هەتا ئێستا یەک هۆتێل لە پارێزگاکەدا بوونی هەیە گەشتیار ڕووی تێناکات ، چونکە خزمەتگوزارییەکانی لە ئاستی پێویستدا نییە ، بۆیە گەشتیار کە دەچێت بۆ هاوینە هەواری ئەحمەد ئاواو ناوچەی هەورامان شوێنە گەشتیارییەکانی ئەو دەڤەرە بۆ حەوانەوە ناچار دێنەوە بۆ هۆتێل و مۆتێلەکانی شاری سلێمانی ، لەبەر ئەوەی هەڵەبجە پارێزگایەکی تازەیە و خزمەتگوزارییەکانی لە ئاست پێویستدا نیە بۆ گەشتیاران ، هەروەها بۆتە هۆی کەمی شوێنە گەشتیارییەکان بەبەراورد لەگەڵ توانستە دیاریکراوەکانیدا . لەهەمان کاتدا داتاو زانیاری پێویست سەبارەت بە یەکە گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستان بەپێی پارێزگای هەڵەبجە و ژمارەی گەشتیارانی هاتوو بۆ ساڵانی ٢٠١٢- ٢٠٢١ لەبەردەستدا نییە ، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە ساڵانێکی کەمە بۆتە پارێزگا و، لە هەرێمی کوردستاندا سیستەمێکی زانیاری گەشتیاری پێشکەوتوو بۆ ئامادەکردن و پێداچوونەوەی داتاو زانیارییەکان بوونی نییە .

**پوختەی ئەم باسە**

لە میانەی خستنە ڕووی گەشتیاری ڕۆڵی لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا لە هەرێمی کوردستاندا ، گەیشتینە ئەوەی کە کەرتی گەشتیاری دەبێتە بوارێکی ڕکابەر لە فەراهەمکردنی پێشکەوتنی کۆمەڵگاکان لە دەرئەنجامی ئەو ڕۆڵە دەرکەوتووەی کە هەیەتی لە پاڵپشتیکردنی پرۆسەی گەشەپیدان لە هەموو بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ڕامیاری و ژینگەیدا ، ئەم کەرتە ڕۆڵی کارای لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا هەیە ، سەرباری ئەو کاریگەرییە ئەرێنیانەی کە هەیەتی کە ئەویش خۆی لە هەل پێدان بۆ فەراهەمکردنی هەلی کار و ، دواتر کەمکردنەوەی دیاردەی بێکاری و چاکردنی بژێوی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە و لە چەندین لایەنی تردا دەنوێنێت ، لەبەرئەوەی چالاکی گەشتیاری تەوەری گرنگی زۆربەی دەوڵەتانە بۆ بە دەستهێنانی توانستە مادی و دارایی و مرۆیی وژینگەییەکان ، لە میانەی وێناکردنی سیاسەت وبەرنامەی پێویست کە ئاواتی بۆ دەخوازرێت لە پێناو بەدەستهێنانی گەشەپێدانی گەشتیاریدا . هەروەکو پێشتریش باسمان کرد هەرێمی کوردستان خاوەنی چەندین توانستی ڕاکێشانی گەشتیارییە و ، چەندین جۆری جیاوازی گەشتیاری فەراهەم دەکات زۆرینەی پێداویستی گەشتیار دەستەبەر دەکات ، بەمەش دەبێتە هەرێمێکی جەمسەرگیر بۆ ڕاکێشانی گەشتیاران ، لە میانەی بە پرۆگرامکردنی کارەکانی و هاندانی وەبەرهێنان کە لە گرنگترین پشتیوانییە داراییەکانە کە کاریگەری ئەرێنی لەسەر گەشەپێدانی ئابووری و کۆمەڵایەتی هەیە .

گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیش یەکێکە لەو پرۆسانەی کە کۆمەڵگاکان بۆ پەرەسەندنی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئابووری پێکیدێنن ، هەر لە میانەی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتییەوە گۆڕان لە بونیادو ئەرکەکانی کۆمەڵگادا ڕوودەدات ، کە کۆمەڵگا جیاوازەکان دەتوانن بە پێشکەوتن بگەن کە یەکێکە لە خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی چالاکی گەشتوگوزار . هەر لەم باسەدا هەوڵمانداوە باس لە گرنگترین توانستەکانی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستاندا بکەین هەموو ئەو توانستانەمان لە هەریەکە لە پارێزگاکانی هەرێم خستۆتەڕوو .

لەمەوە گەیشتینە ئەوەی کە هەرێمی کوردستان دەوڵەمەندە بە توانستە سروشتییەکانی گەشتیاری دەکرێت بەهۆی ئەو توانستە سروشتیانەوە کە ڕەگەزی گرنگی گەشتیارین کێشکردنی گەشتیاران بۆ ئەو ناوچانە دیاریبکرێت کە شایەنی گەشەپێدانن ، بەڵام ئەم توانستە سروشتیانە لە هەرێمی کوردستاندا سوودیان لێنابینرێت ئەگەر خزمەتگوزاری ژێرخان و سەرخانی ئابووریان بۆ دابین نەکرێت ، وەکو ڕاکێشانی ڕێگاوبان و ئاو و کارەبا و بنکەی تەندروستی و هۆتێل و مۆتێل ، هەموو ئەمانە دەبنە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکان و بەرەو پێشچوونی کەرتی گەشتیاری .

# دەروازەی دووەم
# لایەنی مەیدانی

# بەشی سێیەم
# ئەنجامەکانی توێژینەوە مەیدانیەکە

**تەوەری یەکەم : خەسڵەتەکانی نموونەی توێژینەوەکە**

**تەوەری دووەم :خستنەڕووی ئامانجەکانی توێژینەوەکە و تاوتوێکردنی**

**تەوەری سێیەم: خستنەڕووی زانیاری تایبەت بە چاوپێکەوتنەکان**

**تەوەری چوارەم : دەرئەنجام و پێشنیارو ڕاسپاردەکان**

## بەشی سێیەم

## خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوە مەیدانیەکە

لەم بەشـــەدا ئەو زانیارییـــانەی تـــوێژینەوە مەیـــدانیەکە پێـــی گەیشـــتووە خســـتومانەتەڕوو و شـــیکردنەوەمان بـــۆ کـــردوون لەڕێـــگەی ئـــامرازە ئامارییەکـــانەوە لە دوو تەوەردا : تەوەری یەکەم : خەســـڵەتەکانی نمـــوونەی تـــوێژینەوەکەیەو تەوەری دووەم : شـــیکردنەوەی زانیارییەکـــان لەســـەر ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا .

### تەوەری یەکەم : خەسڵەتەکانی نموونەی توێژینەوەکە

خەسڵەتەکانی نموونەی توێژینەوەکە لە کۆمەڵێک گۆڕاوی وەک ( ڕەگەز ، تەمەن ، ئاستی خوێندەواری ،شوێنی نیشتەجێبوون ، پیشە ، ئاستی ئابووری ، جۆری گەشتکردن ) خۆی دەبینێتەوە

**١-ڕەگەزی نموونەکە :**

ڕەگەزی نموونەکەمان بریتییە لە هەردوو ڕەگەزی نێرو مێ وەرگیراون لە ناوچە گەشتیارییەکانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ( سلێمانی ، هەولێر ، دهۆک ، هەڵەبجە) بەهۆی جیاوازی بیروبۆچوون و تێڕوانینە جیاوازەکانی ڕەگەزی (نێر و مێ) .

خشتەی (١٨)

ڕەگەزی نموونەی توێژینەوەکە

| ڕەگەز | ژمارە | % |
|---|---|---|
| نێر | 195 | 50.6 |
| مێ | 190 | 49.4 |
| کۆی گشتی | 385 | 100 |

نموونەی توێژینەوەکەمان بە ڕێژەی (50.6% ) لە ڕەگەزی نێرو (49.4% ) لە ڕەگەزی مێن . هەروەک لە خشـتەکەدا دەردەکەوێت ڕێـژەی وەرگرتنـی ڕەگەزی نێـرو مـێ تـا ڕاددەیەکـی زۆر هاوتـان ، ئەمەش مانای وایە لە دابەشکردنی فۆرمی توێژینەوەکەدا ڕەچاوی ڕەگەزی نموونەی توێژینەوەکە کراوە .

**٢-تەمەنی نموونەکە:**

تەمەن گرنگییەکی زۆری لە سروشتی وەڵامدانەوەی لێتوێژراوان و بیروبۆچوونیان و بیرکردنەوەیان و مامەڵەکردنیان لەگەڵ گۆڕانکارییەکان لە کۆمەڵگادا هەیە ، جیاوازی لە وەڵامەکانی تەمەنی نموونەی توێژینەوەکەدا هەیە ، ئەویش بەهۆی ئەزموونی کەڵەکەبوو لە ژیانیانداو ڕەنگدانەوەی لەسەریان و لەسەر ئاستی گرنگیدانیان بە بابەتی گەشتیاری ئەگەر تێبینی بکەین وەک لە خشتەی (١٩) دایارە

خشتەی (١٩)

تەمەنی نموونەی توێژینەوەکە

| تەمەن | ژمارە | % |
|---|---|---|
| 18-30 | 70 | 18.2 |
| 31-43 | 149 | 38.7 |
| 44-56 | 115 | 29.9 |
| 57-69 | 45 | 11.7 |
| 69 زیاتر | 6 | 1.5 |
| کۆی گشتی | 385 | 100 |

لە خشتەکەی سەرەوەدا دەردەکەوێت بەرزترین تەمەنی نموونەی توێژینەوەکە (31-43) بەڕێژەی (38.7%) دووەم بەرزترین ڕێژەی تەمەن بریتییە لە تەمەنی (44-56) بەڕێژەی (29.9%) ئەمەش ئەو دوو تەمەنەن کە تاک تێیدا زیاتر ئارەزوو خواستی بۆ گەشتکردن هەیە، نزمترین ڕێژەش ( 69 زیاتر). کەواتە دەبینین گەشتیاری لە لایەن ئەو دوو چینەی تەمەنەوە خواستی زۆری لەسەرە .

خشتەی (٢٠)

ڕەگەزو تەمەنی نموونەی توێژینەوەکە

| ڕەگەز / تەمەن | نێر | | مێ | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % |
| 18-30 | 18 | 9.2 | 52 | 27.4 | 70 | 18.2 |
| 31-43 | 96 | 49.2 | 53 | 27.9 | 149 | 38.7 |
| 44-56 | 60 | 30.8 | 55 | 28.9 | 115 | 29.9 |
| 57-69 | 20 | 10.3 | 25 | 13.2 | 45 | 11.7 |
| 69 زیاتر | 1 | 0.5 | 5 | 2.6 | 6 | 1.5 |
| کۆی | 195 | 100 | 190 | 100 | 385 | 100 |
| کۆی گشتی | 50.6 | | 49.4 | | 100 | |

لە خشتەکەی سەرەوەدا دەردەکەوێت بەرزترین نموونەی توێژینەوەکە (31-43) بەڕێژەی (38.7%) ئەو ئاستی تەمەنە (96) یان نێرن بەڕێژەی (49.2) و (53) مێن بەڕێژەی (27.9) دەردەکەوێت کە نێر بواری گەشتکردنی زیاترە لەمێ لەو ئاستی تەمەنەدا ، بەڵام نزمترین ئاستی تەمەن (69 زیاتر) کە (1) نێرە ڕێژەکەی (0.5) و (5) مێیە ڕێژەکەی (2.6) ، لەمەوە دەردەکەوێت کە ئەم ئاستی تەمەنە خواستی گەشتکردنی کەمتر لەسەرە .

**٣- ئاستی خوێندەواری نموونەکە:**

ئاستی خوێندەواری ڕۆڵێکی گرنگی لە پەرەسەندنی کۆمەڵگاکاندا هەیە تا ئاستی خوێندن بەرز بێت خواست لەسەر گەشتیاری زیاتر دەبێت وەک لە خشتەی ژمارە (٢١ )

خشتەی (٢١)

ئاستی خوێندەواری نموونەی توێژینەوەکە

| ئاستەکانی خوێندەواری | ژمارە | % |
|---|---|---|
| نەخوێندەوار | 13 | 3.4 |
| بنەڕەتی | 43 | 11.2 |
| ئامادەیی | 56 | 14.5 |
| پەیمانگا | 78 | 20.3 |
| بەکالۆریۆس | 144 | 37.4 |
| خوێندنی باڵا | 51 | 13.2 |
| کۆی گشتی | 385 | 100 |

لە خشتەکەدا دەردەکەوێت بەرزترین ڕێژەی ئاستی خوێندەواری نموونەی توێژینەوەکە بریتییە لە ئاستی بەکالۆریۆس بەڕێژەی (37.4%) و نزمترین ڕێژەی ئاستی خوێندەواریش بریتییە لە ئاستی نەخوێندەوار بەڕێژەی (3.4%) . ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە خوێندن لە کۆمەڵگای توێژینەوەکەدا لە ئاستێکی باشدایە ، واتە ئەو کەسانەی کە گەشت دەکەن لە ئاستی خوێندنی پەیمانگاو زانکۆدان ، هەربۆیە توێژەر پێیوایە کە گەشتیاری دەتوانێت گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا دروست بکات لە ڕێگەی پێشنیارکردنی بەرنامەی هاندان و خوێندنەوە . واتە مرۆڤ هەتا ئاستی خوێندنی بەرزتر بێت زیاتر هەست بە گرنگی چالاکی گەشتیاری و بەسەربردنی کاتە ئازادەکانی دەکات .

**٤- شوێنی نیشتەجێبوون :**

شوێنی نیشتەجێبوون لە خشتەی ژمارە (٢٢) خراوەتەڕوو :

خشتەی (٢٢)

شوێنی نیشتەجێبوون

| شوێنی نیشتەجێبوون / ناوچە | ناوخۆی هەرێم | | دەرەوەی هەرێم | | کۆی گشتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % |
| شار | 213 | 80.4 | 52 | 43.3 | 265 | 68.8 |
| قەزا | 52 | 19.6 | 29 | 24.2 | 81 | 21.1 |
| دەرەوەی عێراق | / | | 39 | 32.5 | 39 | 10.1 |
| کۆی | 265 | 100 | 120 | 100 | 385 | 100 |
| کۆی گشتی | 68.8 | | 31.2 | | 100 | |

لە خشتەکەوە دەردەکەوێت زۆرترین ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە لە ناوخۆی هەرێمدا نیشتەجێن بەڕێژەی (68.8%) هەروەها زۆرترینیان لە شاردا نیشتەجێن بەڕێژەی (80.4%) ، ئەمەش ئاماژەیە بۆئەوەی دانیشتوانی شار زیاتر ئارەزووی گەشت کردنیان هەیە ، ڕەنگە هۆکارێکی دیکەش پەیوەندی بە شێوازی ژیانەوە هەبێت ، کە لە قەزاو ناحییەکاندا خەڵکی زیاتر بەکاروباری کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییەوە خەریکە ، بەمەش کەمتر کاتی دەبێت بۆ گەشتکردن .

**٥- نموونەی توێژینەوەکە بە پێ ی پارێزگاکان :**

لێتوێژراوانمان بە گوێرەی هەر چوار پارێزگاکە بە ڕێژەیەکی تاڕادەیەک نزیک لەیەک وەرگرتووە بۆ زانینی ڕەوشی جۆرەکانی گەشتیاری لە هەر چوار پارێزگاکە وەک لە خشتەی (٢٣) ڕونکراوەتەوە .

خشتەی (٢٣)

نموونەی توێژینەوەکە بە پێ ی پارێزگاکان

| پارێزگا | ژمارە | % |
|---|---|---|
| هەولێر | 90 | 23.4 |
| سلێمانی | 133 | 34.5 |
| دهۆک | 71 | 18.5 |
| هەڵەبجە | 91 | 23.6 |
| کۆی گشتی | 385 | 100 |

له خشتەی(٢٣) دا دەردەکەوێت وەرگرتنی نموونەی توێژینەوەکە بەپێی پارێزگاکان گونجاوە لە پارێزگای سلێمانی ڕێژەی لێتوێژراوان نموونەی توێژینەوەکە (34.5%) لێتوێژراو لە پارێزگای هەولێر بە ڕێژەی ( 23.4%) لە پارێزگای هەڵەبجە بەڕێژەی ( 23.6%) لێتوێژراو لە پارێزگای دهۆک بە ڕێژەی (18.5%) لێتوێژراو . بەهۆی دووری پارێزگای دهۆک لە سلێمانییەوە توێژەر نەیتوانیوە بە پێ ی پێویست ژمارەیەکی زۆر لە لێتوێژراوان وەک پارێزگاکانی تری هەرێم وەربگرێت .

**٥- پیشەی نموونەی توێژینەوەکە :**

یەکێکی تر لە گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە پیشەیە کە ڕۆڵی هەیە لەسەر ئەو کەسانەی کە خاوەنی موچەیەکی دیاریکراون کاتە ئازادەکانی خۆیان بە گەشتکردن دەبەنە سە وەک لە خشتەی (٢٤) ڕونکراوەتەوە .

خشتەی ( ٢٤ )

پیشەی نموونەی توێژینەوەکە

| جۆرەکانی پیشە | ژمارە | % |
|---|---|---|
| خوێندکار | 45 | 11.7 |
| فەرمانبەر | 169 | 43.9 |
| کاری ئازاد | 40 | 10.4 |
| بێکار | 35 | 9.1 |
| خانەنشین | 36 | 9.3 |
| هیتر | 60 | 15.6 |
| کۆی گشتی | 385 | 100 |

لە خشتەکەی سەرەوەدا دەردەکەوێت زۆرینەی نموونەی توێژینەوەکە فەرمانبەرن، بەڕێژەی (43.9%) کەمترینیشیان بێکارن بەڕێژەی (9.1%) وە بەڕێژەی( 15.6%) لە نموونەی توێژینەوەکە کاری تریان هەیە ، بەڵام ئەگەر تێبینی بکەین دەبینین ڕێژەی فەرمانبەر لە هەموو پیشەکانی تر زۆرترە هۆکارەکەی ئەوەیە کە فەرمانبەر خاوەنی مووچەیەکی دیاریکراوی خۆیەتی و حەز دەکات کاتە ئازادەکانی خۆی بە گەشت و گەڕان بەرێتە سەر ، لەهەمان کاتدا گەشتیاری لە بەرژەوەندی ئەو کۆمەڵگایە و گۆڕانی کۆمەڵایەتی و گەشەپێدان ڕوودەدات ، لە میانەی ئەو بارودۆخ و ژینگەیەی کە دەوری چینی فەرمانبەری داوە ، هەروەها سەقامگیری دەروونی و کۆمەڵایەتی هەر لای ئەوانەو ، دواتر لە بەرهەم و کاریاندا سەرکەوتوو دەبن و سەقامگیر دەبن لە کۆمەڵگەدا .

**٦- ئاستی ئابووری نموونەی توێژینەوەکە :**

ئاستی ئابووری ئاماژەیە بۆ ئەو بارودۆخە ئابوورییەی لێتوێژراوان تیایدا دەژین وەک لە خشتەی(٢٥) دیارە .

خشتەی (٢٥)

ئاستی ئابوری نموونەی توێژینەوەکە

| ئاستەکان | ژمارە | % |
|---|---|---|
| زۆر باش | 59 | 15.3 |
| باش | 167 | 43.4 |
| مام ناوەند | 157 | 40.8 |
| خراپ | 2 | 0.5 |
| کۆی گشتی | 385 | 100 |

لە خشتەکەدا دەردەکەویت زۆرترین ڕێژەی ئەو کەسانەی گەشت ئەنجام دەدەن ئەو کەسانەن ، کە باری ئابوریان باشە بە ڕێژەی ( 43.4%) ، ئەمەش شتێکی ئاشکرایەو لە هەموو کات و سەردەمێکدا ئەو کەسانەی باری داراییان باش بووە زیاتر گەشت ئەنجام دەدەن ، دواتر ئەوانەی کە ئاستی ئابووریان مامناوەندە بە ڕێژەی (40.8%) تاڕادەیەک ئەم دوو ڕێژەیە لەیەکەوە نزیکن ، مانای وایە تا ئاستی ئابووری باش بێت توانای گەشتکردن زیاتر دەبێت ، بەڵام ئەوانەی کە ئاستی ئابووریان خراپە بە ڕێژەی (0.5%) بوو

**٧- جۆری گەشتکردن :**

جۆری گەشتکرن لە هەر چوار پارێزگاکە بە گوێرەی توانستە سروشتی و مرۆییەکانی هەر ناوچەیەکی گەشتیاریو جۆرە باوەکانی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستاندا .

خشتەی (٢٦)

جۆری گەشتکردن

| جۆرەکانی گەشت | ژمارە | % | ڕیزبەندی |
|---|---|---|---|
| کات بەسەربردن | 306 | 38.6 | 1 |
| مێژویی | 134 | 16.9 | 2 |
| تەندروستی | 127 | 16 | 3 |
| وەرزشی | 114 | 14.4 | 4 |
| ئاینی | 112 | 14.1 | 5 |
| کۆی گشتی | 793 | 100 | |

له خشتەی (٢٦) دادەردەکەوێت زۆرترین جۆری گەشتکردن بریتییە لە گەشتیاری کات بەسەربردن، کەرێژەکەی (38.6 )ئەمەش شتێکی ئاساییە ، چونکە بەرێژەیەکی زۆر خەڵکی بۆ کات بەسەربردن گەشت ئەنجام دەدەن . لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە بوونی گرنگیپێدان بە جۆرەکانی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستاندا دەبێتە هۆی گەشەپێدانی گەشتیاری، هەروەرک و چۆن گەشتیاری مێژووی بە رێژەی (16.9%) و گەشتیاری تەندروستی بە رێژەکەی دەگاتە (16%) و گەشتیاری وەرزشی بە رێژەی (14.4%) و گەشتیاری ئاینی بە رێژەی (14.1%) دەبێت .

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە زۆربەی ناوچە گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستان خاوەنی توانستی سروشتی زۆرن پێویستیان بەوە هەیە توانستی مرۆییان بۆ دابینبکرێت لە خزمەتگوزاری و ئاسانکاری گەشتیاری ، چونکە زۆر ناوچەی گەشتیاری هەن توانستی بەردەوامیان لەخۆ گرتووە وەک گەشتیاری چارەسەر بە ئاوە کانزاکان گەشتیاری شوێنەواری و مێژووی و گەشتیاری فیستڤاڵ...هتد ، بەڵام تا ئێستا ئەو ناوچانە خزمەتگوزارییان بۆ دابینەکراوە بۆیە گەشتیاری کاتبەسەربردن لە هەرێمی کوردستاندا رێژەکەی لە هەموویان زیاترە دەگاتە(38.6%) کە لە ریزبەندی یەکەمدایە .

توێژەر لەکاتی ئەنجامدانی توێژینەوەکەی لە بواری پراکتیکیدا زۆر هەوڵیداوە جۆرەکانی گەشتیاری لە هەر چوار پارێزگاکە بەرێژەیەکی یەکسان وەربگرێت ، بەڵام لەبەرئەوەی جۆرەکانی گەشتیاری لەهەرێمی کوردستاندا زەمینەسازی بۆ نەکراوە و ، هەروەها لەوەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار – دەستەی گەشتوگوزار نەخشەیەکی وا لەبەردەستدا نییە کە هەموو جۆرەکانی گەشتیاری بەپێی پارێزگاکان تیادا دیاریکرابێت وەک لە پاشکۆیی ژمارە (٩) دا ئاماژەی پێدراوە ، هەر بۆیە توێژەر ناچار بووە هەر ئەو رێژەیە لە لێتوێژراوان وەربگرێت کە ئەو کاتە لەو شوێنەدا ئامادە بوون ، بەڵام زۆربەی لێتوێژراوان بۆ جۆری گەشتیاری کاتبەسەربردن هاتبوونە ناوچە گەشتیارییەکان ، ئامانجی گەشتەکەیان ئەو جۆرە گەشتیارییە بوو ، بەهۆی ئەوەوە سەردانی هەندێکی تر لە جۆرەکانی گەشتیارییان کردووە .

## باسی دووەم

## خستنەڕوو تاوتوێکردنی ئامانجەکانی توێژینەوەکە

لەم باسەدا ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بەپێ ی ئامانجەکان خراونەتەڕوو ، بەراوردکردنیان بە ئەنجامی توێژینەوەکانی پێشوو توێژەر دوای ئەوەی داتاو زانیارییەکانی پۆلێنکردن و ڕێکی خستن هەستاوە بە بەشیکردنەوەی خشتە ئامارییەکان بە شێوەیەکی زانستی و لۆژیکیانە ڕاڤەی کردون بە پشتبەستنی بە پێوەرەکانی شیکردنەوەی ئاماری ئەو دەرئەنجامانەی لەم توێژینەوەیەدا پێیگەیشتووە .

**خستنەڕووی ئامانجەکانی توێژینەوەکە :**

لەم توێژینەوەیەدا ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا بۆ زانینی ڕۆڵی گەشتیاری لەسەر گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی چەند ئامانجێکی لاوەکیمان دەستنیشان کردووە تا لەڕێگەی ئەو ئامانجە لاوەکیانەوە بزانین ئامانجی سەرەکی توێژینەوەکەمان هاتۆتەدی یان نەهاتۆتە دی. هەر بۆیە هەوڵدەدەین ئەو ئامانجانە بە خشتەو هاوکۆلکەی ئاماری ڕوونبکەینەوە .

**ئامانجی سەرەکی : زانینی ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا :** بەمەبەستی بەدیهێنانی ئەم ئامانجە، هاوکێشەی (T) بۆ یەک سامپڵ بەکارهێنرا، ئەنجامەکەی لەم خشتەیەی خوارەوەدا خراوەتە ڕوو:

خشتەی (٢٧)

ئەنجامی هاوکێشەی (T) بۆ یەک سامپڵ بۆ دەرخستنی بوونی ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا

| تەوەر | ژ. نموونە | ناوەندەژمێرەیی گریمانی | ناوەندەژمێرەیی هەژمارکراو | لادانی پێوەری | بەهای (T) هەژمارکراو | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا | 385 | 156 | 207.31 | 39.506 | 25.482 | **0.000** |

بەهای (T) خشتەیی بە نمرەی ئازادی (384) ئاستی بەڵگەداری (0.05) = 1,96

لە خشتەی (٢٧)دا دەردەکەوێت کە ناوەندی ژمێرەی نمرەکانی نموونەی توێژینەوەکە بۆ ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا گەیشتۆتە( 207.31) بە لادانی پێوەری( 39.506) نمرە ، بەڵام ناوەندی ژمێرەی گریمانەی (156) نمرە بەبەکارهێنانی تاقیکردنەوەی (T) بۆ یەک سامپڵ کە هەموو بڕگەکان بەڵگەدارن بەهای (T) هەژمارکراو گەیشتۆتە (25.482) گەورەترە لە بەهای (T) خشتەیی (1.96) لە ئاستی دەلالەتی (0.05) و نمرەی ئازادی (384) ، ئەمەش ئاماژەیە بۆ بوونی ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا . واتە زۆربەی بڕگەکان بەهێزن ، واتە ئەم ئامانجەمان هاتۆتەدی کە گەشتیاری لە هەرێمی کوردستاندا ڕۆڵی هەیە لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا لەهەموو لایەنەکانی وەک

خزمەتگوزارییە گشتییەکان و لایەنی کۆمەڵایەتی و کولتوری و ژینگەیی و ئابووریدا ئەمەش بەهۆی کرانەوەی هەرێمی کوردستان بەڕووی جیهانداو هاتنی گەشتیاری باشووری عێراق و دەرەوەی هەرێم بۆ کوردستان ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە هاوڕایە لەگەڵ توێژینەوەی هەریەکە لە (ابراهیم ، 2006) و (عالیە ، 2009) و( محمد، 2018) دا کە ئاماژەیان بەوە کردووە گەشەپێدان بەشێوەیەکی بەرچاو دەبێتە هۆی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی ، لەهەمان کاتدا هاوڕایە لەگەڵ تیۆری بونیادی وەزیفی کە پێیوایە بونیادی وەزیفی لە هەموویەکی (کل) پێکەوە بەستراو پێکهاتووە کە لە کۆمەڵێلک ڕەگەزو ئەنساق کە پێکەوە بەستراونەتەوە پێکدێت ، هەریەکە لەو ڕەگەزو ئەنساقانە بە وەزیفەی خۆیان هەڵدەستن هەر ناڕێکییەک توشی هەر ڕەگەزێک یان نەسەقێک ببێت دەبێتە ناڕێکی بۆ بونیادە گشتییەکە. بەگوێرەی ئەم تیۆرە گەشتیاری وەزیفەی هەیە کە بکەرانی بەو وەزیفەیە هەڵدەستن ئەگەر بەباشی ئەنجامدرا ئەوە دەبێتە هۆی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی ، بەپێچەوانەشەوە دەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا .
هاوڕاشە لەگەڵ تیۆری ئاڵوگۆڕکردنی کۆمەڵایەتی کە لەسەر ئەو بنەمایە وەستاوە کە تاکەکان کارلێک دەکەن لەگەڵ یەکترییدا بۆ ئەوەی لە ڕێگای ئەو کارلێکردنەوە هەندێک پاداشتی کۆمەڵایەتی بەدەستبێنن و بەردەوام دەبن لەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەیاندا ، کەوا لەو پەیوەندییەیاندا هەندێک سوود بەدەستدێنن کەوا تێچووی زۆر دەبێت لەسەر بنەمای (وەرگرتن و بەخشین) .
کەواتە گەشتیار کەڕوودەکاتە ناوچە گەشتیارییەکان لەگەڵ تاکەکانی کۆمەڵگەی لۆکاڵیدا تێکەڵ بەیەکتر دەبن زۆر جار لەڕێگەی ئەو گەشتەوە دەبنە ناسیاوی یەکتر و پەیوەندی تازە دروست دەبێت کە لە چوارچێوەی گەشتەکەدا نامێنێتەوە پەرەدەستێنیت بۆ پەیوەندی خێزانی و ژن وو ژنخوازی و هاوڕێیەتی کە دەبنە هۆی بەرژەوەندی مامەڵە پێوەکردن و لەزۆر بارودۆخدا بەهانای یەکترییەوە دەچن ڕێزو خۆشەویستی دەدەن بەیەکتری (بەپشت بەستن بە چاوپێکەوتنەکان) ، کەواتە گەشتیاری هۆکارێکی گرنگە بۆ پەرەسەندنی پەیوەندییەکان و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا .

**ئامانجی یەکەم : زانینی ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی خزمەتگوزارییە گشتیەکاندا:**

بۆ ئاشنابوون بە ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا وا پێویست دەکات جارێکی دیکە چاو بە خشتەی (٢٨) بڕگەکانی تایبەت بە ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی خزمەتگوزارییەگشتییەکاندا بخشێنینەوە لەم خشتەیەی لای خوارەوە دەردەکەوێت ناوەندی ژمێرەیی هەژمارکراوی بڕگەکان بەرزە، ئەگەر تەماشای بەهاکان بکەین دەبینین بەهای هەموو بڕگەکان لەسەروو (٥) یە ، واتە بڕگەی لاوازمان نییە ، بەڵکو زۆربەی بڕگەکان لەسەرووی( ٣,٥) وەن ، واتە ئاستی هاوڕابوون بەرزە وە هەندێک لەو بڕگانە دەخەینەڕوو کە ئاستی هاوڕابوونیان زۆرە ، ئەوانیش پەرەپێدانی زانکۆو پەیمانگای تایبەت هۆکارە بۆ گەشەپێدانی گەشتیاری ، و پەرەپێدانی کەرتی تەندروستی لە ناوچە گەشتیارییەکاندا هۆکارە بۆ گەشەپێدانی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستاندا ، زیادبوونی شوێنی حەوانەوەو مانەوەی گەشتیار لە هەرێمی کوردستان هۆکارە بۆ گەشەپێدانی گەشتیاری بڕگەکانی تریش هەروەکو ئەم بڕگانە بەهێزن واتە ناوەندی ژمێرەییان گەورەترە .

## ١- بڕگەکانی تایبەت بە ڕۆڵی گەشتیاری لەسەر خزمەتگوزارییە گشتییەکان :

خشتەی (٢٨)

ڕۆڵی گەشتیاری لە خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا

| ژ | بابەت | زۆر لە گەڵیدام | لەگەڵیدام | هیچ ڕام نییە | لەگەڵیدا نیم | هیچ لەگەڵیداز یم | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پیوەری | بەهای (T) | ئاستی بەڵگە داری | ئامانژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دووبارە | دووبارە | دووبارە | دووبارە | دووبارە | | | | | |
| | | % | % | % | % | % | | | | | |
| ١ | پەرەپێدانی زانکۆو پەیمانگای تایبەت بە بواری گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان هۆکارە بۆ گەشەپێدانی گەشتیاری . | 98 | 206 | 39 | 36 | 6 | 3.92 | 0.931 | 19.388 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | | 25.5 | 53.5 | 10.1 | 9.4 | 1.6 | | | | | |
| ٢ | پەرەپێدانی کەرتی تەندروستی لە ناوچە گەشتوگوزارییەکانی هەرێمی کوردستاندا دەبێتە هۆی گەشەپێدانی گەشتیاری. | 140 | 185 | 29 | 26 | 5 | 4.11 | 0.903 | 24.218 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | | 36.4 | 48.1 | 7.5 | 6.8 | 1.3 | | | | | |
| ٣ | زیادبوونی ژمارەی شوێنی مانەوە و حەوانەوەی گەشتیار لە هەرێمی کوردستان هۆکارە بۆ گەشەپێدانی گەشتیاری . | 172 | 161 | 29 | 21 | 2 | 4.25 | 0.853 | 28.671 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | | 44.7 | 41.8 | 7.5 | 5.5 | 0.5 | | | | | |
| ٤ | گرنگیدان بە ڕێگاوبانەکان لە هەرێمی کوردستاندا دەبێتە هۆی گەشەپێدانی گەشتیاری . | 215 | 112 | 33 | 19 | 6 | 4.33 | 0.936 | 27.810 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | | 55.8 | 29.1 | 8.6 | 4.9 | 1.6 | | | | | |
| ٥ | بوونی کادری پێشکەوتوو لە دامەزراوە گەشتوگوزارییەکاندا هۆکارە بۆ گەشەپێدانی گەشتیاری . | 173 | 140 | 37 | 27 | 8 | 4.15 | 0.996 | 22.658 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | | 44.9 | 36.4 | 9.6 | 7.0 | 2.1 | | | | | |
| ٦ | ڕاکێشانی تۆڕی کارەبا و ڕووناکردنەوەی ئەو ناوچە نوێیانەی کە بوونەتە ناوچەی گەشتیاری دەبێتە هۆی گەشەپێدانی گەشتیاری . | 200 | 123 | 31 | 20 | 11 | 4.25 | 1.003 | 24.448 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | | 51.9 | 31.9 | 8.1 | 5.2 | 2.9 | | | | | |
| ٧ | پەرەپێدانی هۆکارەکانی پەیوەندی و گەیاندن لە ناوچە گەشتوگوزاریەکان هۆکارە بۆ گەشەپێدانی گەشتیاری. | 172 | 152 | 28 | 19 | 14 | 4.17 | 1.010 | 22.667 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | | 44.7 | 39.5 | 7.3 | 4.9 | 3.6 | | | | | |
| ٨ | چاککردن و گەیاندنی تۆڕی ئاوی گشتی بۆ ناوچە گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستان دەبێتە هۆی گەشەپێدانی گەشتیاری . | 193 | 130 | 29 | 22 | 11 | 4.23 | 1.007 | 23.890 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | | 50.1 | 33.8 | 7.5 | 5.7 | 2.9 | | | | | |

| | | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٩ | کــردنەوەی خزمەتگــوزاری بــانکی لە نــاوچە گەشــتیارییەکانی هۆکــارە بــۆ گەشەپێدانی گەشتیاری . | 126 | 166 | 53 | 29 | 11 | 3.95 | 1.012 | 18.485 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | | 32.7 | 43.1 | 13.8 | 7.5 | 2.9 | | | | | |
| ١٠ | کردنەوەی نوسینگەی پارە گۆڕینەوە لە نـــاوچە گەشـــتیارییەکانی هەرێمـــی کوردســتان دەبێــتە هــۆی گەشــەپێدانی گەشتیاری. | 121 | 183 | 38 | 31 | 12 | 3.96 | 1.008 | 18.701 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | | 31.4 | 47.5 | 9.9 | 8.1 | 3.1 | | | | | |
| ١١ | کــردنەوەی ڕێســتورانتە کلتــوری و میللیەکــان لە نــاوچە گەشــتیارییەکانی هەرێمــی کوردســتاندا هۆکــارە بــۆ گەشەپێدانی گەشتیاری . | 168 | 158 | 33 | 16 | 10 | 4.19 | 0.943 | 24.764 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | | 43.6 | 41.0 | 8.6 | 4.2 | 2.6 | | | | | |

سەبارەت بە بڕگەکانی تەوەری ڕۆڵی گەشتیاری لەسەر خزمەتگوزارییە گشتییەکان دەردەکەوێت هیچ بڕگەیەکی لاواز نییە ، چونکە ناوەندی ژمێرەی هیچ بڕگەیەک لە (5) کەمتر نییە ، بەڵکو ناوەندی ژمێرەی هەموو بڕگەکان لەسەرووی (5) وەن ، واتە هێزی بڕگەکان ئەوانەی کە لە گەڵیدان و هاوڕان و هێزی بڕگەیان لە نێوان (4.5 و 5) دایە کە زۆربەی هێزی بڕگەکان لەو ئاستەدایە ، واتە لەم خشتەیەدا دەردەکەوێت کە بڕگەکانمان بەڵگەدارن ، بەهای (T)خشتەیی بە ئاستی بەڵگەداری (0.05) نمرەی ئازادی (206) (T) بەهای = 1.97 بەو جۆرە لە خشتەکەی سەرەوەدا دەردەکەوێت ، لە کۆی بڕگەکاندا بەهای (T) هەژمارکراو گەورەترە لە بەهای (T) خشتەیی ئەمەش مانای وایە کۆی بڕگەکان بەهێزن و گونجاون لە خشتەی ژمارە (٢٩) بۆمان دەردەکەوێت لەو بڕگەیەی کە دەڵێت گرنگیدان بە ڕێگاوبانەکان لە هەرێمی کوردستان دەبێتە هۆی گەشەپێدانی گەشتیاری ناوەندە ژمێرەییەکەی کە دەکاتە (4.33) گەورەترە زیاترین ڕۆڵی هەیە لەسەر گەشتیاری ، بەڵام بڕگەی پەرەپێدانی زانکۆو پەیمانگای تایبەت بە بواری گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان هۆکارە بۆ گەشەپێدانی گەشتیاری کەمترین ڕۆڵی لە گەشەپێدانی گەشتیاریدا هەیە . کەواتە ئامانجی توێژینەوەکە کە دەڵێت گەشتیاری ڕۆڵی هەیە لەسەر خزمەتگوزارییە گشتییەکان بەڵێ ڕۆڵی هەیە ئەم ئامانجە هاتۆتەدی وەک لە خشتەی (٢٩) دیارە .

ئەمەش لەگەڵ تیۆری بونیادی وەزیفی لای ڕۆبرت میرتۆن یەکدەگرێتەوە کە پێیوایە کە پێداویستییە بنەڕەتی و وەزیفییەکان هەبوون وەڵامی پێداویستی سیستەمەکە دەدەنەوە بەبێ ئەوان سیستەمەکە ناتوانێت بەردەوام بێت ، بۆیە گەشتیاری وەک سیستمێک کە پێداویستییە بنەڕەتییەکانی دابینکرد ئەوا ئەو سیستەمە بەردەوام دەبێت و پێشکەوتو دەبێت ، هەربۆیە لە هەرێمی کوردستاندا تاڕادەیەک گەشتیاری گەشانەوەی بەخۆوە بینیوە لەبواری ئەو خزمەتگوزارییانەی کە لە سەرەوەدا ئاماژەمان پێداوە کە ئەوانیش زیادبوونی شوێنی حەوانەوەو گرنگیدانە بە ڕێگاوبانەکان و ڕاکێشانی تۆڕی کارەباو چاکردنی تۆڕی ئاو کردنەوەی ڕێستورانتە کلتوری میللیەکان کە هەموو ئەمانە ناوەندە ژمێرەییەکانیان گەورەیە .

خشتەی (٢٩)

ئەنجامی هاوکێشەی (T) بۆ یەک سامپڵ بۆ دەرخستنی بوونی ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا

| تەوەر | ناوەندەژمێرەیی گریمانی | ناوەندەژمیرەیی هەژمارکراو | لادانی پێوەری | بەهای (T) هەژمارکراو | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆڵی گەشتیاری لە خزمەتگوزارییە گشتییەکان | 33 | 45.50 | 8.918 | 27.510 | **0.000** |

بەهای (T) خشتەیی بە ئاستی بەڵگەداری (0,05) نمرەی ئازادی (384) = 1,96

لە خشتەی (٢٩) دا دەردەکەوێت و ناوەندی ژمێرەی ئەم تەوەرە دەکاتە (45.50) و لادانی پێوەرییەکەی دەکاتە (8.918) ، بەهای (T) هەژمارکراو کە دەکاتە ( 27.510) لە بڕگەکاندا و لە کۆی گشتی بڕگەکاندا گەورەترە لە بەهای خشتەی (1.96) ، ئەمەش مانای وایە گەشتیاری هۆکارێکە بۆ گەشەپێدانی خزمەتگوزارییە گشتییەکان ، چونکە دەستەبەرکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان هۆکارێکە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی گەشتیار بۆ گەشتکردن بۆ ناوچە گەشتیارییەکان . بەهای بەڵگەداریش دەکاتە (0.000) کە بچوکترە لە (0.005) بەمەش دەردەکەوێت بەڵگەدارە .

ئەم ئەنجامە ئەوە دەردەخات کە گەشتیاری ڕۆڵی لە خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا هەیە هاوئەنجامە لەگەڵ هەردوو تویژینەوەی (شێخانی، 2016) و( محمد ، 2018) کە ئاماژەیان بە ڕۆڵی گەشتیاری لە خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا کردووە ، هەروەها لەگەڵ تیۆری ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتیدا هاوڕایە کە لەسەر بنەمای (وەرگرتن و بەخشین ) وەستاوە ، بێگومان ئەمەش لەڕێگەی پەیوەندی ئاڵوگۆڕی نێوان گەشتیارو کۆمەڵگەی ناوخۆیی ، واتە دروستکردنی هاوسەنگی لەنێوان ئەوەی کە تاک دەیدات بەکۆمەڵگەو ئەوەشی کۆمەڵگە دەیدات بە تاک ، هەرکاتێک ئەو هاوسەنگییە لەنێوان (وەرگرو بەخشیندا ) هەبوو پەیوەندییەکان بەردەوام دەبێت ، لەڕێگەی پڕکردنەوەی پێداویستییەکان بۆ گەشتیاران کە بریتییە لە دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان .

لەمەوە دەگەینە ئەوەی کەهەرێمی کوردستان لەم ساڵانەی دواییدا تاڕادەیەک لەڕووی کەرتی گەشتیارییەوە پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە ، لەبواری خزمەتگوزاری هۆتێل و مۆتێل و ڕێستۆرانت و کافتریاو باخچەکان و مۆزەخانەو..هتد ، هەرچی خزمەتگوزاری ژێرخانە بریتییە لەکارەباو خزمەتگوزاری تەندروستی و ئاو و ڕێگاوبان و هۆکارەکانی هاتوچۆو .... هتد ، واتە لەبواری خزمەتگوزاری سەرخان و ژێرخانی ئابوریدا تاڕادەیەک بەرەو پێشەوە چووە هەموو ئەمانە هۆکارن بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی .

**ئامـانجی دووەم :ڕۆڵـی گەشـتیار لەسـەر کـۆمەڵگەی لۆکـاڵی :** بەمەبەسـتی بەدیهێنـانی ئەم ئامـانجە، هاوکێشەی (T) بۆ یەک سامپڵ بەکارهێنرا، ئەنجامەکەی لەم خشتەیەی خوارەوەدا خراوەتە ڕوو:

خشتەی (٣٠)

ڕۆڵی گەشتیار لەسەر کۆمەڵگەی لۆکاڵی

| ژ | بـــــابـــــەت | زۆر لە گەڵیدام<br>دووبارە<br>% | لەگەڵیدام<br>دووبارە<br>% | هیچ ڕام نییە<br>دووبارە<br>% | لەگەڵیدانیم<br>دووبارە<br>% | هیچ لەگەڵید انیم<br>دووبارە<br>% | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (T) | ئاستی بەڵگە داری | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٤٤ | هێنانە ناوەوەی هەندێک داب و نەریتی جیاواز لەلایەن گەشتیارەوە کە سوودی لە پەرەپێدانی دابونەریتی کۆمەڵگای کوردیدا هەیە. | 85<br>22.1 | 157<br>40.8 | 76<br>19.7 | 50<br>13.0 | 17<br>4.4 | 3.63 | 1.096 | 11.295 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| ٤٥ | بەریەککەوتنی کەلتـووره جیاوازەکـان لەلایەن گەشتیارەوە. | 98<br>25.5 | 175<br>45.5 | 58<br>15.1 | 41<br>10.6 | 13<br>3.4 | 3.79 | 1.046 | 14.815 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| ٤٦ | هێنانە ناوەوەی هەندێک بەهای نوێ ی بە جیهـانیبوون کە نەگونجـاوە لەگەڵ کۆمەڵگای کوردیدا . | 90<br>23.4 | 122<br>31.7 | 74<br>19.2 | 74<br>19.2 | 25<br>6.5 | 3.46 | 1.222 | 7.422 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| ٤٧ | گۆڕینی ڕەفتاری تاکی کورد بۆ هەندێک ڕەفتـاری نـامۆ کە نەگونجـاوە لەگەڵ کۆمەڵگەی کوردیدا . | 98<br>25.5 | 126<br>32.7 | 63<br>16.4 | 65<br>16.9 | 33<br>8.6 | 3.50 | 1.271 | 7.659 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| ٤٨ | بڵاوبوونەوەی هەندێک ستایلی پۆشاک وجلوبەرگی نوێ لە لایەن گەشتیارەوە کە نەگونجاوە لەگەڵ کۆمەڵگەی کوردیدا . | 115<br>29.9 | 116<br>30.1 | 57<br>14.8 | 60<br>15.6 | 37<br>9.6 | 3.55 | 1.318 | 8.196 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| ٤٩ | گـۆڕینی تـاڕادەیەک شـێوازی ژیـانی تاکەکانی کۆمەلگەبەرەو باشتر بەهـۆی گەشتیارەوە. | 111<br>28.8 | 173<br>44.9 | 62<br>16.1 | 24<br>6.2 | 15<br>3.9 | 3.89 | 1.019 | 17.050 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| ٥٠ | پەرەسـەندنی پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکـانی دەرەوەی کـۆمەڵگە بەهۆی گەشتیارەوە | 113<br>29.4 | 163<br>42.3 | 65<br>16.9 | 27<br>7.0 | 17<br>4.4 | 3.85 | 1.059 | 15.787 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| ٥١ | فێربـوونی زمـانی جیـاواز بە هـۆی گەشتیارەوە. | 144<br>37.4 | 165<br>42.9 | 41<br>10.6 | 22<br>5.7 | 13<br>3.4 | 4.05 | 1.006 | 20.509 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| ٥٢ | درستبوونی هەندێک کێشە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن گەشتیارەوە . | 38<br>9.9 | 74<br>19.2 | 75<br>19.5 | 121<br>31.4 | 77<br>20.0 | 2.68 | 1.265 | 5.036 | 0.000 | بەڵگەدارە |

تەوەری ڕۆڵی گەشتیار لەسەر کۆمەڵگەی لۆکاڵی ئامانجی دووەمی توێژینەوەکەمانە لەم برگەیدا دەبینین جیاوازی نێوان بۆچوونەکان کە خۆی لە ناوەندی ژمێرەی بڕگەکاندا دەبینێتەوە کە ژمارەی بڕگەکانی

(9) بڕگەیەو ، لەم تەوەرەیەدا بە هەمان شێوەی تەوەرەکەی تر هیچ بڕگەیەکی لاوازمان نییە . بەڵام ئەو بڕگەیەی کە دەڵێت فێربوونی زمانی جیاواز بەهۆی گەشتیارەوە ناوەندی ژمێرەییەکەی بەرزترە لە بڕگەکانی تر کە دەکاتە (4.05) ، بەڵام ئەو بڕگەیەی کە دەڵێت دروستبوونی هەندێک کێشە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن گەشتیارەوە ناوەندە ژمێرەییەکەی کەمترە کە دەکاتە (2.68) ، کەواتە بەهای (T) هەژمارکراو لە بەهای (T) خشتەیی گەورەترە ، هەر بۆیە گەشتیار کاریگەری لەسەر کۆمەڵگای ناوخۆی هەیە ئەم ئامانجەشمان هاتۆتە دی . هەرەک لە خشتەی (٣١) ڕوونکراوەتەوە .

خشتەی (٣١)

ئەنجامی هاوکێشەی (T) بۆ یەک سامپڵ بۆ دەرخستنی بوونی ڕۆڵی گەشتیار لەسەر کۆمەڵگەی لۆکاڵی

| تەوەر | ناوەندەژمێرەیی گریمانی | ناوەندەژمێرەیی هەژمارکراو | لادانی پێوەری | بەهای (T) هەژمارکراو | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆڵی گەشتیار لەسەر کۆمەڵگەی لۆکاڵی | 27 | 32.39 | 7.513 | 14.089 | **0.000** |

بەهای (T) خشتەیی بە ئاستی بەڵگەداری (0.05) و نمرەی ئازادی (384) = 1.96

لە خشتەی (٣١) دا دەردەکەوێت ناوەندی ژمێرەی هەژمار کراو ( 32.39 ) و لادانی پێوەری (7.513) ، بەهای (T) هەژمارکراو لە بڕگەکاندا و لە کۆی گشتی بڕگەکاندا دەکاتە( 14.089) گەورەترە لە بەهای خشتەیی (1.96) ، ئەمەش مانای وایە گەشتیار ڕۆڵی هەیە لەسەر کۆمەڵگەی لۆکاڵی .

ئەم ئەنجامە ئەوە دەردەخات کە گەشتیار کاریگەری لەسەر ڕەفتارو زمان و هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگەی لۆکاڵی هەیە بەتایبەتی چینی گەنجان و ئەوانەشی کە زیاتر ڕوو لە دەرەوە دەکەن و زۆر گەشتدەکەن شێوازی جلوبەرگ و قسەکردنیان و مامەڵەکرنیان ڕەفتاریان هەمووی گۆڕانی بەسەردا هاتووە ، واتە گەشتیار ڕۆڵی لەسەر کۆمەڵگەی لۆکاڵی هەیە (بە پشتبەستن بە چاوپێکەوتنەکان ) . بە گوێرەی تیۆری ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی لە نێوان گەشتیار و کۆمەڵگەی لۆکاڵی دەبێتە هۆی ئاڵوگۆڕکردنی کولتوورەکان و ئەزموون و زانیارییەکان . واتە هاوڕایە لەگەڵ تیۆری ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتیدا کە ئاماژە دەدات بەوەی کە ژیانی کۆمەڵایەتی بریتییە لە پرۆسەی وەرگرتن و بەخشین واتە ئاڵوگۆڕی نێوان دوو کەس یان دوو گروپ یان دوو کۆمەڵگایە و پەیوەندییەکانیش قوڵ و بەردەوام دەبن ئەگەر هاوسەنگییەک لە نێوان وەرگرتن و بەخشیندا هەبێت ، واتە هاوسەنگی ماف و ئەرکەکانی هەریەکە لە تاک و گروپە . بۆیە گەشتیار کە ڕوودەکاتە ناوچە گەشتیارییەکان لەڕێگەی ئاڵوگۆڕی پەیوەندییەکانییەوە لەگەڵ کۆمەڵگەی لۆکاڵیدا کولتورو دابو نەریت و زمان و ئاڵوگۆڕ دەکات و گۆڕانکاری لە ژیانی تاکەکان و ڕەفتاری تاکەکاندا دروستدەکات ، لەڕێگەی پرۆسەی وەرگرتن و بەخشینەوە .

گەشتیار ڕۆڵی زۆری لە کۆمەڵگەی لۆکالی هەیە لەڕووی داب و نەریت و گۆڕینی ڕەفتارو بەریەککەوتنی کولتورەکان و کەدەبێتە هۆی لەناوبردنی کولتورە خراپەکان و زاڵبوونی کولتورە باشەکان ، هەندێک جاریش بە پێچەوانەوە هەندێک کولتور سەرهەڵدەدەن کە تایبەتمەندنین بە کولتوری وڵاتەکەی خۆی

لەوڵاتانی دەرەوە بۆمان هاتووە (بەپشتبەستن بە چاوپێکەوتنەکان) و هاوئەنجامیشە لەگەڵ توێژینەوەی (غابة ،٢٠١٧). کەواتە هەمـوو ئەمـانە دەبـنە هـۆی گـۆڕینی ژیـانی کـۆمەڵایەتی و ئـابووری تاکەکـانی کۆمەڵگەی لۆکاڵی ، سەرباری فێربوونی زمانی جیاواز و گۆڕانی ڕەفتاری تاکەکان بە ئەرێنی یان نەرێنی و هاتنە ناوەوەی هەندێک دابو نەریتی جیاواز.

**ئامانجی سێیەم: زانینی ڕۆڵی گەشتیاری لە سەر بواری کۆمەڵایەتی و کولتوری کۆمەڵگە:** بەمەبەستی بەدیهێنـانی ئەم ئامـانجە ، هاوکێشـەی (T) بـۆ یەک سـامپڵ بەکـارهێنرا ، ئەنجـامەکەی لەم خشـتەیەی خوارەوەدا خراوەتە ڕوو:

خشتەی (٣٢)

ڕۆڵی گەشتیاری لەسەر بواری کۆمەڵایەتی و کولتوری لە کۆمەڵگەدا

| ژ | بابەت | زۆر لە گەڵیدام دووبارە % | لەگەڵیدام دووبارە % | هیچ رام نییە دووبارە % | لەگەڵیدا نیم دووبارە % | هیچ لەگەڵ یدانیم دووبارە % | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (T) | ئاستی بەڵگە داری | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٩ | گـۆڕان لە بونیـادی کـۆمەڵگەدا ڕوودەدات بەهۆی گەشەپێدانی گەشتیارییەوە. | 114 | 188 | 42 | 20 | 8 | 3.98 | 0.932 | 20.607 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | | 29.6 | 48.8 | 14.0 | 4.9 | 2.6 | | | | | |
| ٢٠ | پڕکردنەوەی پێداویستی دەروونی تاکەکان بەهۆی گەشتیارییەوە دەبێت. | 127 | 188 | 42 | 20 | 8 | 4.05 | 0.913 | 22.672 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | | 33.0 | 48.8 | 10.9 | 5.2 | 2.1 | | | | | |
| ٢١ | چانـــدنی بەهائەرێنییەکـــانی وەک بەهـــای لێبـووردەی لەکـۆمەڵگەی کوردیـدا بەهـۆی گەشەپێدانی گەشتیارییەوە دەبێت. | 117 | 170 | 61 | 25 | 12 | 3.92 | 1.000 | 18.100 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | | 30.4 | 44.2 | 15.8 | 6.5 | 3.1 | | | | | |
| ٢٢ | بەشـــداریکردنی تاکەکـــان لە پلانـــدانانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا فاکتەرێکی گرنگە بـۆ گەشـــەپێدانی گەشـــتیاری لە هەرێمـــی کوردستاندا. | 121 | 161 | 55 | 35 | 13 | 3.89 | 1.056 | 16.506 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | | 31.4 | 41.8 | 14.3 | 9.1 | 3.4 | | | | | |
| ٢٣ | گەشـــــتیاری هۆکـــارە بۆدروســـــتبوونی پەیوەنـدی کـۆمەڵایەتی لە نێـوان گەشـتیارو کۆمەڵگەی لۆکاڵیدا. | 146 | 179 | 32 | 15 | 13 | 4.12 | 0.954 | 22.963 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | | 37.9 | 46.5 | 8.3 | 3.9 | 3.4 | | | | | |
| ٢٤ | بڵاوکـــردنەوەی هۆشـــیاری کـــۆمەڵایەتی ســـەبارەت بە گرنگـی ڕۆڵـی گەشـتیاری لە نـــاوچە گەشـــتیارییەکاندا هۆکـــارە بـــۆ گەشەپێدانی گەشتیاری . | 168 | 162 | 28 | 15 | 12 | 4.19 | 0.954 | 24.511 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | | 43.6 | 42.1 | 7.3 | 3.9 | 3.1 | | | | | |
| ٢٥ | گەشتیاری هۆکارە بۆگۆڕینی ڕەفتاری تاکی کـورد بـۆ هەنـدێک ڕەفتـاری بـاش کە بەســوودە بـۆ کـۆمەڵگەی کـوردی وەک ئەتەکێتـی نـانخواردن و جل لەبەرکـردن و قسەکردن هتر . | 117 | 173 | 49 | 28 | 18 | 3.89 | 1.065 | 16.416 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | | 30.4 | 44.9 | 12.7 | 7.3 | 4.7 | | | | | |

| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٦ | دەرخستنی ئاکاری جوانی تاکەکانی کۆمەڵگەی کوردی هۆکارە بۆ گەشەپێدانی گەشتیاری . | 144 | 173 | 36 | 15 | 17 | 4.07 | 1.009 | 20.806 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | | 37.4 | 44.9 | 9.4 | 3.9 | 4.4 | | | | | |
| ٢٧ | ناساندنی دابو نەریتی کۆمەڵگەی لۆکاڵی بەگەشتیار دەبێتە هۆی گەشەپێدانی گەشیاری. | 139 | 181 | 30 | 20 | 15 | 4.06 | 0.998 | 20.885 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | | 36.1 | 47.0 | 7.8 | 5.2 | 3.9 | | | | | |
| ٢٨ | پاراستنی سامانی کولتوری و نەتەوەی هۆکارە بۆ گەشەپێدانی گەشتیاری . | 149 | 180 | 26 | 17 | 13 | 4.13 | 0.959 | 23.106 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | | 38.7 | 46.8 | 6.8 | 4.4 | 3.4 | | | | | |
| ٢٩ | ناساندنی ناسنامەی نەتەوەی بە گەشتیار دەبێتە هۆی زیادبوونی گیانی ئینتما بۆ نیشتمان. | 134 | 171 | 42 | 25 | 13 | 4.01 | 1.012 | 19.547 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | | 34.8 | 44.4 | 10.9 | 6.5 | 3.4 | | | | | |
| ٣٠ | زیندوکردنەوەی بۆنەو چالاکیە کۆمەڵایەتیەکان لە ناوچە گەشتیارییەکاندا دەبێتە هۆی گەشەپێدانی گەشتیاری. | 144 | 153 | 50 | 19 | 19 | 4.00 | 1.072 | 18.262 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | | 37.4 | 39.7 | 13.0 | 4.9 | 4.9 | | | | | |
| ٣١ | زیندوکردنەوەی بۆنەو چالاکیە ئاینیەکان لە ناوچە گەشتیارییەکاندا هۆکارە بۆ گەشەپێدانی گەشتیاری. | 122 | 158 | 57 | 29 | 19 | 3.87 | 1.094 | 15.608 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | | 31.7 | 41.0 | 14.8 | 7.5 | 4.9 | | | | | |
| ٣٢ | کردنەوەی گەلەری تایبەت بە دەسکەوتە مادییەکانی وەکو خانووبەرەو گەرەک و شوێنە کولتورییەکان. | 107 | 166 | 60 | 42 | 10 | 3.83 | 1.038 | 15.621 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | | 27.8 | 43.1 | 15.6 | 10.9 | 2.6 | | | | | |
| ٣٣ | پتەوبوونی لایەنی ئاسایش و سەلامەتی هۆکارە بۆ ڕاکێشانی گەشتیار بۆ ناوچە گەشتیارییەکان. | 185 | 148 | 22 | 13 | 17 | 4.22 | 1.011 | 23.734 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | | 48.1 | 38.4 | 5.7 | 3.4 | 4.4 | | | | | |
| ٣٤ | بڵاوبوونەوەی کولتووری ئاشتی پێکەوە ژیان لە نێوان گەلە جیاوازەکاندا دەبێتە هۆی گەشەپێدانی گەشتیاری . | 162 | 168 | 27 | 23 | 5 | 4.19 | 0.901 | 25.961 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | | 42.1 | 43.6 | 7.0 | 6.0 | 1.3 | | | | | |
| ٣٥ | بوونی یاسایەکی تایبەت بە ڕێکخستنی مافەکانی گەشتیارلەگەڵ مافەکانی هاوڵاتی لە هەرێمی کوردستاندا هۆکارە بۆ گەشەپێدانی گەشتیاری. | 170 | 151 | 34 | 21 | 9 | 4.17 | 0.965 | 23.880 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | | 44.2 | 39.2 | 8.8 | 5.5 | 2.3 | | | | | |
| ٣٦ | بەهێزکردنی پەیوەندییە نێو دەوڵەتییەکان بەهۆی گەشەپێدانی گەشتیارییەوە دەبێت. | 111 | 168 | 59 | 30 | 17 | 3.85 | 1.063 | 15.629 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | | 28.8 | 43.6 | 15.3 | 7.8 | 4.4 | | | | | |

تەوەری ڕۆڵی گەشتیاری لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی و کولتوری سێیەم ئامانجی توێژینەوەکەمانەو لەم برگەیدا دەبینین جیاوازی نێوان بۆچوونەکان کە خۆی لە ناوەندی ژمێرەی برگەکاندا دەبینێتەوە کە ژمارەی برگەکانی (18) برگەیەو ، لەم تەوەرەیەشدا بە هەمان شێوەی تەوەرەکانی تر هیچ برگەیەکی لاوازمان نییە . بەڵام برگەی پتەوبوونی لایەنی ئاسایش و سەلامەتی هۆکارە بۆ ڕاکێشانی گەشتیار بۆ

ناوچە گەشتیارییەکان ناوەندە ژمێرەییەکەی لە هەموو بڕگەکانی تر بەرزترە کە دەکاتە (4.22) ، بەڵام بڕگەی کردنەوەی گەلەری تایبەت بە دەسکەوتە مادییەکان وەکو خانووبەرەو گەرەک و شوێنە کولتورییەکان لەچاو بڕگەکانی تردا ناوەندە ژمێرەییەکەی لە هەموو بڕگەکانی تر کەمترە کە دەکاتە (3.83) ، ئەم بڕگەیەش ئەوە ناگەیەنێت کە ناوەندە ژمێرەییەکەی کەم بێت ، چونکە ئەو بڕگانە زۆربەیان ناوەندە ژمێرەییەکەیان بەرزە و بەهای (T) هەژمارکراو گەورەترە لە بەهای خشتەی ، کەواتە گەشتیاری ڕۆڵی لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی و کولتوری هەیەو ئەم ئامانجەش هاتۆتە دی . ئەم ئەنجامە ئەوە دەردەخات کە لایەنی کۆمەڵایەتی و کولتوری ڕۆڵیکی زۆریان لەسەر پێشکەوتنی کەرتی گەشتیاری هەیە ، چونکە گەشتیاری دەبێتە هۆی تێکەڵبوونی گەل و نەتەوەکان گۆڕینی ڕەفتارو دابونەریتەکان کۆمەڵگەو بەرکەوتنی کولتوورەکان و پاراستنی سامانی کەلتوری نەتەوەی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری تاکەکانی کۆمەڵگەیە .

خشتەی (٣٣)

ئەنجامی هاوکێشەی (T) بۆ یەک سامپڵ بۆ دەرخستنی بوونی ڕۆڵی گەشتیاری لە بواری کۆمەڵایەتی و کولتوری کۆمەڵگە

| تەوەر | ناوەندەژمێرەیی گریمانی | ناوەندەژمیرەیی هەژمارکراو | لادانی پێوەری | بەهای (T) هەژمارکراو | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆڵی گەشتیاری لەسەر بواری کۆمەڵایەتی و کولتوری کۆمەڵگە | 54 | 72.44 | 14.628 | 24.740 | **0.000** |

بەهای (T) خشتەیی بە ئاستی بەڵگەداری (0,05) نمرەی ئازادی (384) = 1,96

لە خشتەی (٣٣) دا دەردەکەوێت کە ناوەندی ژمێرەی دەکاتە (72.44) و بە لادانی پێوەری (14.628) ، بەهای (T) هەژمارکراو لە بڕگەکاندا و لە کۆی گشتی بڕگەکاندا کە دەکاتە ( 24.740) گەورەترە لە بەهای (1.96) خشتەیی ئەمە مانای وایە گەشتیاری هۆکارێکە بۆ گەشەپێدانی بواری کۆمەڵایەتی و کولتوری کۆمەڵگە ، ئاستی بەڵگەداری (0.000) کە بچوکترە لە (0.005) ، بەمەش دەردەکەوێت کە بەڵگەدارە . ئەم ئەنجامە ئەوە دەردەخات کە گەشتیاری ڕۆڵی هەیە لە بواری کۆمەڵایەتی و کولتوری لە ناوچە گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستاندا ، لەگەڵ هاتنی گەشتیاران و ڕوتێکردنی خەڵکی ئێمە بۆ دەرەوەی وڵات کە ڕوودەکەنە ئەو ناوچانە بەمە دانیشتوانی ئەو ناوچانە لە گەشتیارانەوە فێری دابونەریتی تازەو شێوازی ژیانی نوێ دەبن هەموو ئەمانە گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و کولتوری دروستدەکەن (بە پشت بەستن بە چاوپێکەوتنەکان) ، هاوڕایە لەگەڵ تیۆری ئاڵوگۆڕکردنی کۆمەڵایەتی کە پێیوایە ژیانی کۆمەڵایەتی هیچ نییە تەنها پرۆسەی کارلێکی ئاڵوگۆڕە ، بەو مانایەی کە لایەنە کارلێکردووەکان وەرگرو بەخشەرن هەریەکێکیان بۆ ئەوی تریان ، بەمە وەرگر و بەخشینی (الاخذ والعطاء ) نێوان دوو لایەنە کارلێکردووەکە هۆکارن بۆ بەردەوامی و قوڵبوونەوەی ئەو پەیوەندیە کارلێکردووە ، ئەگەر تاک پەیوەندییە کارلێکرووەکەی لەسەر پرەنسیپی وەرگرتن بەبێ بەخشین وەستابوو ئەوە ئەو پەیوەندییە ساردو سڕو پچڕاو دەبێت . ئەم ئەنجامە ئەوە دەردەخات هەمیشە

گەشتیاری هۆکارێکە بۆ تێگەشتنی شارستانێتی جیاواز لەیەکتر و بۆ ناسین و نزیکبونەوەی زیاتر لەیەکتری وتێکەڵاوبونی زیاتری تاکەکانی ئەو گەلانە لەگەڵ یەکتری ، جگە لەوەش دروستکردنی پەیوەندی کولتوریی لە نێوان گەشتیارو کۆمەڵگەی لۆکاڵیدا کە هەریەکێکیان کارتێکراو دەبن بەوی تریان ، لەمیانەی هەندێک لە سیماتە کولتورییەکانەوە کە هەموو ئەمانە هۆکاری سەرەکین بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵگەی لۆکاڵیدا ، واتە ماف و ئەرکەکانی هەریەکە لە تاک و گروپە. لە هەمان کاتدا هاوڕاشە لەگەڵ تیۆری بونیادی وەزیفی کەپێی وایە کۆمەڵگەو دامەزراوە لە پێکهاتەیەک پێکدێن کە بەشەکانی لقدارن، بەڵام تەواوکەرو یەکگرتوون وەک چۆن هەر بەشێک ئەوی تر تەواو دەکات . واتە گەشتیاری سیستمێکەو لە چەند بەشێک پێکهاتووە ئەم بەشانە هەمویان تەواوکەری یەکترین پێکهاتەیەکی وەزیفی دیاریکراویان هەیە کە بە وەزیفەکانی خۆیان هەڵدەستن لەو سیستمەدا ، ئەویش لەڕێگەی ئەو ڕۆڵ و پێگانەی هەر تاکێک لەو سیستەمەداو کارکردنیان لە پێناو بەردەوامبوونی ئەو سیستمەو پتەوکردنی پەیوەندییە مرۆییەکانی نێوانیان .

کە واتە گەشتیاری ڕۆڵێکی زۆری لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی و کەلتوری هەیە ، چونکە گەشتیاری دەبێتە هۆی تێکەڵبوونی گەل و نەتەوەکان گۆڕینی ڕەفتارو دابونەریتەکانی کۆمەڵگەو بەرکەوتنی کولتوورەکان و پاراستنی سامانی کولتوری نەتەوەی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری تاکەکانی کۆمەڵگەیە ، هەروەها پتەوکردنی پەیوەندییەکانی نێوان گەشتیارو کۆمەڵگەی لۆکاڵی و وەرگرتنی ئەزموون لەلایەن ئەو دوو لایەنەوە ، لەبەئەوەی گەشتیاری یەکێکە لەو کەرتە گرنگانەی کە ڕێگە دەدات بە تاکەکانی کۆمەڵگەبۆ ناسینی گرنگی پشودان و سوودوەرگرتن لە کاتی ئازادییان و ناسینی شارستانی و کەلتوری وڵاتەکەیان و دیمەنی سەرنجڕاکێشی سروشتی وڵاتەکەیان ، لەهەمووشی گرنگتر پتەوبوونی لایەنی ئاسایش سەلامەتییە کە هۆکارە بۆ ڕاکێشانی گەشتیاران بۆ ناوچە گەشتیارییەکان ، هەربۆیە لە هەرێمی کوردستاندا بەهۆی سەقامگیربوونی لایەنی ئەمن و ئاسایش ساڵانە ژمارەیەکی زۆر لە گەشتیارانی باشووری عێراق سەردانی ناوچە گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستان دەکەن بەتایبەتی لەوەرزی هاوین و بۆنەکاندا کە ئەم لایەنە فاکتەرێکی گرنگە بۆ ڕاکێشانی گەشتیاران . لەهەمان کاتدا بەهۆی ڕۆشتنی خەڵکی ئێمە بۆ دەرەوەی وڵات و هاتنی گەشتیاران بۆ کوردستان تێکەڵاویکردنی گەشتیارانی بیانی لەگەڵ خەڵکی کوردستاندا هۆکار بوو بۆ گۆڕینی رەفتارو دابونەریتی کۆمەڵگەی کوردی و بەرکەوتنی کولتورەکان و دروستکردنی پەیوەندی هاوڕێیەتی و خزمایەتی لەنێوان گەشتیارو کۆمەڵگەی کوردیدا .

**ئامانجی چوارەم: زانینی ڕۆڵی گەشتیاری لە سەر لایەنی ژینگە:** بەمەبەستی بەدیهێنانی ئەم ئامانجە، هاوکێشەی (T) بۆ یەک سامپڵ بەکارهێنرا، ئەنجامەکەی لە خشتەی (٣٤) دا خراوەتە ڕوو:

خشتەی (٣٤)

ڕۆڵی گەشتیاری لەلایەنی ژینگەی کۆمەڵگە

| ژ | بابەت | زۆر لە گەڵیدام | لەگەڵیدام | هیچ ڕام نییە | لەگەڵیداذ یم | هیچ لەگەڵیدا نیم | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (T) | ئاستی بەڵگە داری | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دووبارە | دووبارە | دووبارە | دووبارە | دووبارە | | | | | |
| | | % | % | % | % | % | | | | | |
| ٣٧ | گرنگیدان بەپاراستنی دەرامەتە سروشتییە گرنگەکان بۆ باشترکردنی کوالێتی ژینگە هۆکارە بۆ گەشەپێدانی گەشتیاری. | 129 | 180 | 51 | 17 | 8 | 4.05 | .911 | 22.648 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | | 33.5 | 46.8 | 13.2 | 4.4 | 2.1 | | | | | |
| ٣٨ | بڵاوکردنەوەی هۆشیاری ژینگە پارێزی بۆ تاکەکانی کۆمەڵگەی ناوخۆی دەبێتە هۆی گەشەپێدانی گەشتیاری. | 172 | 156 | 32 | 17 | 8 | 4.21 | .922 | 25.810 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | | 44.7 | 40.5 | 8.3 | 4.4 | 2.1 | | | | | |
| ٣٩ | هاندان بۆ نۆژەنکردنەوەی ناوچە گەشتیارییەکان لە لایەن حکومەتەوە هۆکارە بۆ گەشەپێدانی گەشتیاری لە هەرێمی کوردستاندا. | 196 | 119 | 35 | 29 | 6 | 4.22 | .998 | 24.009 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | | 50.9 | 30.9 | 9.1 | 7.5 | 1.6 | | | | | |
| ٤٠ | هاندان بۆ نۆژەنکردنەوەی ناوچە گەشتیارییەکان لە لایەن تاکەکانی کۆمەڵگەی گەشتیارییەوە دەبێتە هۆی گەشەپێدانی گەشتیاری . | 155 | 158 | 37 | 24 | 11 | 4.10 | .999 | 21.523 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | | 40.3 | 41.0 | 9.6 | 6.2 | 2.9 | | | | | |
| ٤١ | داهاتە گەشتیارییەکان بەشێکیان بۆ پاراستنی ژینگە گەشتیارییەکان بەکاردەهێنرێنەوە. | 126 | 151 | 56 | 31 | 21 | 3.86 | 1.126 | 14.932 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | | 32.7 | 39.2 | 14.5 | 8.1 | 5.5 | | | | | |
| ٤٢ | هەستنەکردن بە بەرپرسیارێتی لە ژینگەی گەشتیاریدا دەبێتە هۆی پیسبوونی ژینگە. | 194 | 130 | 25 | 27 | 9 | 4.23 | 1.005 | 23.985 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | | 50.4 | 33.8 | 6.5 | 7.0 | 2.3 | | | | | |
| ٤٣ | پاراستنی جۆری ئەو باڵندەو گیانەوەرانە دەگمەنانەی کە لە ژینگەی سروشتی کوردستاندا هەن هۆکارە بۆ گەشەپێدانی گەشتیاری. | 183 | 147 | 16 | 24 | 15 | 4.19 | 1.041 | 22.481 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | | 47.5 | 38.2 | 4.2 | 6.2 | 3.9 | | | | | |

تەوەری کاریگەری گەشتیاری لەسەر لایەنی ژینگەی کۆمەڵگە چوارەم ئامانجی توێژینەوەکەمانەو لەم برگەیەدا دەبینین جیاوازی نێوان بۆچوونەکان کە خۆی لە ناوەندی ژمێرەی برگەکاندا دەبینێتەوە کە ژمارەی برگەکانی (7) برگەیەو لە هەرسێ تەوەرەکەی تر برگەکانی کەمترە کە بریتین لە تەوەری ڕۆڵی

گەشتیاری لەسەر گەشەپێدانی خزمەتگوزارییەکانی کۆمەڵگە، ڕۆڵی گەشتیار لەسەر کۆمەڵگەی لۆکاڵی و ڕۆڵی گەشتیاری لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی و کولتوری کۆمەڵگە لەم تەوەرەیەشدا بە هەمان شێوەی سێ تەوەرەکەی تر هیچ بڕگەیەکی لاوازمان نییە . ئەو بڕگەیەی کە دەڵێت هەستنەکردن بە بەرپرسیارێتی لە ژینگەی گەشتیاریدا دەبێتە هۆی پیسبوونی ژینگە ناوەندی ژمێرەییەکەی بەرزترە کە دەکاتە (4.23) ، بەڵام ئەو بڕگەیەش کە دەڵێت داهاتە گەشتیارییەکان بەشێکیان بۆ پاراستنی ژینگە گەشتیاری بەکاردەهێنرێنەوە ناوەندە ژمێرەییەکەی کەمترە کە دەکاتە (3.86) ، کەواتە بەهای (T) هەژمارکراو گەورەترە لە بەهای خشتەیی ، بۆیە گەشتیاری ڕۆڵی لە لایەنی ژینگەدا هەیە ، ئەم ئامانجەشمان هاتۆتە دی. هەروەک لەم خشتەی (٣٥) ڕوونکراوەتەوە .

خشتەی (٣٥)

ئەنجامی هاوکێشەی (T) بۆ یەک سامپڵ بۆ دەرخستنی بوونی ڕۆڵی گەشتیاری لەلایەنی ژینگەدا

| تەوەر | ناوەندەژمێرەیی گریمانی | ناوەندەژمێرەیی هەژمارکراو | لادانی پێوەری | بەهای (T) هەژمارکراو | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆڵی گەشتیاری لەلایەنی ژینگەدا | 21 | 28.86 | 5.831 | 26.446 | **0.000** |

بەهای (T) خشتەیی بە ئاستی بەڵگەداری (0,05) نمرەی ئازادی (384) = 1,96

لە خشتەی (٣٥) دا دەردەکەوێت کە ناوەندی ژمێرەی هەژمارکراو دەکاتە (28.86) و لادانی پێوەری (5.831) بەهای (T) هەژمارکراو لە بڕگەکاندا و لە کۆی گشتی بڕگەکاندا کە دەکاتە (26.446) گەورەترە لە بەهای خشتەیی (1.96) ئەمەش مانای وایە گەشتیاری ڕۆڵی هەیە لەلایەنی ژینگەدا ، واتە لە پێناو سەرنج ڕاکێشانی گەشتیاران بۆ ناوچە گەشتیارییەکان پێویستە گرنگی بدرێت بە پاراستنی ژینگەی ناوچە گەشتیارییەکان . و ئاستی بەڵگداری (0.000)کە بچوکترە لە (0.05) ، بەمەش دەردەکەوێت کە بەڵگەدارە . ئەو بڕگەیەی کە دەڵێت هەستنەکردن بە بەرپرسیارێتی لە ژینگەی گەشتیاریدا دەبێتە هۆی پیسبوونی ژینگە ناوەندە ژمێرەییەکەی لە هەمووی بەرزترە ، ئەمەش هاوشێوەیە لەگەڵ ئەنجامی چاوپێکەوتنەکاندا کە پیسبوونی ژینگە یەکێکە لەو فاکتەرانەی کە کاریگەری خراپ و ڕاستەوخۆی لەسەر ناوچە گەشتیارییەکان هەیە . وادەکات ناوچە گەشتیارییەکان پێشکەوتن بەخۆیانەوە نەبینن و وێنەیەکی ناشرینی ئەو وڵاتە لە مێشکی گەشتیاردا دروستدەکات و گەشتیار جارێکی تر سەردانی ئەو شوێنە ناکاتەوە (بە پشت بەستن بە چاوپێکەوتنەکان) لەهەمان کاتدا هاوڕایە لەگەڵ تیۆری بونیادی وەزیفی هەر ناتەبای و خەلەلێک بکەوێتە بەشەکانی ئەو سیستمە ئەوا کەموکورتی لە وەزیفەکانیاندا ڕوودەدات ، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا سیستمەکە پارێزگاری لە هاوسەنگی خۆی دەکات ، چونکە هەربەشێکیان پشت بە ئەوی تریان دەبەستێت بۆ بەردەوامبوونی سیستمەکە .

ئەم ئەنجامە ئەوە دەردەخات کەهەر کاتێک گەشتوگوزار هەستا بە وەزیفەی ژینگەیی دابینکردنی پێداویستیی ژینگەیی وەک دابینکردنی ڕووبەری سەوزای زۆرو پاکڕاگرتنی ناوچە گەشتیارییەکان چەندین شتی تر ئەمە کاریگەرییەکی زۆری دەبێت بۆ ڕاکێشانی گەشتیار بۆ ناوچە گەشتیارییەکان ،

ئەگەر هاتوو بەم وەزیفەیە هەڵنەستا ئەوا دەبێتە هۆی دروستبوونی ناڕێکییەک لە وەزیفەکەیدا کاریگەری لەسەر بەشەکانی تری سیستەمەکە کە گەشتیارییە دروستدەکات ، بۆیە ئەو ناوچە گەشتیارییە نابێتە ناوچەیەکی سەرنج ڕاکێش بۆ گەشتیاران.

کەواتە هەر کاتێک ژینگەیەکی گونجاو ئاوهەوایەکی پاک و تەندروست دەستەبەر بوو ئەوا گەشتیاری زیاتر پەرەدەستێنێت ئەمە ئەنجامی کارلێکردنی گەشتیارە لەگەڵ ژینگەدا، ژینگەی باش ئەوەیە کە دیمەنی سروشتی سەرنجڕاکێشی هەیە ، ئاوهەوای مامناوەند و ئاو ڕووبارو ..هتد ، گرنگترین سەرچاوەن کە یارمەتی پێشکەوتنی گەشتیاری و گەشەپێدانی دەدەن ، هەرێمی کوردستان بێبەش نییە لە دیمەنی سروشتی جوان و سەرنجڕاکێش و هەموو ئەمانە فاکتەری گرنگن بۆ پاک و خاوێنی ژینگەو ڕاکێشانی گەشتیاران بۆ ناوچە گەشتیارییەکان.

**ئامانجی پێنجەم: زانینی ڕۆڵی گەشتیاری لەلایەنی ئابوری کۆمەڵگەدا:** بەمەبەستی بەدیهێنانی ئەم ئامانجە، هاوکێشەی (T) بۆ یەک سامپڵ بەکارهێنرا، ئەنجامەکەی لەم خشتەیەی خوارەوەدا خراوەتەڕوو:

خشتەی (٣٦)

ڕۆڵی گەشتیاری لەلایەنی ئابووری کۆمەڵگەدا

| ژ | بابەت | زۆر لە گەڵیدام | لەگەڵیدام | هیچ ڕام نییە | لەگەڵیداندیم | هیچ لەگەڵیدا نیم | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای (T) | ئاستی بەڵگەداری | ئاماژە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دووبارە | دووبارە | دووبارە | دووبارە | دووبارە | | | | | |
| | | % | % | % | % | % | | | | | |
| ١٢ | زیادبوونی داهاتی تاک بەهۆی گەشەپێدانی گەشتیارییەوە دەبێت. | 109 | 195 | 41 | 27 | 13 | 3.94 | 0.986 | 18.606 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | | 28.3 | 50.6 | 10.6 | 7.0 | 3.4 | | | | | |
| ١٣ | زیادبوونی داهاتی نەتەوەیی بەهۆی گەشەپێدانی گەشتیارییەوە دەبێت. | 135 | 186 | 32 | 24 | 8 | 4.08 | 0.931 | 22.784 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | | 35.1 | 48.3 | 8.3 | 6.2 | 2.1 | | | | | |
| ١٤ | زیادبوونی هەلی کار بەهۆی گەشەپێدانی گەشتیارییەوە دەبێت. | 160 | 166 | 31 | 21 | 7 | 4.17 | 0.922 | 24.920 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | | 41.6 | 43.1 | 8.1 | 5.5 | 1.8 | | | | | |
| ١٥ | پاڵپشتیکردنی ڕۆڵی ژنان لە ناوچە گەشتیارییەکاندا دەبێتە هۆی گەشەپێدانی گەشتیاری . | 106 | 156 | 65 | 42 | 16 | 3.76 | 1.096 | 13.668 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | | 27.5 | 40.5 | 16.9 | 10.9 | 4.2 | | | | | |
| ١٦ | دەستەبەرکردنی دراوە بیانییە قورسەکان لەلایەن گەشتیاری دەرەکییەوە دەبێتە هۆی گەشەپێدانی گەشتیاری. | 126 | 171 | 49 | 29 | 10 | 3.97 | 0.996 | 19.144 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | | 32.7 | 44.4 | 12.7 | 7.5 | 2.6 | | | | | |
| ١٧ | گرنگیدان بە خواردنە خۆماڵیی و کولتورییەکان لە ناوچە گەشتیارییەکاندا دەبێتە هۆی گەشەپێدانی گەشتیاری . | 152 | 173 | 30 | 19 | 11 | 4.13 | 0.955 | 23.267 | 0.000 | بەڵگەدارە |
| | | 39.5 | 44.9 | 7.8 | 4.9 | 2.9 | | | | | |

| ١٨ | كردنەوەی پێشانگای تایبەت بە ساغكردنەوەی بەروبوومە كشتوكاڵییەكان لە ناوچە گەشتیارییەكاندا هۆكارە بۆ گەشەپێدانی گەشتیاری. | 151 | 156 | 40 | 22 | 16 | 4.05 | 1.048 | 19.639 | 0.000 | بەڵگەدارە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|

تەوەری ڕۆڵی گەشتیاری لە لایەنی ئابووری كۆمەڵگەدا پێنجەم ئامانجی توێژینەوەكەمانەو لەم بڕگەیدا دەبینین جیاوازی نێوان بۆچوونەكاندا بۆ ئەو بڕگەیەی كە دەڵێت زیادبوونی هەلی كار بەهۆی گەشتیارییەوە دەبێت ناوەندە ژمێرەییەكەی لە كۆی بڕگەكانی تر زیاترە كە دەگاتە ( 4.17) و ، ئەو بڕگەیە كە دەڵێت پاڵپشتیكردنی ڕۆڵی ژنان لە ناوچە گەشتیارییەكاندا ناوەندە ژمێرەییەكەی لە كۆی بڕگەكانی تر كەمترەكە دەگاتە ( 3.76) ، كەواتە لەم تەوەرەدا هیچ بڕگەیەكی لاوازمان نییە ، بەڵام بڕگەی زیادبوونی هەلی كار بەهۆی گەشەپێدانی گەشتیارییەوە دەبێت كە ناوەندە ژمێرەییەكەی دەكاتە ( 4.17) ، هەروەها بڕگەی پاڵپشتیكردنی ڕۆڵی ژنان لە ناوچە گەشتیارییەكاندا دەبێتە هۆی گەشەپێدانی گەشتیاری كە ناوەندە ژمێرەییەكەی دەكاتە (3.76) كەمترین ناوەندە ژمێرەی هەیە لەچاو بڕگەكانی تردا ، كەواتە ئەم ئامانجەشمان هاتۆتەدی كە ( ڕۆڵی گەشتیارییە لە لایەنی ئابووری كۆمەڵگەدا) لەم خشتەیەی خوارەوەدا خراوەتەڕوو .

خشتەی (٣٧)

ئەنجامی هاوكێشەی (T) بۆ یەک سامپڵ بۆ دەرخستنی بوونی ڕۆڵی گەشتیاری لە لایەنی ئابوری كۆمەڵگەدا

| تەوەر | ناوەندەژمێرەیی گریمانی | ناوەندەژمێرەیی هەژماركراو | لادانی پێوەری | بەهای (T) هەژماركراو | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆڵی گەشتیاری لەلایەنی ئابوری كۆمەڵگەدا | 21 | 28.10 | 5.720 | 24.369 | **0.000** |

بەهای (T) خشتەیی بە ئاستی بەڵگەداری (0,05) نمرەی ئازادی (384) = 1,96

لە خشتەی (٣٧) دا دەردەكەوێت كە ناوەندی ژمێرەی دەكاتە (28.10 و لادانی پێوەری ( 5.720) ، بەهای (T) هەژماركراو لە بڕگەكاندا و لە كۆی گشتی بڕگەكاندا دەكاتە (24.369) گەورەترە لە بەهای خشتەیی (1.96) ئەم ئەنجامە ئەوە دەردەخات كە گەشتیاری ڕۆڵی هەیە لە گەشەپێدانی ئابووری كۆمەڵگەدا دەبێتە هۆی زیادبوونی هەلی كار ئەم تەوەرە ناوەندە ژمێرەییەكەی لە هەموو تەوەرەكانی تر گەورەتربوو كە بەهاكەی (4.17) ، جگە لەوە گەشتیاری دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی داهاتی نەتەوەیی و هێنانە ناوەوەی دراوی قورس بۆ ناو وڵات و ، هەروەها دەبێتە هۆی بزواندنی ئابووری نیشتمانی و بزواندنی پیشەسازی و بازرگانی و كشتوكاڵ هەموو سێكتەرەكانی كۆمەڵگە دەبوژێنێتەوە(بە پشتبەستن بە چاوپێكەوتنەكان). هاوئەنجامیشە لەگەڵ هەر پێنج توێژینەوەی (شێخانی، 2016) و (ابراهیم، 2006)

و (عاليــة، 2009) و (غابــة ،2017) (محمــد ، 2018) كه ئاماژەيــان بەوە كــردووە (گەشــتيارى و ڕەنگدانەوەى لەســەر ڕەخســاندنى هەلــى كــار و كەمكــردنەوەى ڕێــژەى بێكــارى و زيــاتركردنى داهــاتى هاونيشــتيمانيان هێنــانە نــاوەوەى دراوى بيــانى هەيە) ، هەروەهــا ئاماژەيــان بەوەداوە كە (گەشــتيارى لەو وڵاتــانەى كە توانســتى گەشــتيارى هەيە بە يەكێــك لە ســەرچاوەكان بەدەســتهێنانى داهــاتى نيشــتيمانى دادەنرێت و ،هۆيەكيشە بۆ هێنــانە نــاوەوەى دراوى قــورس بــۆ نــاو وڵاتەكە ) و (گەشــتيارى بەشــێوەيەكى بەرچاو دەبێتە هۆى بەرەوپێش بردن وگەشەپێدانى لايەنى ئابوورى و كۆمەڵايەتى و ژينگەيى ) و (زانينى هاوپشكى گەشتيارى لە بوژانەوەى لايەنى ئابوورى خەڵك و چالاكى ئابوريدا ).

ئەم توێژينەوەيە هاوئەنجامە لەگەڵ تيۆرى بونيادى وەزيفيدا كە سەيرى بونيادى كۆمەڵايەتى دەكات وەک گشتێكى يەككگرتوو كە پێكهاتەكانى وابەستەيى وكاريگەرى و كاريگەربوون بە يەكترى . هەر بۆيە گەشەپێدانى ئابوورى و كۆمەڵايەتى لەناو بونيادى كۆمەڵايەتيدا ڕوودەدەن . بەپێى تيۆرى ئاڵوگۆڕكردنى كۆمەڵايەتى پەيوەندى ئاڵوگۆڕ لە نێوانياندا هەيە ، چونكە ئەم تيۆرە بە تەنها جەخت لەسەر لايەنە ئابوورييەكە ناكاتەوە ، بەڵكو لەسەر لايەنە مەعنەويەكەش دەكاتەوە ، واتە گەشتيارى سوود و قازانجى ئابوورى زۆرى هەيە بەكەمترين تێچوو ئەو پاداشتەى كەتاكەكان بەدەستى دێنێت لە ڕەفتارە ئاڵوگۆڕەكانياندا .

ئەم ئەنجامە ئەوە دەردەخات كە گەشتيارى لەڕووى ئابوورييەوە ڕۆڵێكى گرنگ دەگێرێت لەپێدانى هەلى كــار بــۆ تاكەكــانى كــۆمەڵگەى لۆكــاڵى و باشــتركردنى بــارودۆخ و گوزەرانيــان و زيــادكردنى داهاتيــان ، ئەمەش دەبێتە هۆى زيادكردى داهاتى نەتەوەيى و ، لەهەمان كاتدا هێنانە نــاوەوەى دراوى بيانى بۆ نــاو ووڵات ، ماناى وايە گەشتيارى هۆكارێكە بۆ گەشەپێدانى لايەنى ئابورى كۆمەڵگە ، چونكە هۆكــارێكە بۆ ڕەخســـاندنى هەلــى كــارو دەســتى كــار لە نـــاوچە گەشــتيارييەكاندا و ئەو شــوێنانەى پەيوەســتن بە كاروبارەكانى گەشتيارەوە ، ئەمەش لە بازاڕو هۆتێل و ڕێستۆرانت و... هتر خۆى دەبينێتەوە.

## – خســتنەڕووى جيــاوازى بيروبۆچوونەكــانى ئەنــدامانى نمــوونەى تــوێژينەوەكە بەپێــى گۆڕاوەكان :

لێرەدا بيروبۆچـوونى ئەنـدامانى نمـوونەى تـوێژينەوەكە بەپێـى گۆڕاوەكـانى (ڕەگەز و تەمەن و ئاسـتى خوێندەوارى و شوێنى نيشتەجێبوون و پيشەو ئاستى ئابوورى ) دەخەينەڕوو

**جياوازى نێوان گۆڕاوەكان:** بەمەبەستى دۆزينەوەى جياوازى نێوان گۆڕاوەكـان ، بـۆ گـۆڕاوى ڕەگەزى (نێر، مێ) و شوێنى نيشتەجێبوون (نـاوخۆى هەرێم و دەرەوەى هەرێم) هاوكێشــەى (T) بـۆ دوو سـامپڵ بەكارهێنراو، بۆ گۆڕاوەكانى (تەمەن و ئاستى خوێندەوارى و پارێزگـا وپيشـەو ئاسـتى ئـابورى) شيكارى جياوازى يەک ئاڕاستە (تحليل التباين الإحادي – One – Way ANOVA) بەكارهێنراوە .

**١/ جیاوازی ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و ڕۆڵی گەشتیار لە کۆمەڵگەی لۆکاڵی بەگوێرەی گۆڕاوی ڕەگەز:**

خشتەی (٣٨)

جیاوازی ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری بۆ ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا و ڕۆڵی گەشتیار لە کۆمەڵگەی لۆکاڵی بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز

| تەوەرەکان | نێر | | مێ | | بەهای (T) هەژمارکراو | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | | |
| ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا | 180.29 | 27.877 | 169.39 | 37.448 | 3.243 | **0.001** |
| ڕۆڵی گەشتیار لەسەر کۆمەڵگەی لۆکاڵی | 33.10 | 6.892 | 31.67 | 8.056 | 1.865 | 0.063 |

بەهای (T) خشتەیی بە ئاستی بەڵگەداری (0.05) نمرەی ئازادی (383) = 1.96

لە خشتەی (٣٨) دا دەردەکەوێت ، تەنیا لەڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا بەهای (T) هەژمارکراو گەورەترە لە بەهای (T) خشتەیی ، ئەمەش مانای وایە جیاوازی هەیە لە نێوان تێڕوانینی نێرو مێ بۆ ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا و جیاوازییەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕەگەزی نێر، چونکە ناوەندە ژمێرەیی گەورەترە لە ناوەندە ژمێرەیی ڕەگەزی مێ.

**٢/ جیاوازی ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و ڕۆڵی گەشتیار لە کۆمەڵگەی لۆکاڵی بەپێی گۆڕاوی تەمەن:**

خشتەی (٣٩)

جیاوازی ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری بۆ ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و ڕۆڵی گەشتیار لە کۆمەڵگەی لۆکاڵی بەپێی گۆڕاوی تەمەن

| تەوەرەکان | 18 – 30 | | 31 – 43 | | 44 – 56 | | 57 – 69 | | 69 زیاتر | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
| ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی | 179.37 | 30.817 | 175.24 | 33.315 | 176.03 | 30.231 | 167.36 | 40.784 | 149.83 | 49.325 |
| ڕۆڵی گەشتیار لە کۆمەڵگەی لۆکاڵی | 32.73 | 7.779 | 32.05 | 7.682 | 32.63 | 6.579 | 33.02 | 8.419 | 27.83 | 10.381 |

بەو جۆرەی لە خشتەی (٣٩) دا دەردەکەوێت جیاوازی هەیە لە نێوان ناوەندە ژمێرەیی ئاستەکانی تەمەن، بەڵام ئایا ئەم جیاوازییە دەکەوێتە ئاستی بەڵگەداری ئامارییەوە یان نا، بۆ ئەم مەبەستە کرداری شیکاری جیاوازی یەک ئاڕاستە بەکارهێنرا، لەم خشتەیەی خوارەوەدا ئەنجامەکەی خراوەتە ڕوو .

خشتەی (٤٠)

ئەنجامی شیکاری جیاوازی یەک ئاڕاستە بۆ دەرخستنی جیاوازی نێوان تەوەرەکان بەپێی گۆڕاوی ئاستەکانی تەمەن

| تەوەرەکان | سەرچاوەی جیاوازی | Sum of squre (کۆی ناوەندە ژمێرەیی) | (df) نمرەکانی ئازادی | Mean square (دووجای ناوەندە ژمێرەیی) | بەهای (ف) (F) | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی | لە نێوان کۆمەڵەکاندا | 7896.347 | 4 | 1974.087 | 1.789 | 0.130 |
| | لە ناو کۆمەڵەکاندا | 419332.650 | 380 | 1103.507 | | |
| | کۆی گشتی | 427228.997 | 384 | | | |
| ڕۆڵی گەشتیار لەسەر کۆمەڵگەی لۆکاڵی | لە نێوان کۆمەڵەکاندا | 173.843 | 4 | 43.461 | 0.768 | 0.547 |
| | لە ناو کۆمەڵەکاندا | 21502.146 | 380 | 56.585 | | |
| | کۆی گشتی | 21675.990 | 384 | | | |

بەهای (F) خشتەیی بە نمرەی ئازادی (380 –4) و ئاستی بەڵگەداری (0.05) = 2.39

لە خشتەکەدا دەردەکەوێت جیاوازی نییە لە نێوان بۆچونی ئاستەکانی تەمەن بۆ تەوەرەکانی توێژینەوە ، واتە هەموو تاکێک لە هەر تەمەنێکدا بێت بڕوای وایە گەشتیاری ڕۆڵی لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەیە ، هەروەها بڕوای وایە گەشتیار کاریگەری لەسەر کۆمەڵگەی لۆکاڵی هەیە .

**٣/ جیاوازی ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و ڕۆڵی گەشتیار لە کۆمەڵگەی لۆکاڵی بەپێی گۆڕاوی شوێنی نیشتەجێبوون .**

خشتەی (٤١)

جیاوازی ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری بۆ ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و ڕۆڵی گەشتیار لە کۆمەڵگەی لۆکاڵی بەپێی گۆڕاوی شوێنی نیشتەجێبوون

| تەوەرەکان | ناوخۆی هەرێم | | دەرەوەی هەرێم | | بەهای (T) هەژمارکراو | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندە ژمیرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | | |
| ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا | 181.60 | 23.917 | 160.13 | 44.734 | 6.122 | **0.000** |
| ڕۆڵی گەشتیار لە کۆمەڵگەی لۆکاڵی | 33.09 | 6.321 | 30.87 | 9.492 | 2.708 | 0.007 |

بەهای (T) خشتەیی بە ئاستی بەڵگەداری (0.05) نمرەی ئازادی (383) = 1.96

لە خشتەی (٤١) دا دەردەکەوێت، لە هەردوو تەوەرەی ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا و ڕۆڵی گەشتیار لەسەر کۆمەڵگەی لۆکاڵی بەهای (T) هەژمارکراو گەورەترە لە بەهای (T) خشتەیی ، ئەمەش مانای وایە جیاوازی هەیە لە نێوان تێڕوانینی تاکەکانی نیشتەجێی ناوخۆی هەرێم و تاکەکانی نیشتەجێی دەرەوەی هەرێم ، جیاوازییەکەش دەگەڕێتەوە بۆ تاکەکانی دانیشتووی ناوخۆی هەرێم ، چونکە ناوەندەژمێرەییەکەیان بەرزترە لە ناوەندەژمێرەیی تاکەکانی دانیشتووی دەرەوەی هەرێم . ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە خەڵکی ناوخۆیی هەرێم سەردانی ناوچە گەشتیارییەکانی خۆمان زیاتر دەکەن بۆ بەسەربردنی کاتە ئازادەکانیان و بەسەربردنی کاتێکی خۆش .

## ٤/ جیاوازی ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا وڕۆڵی گەشتیار لە کۆمەڵگەی لۆکاڵی بەپێی گۆڕاوی ئاستەکانی خوێندن:

خشتەی (٤٢)

جیاوازی ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری بۆ ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا و ڕۆڵی گەشتیار لە کۆمەڵگەی لۆکاڵی بەپێی گۆڕاوی ئاستەکانی خوێندن:

| تەوەرەکان | نەخوێندەوار | | بنەڕەتی | | ئامادەیی | | دبلۆم | | بەکالۆریۆس | | باڵا | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
| ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی | 159.69 | 41.518 | 162.23 | 48.836 | 172.30 | 33.832 | 173.62 | 35.475 | 182.28 | 24.044 | 173.53 | 30.167 |
| ڕۆڵی گەشتیاری لە کۆمەڵگەی لۆکاڵیدا | 28.92 | 11.751 | 29.95 | 9.512 | 32.45 | 6.928 | 32.81 | 7.318 | 33.33 | 6.576 | 32.00 | 7.362 |

بەوجۆرەی لە خشتەکەدا دەردەکەوێت جیاوازی هەیە لە نێوان ناوەندە ژمێرەیی ئاستەکانی خوێندن، بەڵام ئایا ئەم جیاوازییە دەکەوێتە ئاستی بەڵگەداری ئامارییەوە یان نا؟ بۆ ئەم مەبەستە کرداری شیکاری جیاوازی یەک ئاڕاستە بەکارهێنرا، لەم خشتەیە خوارەوەدا ئەنجامەکەی نیشان دراوە.

خشتەی (٤٣)

ئەنجامی شیکاری جیاوازی یەک ئاراستە بۆ دەرخستنی جیاوازی نێوان تەوەرەکان بەپێی گۆڕاوی ئاستەکانی خوێندن

| تەوەرەکان | سەرچاوەی جیاوازی | Sum of squre (کۆی ناوەندە ژمێرەیی) | (df)نمرەکانی ئازادی | Mean square (دووجای ناوەندە ژمێرەیی) | بەهای (ف) (F) | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشـــــــــەپێدانی کۆمەڵایەتیدا | لە نێوان کۆمەڵەکاندا | 18346.658 | 5 | 3669.332 | 3.401 | 0.005 |
| | لە ناو کۆمەڵەکاندا | 408882.339 | 379 | 1078.845 | | |
| | کۆی گشتی | 427228.997 | 384 | | | |
| ڕۆڵی گەشتیار لە کۆمەڵگەی لۆکاڵی | لە نێوان کۆمەڵەکاندا | 561.205 | 5 | 112.241 | 2.015 | 0.076 |
| | لە ناو کۆمەڵەکاندا | 21114.785 | 379 | 55.712 | | |
| | کۆی گشتی | 21675.990 | 384 | | | |

بەهای (F) خشتەیی بە نمرەی ئازادی (379 –5) ئاستی بەڵگەداری (0.05) = 2.23
بەوجۆرەی لە خشتەکەی سەرەوەدا دەردەکەوێت، تەنیا لە ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشـەپێدانی کۆمەڵایەتیدا بەهای (F) هەژمارکراو گەورەترە لە بەهای (F) خشتەیی، کەواتە تەنیا لەو تەوەرەیەدا جیاوازی هەیە لە بۆچونی ئاستەکانی خوێندنی نموونەی توێژینەوەکەدا، بۆئەوەی بزانین ئەم جیاوازییە دەگەڕێتەوە بۆ کام ئاسـتی خوێنـدن، شـیکاری جیـاوازی یەک ئاڕاسـتەمان بەکارهێنـا، ئەنجامەکەشـی لە خشـتەی (٤٤) دا خراوەتە ڕوو:

خشتەی (٤٤)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Scheffe) بۆ ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوی

ئاستەکانی خوێندن

| ئاستەکانی خوێندن | جیاوازی ناوەندە ژمێرەیی | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|
| نەخوێندەوار X بنەڕەتی | 2.540 | 1 |
| نەخوێندەوار X ئامادەیی | 12.611 | 0.906 |
| نەخوێندەوار X پەیمانگا | 13.923 | 0.848 |
| نەخوێندەوار X بەکالۆریۆس | 22.585 | 0.34 |
| نەخوێندەوار X باڵا | 13.837 | 0.871 |
| بنەڕەتی X ئامادەیی | 10.071 | 0.808 |
| بنەڕەتی X پەیمانگا | 11.383 | 0.650 |
| بنەڕەتی X بەکالۆریۆس | 20.045 | **0.032** |
| بنەڕەتی X باڵا | 11.297 | 0.737 |
| ئامادەیی X پەیمانگا | 1.312 | 1 |
| ئامادەیی X بەکالۆریۆس | 9.974 | 0.591 |
| ئامادەیی X باڵا | 1.226 | **1** |
| پەیمانگا X بەکالۆریۆس | 8.662 | 0.621 |
| پەیمانگا X باڵا | 0.086 | 1 |
| بەکالۆریۆس X باڵا | 8.748 | 0.750 |

لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکەوە دەردەکەوێت جیاوازییەکە لە نێوان ئاستی خوێندنی بنەڕەتی و بەکالۆریۆسدایە ، جیاوازییەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی خوێندنی بەکالۆریۆس ، چونکە ناوەندە ژمێرەیی ئەو ئاستەی خوێندن (182.28) گەورەترە لە ناوەندەژمێرەیی ئاستی خوێندنی بنەڕەتی (162.23) ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەم دوو ئاستەی خوێندن ئارەزووی گەشتو گەڕان زیاتر دەکەن پێیانوایە کە

گەشـتیاری ڕۆڵـی لە گەشـەپێدانی کـۆمەڵایەتی هەیە ، لەهەمـان کاتـدا گەشـتیاریش ڕۆڵـی لە کـۆمەڵگەی لۆکاڵیدا هەیە .

**٥/ جیاوازی ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا و ڕۆڵی گەشتیار لە کۆمەڵگەی لۆکاڵی بەپێی گۆڕاوی پارێزگا:**

خشتەی (٤٥)

جیاوازی ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری بۆ ڕۆڵی گەشـتیاری لە گەشـەپێدانی کۆمەڵایەتیدا و ڕۆڵی گەشتیار لە کۆمەڵگەی لۆکاڵی بەپێی گۆڕاوی پارێزگا:

| تەوەرەکان | هەولێر | | سلێمانی | | دهۆک | | هەڵەبجە | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
| ڕۆڵی گەشـتیاری لە گەشـەپێدانی کۆمەڵایەتیدا | 169.43 | 37.641 | 186.86 | 15.958 | 162.46 | 39.228 | 172.58 | 37.509 |
| ڕۆڵـی گەشـتیار لە کـۆمەڵگەی لۆکاڵی | 32.37 | 7.585 | 33.44 | 6.224 | 30.28 | 8.723 | 32.55 | 7.925 |

بەوجۆرەی لە خشتەکەدا دەردەکەوێت جیاوازی هەیە لە نێوان ناوەندە ژمێرەیی بە گوێرەی پارێزگاکانی نموونەی توێژینەوەکە ، بەڵام ئایا ئەم جیاوازییە دەکەوێتە ئاستی بەڵگەداری ئامارییەوە یان نا؟ بۆ ئەم مەبەسـتە کرداری شـیکاری جیـاوازی یەک ئاڕاسـتە بەکـارهێنرا، لەم خشـتەیە خـوارەوەدا ئەنجـامەکەی نیشان دراوە.

خشتەی (٤٦)

ئەنجامی شیکاری جیاوازی یەک ئاڕاستە بۆ دەرخستنی جیاوازی نێوان تەوەرەکان بەپێی گۆڕاوی پارێزگا

| تەوەرەکان | سەرچاوەی جیاوازی | Sum of squre (کۆی ناوەندە ژمێرەیی) | (df) نمرەکانی ئازادی | Mean square (دووجای ناوەندە ژمێرەیی) | بەهای (ف) (F) | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆڵـی گەشـتیاری لە گەشـــــــــەپێدانی کۆمەڵایەتیدا | لە نێوان کۆمەڵەکاندا | 33172.818 | 3 | 11057.606 | 10.691 | 0.000 |
| | لە ناو کۆمەڵەکاندا | 394056.180 | 381 | 1034.268 | | |
| | کۆی گشتی | 427228.997 | 384 | | | |
| ڕۆڵی گەشتیار لە کۆمەڵگەی لۆکاڵی | لە نێوان کۆمەڵەکاندا | 463.489 | 3 | 154.496 | 2.775 | 0.041 |
| | لە ناو کۆمەڵەکاندا | 21212.500 | 381 | 55.676 | | |
| | کۆی گشتی | 21675.990 | 384 | | | |

بەهای (F) خشتەیی بە نمرەی ئازادی (381 -3) ئاستی بەڵگەداری (0.05) = 2.62

بەوجۆرەی لە ئەنجامی شیکاری جیاوزی یەک ئاڕاستەوە لە خشتەی (٤٦) دەردەکەوێت، جیاوازی هەیە لە بۆچوونی دانیشتوانی پارێزگا جیاوازەکان بۆ تەوەرەکانی توێژینەوەکە، بۆئەوەی بزانین ئەم جیاوازییە دەگەڕێتەوە بۆ کام پارێزگایە ، شیکاری جیاوازی یەک ئاڕاستەمان بەکارهێنا، ئەنجامەکەشی لەم خشتانەی خوارەوەدا خراوەتە ڕوو:

خشتەی (٤٧)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Scheffe) بۆ ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا بەپێی گۆڕاوی پارێزگا

| پارێزگا | جیاوازی ناوەندە ژمێرەیی | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|
| هەولێر X سلێمانی | 17.424 | **0.001** |
| هەولێر X دهۆک | 6.969 | 0.602 |
| هەولێر X هەڵەبجە | 3.149 | 0.933 |
| سلێمانی X دهۆک | 24.392 | **0.000** |
| سلێمانی X هەڵەبجە | 14.275 | **0.015** |
| دهۆک X هەڵەبجە | 10.118 | 0.269 |

لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکەوە دەردەکەوێت جیاوازییەکە لە نێوان پارێزگاکانی (هەولێرو سلێمانی) (سلێمانی و دهۆک) (سلێمانی و هەڵەبجەدا)یە، جیاوازییەکەش دەگەڕێتەوە بۆ پارێزگای سلێمانی، چونکە ناوەندە ژمێرەییەکەی (186.86) گەورەترە لە ناوەندە ژمێرەیی هەریەک لە پارێزگاکانی هەولێر (169.43) دهۆک (162.46) هەڵەبجە (172.58) وەک لە خشتەی (٤٥) دا ئاماژەی پێدراوە.

خشتەی (٤٨)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Scheffe) بۆ ڕۆڵی گەشتیار لە کۆمەڵگەی لۆکاڵی بەپێی گۆراوی پارێزگا

| ئاستەکانی خوێندن | جیاوازی ناوەندە ژمێرەیی | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|
| هەولێر X سلێمانی | 1.069 | 0.776 |
| هەولێر X دهۆک | 2.085 | 0.378 |
| هەولێر X هەڵەبجە | 0.183 | 0.333 |
| سلێمانی X دهۆک | 3.154 | **0.042** |
| سلێمانی X هەڵەبجە | 0.887 | 0.858 |
| دهۆک X هەڵەبجە | 2.268 | 0.299 |

لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکەوە دەردەکەوێت جیاوازییەکە لە نێوان پارێزگای سلێمانی و دهۆکدایە، جیاوازییەکەش دەگەڕێتەوە بۆ پارێزگای سلێمانی چونکە ناوەندە ژمێرەیی پارێزگای سلێمانی (33.44) گەورەترە لە ناوەندە ژمێرەیی پارێزگای دهۆک (30.28).وەک لە خشتەی (٤٥) خراوەتەڕوو .

**٦/ جیاوازی ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا و ڕۆڵی گەشتیار لە کۆمەڵگەی لۆکاڵی بەگوێرەی گۆڕاوی پیشە :**

خشتەی (٤٩)

جیاوازی ناوەندی ژمێرەی و لادنی پێوەری بۆ ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا و ڕۆڵی گەشتیار لە کۆمەڵگەی لۆکاڵی بەپێی گۆڕاوی پیشە :

| تەوەرەکان | خوێندکار | | فەرمانبەر | | کاری ئازاد | | بێکار | | خانەنشین | | هیتر | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
| ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا | 175.78 | 34.348 | 179.24 | 23.452 | 185.68 | 23.189 | 164.29 | 38.802 | 171.61 | 43.382 | 163.07 | 45.898 |
| ڕۆڵی گەشتیاری لە کۆمەڵگەی لۆکاڵیدا | 32.51 | 7.054 | 32.79 | 6.083 | 35.53 | 6.846 | 29.46 | 9.192 | 32.78 | 8.421 | 30.60 | 9.359 |

بەوجۆرەی لە خشتەکەدا دەردەکەوێت جیاوازی هەیە لە نێوان ناوەندە ژمێرەیی پیشەی نموونەی توێژینەوەکە، بەڵام ئایا ئەم جیاوازییە دەکەوێتە ئاستی بەڵگەداری ئامارییەوە یان نا؟ بۆ ئەم مەبەستە کرداری شیکاری جیاوازی یەک ئاڕاستە بەکارهێنرا، لەم خشتەیە خوارەوەدا ئەنجامەکەی نیشان دراوە.

خشتەی (٥٠)

ئەنجامی شیکاری جیاوازی یەک ئاڕاستە بۆ دەرخستنی جیاوازی نێوان تەوەرەکان بەپێی گۆڕاوی پیشە

| تەوەرەکان | سەرچاوەی جیاوازی | Sum of squre (کۆی ناوەندە ژمێرەیی) | (df) نمرەکانی ئازادی | Mean square (دووجای ناوەندە ژمێرەیی) | بەهای (ف) (F) | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا | لە نێوان کۆمەڵەکاندا | 20599.960 | 5 | 4119.992 | 3.840 | 0.002 |
| | لە ناو کۆمەڵەکاندا | 406629.038 | 379 | 1072.900 | | |
| | کۆی گشتی | 427228.997 | 384 | | | |
| ڕۆڵی گەشتیار لە کۆمەڵگەی لۆکاڵی | لە نێوان کۆمەڵەکاندا | 919.131 | 5 | 183.826 | 3.356 | 0.006 |
| | لە ناو کۆمەڵەکاندا | 20756.859 | 379 | 54.767 | | |
| | کۆی گشتی | 21675.990 | 384 | | | |

بەهای (F) خشتەیی بە نمرەی ئازادی (379 –5) ئاستی بەڵگەداری (0.05) = 2.23
بەوجۆرەی لە ئەنجامی شیکاری جیاوازی یەک ئاڕاستەوە لە خشتەی (٥٠) دەردەکەوێت ، جیاوازی هەیە لە بۆچوونی پیشەی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە بۆ تەوەرەکانی توێژینەوەکە، بۆئەوەی بزانین ئەم جیاوازییە دەگەڕێتەوە بۆ کام جۆرەی پیشە، شیکاری جیاوازی یەک ئاڕاستەمان بەکارهێنا، ئەنجامەکەشی لەم خشتانەی خوارەوەدا خراوەتە ڕوو:

خشتەی (٥١)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Scheffe) بۆ ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا بەپێی گۆڕاوی پیشە

| ئاستەکانی خوێندن | جیاوازی ناوەندە ژمێرەیی | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|
| خوێندکار X فەرمانبەر | 3.465 | 0.995 |
| خوێندکار X کاری ئازاد | 9.897 | 0.858 |
| خوێندکار X بێکار | 11.492 | 0.788 |
| خوێندکار X خانەنشین | 4.167 | 0.997 |
| خوێندکار X هیتر | 12.711 | 0.569 |
| فەرمانبەر X کاری ئازاد | 6.432 | 0.940 |
| فەرمانبەر X بێکار | 14.957 | 0.304 |
| فەرمانبەر X خانەنشین | 7.631 | 0.900 |
| فەرمانبەر X هیتر | 16.176 | 0.058 |
| کاری ئازاد X بێکار | 21.389 | 0.161 |
| کاری ئازاد X خانەنشین | 14.064 | 0.625 |
| کاری ئازاد X هیتر | 22.608 | **0.046** |
| بێکار X خانەنشین | 7.325 | 0.971 |
| بێکار X هیتر | 1.219 | 1 |
| خانەنشین X هیتر | 8.544 | 0.909 |

لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکەوە دەردەکەوێت جیاوازییەکە دەکەوێتە نێوان ئەو کەسانەی کاری ئازادییان هەیە، لەگەڵ ئەو کەسانەی کاری دیکەیان هەیە، لەبەرئەوەی ناوەندەژمێرەیی ئەو کەسانەی کاری ئازادییان هەیە (185.68) گەورەترە لە ناوەندە ژمێرەیی ئەو کەسانەی کاری دیکەیان هەیە (163.07) هەروەک لە خشتەی (٤٩)دا خراوەتەڕوو .
ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئەو کەسانەی کە کاری ئازادیان هەیە کاتی ئازادیان زۆرترە بۆ گەشتکردن لەڕووی مادییەوە باری گوزەرانیان باشترە بۆیە حەز بە گەشتکردن دەکەن .

خشتەی (٥٢)

ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Scheffe) بۆ ڕۆڵی گەشتیار لەسەر کۆمەڵگەی لۆکاڵی بەپێی گۆڕاوی پیشە

| ئاستەکانی خوێندن | جیاوازی ناوەندە ژمێرەیی | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|
| خوێندکار X فەرمانبەر | 0.276 | 1 |
| خوێندکار X کاری ئازاد | 3.014 | 0.622 |
| خوێندکار X بێکار | 3.054 | 0.646 |
| خوێندکار X خانەنشین | 0.267 | 1 |
| خوێندکار X هیتر | 1.911 | 0.887 |
| فەرمانبەر X کاری ئازاد | 2.738 | 0.491 |
| فەرمانبەر X بێکار | 3.330 | 0.321 |
| فەرمانبەر X خانەنشین | 0.009 | **1** |
| فەرمانبەر X هیتر | 2.187 | 0.569 |
| کاری ئازاد X بێکار | 6.068 | **0.030** |
| کاری ئازاد X خانەنشین | 2.747 | 0.759 |
| کاری ئازاد X هیتر | 4.925 | 0.062 |
| بێکار X خانەنشین | 3.321 | 0.613 |
| بێکار X هیتر | 1.143 | 0.991 |
| خانەنشین X هیتر | 2.173 | 0.856 |

لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکەوە دەردەکەوێت جیاوازییەکە دەکەوێتە نێوان ئەو کەسانەی کاری ئازادییان هەیە لەگەڵ ئەو کەسانەی بێکارن، جیاوازییەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسانەی کاری ئازادییان هەیە، چونکە ناوەندەژمیرەییان (35.53) بەرزترە لە ناوەندەژمێرەیی ئەو کەسانەی بێکارن (29.46) وەک لە خشتەی (٤٩) دا خرابووەڕوو .

**٧/ جیاوازی ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا و ڕۆڵی گەشتیار لە کۆمەڵگەی لۆکاڵی بەپێی گۆڕاوی ئاستی ئابوری:**

خشتەی (٥٣)

جیاوازی ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری بۆ ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا و ڕۆڵی گەشتیار لەکۆمەڵگەی لۆکاڵی بەپێی گۆڕاوی ئاستی ئابوری

| تەوەرەکان | زۆر باش | | باش | | مام ناوەند | | خراپ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
| ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا | 167.68 | 33.641 | 177.19 | 32.833 | 174.94 | 33.759 | 196.00 | 2.828 |
| ڕۆڵی گەشتیار لە کۆمەڵگەی لۆکاڵی | 32.25 | 7.459 | 32.72 | 7.599 | 31.97 | 7.424 | 42.50 | 3.536 |

بەوجۆرەی لە خشتەکەدا دەردەکەوێت جیاوازی هەیە لە نێوان ناوەندە ژمێرەیی ئاستی ئابوری نموونەی توێژینەوەکە، بەڵام ئایا ئەم جیاوازییە دەکەوێتە ئاستی بەڵگەداری ئامارییەوە یان نا؟ بۆ ئەم مەبەستە کرداری شیکاری جیاوازی یەک ئاراستە بەکارهێنرا، لەم خشتەیە خوارەوەدا ئەنجامەکەی نیشان دراوە.

خشتەی (٥٤)

ئەنجامی شیکاری جیاوازی یەک ئاڕاستە بۆ دەرخستنی جیاوازی نێوان تەوەرەکان بەپێی گۆڕاوی ئاستی ئابووری

| تەوەرەکان | سەرچاوەی جیاوازی | Sum of squre (کۆی ناوەندە ژمێرەیی) | (df) نمرەکانی ئازادی | Mean square (دووجای ناوەندە ژمێرەیی) | بەهای (ف) (F) | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕۆڵی گەشتیاری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا | لە نێوان کۆمەڵەکاندا | 4840.386 | 3 | 1613.462 | 1.455 | 0.226 |
| | لە ناو کۆمەڵەکاندا | 422388.611 | 381 | 1108.632 | | |
| | کۆی گشتی | 427228.997 | 384 | | | |
| ڕۆڵی گەشتیار لە کۆمەڵگەی لۆکاڵی | لە نێوان کۆمەڵەکاندا | 252.133 | 3 | 84.044 | 1.495 | 0.216 |
| | لە ناو کۆمەڵەکاندا | 21423.857 | 381 | 56.231 | | |
| | کۆی گشتی | 21675.990 | 384 | | | |

بەهای (F) خشتەیی بە نمرەی ئازادی (381 –3) ئاستی بەڵگەداری (0.05) = 2.62 بەوجۆرەی لە ئەنجامی شیکاری جیاوزی یەک ئاڕاستەوە لە خشتەی (٥٤) دەردەکەوێت ، بەپێی گۆڕاوی ئاستی ئابوری جیاوازی نییە لە نێوان تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بۆ تەوەرەکانی توێژینەوەکە .

## باسی سێیەم

## خستنەڕووی زانیاری تایبەت بە چاوپێکەوتنەکان

لەم باسەدا توێژەر بە مەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری زیاتر لەسەر بابەتەکەو ئاشنابوونی زیاتر لەبارەی پەیوەندی نێوان گەشتیاری و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی ڕاووبۆچوونی هەندێک لە شارەزایانی بوارەکەمان وەرگرتووە :-

**یەکەم : تەوەری ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا**

زۆربەی لێتوێژراوان ئاماژەیان بەوەدابوو کە گەشتوگوزار هۆکارێکی گرنگە بۆ دروستکردنی پەیوەندیەکۆمەڵایەتیەکان کە ئەمە دەبێتە هۆی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی وە پێیان وایە کە ئەو پەیوەندیانە دەبنە هۆی دروستبونی پەیوەندی هاوڕێیەتی ، بەڵام نوسەرو شارەزا لە بواری گەشتیاری( نادر آغا حسێن) **(پێیوایە گەشتیاری هەم بابەتێکی ئابووریە هەم بابەتێکی کۆمەڵایەتییە بۆیە لە پێناسەکەشیدا دەڵێین پرۆسەیەکی ئابووری کۆمەڵایەتیە ، کەواتە لایەنە کۆمەڵایەتیەکەی گەشتیاری لە ڕێگەی پرۆسەی گەشتیارییەوە تێکەڵییەکی کۆمەڵایەتی زۆر فراوان دەبێت و دەبێتە هۆی ئەوەی گرووپ نەتەوە کۆمەڵ خێزان تاک تێکەڵ یەکتری ببن ، لەم پرۆسە کۆمەڵایەتییە کەتێکەڵ بەیەکتر دەبن لە هاوینە هەوارەکان بێت یان لە سەیرانگاکان بێت لە کاتی گەشتکردن بێت ، بۆ نمونە لە گرووپە شاخەوانییەکان کە گەشت دەکەن خەڵکانێکی زۆر لە گرووپێک کۆدەبنەوە کە پێشتر یەکتریان نەناسیوە کەواتە لە ڕێگەی ئەو گەشتەوە دەبنە ناسیاوی یەکتریو تێکەڵی یەکتری دەبن پەیوەندی کۆمەڵایەتی تازە دروست دەبێت ، ئەم پەیوەندیە کۆمەلاتیانە تەنها لە چوارچێوەی گەشتەکەدا نامێنێتەوە پەرەدەستێنن ، زۆر جار دەبنە پەیوەندی خێزانی دیسان ئەم پەیوەندیە خێزانیانە پەرەدەستێنن بۆ قۆناغێکی تر دەبنە هۆی پەیوەندی ژن و ژنخوازی دەبنە هۆی پەیوەندی بەرژەوەندی مامەڵە پێکەوەکردن هەستان و دانیشتن و لە زۆر بارودۆخی کۆمەڵایەتیدا بە هانای یەکترییەوە دێن ، بە جۆرێک لە یەکتری نزیک دەبنەوە خۆشەویستی دەدەنە یەکتری وەکو دوو خێزان یان وەکو دوو برادەری زۆر نزیک ، کەواتە گەشتکردن کە بەشێکە لە گەشتیاری ئەم پەیوەندیانە دروست دەکات ، لەبەر ئەوە گەشتیاری هۆکارێکی گرنگە بۆ پەرەپێدانی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان ئەمەش بۆ کۆمەڵگەگرنگە ، هەر بۆیە کۆمەڵناسان بەردەوام توێژینەوە لەسەر ئەو پەیوەندیە کۆمەڵایتییە دەکەن بۆ زانینی ئەو پەیوەندیانە کە چەنێک لایەنی ئەرێنی و نەرێنی هەیە هەموو ئەمانە دەبنە هۆی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی)** هەروەها بەڕێوبەری گەشتوگوزاری دهۆک (پ.د خێری علی اوسو) **(پێیوایە کە وا لە ئەنجامی تێکەڵبوونی کولتوورە جیاوازەکانەوە گەشتیاری پەرەدەستێنێ و دەبێتە هۆی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی )** مامۆستای زانکۆی سلێمانی (پ.ی.د. شیروان عمر

رشید) (**پێیوایە کە گەشتیاری لەو چالاکییە گرنگانەیە کە بۆ مرۆڤە ، واتە مرۆڤ لە دوای ئەرکێک ماندوبوونێک بێزارییەک ڕاکردن لەو بارودۆخەی کە تیایدایەتی چ ئابووری چ کۆمەڵایەتی چ ژینگەی بێت پێویستی بە حەوانەوەیە ئەو لایەنە دەروونیەیە کە پڕیبکاتەوە یەکێک لەو لایەنە گەشتیارییە کە پشتی پێدەبەستێت ، لە ئەنجامی ئەمە جۆرێک لە پەیوەندی دروست دەبێت لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵ لە کاتی گەشتکردندا واتە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی دروست دەبێت . ئەو کەسانەی کە گەشت دەکەن ئەگەر تاکەکانی کۆمەڵگە هەمووی بەشداربن تیایدا ، واتە ئەمە کەمکردنەوەی جیاوازیە لە نێوان تاکەکاندا کە هەموویان دەتوانن لەو کۆمەڵگەیەدا سوود لەو بنەما گەشتیاری وخزمەتگوزاریانە وەرگرن کە لە کۆمەڵگەدا هەموویان بەشدار دەبن ، لایەنێکی تر کرانەوەی لایەنی فکری مرۆڤەکانە لە ئەنجامی تێکەڵبوون لەگەڵ خەڵکی ترو تێکەڵبون بە کولتوورو داب و نەریتی کۆمەڵگاکانی ترو ئەم مرۆڤانە وورده وورده دەکرێنەوە ئەم کرانەوەیەش کاریگەری دەبێت لەسەر گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و پەرەپێدانی کۆمەڵگە بەرەو باشتر و تێگەیشتنیان بۆ ئەو ئازادیەو تێگەیشتنیان بۆ ئەوەی کە هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە کە گەشت بکات ، جگە لەوەش ئەنجامی گەشتکردن و سەفەر کردن و شت کڕینو دیاری کڕین گەڕانەوە بۆ ئەو شوێنانە جۆرێک لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان بەهێزتر دەکات کە سەردانی کردن و پەیوەندیەکانە کە لە نێوان یەکتریدایە )**

جگە لەمە مامۆستای زانکۆ لە پەیمانگای تەکنیکی هەولێر (پ.ی.د.هەتاو کریم خضر) ( **پێیوایە لە هەر شوێنێک لە هەر ناوچەیەکی گەشتوگوزاری کە گەشتیار ڕووی لەو ناوچەیە کرد توانستەکانی گەشتوگوزاری تێدا بوو دەبێتە هۆی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لەو ناوچەیەدا ، چونکە گەشتوگوزار خۆی پیشەسازییە ، لەبەرئەوە پێویستی بە کۆمەڵێک خزمەتگوزارییە کە لەو ناوچەیەدا بۆی دابین بکرێت بۆ ئەوەی حەزو ئارەزووەکانی گەشتیاری پێ تێر بکرێت هەر کاتێکیش هەوڵدەدەیت لە حەزو ئارەزووەکانی گەشتیار بگەیت ، لێرەدا دەبێ کۆمەڵێک خزمەتگوزاری جۆراوجۆری پێشکەش بکەیت بۆ ئەوەی گەشتیار ڕازی بکەیت ، کەواتە بە دابینکردنی کۆمەڵێک خزمەتگوزاری ئەگەر سەرخان یان ژێرخانی ئابووری بێت هەموو ئەمانە دەبنە هۆی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگادا )**

کەواتە بە گوێرەی ئەو ڕاوبۆچوونانە بێت گەشتوگوزار تەنها لە ڕووی فراوانکردنی پەیوەندییەکانەوە نابێتە هۆی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی ، بەڵکو هەر کاتێک شوێنە گەشتیارییەکان هەموو توانستە گەشتیارییەکانی تێدابوو خزمەتگوزارییەکانیشی بۆ دابینکرابوو دەبێتە هۆی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی ، هەروەها گەشتیاری کرانەوەیە بە ڕووی کولتوور و کۆمەڵگەی جیاواز هەم گەشتکردن هەم هاتنی گەشتیار بەریەککەوتنی ڕاستەوخۆیە لەگەڵ گەشتیار و بەهێزبوونی گیانی لێبووردەیی و تێکەڵبوون و

گونجاندنی نێوان تاک و کۆمەڵە هەموو ئەمانە کاریگەری هەیە لەسەر گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی ، چونکە گەشەپێدانی گەشتیاری بەشێکە لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە هەر وولاتێک کە گەشتیار ڕووی تێدەکات

**دووەم : تەوەری ڕۆڵی گەشتیاری لە هۆشیاری کۆمەڵایەتیدا**

شەش لە لێتوێژراوان پێیان وایە کە گەشتیاری کاریگەری ئەرێنی هەیە لەسەر زیادکردنی هۆشیاری کۆمەڵایەتی لای تاکەکانی کۆمەڵگە لە ڕووی ژینگەی و کۆمەڵایەتی و کولتووری و لایەنی گەشتیارییەوە هەیە.

مامۆستای زانکۆی سلێمانی (پ.ی.د. یونس علی احمد) **(پێیوایە کە گەشتیاری هۆشیاری کۆمەڵایەتی زیاد دەکات بەتایبەتی ئەگەر گەشتیارەکان بیانی بن ئاستی هۆشیاریان جیاوازە ، زۆرجار ئەم هۆشیاریە دەچێتە ئاستێکی پێشکەوتوو بەتایبەتی لەگەڵ گەشتیاری بیانی وەکو ئەڵمانی و سویدی و ئیتاڵی تێکەڵبن ، چونکە ئەمانە لەڕووی پاکو خاوێنییەوە پاکوخاوێنن و زۆر ڕێز لە کات دەگرن و ڕێز لە خەڵکیش دەگرن خەڵکێکی ئەزموندارن لەڕووی ڕۆشنبیری و هێواش هێواش ئەو کولتوورە لەگەڵ خۆیان دێنن کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە دەبێت و، لە ئەنجامدا هۆشیاری دروست دەبێت و ، لەهەمان کاتیشدا ئاینی جیاواز کولتووری جیاواز هۆشیاری کۆمەڵایەتی زیاد دەکات ، واتە گەشەپێدانی گەشتیاری ڕاستەوانە دەگۆڕێت لەگەڵ هۆشیاری کۆمەڵایەتیدا )**

بەڕێوبەری گەشتوگوزاری سلێمانی (علی رؤوف غفور) **(پێیوایە گەشتیاری لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر لە وولاتێکەوە بۆ وولاتێکی تر بینینی کەلتووری جیاوازو پێشکەوتنی شارستانی لە لایەن گەشتیارەوە کاریگەری تەواوی هەیە لەسەر هۆشیاری کۆمەڵایەتی تاک لەڕووی ڕۆشنبیری و کولتووری و زانست و پێشکەوتنەوە)**

مامۆستای زانکۆی سلێمانی ( پ.ی.د. شیروان عمر رشید) **(پێیوایە هەموو کەسێکی هۆشمەند بە تایبەتی ئەوانەی کە خوێندەوارن و ڕۆشنبیرن لە کاتی ئەنجامدانی گەشتدا زیاتر هەست بە گرنگی گەشتیاری دەکات بە دڵنیاییەوە جۆرێک لە هۆشیاری بۆ ئەو کەسانە دروست دەبیت ، هۆشیارییەکی باشتریان دەبێت بۆ تێگەیشتن بۆ سەفەر کردن بۆ سەردانیکردنی ناوچەیەک شوێنێک ، ئەمە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری تاک ، هۆشیاری تاکەکان دەبێتە هۆی زیادبوونی ژمارەی گەشتیار ئەگەر بەراوردی خۆمان بە وولاتە ئەوروپییەکان بکەین دەبینین زیاتر گەشت دەکەن و زیاتر گرنگی بەلایەنی گەشتیاری دەدەن هۆشیاریان زیاد دەکات ، چونکە هەست بە گرنگییەکەی دەکەن ، بۆیە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا تا ژمارەی گەشتیار زۆر بێت ئەمە هۆکارێک دەبێت بۆ هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بۆ تێگەیشتن لەوەی کە لە دەورمان هەیە ، بۆ نموونە لە هەرێمی کوردستان ئەو کەسانەی کە گەشتدەکەن بۆ شارەکانی تر خەڵکێک هەن لەهجەیەکی جیاواز زمانێکی جیاوازی هەیە تۆ شارەزا دەبیت تێکەڵ**

**دەبێت ، جگە لەوە ئاینەکان لە کۆمەڵگای ئێمەدا چەندین جۆر لە ئاین هەیە ئەمە وا دەکات ڕۆشنبیرییەکی زیاترت هەبێت بۆ ئەو ئاینەو تێگەیشتنت هەبێت بۆی لەوانەیە لە دوورەوە بیروبۆچوونێکی هەڵەمان لەسەریان هەبێت بۆ نموونە ئەڵێین ئەمانە شەیتان پەرستن ، بەڵام کە دەچیتە واقعکەوە بەو جۆرە نییە ، واتە لە ڕووی ڕۆشنبیریی و هۆشیاریەوە گەشتیاری کرانەوەیەکە بۆفکری تۆ تێگەیشتنی تۆ )**

نوسەرو شارەزا لە بواری گەشتیاری (نادر آغا حسێن) **(پێیوایە لە هەمان کاتدا لە ڕووی هۆشیارییەوە ئەگەر کۆمەڵگەیەکی هۆشیاربیت کە گەشتیاری بۆ دێت یان کۆمەڵگەیەکی کراوەبیت ئەتوانیت کولتووری خۆت بەئەوان بناسێنی ، بۆ نموونە تۆ پێداگری بکەیت لەسەر دابونەریتە جوانەکانی خۆت لە ڕووی میوانداری لە ڕووی پێشوازی لە ڕووی پێشکەشکردنی جۆری خواردن وجۆری جلوبەرگ ، خۆ زۆر جار کە گەشتیار دەچێتە جێگەیەک پڕ بە دڵ ئارەزوو دەکات جلوبەرگی ئەو شوێنە لەبەر بکات وەکو ئەوەی کە شتێکی تازەی دۆزیبێتەوە یان گۆڕانکاری لە گەشتەکەی دەکات ، زۆر جار کە گەشتیاران کە دێن بە تایبەتی گەشتیاری ئەوروپی حەزیان لێیە خواردنی کوردی بخۆن یان جلوبەرگی کوردی لەبەر بکەن ، کەواتە ئەگەر کۆمەڵگەیەکی هۆشیار بیت یان پرۆسەیەکی گەشتیاری ڕێکوپێکت هەبێت تۆش دەتوانیت کاریگەری لەسەر گەشتیار دروستکەیت ، کاتێک کە ئەو گەشتیارە کە بۆ وولاتی خۆی دەگەڕێتەوە چەند دیارییەک چەند شتێکی کولتووری ودەستکردو کاری دەستی لەگەڵ خۆی دەباتەوە ، کەواتە هەردوولا دەتوانن کاریگەری لەسەر یەکتری دروستبکەن)**

کەواتە گەشتیاری بە گوێرەی ڕاوبیرووبۆچوونی هەر یەکێک لەوانەی سەرەوە هۆکارە بۆ زیادکردنی ئاستی هۆشیاری تاکەکان جا ئەگەر گەشتیارەکە بیانی بێت یان ناوخۆی بێت ، بەم دواییانە هەرێمی کوردستان کرانەوەیەکی یەکجار زۆری لەگەڵ وولاتاندا بە خۆوە بینیوە کە خەڵکی خۆمان سەردانی وولاتانی دەکرد بە نیازی گەشتکردن یان خەڵکی تر کە دەهاتە هەرێمی کوردستان ، بێگومان دەبێتە هۆی زیادبوونی ئاستی هۆشیاری تاکەکانی کۆمەڵگە ، لە هەمان کاتدا گەشتیاری ڕێچکەیەکی گرنگە بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵ و کردنەوەی کۆمەڵگە داخراوەکان و هاتنی گەشتیاران و هێنانی ڕەفتارو هەڵسوکەوت و پیشەی میللی و هونەرو شێوازی شارستانی جیاواز لەگەڵ خۆیانداو ، دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری تاکەکانی کۆمەڵگە . ڕۆڵی هۆشیاری لەوەدا دەردەکەوێت کە ئەو تێکەڵبوون و کارلێکردنە سەرچاوەیەکە بۆ مومارەسەکردنی گەشتیاری و بەسودیشە بۆ هەردوو لایەنەکە چ گەشتیاری ناوخۆ بێت یان دانیشتوانی ناوچە گەشتیارییەکە کە ئەو گەشتیارە ڕووی تێدەکات ، چونکە ئەو هۆشیارییە پاڵ بە دانیشتوانی ناوچە گەشتیارییەکەوە دەنێت بۆ گەشەپێدانی چۆنێتی مامەڵەکردنی لەگەڵ گەشتیاردا بۆ بەدەستهێنانی کارلێکی ئیجابی ، کە بریتیە لە تێکەڵاوبوونی ڕۆژانە لە

ناوچە گەشتیارییەکاندا ، لەڕاستیدا کۆمەڵگەی سەردانیکراو سوورە لەسەر پێشکەشکردنی باشترین خزمەتگوزاری بە گەشتیاران .

**سێیەم :- تەوەری ڕۆڵی گەشتیاری لەسەر گۆڕانی کۆمەڵایەتی**

زۆربەی لێتوێژراوان ئاماژەیان بەوەداوە کە یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی تێکەڵبوونە کە دەبێتەهۆی گەشەپێدان و گۆڕانکاری لە هەموو لایەنەکانی ژیان لە ڕووی ڕۆشنبیری و شارستانی و ئاوەدانی و، کە هەموو ئەمانە بوونەتە هۆی کرانەوەی کۆمەڵگە جیاوازەکان ، واتە هەر گەشتیارێک لە شوێنێکەوە دێت کولتوورو دابونەریتی تایبەت بە خۆی هەیە لەو شوێنانەدا کە بەریەک کەوتن ڕوودەدات دەبێتە هۆی گۆڕانی کۆمەڵایەتی . هەر بۆیە مامۆستای زانکۆی پۆلتەکنیکی هەولێر ( پ.ی.د.عەفاف یوسف نوری آغا) **(پێیوایە ئەو گەشتیارانەی هەڵگری دابو نەریتی خۆیانن لەڕووی دابونەریت وجلوبەرگ و لە ڕووی بیرکردنەوە و لە ڕووی خواردن و خاسیەتی خۆیان هەیە ، بۆیە ئەو گەشتیارانە کولتووری خۆیان دێنن بۆ کۆمەڵگە نوێیەکە کە کۆمەڵگە گەشتیارییەکەیە ، بۆ نمونە ئەو شوێنانەی کە لە کۆن گەشتیاری بوون وەکو شەقڵاوە سۆلاف و سەرسەنگ و دوکان بەردەوام دابونەریتیان جیاوازە لەگەڵ دەوروبەری خۆیان و زیاتر کراوەن و زیاتر تێکەڵاوبوون ، لەبەرئەوەی لەگەڵ خەڵکی بیانیدا تێکەڵبوون ، لە کۆتاییدا ئەو کۆمەڵگەیە لە قۆناغێکی داخراوەوە دەچێتە قۆناغێکی کراوەتر لە هەموو ڕوویەکەوە لە کولتوورو دابونەریت و ترادسیۆن ، ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا)**

نووسەرو شارەزا لە بواری گەشتیاری (نادر آغا حسێن) **(پێیوایە گەشتیاری گۆڕانکاری لە بەها کۆمەڵایەتییەکانیشدا دروستدەکات ، لە دونیادا ئەگەر دراسەی هەموو ئەو جێگا گەشتیاریانە بکەین کە گەشتیار ڕووی تێدەکات دەبینین ئەو بەشەی کۆمەڵگە لەگەڵ بەشە کۆمەڵگاکانی تری هەمان وڵاتدا لە زۆر ڕووەوە جیاوازییان هەیە ، لە ئەنجامی پرۆسەی گەشتیارییەوە لە ئەنجامی ئەو شوێنە کە شوێنێکی گەشتیارییە زۆر جیاوازە ، دانیشتوانی شوێنە گەشتیارییەکان دەبێت زۆر شت قبوڵ بکەن ، لەبەرئەوەی دەبێت گەشتیار ڕازی بکەن ، گەشتیاریش هەریەکەو خواستێکی تایبەتی خۆی هەیە ، دەبێت ئەو خواستانەی لەبەر چاو بگیرێت ، ئەگەر ئەوە نەکرێت ئەوە ئەو شوێنە نابێتە شوێنێکی گەشتیاری و گەشتیار ڕازی نابێت و هەر ماوەیەکی کەمە ڕەنگە ئەو شوێنە بە داخراوی و بەبێ گۆڕانکاری بمێنێتەوەو ، ڕەنگە گەشتیاریشی لێ بتۆرێت )**

بەڕێوبەری گەشتوگوزاری هەولێر (اسماعیل مینە خان) **(پێیوایە ئەوانەی بەریەککەوتنیان هەیە لەگەڵ گەشتیار ڕاستەوخۆ گۆڕانەکە لێی ڕوودەدات لە ڕووی چۆنێتی ژیانکردن و لە ڕووی چۆنێتی ئەو فکرانەی لە شوێنی تردا بەکاردێن ، یان هەڵسوکەوتی خەڵک چۆن دەبێت ، بۆیە پێویستە ئێمە بە تایبەتی**

هەرێمــی کوردســتان خۆمــان لەگەڵ ئەو بــارودۆخە جیهــانییە ڕابهێنــین ، بەجۆرێــک کــرانەوە ڕووەو پێشــکەوتن کــرانەوەو زیــاتربوونی بــواری ژیــان و گــوزەران کە ئەمــانە گۆڕانکــاری لە کــۆمەڵگەدا دروستدەکەن)

هەروەها بەڕێوبەری گەشتوگوزاری هەڵەبجە (م. غەریب احمد حمه حسێن) (**پێیوایە بەدەر لەوانەش پرۆژە گەشتیارییەکان ڕۆڵی گرنگیان بینیوە لە دروستکردنی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی ، لەوەی کە ناوچە گەشتیارییەکان نەک تەنها لە ڕووی جوانی و سەرنجڕاکێشییەوە گەشتیاریان بۆ خۆیان ڕاکێشاوە ، لەهەمان کاتدا دووبارە فاکتەری دابەشینەوەی دانیشتوان بوون و یارمەتی زیاتر ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێبوونیان داوە ، کە ئەمە هەم گۆڕانکاری پیشەیی هەم دیمۆگرافیان لە پرسی دانیشتوان و نیشتەجێبووندا بە خۆوە بینیوە** )

مامۆستای زانکۆ لە پەیمانگای تەکنیکی هەولێر بەشی گەشتیاری (پ.ی.د.هەتاو کریم خضر ) (**پێیوایە گەشتیاری لە ڕووی کۆمەڵایەتتییەوە یەکێک لە کاریگەریەکانی بریتیە لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی ، بۆ نموونە ماوەی پێش ڕووخانی ڕژێم و ئێستا بەراورد بکەیت سەیر دەکەین گۆڕانێکی زۆر ڕوویداوە لە بیر کردنەوەی خەڵک لە مامەڵەکردنی خەڵک ئەچیتە بازاڕەکانەوە ئەچیتە شوێنە گەشتیارییەکانەوە ، کەواتە گەشتیاری گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی زۆر گەورە دروست دەکات لەو کۆمەڵگایانەی کە دەبن بە ناوچەی گەشتیاری یان لە کۆمەڵگەیەکی گەشتیاریدا سەیر دەکەیت ئەو دابو نەریت و کولتوورەو ئەو مامەڵەکردنەی کە پێشوتر هەیبوو کە بەرامبەر خەڵکی تر دەیکرد ئێستا ناکرێت ، نموونەیەکی تر لە دوای حەفتاکانەوە تا گەیشتینە دووهەزارەکان ئافرەت نەیدەتوانی لە دەرەوەی ماڵدا کار بکات لە مۆڵەکاندا کار بکات ، بەڵام لە دوای هاتنی گەشتیارییەکی زۆر بۆ هەرێمی کوردستان بە تایبەتی گەشتیاری بیانی وا دەخوازێت کە ئافرەتیش بێتە دەرەوە لە مۆڵەکان لە بانکەکان لە شوێنە گەشتیارییەکاندا کار بکات ، پێویستە ئافرەتیش ڕۆڵی خۆی بگێڕێت چ وەک مامەڵەکردنی لەگەڵ گەشتیار ، چ وەکو ئەوەی ئەوانیش تاکێکی ئەو کۆمەڵگەیەن بۆ پەیداکردنی داهات بۆ خێزانەکەیان پێویستیان بەوەیە کە بڕۆنە دەرەوە کار بکەن ، بۆیە دەبینیت لە زۆربەی شوێنە گەشتیارییەکاندا ئافرەتیش شانبەشانی پیاو کار دەکات ، ئەگەر ئامارێکی دەستەی گەشتیاری بێنی لە زیادبوونی ژمارەی هۆتێل و مۆتێل و ڕێستورانت و کافتریاکان ئەگەر سەیری بکەیت لە پێش ٢٠٠٧ ژمارەی هۆتێل و مۆتێل و ڕێستورانت و کافتریا زۆر زۆر کەمبوون ، بەڵام لە ٢٠٠٧ بازدانێک ڕوویدا ، ئێستا ئەگەر بەراوردێک بکەیت دەبینیت ژمارەی ئەو خزمەتگوزاریانەی مانەوەو خواردن و خواردنەوە دەبینیت دە بەرامبەر زیادی کردوە سەیر دەکەیت ئەو کاتە ناوچەی گەشتیاری و پارک و تەلفریکمان نەبوو ، بەڵام لە ئێستادا حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆربەی هەرە زۆری شوێنە گەشتیارییەکان کە ئاو سەوزای لێیە پێشتر**

**خانوو بوون ئێستا هەمووی کراونەتە کەپرو کۆمەڵگەی گەشتیاری ، مەبەستیان ئەوەیە داهاتێک بۆ خۆیان و خێزانەکانیان دابین بکەن ، لەبەرئەوە گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی گەورە دروست بووە لە هەرێمی کوردستانداو ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری تاکەکانی گۆڕیوە )**

کەواتە بە گوێرەی ڕاوبیروبۆچوونی لێتوێژراوان گەشەپێدانی گەشتیاری خۆی لە خۆیدا هەنگاوێکی گرنگە بۆ دروستکردنی گۆڕانکاری لە هەموو بوارەکانی ژیاندا (کۆمەڵایەتی و ئابووری ڕامیاری و دەروونی و تەندروستی و ژینگەی) و ، هەربۆیە دانیشتوانی ناوچە گەشتیارییەکان بە ڕەگەزێکی کارا دادەنرێن لە پیادەکردنی گەشتیاریدا، چونکە گەشتیاری گۆڕانکاری سەرەکی لە شێوازی ژیانیاندا دروست دەکات ، کە ئەویش گۆڕانکارییە لە شێوازی ڕەفتارو خەسڵەتە کولتورییەکاندا ، واتە گۆڕانکاری لە شێوازەکانی پەیوەندی و شێوە جیاوازەکانی ڕەفتاردا ڕوودەدات ، لە میانەی ئەمانەوە ئەو تاکانەی کە پەیوەستن بە کارێکی گەشتیارییەوە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ ئەو کارە لە کەرتی گەشتیاری یان کەرتەکانی کە پێوەی بەستراونەتەوە کاریگەری هەیە لەسەر ئەو پێگە کۆمەڵایەتیەی بەدەستی دێنن ، ڕێگەیان پێدەدات لە چینێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوەوە بگۆڕێن بۆ چینێکی کۆمەڵایەتی باشترو بەرزتر ، کە هەموو ئەمانە دەبنە هۆی دروستکردنی گۆڕانکاری لە بونیادی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگەیەدا.

**چوارەم :-تەوەری ڕۆڵی گەشتیاری لەسەر کێشەی کۆمەڵایەتی**

زۆربەی لێتوێژراوان ئاماژەیان بەوەداوە کە لە هەرێمی کوردستاندا کێشە کۆمەڵایەتییەکان بەهۆی گەشتیارییەوە زۆر کەمن ، لەبەرئەوەی کورد هەر بە بۆماوە حەزی بە خزمەتکردن وڕێزلێنانە لە میوان ، بۆیە کاتێک کە گەشتیار دێتە وولاتمان زۆر ڕێزیان لێدەگرین ، لەبەرئەوە کێشە کۆمەڵایەتییەکان تاڕادەیەک زۆر کەمن ، بەڵام مامۆستای زانکۆی سلێمانی (پ.ی. د. شیروان عمر رشید ) **(پێیوایە زۆر جار کێشەی کۆمەڵایەتی ڕوودەدەن ، جار هەیە تاوانیش دروست دەبێت وەک هێنانی مادەی هۆشبەر یان ئەو شەوە ئاهەنگانەی کە ساز دەکرێن کە کێشەی کۆمەڵایەتی لە نێوان گەشتیارو خەڵکێکی تر کە لێرە هەیە دروست دەبێت ، یان لە بازاڕەکاندا گەشتیار ئیستغلال دەکرێت بە نرخی گران شتی پێدەفرۆشن ، یان جاری وا هەیە کابرا هۆتێلەکەی گرتووە کە گەشتیاری تر دەچێت پارەی زۆری لەسەر دادەنێت یان دەڵێت شوێن نەماوە ، یان زۆر جار لە خاڵی پشکنینەکان کە گەشتیار دێتە ناوەوە ئەو پۆلیسانەی کە ئەرکەکانیان بەجێ دێنن لە گرنگی گەشتوگوزار نازانن ڕێگری لە گەشتیارەکان دەکەن هەموو ئەمانە دەبنە هۆی کێشەی کۆمەڵایەتی)**

مامۆستای زانکۆی پۆلتەکنیکی هەولێر (پ.ی.د.عفاف یوسف نوری آغا) **(پێیوایە کە کێشەی کۆمەڵایەتی زۆر هەن کە ڕوودەدەن ، هەموو ئەو سەرچاوانەی کە کڕین و فرۆشتنی ناشەرعیان پێوە دەکرێت لە**

بەرامبەر قازانج و پارەدا ، وەکو بازرگانیکردن بە ڕەگەزو مادەی هۆشبەرو لەشفرۆشی هەموو ئەمانە کاری سەرپێچیکارن لە گەشتیاریدا ، بۆیە بەرپرسیاریێتی حکومەت و کۆمەڵگەی مەدەنیە کە هەستن بە چارەسەرکردنی ئەو کێشانە ، ئەویش لە ڕێگەی دەرکردنی یاسای تایبەت بەو سەرپێچیکارانە ، یان چاودێری کردنی ئەو کەسانەی کە ئەو جۆرە کارانە ئەنجام دەدەن ) .

مامۆستای زانکۆی سلێمانی (پ.ی.د.یونس علی احمد) (**پێیوایە گەشتیاری سەرەڕای ئەوەی دەبێتە هۆی زیادکردنی هۆشیاری کۆمەڵایەتی و گۆڕانی کۆمەڵایەتی و چالاکی و بۆنەی کۆمەڵایەتییەکان دەبێتە هۆی زیادبوونی کێشە کۆمەڵایەتییەکانیش ، ئەمە لەسەر دنیای دەرەوەش هەر وایە نەک هەر لە ناوخۆ ، بۆ نموونە لە یۆنان زیادبوونی ژمارەی گەشتیاران و پەرەپێدانی ناوچە گەشتیارییەکان دەبنە هۆی کێشەی کۆمەڵایەتی چ لەڕووی دابو نەریت ، یان بۆ نموونە ڕێژەی جیابوونە لە یۆنان زیاد دەکات بەهۆی گەشتیاری بیانی کە دێتە ئەو وولاتەوە بە شێوەیەک مامەڵە دەکەن دواجار هاولاتی یۆنانی کە دەیانەوێت لاسایی کەنەوە ناتوانن وابکەن تووشی کێشەی کۆمەڵایەتی دەبن ، لە عێراق و هەرێمی کوردستانیش کێشەی کۆمەڵایەتی دروست دەبێت بەهۆی جیاوازی دابو نەریتەوە بەتایبەتی گەشتیاری بیانی یاخود لە هەندێک ناوچەی گەشتیاری کێشەی کۆمەڵایەتی دروست دەبێت بەهۆی یەکلانەبوونەوەی زەوی وزار یان لە نێوان زەوی کشتوکاڵی یان پیشەسازی یان زەوی وزارەکە هی کەرتی تایبەت یان کەرتی گشتیە ، یان هەندێک جار بەهۆی ڕەفتاری تایبەتەوە زۆر جار کۆمەڵە ڕەفتارێک دەکرێت دەبێتە کێشە بۆ ناچەی گەشتیاری ، یان هەندێک جار دانیشتوانی ناوچە گەشتیارییەکان کە دەزانن پرۆژە گەشتیارییەکان نابنە قازانجی ڕاستەوخۆ بۆیان نابێتە هۆی دروستبوونی هەلی کار بۆیان دەبێتە هۆی کێشەی کۆمەڵایەتی )**

مامۆستای زانکۆ لە پەیمانگای پۆلتەکنیکی هەولێر (پ.ی.د. هەتاو کریم خضر) (**پێیوایە یەکێک لە لایەنە خراپەکانی گەشتیاری دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشەی کۆمەڵایەتی لە نێو خێزاندا ، بە نموونە جاران ئافرەت لە دەرەوە کاری نەدەکرد ، بەڵام ئەمڕۆ گەشتیاری و پەرەپێدانی کۆمەڵگە وا دەخوازێت ئافرەتیش بێتە دەرەوە شانبەشانی پیاو لە هۆتێل و ڕێستورانت و لە مۆڵەکاندا کار بکات ، ئەمەش دەبێتە هۆی ململانێ لە نێوان خێزانەکاندا ، لەوانەیە ئافرەتانێک هەبن خێزانەکانیان قبووڵ نەکەن بێنە دەرەوە ، ئەمە بە ناڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی گرفتی کۆمەڵایەتی لە نێو ئەو خێزانانەی کە ئەو هۆشیارییەیان نیە ئەو هاوسەنگیی و تێگەیشتنەیان نییە ، بەڵام ئافرەتێکی زۆر لە پێشووتردا پێش ئەوەی کار بکات ئەو دەسەڵاتەی نەبوو بێت ، بەڵام ئێستا کە کار دەکات ئەو دەسەڵاتەی هەیەو لەوانەیە ئەو مامەڵەیەی وەکو جاران نەبێت لەگەڵ خێزانەکەیدا ، لە لایەکەوە چوونە دەرەوەی ئافرەت و بەجێهێشتنی منداڵەکانی دەبێتە هۆی دروست بوونی کێشەی کۆمەڵایەتی و بێ پەروەردەی دروست دەکات ، چونکە ئەو پەروەردەیەی جاران دەیکرد ئێستا ناتوانێت بیکات ، هەندێک کێشەی تریش هەن وەکو ئیستغلال کردنی گەشتیارەکان**

**له مەسەلەی دزینی جانتاو گرانکردنی بەهای کاڵاکان ئەوانە بە ناڕاستەوخۆ دەبنە هۆی کێشەی کۆمەڵایەتی )**

کەواتە بە گوێرەی ڕاوبۆچوونی لێتوێژراوان گەشتوگوزار لایەنی ئەرێنی و نەرێنی هەیە لایەنە نەرێنییەکەی دروستبوونی کێشە کۆمەڵایەتییەکانە کە زۆربەیان ئاماژەیان بەوەدا کە لە هەرێمی کوردستان دروستبوونی کێشە کۆمەڵایەتییەکان کە بە هۆی گەشتیارییەوە ڕوودەدەن کەمترن ، چونکە کورد هەر لە کۆنەوە میوان دۆست بوەو ڕێزی زۆری لە میوان و کەسی غەریب گرتووە ، واتە هەڵسوکەوتی خەڵکی کوردستان لە کۆنەوە هەتا ئەمڕۆ بە گیانی تەبایی و پێکەوە ژیان و پێشوازی کردن لە گەشتیاران دادەنرێت ، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا کێشە هەر هەیە وەکو دزیکردن لە گەشتیارو ، ئیستغلال کردنی گەشتیار بەبەرزکردنەوەی نرخی کالاو شمەکەکان ، کە زۆر جار کۆمەڵگە لۆکاڵییەکە ئیستغلال دەکرێت بە فرۆشتنی کالاو شمەکەکان بە نرخێکی بەرز پێیان .

**پێنجەم :تەوەری ڕۆڵی گەشتیاری لەسەر چالاکی کۆمەڵایەتی**

زۆربەی لێتوێژراوان پێیان وایە گەشتیاری هۆکارێکە بۆ زیادکردنی چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان هەتا زیاتر پەرە بە گەشتیاری بدرێت ئەوە چالاکییە کۆمەڵایەتی وئابووریەکان زیاتر دەبن.

نووسەرو شارەزا لە بواری گەشتیاری (نادر آغا حسێن) **(پێیوایە چالاکییە کۆمەڵایەتییەکان بەشێکن لە ڕاکێشانی گەشتیاران بۆ ناوچە گەشتیارییەکان وەکو فیستڤاڵی گۆرانی و شایی کولتوری پێشانگاو فستیڤاڵی سینەماو کۆنفرانسی هاوبەش ، هەموو ئەمانە لە سایەو سێبەری گەشتیارییەوەیە یاساو ڕێکخستنەکانی چالاکی گەشتیاری زیاتر دەبن ، ئەم چالاکیانە لە ڕێگەی کۆمپانیاو نووسینگە گەشتیارییەکانەوە و پەیوەندییە نەتەوەیی کۆمەڵایەیتیەکانەوە فراوان دەبن )**

هەروەها مامۆستای زانکۆی سلێمانی (پ.ی.د.یونس علی) **(پێیوایە ئەگەرگەشتیاری فراوان بێت ئەوا چالاکییە گەشتیارییەکان فراوانتردەبێت ، جاران خەڵک یادی لەدایکبوونی منداڵەکەی لە ماڵەوە دەکرد ، بەڵام ئێستا کۆمەڵێک ناوەندی تەرفیهی گەشتیاری هەن خەڵک ڕوو لەوێ دەکەن بۆ یادی لەدایکبوونی منداڵەکەیان ، لەهەمان کاتدا ئەگەر سەیری مۆزەخانەکان بکەین کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەر چالاکی ئابووی و گەشتیاری هەیە و هەتا گەشەپێدانی گەشتیاری زۆر بێت ومۆزەخانە وناوچەی گەشتیاری و شاری یاری و کۆمپانیای گەشتیاری زۆر بن ، ئەوە دەبێتە هۆی هەمەڕەنگکردن و فراوانکردنی چالاکیە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان و چالاکیە گەشتیارییەکانی تر، چونکە لە گەشتیاریدا هەندێ جۆری گەشتیاریهەن پێکەوە بەستراونەتەوە ئەکرێت کەسێک بچێت بۆ گەشتیاری کاتبەسەربردن و بڕوات بۆ گەشتیاری تەندروستی و هەموو جۆرەکانی تری گەشتیاری ، واتە هەر چالاکییەک کاریگەری هەیە لەسەر چالاکییەکانی تر )**

کەواتە بە گوێرەی ڕاوبۆچوونی  لێتوێژراوان دەتوانین بڵێین چالاکییە کۆمەڵایەتیەکان بە بنەمای گرنگی گەشـتیاری دادەنـرێن ، وەکـو جەژنەکـان و بـۆنە ئـاینی و نەتەوەییەکـان و دەگـرێتەوە لەگەڵ بـۆنە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو ژنهێنـان و منداڵبوون و ناولێنانی منداڵ وچەندین بۆنەی تـر ، هەربۆیە خەڵکی کورستان بەهۆی ئەو بارە ڕۆشنبیرییەی کە هەیانە هەتا ئەمڕۆ بۆتە مەڵبەندی ڕاکێشـانی گەشـتیاران بە مەبەسـتی بەشـداریکردن لەو چالاکیـانەدا ، جگە لە بەشـداریکردنیان لە کۆبـوونەوەو فسـتیڤاڵەکاندا وەک فسـتیڤاڵی خێڵـی جـاف و هەورامـان و  چەنـدین فسـتڤاڵی تـر ، ژمـارەیەکی زۆر خەڵکـی ناوچەکـانی کوردستان بانگێشت دەکرێن بۆ بەشداریکردنیان لەم بۆنە نەتەوەییە ، جگە لەوە چەندین چالاکی تری تایبەت بە ناوچەکانی تری هەرێمی کوردستان نمایش دەکرێت ، جگە لە جەژنەکانی ڕەمەزان و قوربان و لەگەڵ ڕۆژی لە دایکبوونی پێغەمبەری ئیسلام و شەوی ئیسراو میعراج و کە تیایدا خەڵک خێرو مەولود دەکەن شـیرینی دەبەخشـنەوە بە ماڵانـدا و ئەم بۆنـانە بەرز ڕادەگیـرێن ، هەروەهـا جەژنـی نەورۆز و چەندین چالاکی کۆمەڵایەتی تر کە یارمەتی ڕاکێشانی ئەو گەشتیارانە دەدات بۆ هەرێمی کوردسـتان کە ئارەزووی تێکەڵبوون و شارەزابوونی دابو نەریتی کۆمەڵگەکانی تریان هەیە.

**شەشەم : تەوەری ڕۆڵی گەشتیاری لەسەر پاراستنی سامانی کولتوری**

سەبارەت بەم تەوەرە هەموو لێتوێژراوان ڕاکانیان لەیەکترییەوە نزیک بوون زۆربەیـان پێیـان وابوو کە پاراسـتنی سـامانی کولتـوری هۆکـارێکە بـۆ ناسـاندنی پێناسـی نەتەوەی ئەو وولاتەی کە گەشـتیار ڕووی تێـدەکات ، هەر لە داب و نەریـت و کەلتـوورو بەرهەمـی فۆلکلـۆری و چەنـدین ڕێوڕەسـمی ئـاینی و کۆمەڵایەتی و شوێنەوارەکان بە گەشتیار .

بەڕێـوبەری گەشـتوگوزاری هەولێـر (اسـماعیل مینە خـان) **(پێیـوایە ئـێمە پێویسـتمان بەوەیە نـاوچەی گەشـتیاریمان هەبێت و ، دەبێت گونـدی گەشـتیاری دروسـتبکرێت کۆمەڵێک کولتـووری خۆمـانی تێدا پیشانبدرێت ، بۆ ئەوەی ناوبانگی هەرێمی کوردستان لەناونەچێت ئەو دابونەریتە  کە هەمانە لە دەستمان نەچێت )**

لە هەمان کاتدا نووسەرو شارەزا لە بواری گەشتیاری( نادر آغا حسێن)  **(پێیوایە کە کولتور دوو جۆرە کولتـوری مـادی و کولتـوری مەعـنەوی مـادییەکە وەکـو جلـوبەرگ و خـواردن و ئەو کەرەسـتەو پێداویستیانەی کە لە ژیانی رۆژانەماندا بەکاریان دەهێنین ، کەلتووری مەعنەویش بریتییە لە ڕێوڕەسمی ئاینی و بیرکردنەوەو ئاکارو بیروباوەڕو هەموو ئەو شتانەی کە نابینرێن و ناپێورێن ،  هەمـوو ئەمـانە کاریگەریان لەسەر گەشتیاری هەیە ، بۆ نموونە کارە دەستییەکان کە گوزارشت لە کولتور دەکەن وەک دروستکردنی کڵاش و بەڕەو جاجم و جانتاو  گۆزەو مەدالیـاو هەمـوو ئەو شـتانەی کە لە دارو بەردو قوڕو دروستدەکرێن ، جگە لەمانە جێگەو شوێنەواری کەلتووری و هەمـوو ئەمـانە کلتـوری گەلەکەمـان**

**پیشان دەدات ، لەم ساڵانەی دواییشدا ڕێستورانتی خواردنی کولتوری و چایخانەی کولتوری کرانەوە ، بۆیە گەشتیار حەز دەکات لە هەموو ڕێوڕەسمە ئاینی و کۆمەڵایەتییەکاندا بەشداری بکات بیانبینێت ، گەر ئەم بابەتانە بە ڕێکوپێکی کاریان پێبکرێت ئەوا دەبێتە پاراستنی سامانی کولتوری لە هەرێمی کوردستاندا**

بەڕێوبەری گەشتوگوزاری سلێمانی (علی ڕەئوف غەفور) **(پێیوایە کە کۆمەڵێک گەشتیار هەن هەر بە تایبەتی دێن بۆ بینین و سەردانیکردنی شوێنە کولتوری و شوێنەوارەکان ، ئەمەش دەبێتە هۆی بووژانەوەی ئەو سێکتەرە ، بۆ نموونە ئەشکەوتی هەزار مێرد ، شوێنەواری نەرامسین لە قەرەداغ ، ئەشکەوتی جاسەنە لە دوکان چەندین شوێنەواری تر سەردانی گەشتیاران بۆ ئەم شوێنانە هاندەرێک دەبێت بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان لە ( گەشتیاری و شوێنەوار) کە زیاتر گرنگی بدەن بە شوێنە کولتوری و شوێنەوارەکان ، ئەمەش دەبێتە هۆی پاراستنی سامانی کولتوری)**

هەروەها مامۆستای زانکۆی سلێمانی (پ.ی.د شیروان عمر ڕەشید) **(پێیوایە گەشتیاری هۆکارێکە بۆ زیندوکردنەوەی دابو نەریتەکانی ئەو ناوچانە پارێزگاریکردن لە خانووەکان و کەلەپورەکانی ئەم ناوچانە دەچنە ژێر فشاری خەڵکەوە ، وەک هۆتێل فەرەح لە هەولێر وویستیان بیڕوخێنن ، بەڵام خەڵکەکە نەیانهێشت ، یان قەڵای هەولێر دوکانی بە دەوردا دروستکرا وەکو شورایەک بۆ پاراستنی ئەو قەڵایە ،دواتر گەشتیاری هانی پیشە دەستییەکان دەدات کە بەردەوام بێت ، وەکو دروستکردنی کڵاش و جانتاو و بەڕەو هەموو ئەم کارە دەستیانە پێشتر هەبوون فەرامۆش کرابوون بەڵام بە هۆی گەشتیارییەوە هەموویان بوژانەوە.**

دەتوانیین بڵێین  لە کۆی ئەو بیروبۆچوونانەی کە خستماننەڕوو ئەوەیە کە پاراستنی سامانی کولتوری ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەییە کە لە ئێستادا لە هەرێمی کوردستاندا  بەهۆی گەشتیارییەوە هەوڵدراوە کولتوری کوردی لە بۆنە جیاوازەکاندا زیندوو بکرێتەوە ، ئەویش بە دروستکردنی کەلوپەلە دەستکردەکان بە تایبەتی کاری دەستی ژنان هەر لە کاری هەویرەمەنی و دروستکردنی کەلوپەلەکان لە دارو قوڕو بەردو، هەروەها پاراستن و گواستنەوەی بۆ نەوەکانی داهاتوو ، لە هەمان کاتدا گرنگیدان بە شوێنە کولتوری و شوێنەواری و مێژووییەکان بۆ ئەوەی سەرنجی گەشتیار زیاتر ڕابکێشرێت ، جگە لەوە گرنگیدان بە شوێنە ئاینییەکانی وەکو مزگەوت و کەنیسەوچەندین شوێنی ئاینی تر ، هەموو ئەمانە لە پێناو پاراستنی سامانی کولتوری وولات ، جگە لەمانە پاراستنی سامانی کولتوری بوار بە مرۆڤ دەدات کە لە ڕابردووی خۆی و گەلانی تر شارەزا دەبێت و چێژ لە ناسین و چۆنیەتی هەڵسوکەوت و دیمەنی شوێنەکان و باری پێشکەوتن و ڕابردووی بیناسازی و ئەندازیاری وەربگرێت ، کە هەموو ئەمانە ڕەنگدانەوەی بیری کۆمەڵایەتی و شارستانیەت و ڕۆشنبیری مرۆڤی کوردە لە ناوچەکەدا ئەگەر گرنگی بە سامانی کولتوری بدرێت دەبێتە بنەمایەکی گەشتیاری گرنگ لە هەرێمی کوردستاندا .

**حەوتەم : تەوەری ڕۆڵی گەشتیاری لەسەر پەرەپێدانی ژیانی کۆمەڵایەتی**

زۆرێک لە گەشتیاران جەختیان لەسەر فاکتەریکی گرنگ کردەوە لە پەرەپێدانی ژیانی کۆمەڵایەتیدا کە ئەویش ڕاگرتنی هاوسەنگی ناوچە گەشتیارییەکانە.

مامۆستای زانکۆی سلێمانی (پ.ی.د.یونس علی احمد) **(پێیوایە گەشتیاری کاریگەری لەسەر پەرەپێدانی ژیانی کۆمەڵایەتی هەیە بەو مەرجەی گەشەپێدانی گەشتیاری گەشەیەکی هاوسەنگ بێت ، واتە هەموو ناوچەکان بە یەک چاو تەماشا بکرێن یان ناکرێت ناوچەیەکی گەشتیاری لەسەر حسابی ناوچەکانی تر پەرەی پێبدرێت ، هەروەها دەبێت جۆرەکانی گەشتیاری وەک یەک گرنگی پێبدرێت ، بۆ نموونە ناکرێت گرنگی بە تەنها بە گەشتیاری تەندروستی بدرێت و گەشتیاری ئاینی فەرامۆش بکرێت ، لەبەر ئەوەی گەشتیاری داهاتییەو پێویستە داهاتەکەی لەو ناوچە گەشتیارییەکاندا خەرج بکرێت کە دووره دەستن و ئاوەدان نەکراونەتەوە ، ئەمەش دەبێتە هۆی پەرەپێدانی ژیانی کۆمەڵایەتی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە لەو ناوچانەدا)**

مامۆستای زانکۆی سلێمانی (پ.ی.د. لانە صابر محمد سەعید ) **(پێیوایە کە گەشتیاری دەتوانێت هاوسەنگی لە نێوان هەرێمەکان و نێوان وولاتێک و وولاتێکی تردا دروست بکات ، بۆ نموونە هەرێمێکمان هەیە بە کشتوکاڵ بەناوبانگە هەرێمێکی تر بە پیشەسازی هەرێمێکی ترمان هەیە هەردوو فاکتەرەکەی تێدا نییە واتە(کشتوکاڵ و پیشەسازی) ئەکرێت ئەو ناوچەیە بکەینە ناوچەیەکی گەشتیاری و خەڵک ئەو داهاتە زۆرەی کە لە ناوچە کشتوکاڵی و پیشەسازییەکە دەستیان کەوتووە لەم ناوچەیەدا سەرفی بکەن ، بەمەش هاوسەنگییەک لە هەرێمەکاندا دروست دەبێت یان سوڕی داهات لەو وڵاتەدا دروست دەبێت ودەبێتە هۆی پەرەپێدانی ژیانی کۆمەڵایەتی تاکەکانی کۆمەڵگە لە هەموو ڕوویەکەوە)**

هەروەها بەڕێوبەری گشتی گەشتوگوزاری دهۆک ( پ.د. خێری علی اوسو) **(پێیوایە گەشتیاری دەبێتە هۆی پەرەپێدانی ڕۆشنبیری و زانینی زمان و زانست و ناسینی دابونەریتی جیهان و کولتورە جیاوازەکان هەموو ئەمانە دەبنە هۆی پەرەپێدانی ژیانی کۆمەڵایەتی تاکەکانی کۆمەڵگە)**

هەروەها مامۆستای زانکۆ(د. عفاف یوسف نوری آغا) **(پێیوایە کە ناوکی ژیانی کۆمەڵایەتی بریتییە لە خێزان پێشتر خواردنەکان هەمووی بە دەستی ژن لە ماڵەوە بۆ ئاهەنگ و بۆنە کۆمەڵایەتییەکان ئامادە دەکران بەڵام لە ئێستادا چێشتخانەکان هەڵدەستن بەم کارە ئەو خواردنە میلیانە لە ماڵاندا ئامادە ناکرێن ، بۆ نموونە بۆ خواردنی کفتە و یاپراخ و سەروپێ چەندین خواردنی کوردەواری کولتوری دەگەینە چێشتخانەی فەرەح هەرچی ئاهەنگی دەرچوون و پێشانگای هونەری کوردی وەک هەڵبەست و گۆرانی و مۆسیقاو هەڵپەڕکێ و شانۆگەری و ئەمانە هەمووی پەیامی کۆمەڵگەی کوردین دەبێت بپارێزرێن بۆ نموونە گەشتیار کە دەچێتە هۆتێلێک دەبێت ئەو کەسانەی کە پێشوازی دەکەن کورد بن و بە زمانی**

**کوردی قسە بکەن و دەبێت یەکەم بەریەککەوتن و تێکەڵاوبوونیان لەگەڵ خەڵکی وولاتەکە بێت کە گەشتیان بۆ کردووە ، چونکە ئەمە ئاوێنەیەکی هەڵگەڕاوەی پێناسی ئەو وولاتەیە دەبێتە هۆی پەرەپێدانی ژیانی کۆمەڵایەتی تاکەکانی کۆمەڵگە)**

مامۆستای زانکۆ لە پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی (پ.ی.د.هەتاو کریم خضر ) **(پێیوایە هەر کاتێک کۆمەڵگەی لۆکالی گەشتیان کرد بۆ وولاتێکی تر دەبێتە هۆی گواستنەوەی کولتوری ئەو وولاتە بۆ وولاتەکەی خۆت زۆرجار بەریەککەوتنی کولتورەکان ڕوودەدات ، کە دەبێتە هۆی لەناوبردنی کولتورە خراپەکان و زاڵبوونی کولتورە باشەکان ، هەندێک جاریش بە پێچەوانەوە هەندێ کولتوور سەرهەڵدەدەن کە تایبەتمەند نین بە کولتوری وولاتەکەی خۆت ، بەڵکو لە وولاتانی ترەوە بۆت هاتووە ، بۆ نموونە لە سەرەتادا گەشتکردن ئەوەندە کولتورێک نەبوو تایبەت بێت بە هەرێمی کوردستان و خەڵکی ئێمە ئەوەندە گەشتی نەکردووە ، بەڵام لەگەڵ هاتنی گەشتیارو ڕووتێکردنی خەڵکی ئێمە بۆ دەرەوەی وولات بۆتە هۆی ئەوەی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگەی ئێمە پەرەی پێبدرێت وەکو ژیانی جارانی نەمێنێت ، هەر کاتێک مرۆڤ لە شوێنێکەوە ڕۆشت بۆ شوێنێکی تر گەڕایەوە بۆ هەمان شوێن واتە گۆڕانکاری لە بارێکی ژیانیدا دروستکردووە چ لە ڕووی دەروونی چ لە ڕووی کۆمەڵایەتی ، من زۆرجار دەڵێم گەشتکردن قوتابخانەیەکە بۆ مرۆڤ ، چونکە لە خوێندنگادا هەنگاو بە هەنگاو قۆناغ بە قۆناغ لە هەر قۆناغ و هەنگاوێکدا فێری شتی نوێ دەبیت ، گەشتکردنیش بە هەمان شێوەیە هەر لەو کاتەی کە بڕیار دەدەیت گەشت بکەیت فێری شتی نوێ دەبیت سێرچ دەکەیت بە دوایدا دەگەڕێیت ، کاتێک کە دەڕۆیت بۆ فرۆکەخانە هەنگاوی دووەم دەست پێدەکات کۆمەڵێک زانیاری لەسەر خەڵک وەردەگریت لەسەر ئاشنابوونی خەڵک لەسەر کولتوری خەڵک لەسەر مامەڵەکردنی خەڵک ، ئنجا دەچیتە وولاتێکی تر لە بواری جلوبەرگ و خواردن ولە بواری کولتوری و مامەڵەکردنی و لە بواری ئابوورییەوە چۆن بیر دەکاتەوە چون پارە پەیدا دەکات ، ئیتر قۆناغ بە قۆناغ کۆمەڵێک زانیاری نوێ وەردەگرێت ئەم زانیاریانە کە تۆ دەگەڕێیتەوە دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە خودی کەسەکە ، ئنجا ئەم گۆڕانکاریانە ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر ئەندامانی خێزانەکەت ئنجا دەوروبەرەکەت ، چونکە ئەو مرۆڤەیە کە پەرەی بە تواناکانی و ژیانی خۆیداوە کاریگەری و ڕەنگدانەوەی باشی دەبێت لەسەر دەوروبەرەکەشی)**

کەواتە بە گوێرەی ئەو ڕاوبۆچوونانەی پێشوو گەشتیاری وا دەکات گەشتیار لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئابووری تەندروستی هەست بە ئارامی و ئاسایشی دەروونی نوێبوونەوە بکات ، کە ئەمە دەبێتە هۆی پەرەپێدانی ژیانی کۆمەڵایەتی تاک و کۆمەڵگە ، گەشتیاری چالاکییەکی مرۆییەو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە لە هەموو کۆمەڵگە جیاوازەکاندا بوونی هەیەو بەشێوەیەکی ئەرێنی و نەرێنی کاریگەری لەسەریان هەیەو ، لەبەرئەوەی لەسەر کارلێکی ڕاستەوخۆی نێوان گەشتیارو تاکەکانی کۆمەڵگەی لۆکالی

وەستاوە ، ئەمەش دەبێتە هۆی پەرەپێدانی ژیانی کۆمەڵایەتی تاکەکانی کۆمەڵگەو لەو دەوڵەتەی کە پێشوازی لە گەشتیار دەکات ، لە دەرئەنجامی تێکەڵبوونی ڕاستەوخۆی گەشتیارو کۆمەڵگەی لۆکاڵی و جا لە شوێنی مانەوەی گەشتیار بێت وەک لە هۆتێل و مۆتێلەکان یان لە چێشتخانەو دوکان و بازاڕەکان لەکاتی گەڕانیاندا . هەربۆیە ئەم پەرەپێدانە شێوەی جیاوازی هەیە وەک ئەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە داب و نەریت و بەها باشەکان لە گەشتیارەوە وەردەگرن بەتایبەتی ئەگەر گەشتیارەکە بیانی بێت وەک ڕێزگرتن لە یاساو سیستەم و ئادابەکانی ڕەفتارو چەندین نەریتی تر .

**تەوەری ڕۆڵی گەشتیاری لەسەر پیسبوونی ژینگە**

زۆربەی لێتوێژراوان پێیانوایە کە گەشتیاری لایەنی ئەرێنی و لایەنی نەرێنی هەیە لایەنە نەرێنییەکەی بریتیە لە پیسبوونی ژینگە ، هەربۆیە پیسبوونی ژینگە پەیوەندی بە ئاستی ڕۆشنبیری گەشتیارەوە هەیە بۆ هەستکردنی بە بەرپرسیارێتی لە پاراستنی پاکو خاوێنی ئەو شوێنە گەشتیارییەی کە سەردانی دەکات ، چونکە هەر کاتێک ژینگە پاکو خاوێن بوو ئەوا گەشتیاری پێشدەکەوێت و ، لەهەما کاتیشدا گەشتیار حەزبە سەردانی ئەو شوێنانەدەکاتەوە ، هەتا دەبێت ڕێستورانت و هۆتێل و مۆتێلەکانیش پاک ڕابگیرێن ، چونکە بە شێوەیەکی گشتی گەشتیار ڕوودەکاتە شوێن و ژینگەی پاکو خاوین.

هەروەها مامۆستای زانکۆی پۆلتەکنیکی هەولێر ( د.عەفاف یوسف نوری آغا) (**پیسبوونی ژینگە کێشەیەکی گەورەیە ، چونکە لە هەرێمی کوردستان لایەنێک یان دەستەیەکی ژینگەی نییە کە مەرجەکانی ژینگەی تێدا بێت پێش دروستکردنی پرۆژە گەشتیارییەکان ، پێویستە گرنگیش بدرێت بە ژینگەی بەردەوام (البیئة المستدامة) ، خۆی ووشەی ژینگە دوو جۆرە یەکێکیان ژینگەی سروشتی و ژینگەی مرۆیی کە پارێزگاری لە مرۆڤ دەکات واتە پاریزگاری لە دابو نەریتی دەکات ، پیسبوونی ژینگە زۆر جۆری هەیە وەک پیسبوونی بیستن و بینین و فیزیایی و کیمیایی ، هەر بۆیە یاسایەک و چاودێری و بەدواداچونێک نیە بۆ پاراستنی ژینگە لەم جۆرانەی پیسبوون ، بۆ نموونە جاران شەقڵاوە پڕبوو لە دارو درەخت ، بەڵام لە ئێستادا ژمارەی دارەکان زۆر کەمبوونەتەوە وهەموویان بڕاونەتەوە ،یاخود دەستەیەک نیە تایبەت بێت بەپاراستنی تاڤگەکان و شاخ وداخەکان ..هتد ، ژینگەی بەردەوام واتە پاراستن و پاکردنەوەی ئاوی خواردنەوە و خۆ ڕزگارکردن لە خۆڵ وخاشاک و ڕیسایکلینی خاشاکەکان وجارێکی تر سوود وەرگرتن لێیان ، هەروەها بەکارهێنانی مادە ئۆرگانییەکان ئەویش بە چاندنی سەوزە و میوە بەبێ بەکارهێنانی مادەی کیمیایی وچەندین شتی تر لە پێناوی پاراستنی ژینگە لە پیسبوون)**

هەروەها بەڕێوبەری گەشتوگوزاری هەڵەبجە ( م. غەریب احمد حمە حسێن) (**پێیوایە بۆ پاراستنی ژینگە لە پیسبوون دەبێت لە ڕووی بایلۆژییەوە پارێزگاری لە جۆری پەلەوەرو ئاژەڵەکان و کەژو کێو بکرێت بێ ئەوەی شێوەی ڕاستەقینەو سروشتییەکەی خۆی لەدەست بدات ) .**

هەروەها مامۆستای زانکۆی دهۆک (پ.ی. د. فارس محمد فؤاد نقشبندی) (**پێیوایە کەوا چەندین هۆکار هەن بۆ پیسبوونی ژینگە یەکێک لەوانە هۆیەکانی گواستنەوەی گەشتیار بۆ شوێنە گەشتیارییەکان یان پیسکردنی شوێنە گەشتیارییەکان بەهۆی گەشتیارو بوونی خاشاکی زۆر لە ناوچە گەشتیارییەکان ، بۆیە لە پێناو پاراستنی ژینگە لە پیسبوون پێویستە پەروەردەی خێزان و زانکۆ و پەیمانگاکان و ڕاگەیاندنەکان هەموویان ڕۆڵیان لە پاکڕاگرتنی ژینگەدا هەبێت ، جگە لەوە ئەمە کاری ڕێکخراوە مەدەنییەکان و حکومەتە کە ئەم کارە جێبەجێ بکەن ، چونکە پیسبوونی ژینگە پەیوەندی بەو ڕۆڵی نەرێنی ئەو فاکتەرانەی سەرەوە هەیە) .**

مامۆستای زانکۆ سلێمانی (پ.ی.یونس علی احمد) (**پێیوایە یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی گەشتیاری بریتییە لە گرنگیدان بە سەوزای بۆیە گرین هۆتێل و گەشتیاری سەوزمان هەیە ، کە دەبنە هۆی پاراستنی ژینگە بۆ نەوەی ئێستاو داهاتوو ، بەڵام هەندێک جار ئەو ناوچانەی کە گەشتیارین پیسبوونێکی زۆری پێوە دیارە ، ئەمەش پەیوەستە بە ئاستی هۆشیاری تاکەوە ، بۆیە پێویستە هەموو ناوچەیەکی گەشتیاری پاکو خاوێن بێت بۆ ئەوەی گەشتیار زیاتر ڕووی تێ بکات ، چونکە پیسبوونی ناوچە گەشتیارییەکان وێنەیەکی ناشرینی ئەو وولاتە لە مێشکی گەشتیاردا دروست دەکات و گەشتیار جارێکی تر سەردانی ئەو شوێنە ناکاتەوە ).**

مامۆستای زانکۆ لە پەیمانگای تەکنیکی هەولێر ( پ.ی.د.هەتاو خضر کریم) (**پێیوایە یەکێک لە لایەنە نەرێنییەکانی گەشتیاری بریتییە لە پیسبوونی ژینگە هەر کاتێک گەشتیار ڕوو لە شوێنێک دەکات پاڵەپەستۆیەکی زۆر لەسەر ئەم شوێنە دروست دەکات ، جا چی لە مانەوەی خاشاک و ئەو بەرماوانەی کە گەشتیار بەجێدەهێڵێت ، ئەگەر هاتوو بە تەواوەتی نەیتوانی بە شێوازێکی دروست بەکاری بهێنێت ئەوا دەبێتە هۆی پیسبوونی ژینگە ، بە تایبەتی لەهەرێمی کوردستان ئەمە دیاردەیەکی زۆر زەق و باوە ، بۆ نموونە ناوچەیەکی شوێنەواری گەشتیاری کە گەشتیار ڕووی تێدەکات دەبێتە هۆی پیسبوونی ئەو شوێنە بە حوکمی ئەوەی دەستی لێدەدەن وێنە دەگرن شوێنەکە بەکار دەهێنێت دەبێتە هۆی پیسبوونی ژینگەی ئەو شوێنە ، ئنجا ڕووتێکردنی خەڵکێکی زۆری جیاواز و ڕەگەزی جیاواز دەروونی جیاواز بۆ شوێنە گەشتیارییەکان ئەمە دەبێتە پیسبوونی ژینگە ، نموونە بۆ ئەوەش ئەو کاتانەی کە حەج و عەمرە هەن خەڵکێکی زۆر ڕوو لە مەکەو مەدینە دەکات بۆیە سەیر دەکەیت نەخۆشی لەوێ زۆر بڵاوە ئەو تاکانەی کە ڕوو لەوێ دەکەن کەدەگەڕێنەوە هەموویان تووشی نەخۆشی دەبن ، لەبەرئەوەی تیکەڵبوونی نەفەس و هەواو هەناسەیەکی زۆر لەناو ژینگەدا کاریگەری لەسەر ژینگە دەبێت و پیسی دەکات ، ئنجا بەکارهێنانی ئامرازە جیاوەزەکانی گواستنەوە دەبێتە هۆی پیسبوونی ژینگە).**

لێرەدا دەگەینە ئەوەی کە پیسبوونی ژینگە یەکێکە لەو فاکتەرانەی کە کاریگەری خراپ و ڕاستەوخۆی لەسەر ناوچە گەشتیارییەکان هەیەو ، وا دەکات ناوچە گەشتیارییەکان پێشکەوتن بە خۆیانەوە نەبینن ، بۆیە دەبێت حکومەت و لایەنە بەرپرسەکان هەوڵبدەن ناوچە گەشتیارییەکان لە هەموو جۆرەکانی پیسبوون بپارێزین ، تاکو وێنەیەکی جوانی ئەو وولاتە گەشتیارییە لەمێشکی گەشتیاردا بکێشێت و وا بکات گەشتیار لە وولات و شارە جیاوازەکانی ترەوە گەشتی بۆ بکەن . لەهەمان کاتدا دەبێت یاسا و سیستەم هەبێت بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو ژمارە زۆرەی گەشتیار کە دێنە ناو هەرێم تاکو بەگوێرەی ئەوە خزمەتگوزارییان بۆ دابینبکرێت ، هەروەها ئەمن و ئاسایشیان بۆ دابین بکرێت بەبێ زیان گەیاندن بە ژینگە ، لەهەمان کاتدا لەڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە هۆشیاری ژینگەی بڵاوکرێتەوە لەمیانەیەوە دانیشتوانی لۆکاڵی هۆشیار بکرێنەوە بە بایەخدانیان بە ژینگەو پارێزگاریکردن لێی ، هەر بۆیە گەشتیاری و ژینگە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوانیاندا هەیە .

**هەشتەم : تەوەری ڕۆڵی گەشتیاری لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵایەتی**

مامۆستای زانکۆ (پ.ی.د.هەتاو کریم خضر) **(پێیوایە ڕەفتاری تاکەکان گۆڕانی بەسەردا دێت تاکەکانی کۆمەڵگای ئێمە ئەگەر بەراورد بکەین لە پێش ٢٠٠٧ تا ئێستا ودوای ٢٠٠٧ ئنجا لە ٢٠١٠ بەرەو سەرەوە سەیر دەکەیت ڕەفتاری تاکی کورد زۆر گۆڕانی بە سەردا هاتووە ، هەرچەندە کۆمەڵگەی کوردی بە کۆمەڵگەیەکی میوان دۆست ناوەزەند دەکرا ، بەڵام لە هەمان کاتدا هەندێک گەشتیار هەندێک ڕەگەزی گەشتیار جێگەی قبوڵکردن نەبوون ، بەڵام ئەمڕۆ جێگەی قبوڵکردنن ، کەواتە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی گۆڕانی بەسەردا هاتووە لە دەرئەنجامی گەشتیارییەوە گەشتکردنی تاکەکان و هاتنە ناوەوەی گەشتیار ڕەفتار گۆڕانی بەسەردا دێت ، هەندێک ڕەفتار جاران ئاسایی نەبوون ئێستا ئاسایی بوون هەندێ ڕەفتار جاران ئاسایی بوون ئێستا ئاسایی نابنەوە ، بۆ نموونە شێواندنی ناسنامەی نەتەوەی ، لە دەرئەنجامی گەشتیارییەوە تاکەکان خۆیان وون دەکەن هەوڵ دەدەن لاسایی گەشتیارەکان بکەنەوە لاسایی ئەو کەسانە بکەنەوە کە ڕوویان لەو وولاتە کردووە ، لێرەدا ناسنامەو ڕەفتاری تاکەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت ، دەبێتە هۆی وون بوونی ناسنامە ئەمە لەلایەک و، لەلایەکی تر هاتنە ناوەوەی هەندێک ڕەفتاری نامۆ بە کۆمەڵگەی کوردی ، بۆ نموونە کێشانی نێرگەلە یان جگەرە کێشان بوونی هەبووە لە هەرێمی کوردستان ، بەڵام ڕەفتاری کێشانی نێرگەلە ڕەفتارێکی تایبەت نییە بە کۆمەڵگای کوردی لە دەرئەنجامی گەشتیارییەوە ڕووی لە هەرێمی کوردستان کردووە ، بۆیە ئێستا کەدەچیتە هەر کافتریایەک ئەگەر نێرگەلەی تیا نەبێت سەیر دەکەیت ئەو کافتریایە دوای ماوەیەک دادەخرێت ، هۆکارەکەی ئەوەیە کە گەشتیار ئارەزووی نێرگەلە کێشان دەکات ئەوانەی لە وولاتانی دەوروبەر هاتوون ئەو ڕەفتارەیان لەگەڵ خۆیان هێناوە وای کردووە ڕەفتار گۆڕانی بەسەردا بێت ، ئنجا لە شێوازی مامەڵە کردن و بیرکردنەوەو**

**بەکارهێنانی  زمان و ووشەی جیاواز لە  ژیانی ڕۆژانەدا ، لەپێشتردا زمانی کوردی بەکاردەهات زمانی بیانی کەمتر بوو بەتایبەتی زمانی ئینگلیزی ، بەڵام ئەمڕۆ سەیردەکەیت بە تایبەتی گەنجان ئەوانەشی کە ڕوو لەدەرەوە زۆر دەکەن سەیر دەکەیت شێوازی جلوبەرگیان و قسەکردنیان مامەڵە کردنیان ڕەفتاریان هەمووی گۆڕانی بەسەردا هاتووە) .**

هەروەها بەڕێوبەری گەشتوگوزاری دهۆک (د.خێری علی آوسو) **(پێیوایە گەشتیاری کاریگەری ئەرێنی لەسەر گۆڕینی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی هەیە ، لە ڕووی زمان و هەڵسوکەوت وجلوبەرگو خواردن و بیرکردنەوەو ڕۆشنبیری  ، چونکە ڕەفتار ئەو کردارو هەڵسوکەوتانەیە کە لە مرۆڤەوە دەردەچێت ڕووەو هەڵوێستێکی دیاریکراو ) .**

مامۆستای زانکۆی پۆلتەکنیکی هەولێر (د.عفاف یوسف نوری آغا) **(پێیوایە گەشتیاری بە شێوەی ئەرێینی و نەرێنی کاریگەری لەسەر  گۆڕینی ڕەفتار هەیە ، شێوە ئەرێنییەکەی ئەوەیە کە هەندێک ڕەفتار خزمەتی خەڵک دەکات کەوا دەکات خەڵک بەشێوەیەکی ڕاقی قسە بکەن یان خۆیان فێری زمان بکەن یان هەوڵدەدەن پێشبکەون یان ڕەفتاری ئەوانی تر قبوڵ بکەن یان کەلتورو دابو نەریتیان قبوڵ بکەن ، واتە ڕێز لەوانی تر بگرن ڕێز لە دابونەریتان بگرن ڕێز لە شوێنە ئاینی و مەراسیمی ئاینییەکانیان بگرن و چەمکە سیاسی و ئاینییەکانیان قبوڵ بکەن ، شێوە نەرێنیەشی بریتییە لە هێنانی کۆمەڵێک ڕەفتاری نەشیاو کە لەگەڵ دابو نەریتی کۆمەڵگای کوردیدا ناگونجێت ، ئەمە دەبێتە هۆی وونکردنی پێناسی نەتەوایەتی کورد ) .**

لێرەوە دەگەینە ئەوەی کە گەشتیاری دیاردەیەکی گشتییە لەنێوان مرۆڤەکان کە مومارەسەی دەکەن و شێوەیەکە لە ڕەفتار کە گەشتیار لەکاتی گەشت و گەڕانیدا هەندێک لەو شێوازە ڕەفتاری و نەریتە کۆمەڵایەتییەکانیان بە باش و بە خراپ دەگوازنەوە بۆ کۆمەڵگای ناوخۆیی ، بەتایبەتی چینی گەنجان ڕووبەڕووی ڕەفتاری نامۆ دەبنەوە کە هەندێک لەو ڕەفتارو نەریتانە لەگەڵ بەهاو پێوەری کۆمەڵگەی کوردیدا ناگونجێت بە پێچەوانەشەوە ڕاستە .

**نۆیەم : تەوەری ڕۆڵی گەشتیاری لەسەر پەرەپێدانی ئابووری کۆمەڵگا**

لە ڕووی پەرەپێدانی ئابووری ووڵات زۆربەی لێتوێژراوان کۆکن لەسەر ئەوەی کە گەشتیاری کەرتێکی گرنگە بۆ زیادکردنی داهاتی تاک و ووڵات ، لەهەمان کاتدا دەبێتە زیادکردنی هەلی کار بۆ گەنجان ، هەروەها هێنانە ناوەوەی دراوی قورسی بیانی.

بەڵام مامۆستای زانکۆی پۆلتەکنیکی هەولێر (پ.ی.د.عەفاف یوسف نوری آغا) **(پێیوایە کە کەرتی گەشتیاری لە دوای کشتوکاڵ و نەوت  بە پلەی سێیەم دێت بۆ پەرەپێدانی ووڵات ، بۆیە گەشتیاری کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر لایەنی ئابووری هەیە ، چونکە هەلی کار زیاد دەکات بەتایبەتی بۆ ژنان**

**که کاری هەویرەمەنی یان کاری دەستی دەکەن لە ناوچە گەشتیارییەکاندا ، بەمە داهاتی خێزانەکانیانی پێ بەرز دەکەنەوە و ، لە هەمان کاتدا دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی داهاتی نەتەوەی )**

هەروەها بەڕێوبەری پارێزگای هەڵەبجە ( م.غەریب احمد حمە حسێن) **(پێیوایە بەهۆی گەشتیارییەوە جیاوازی چینایەتی کاڵ دەبنەوە پڕکردنەوەی پێداویستییەکانی ژیان ئاسانتر دەبن و ڕووی گەشی ئاوەدانی و شارستانی بەرەو پێش دەچێت ) .**

بەڕێوبەری گشتی گەشتوگوزاری دهۆک (پ.د.خێری علی اوسو) **(پێیوایە جگە لەوەی گەشتیاری هەلی کار دەڕەخسێنێت و دراوی بیانی دێنێتە ناو وولاتەوە ، لە هەمان کاتدا دەبێتە هۆی بزواندنی ئابووری نیشتمانی و بزواندنی پیشەسازی و بازرگانی و کشتوکاڵ هەموو سێکتەرەکانی کۆمەڵگە دەبوژێنێتەوە)**

هەروەها مامۆستای زانکۆی سلێمانی (پ.ی.د.لانە صابر محمد سعید ) **(پێیوایە گەشتیاری هەل لەبەردەم وەبەرهێنانەکانی تریشدا دەڕەخسێنێت ، بۆ نموونە وەبەرهێنانی کشتوکاڵی و پیشەسازی کە گەشتیار دێنە ناوچە گەشتیارییەکان پێویستیان بە بەرهەمی کشتوکاڵیە پێویستیان بە پیشەسازی وەکو سەیارەو تەکنەلۆژیاو...هتد هەیە و ، لە ڕێگەی گەشتیارییەوە هەلی زیاتر بۆ دامەزراندنی بنکە گەشتیارییەکان دەڕەخسێنێت دەتوانێت گەشتیارێکی زۆر بۆ خۆی ڕابکێشێت) .**

مامۆستای زانکۆی سلێمانی (پ.ی.د یونس علی احمد) **(پێیوایە لە ئابوریدا (اثر مضعف و معجل )مان هەیە ، واتە یەک دۆلار خەرج کەیت لە بواری گەشتیاریدا ڕەنگە ببێتە چەندین دۆلاری تر ، چونکە لە ئاستی جیهانیدا نزیکەی یانزە لە سەد یان لە هەر یانزە هەلێکی کار یەکێک لە هەلی کار بۆ کەرتی گەشتیارییە ، بۆیە لە جیهاندا کەرتی گواستنەوەو گەیاندن کەرتی خزمەتگوزاری سێکتەرەکانی تر پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆیان هەیە بە کەرتی گەشتیارییەوە ، بە واتایەکی تر پەرەپێدانی گەشتیاری هەر نابێتە هۆی پەرەپێدانی کەرتێک ، بەڵکو دەبێتە هۆی پەرەپێدانی چەندین کەرتی تر ، ئێستا ئەگەر گەشتیاری پەرەی پێبدرێت ئەوا کەرتی گواستنەوەو گەیاندن پەیوەندییەکان بەهێز دەبێت خزمەتگوزارییەکان و نیشتەجێبوون وەبەرهێنانی شوێنی نیشتەجێبوون بەهێز دەبێت ، لەبەر ئەوەی هەمویان پێکەوە بەستراونەتەوە تەواوکەری یەکترین پێیدەوترێت (ارتباطاطی امامی و خلفی) هەم هەندێکیان دەبن بە (input )بۆ گەشتیاری و هەم هەندێکیشیان دەبنە (output) بۆ گەشتیاری پەیوەندی بە هەمو سێکتەرەکانی ترەوە هەیە هەموو ئەمانە دەبنە هۆی پەرەپێدانی ئابووری گەشتیاری و داهاتی وولات زیاد دەکات ) .**

کەواتە لێرەوە دەگەینە ئەوەی گەشەپێدانی گەشتیاری کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر گەشەپێدانی ئابووری هەیە ، بەو مەرجەی داهاتی گەشتیاری لە خزمەتی ناوچە گەشتیارییەکان و چینی گەشتیاری و پرۆژە گەشتیارییەکان و کۆمپانیا گەشتیارییەکاندا خەرج بکرێت ، بەڵام ئەگەر وا نەبێت ئەوا گەشتیاری

پەرەپێدانێکی هەرەمەکی و بێ پلان دەبێت ، مەرج نییە لێکەوتە ئابورییەکانی زۆر گەورە بن ، واتە هەرێم یان وولاتی وا هەیە لە سەدا بیست و سی و چل داهاتی ولاتەکەی لە ڕێگەی گەشتیارییەوە ، لەبەرئەوەی گەشتیاری یەکێکە لە کەرتە سەرەکییەکان و لەو کەرتانەیە زوو داهات پەیدا دەکات و خەرجی زۆر نییە و ، دەتوانێت هەلی کاری زۆر بڕەخسێنێت و دامەزراندن زیاد بکات ، چونکە گەشتیاری تەنیا هەر خۆی نییە پەیوەندی بە هەموو سێکتەرەکانی ترەوە هەیە . هەربۆیە ئەمڕۆ گەشتیاری بە پیشەسازییەکی تەواوکار دادەنرێت بەوە جیادەکرێتەوە کە چالاکییەکانی فراوانەو جۆرەکانی زۆرن ، هەروەها چالاکییەکی ئابووریە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر گەشەپێدان هەیە بەتایبەتی گەشەپێدانی ئابووری کە زۆرێک لە ولاتان گرنگی پێدەدەن .

**دەیەم : تەوەری ڕۆڵی گەشتیاری لەسەر خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان**

زۆربەی لێتوێژراوان لەسەر ئەوە کۆکبوون کە هەر وولاتێک شوێنی گەشتیاری هەبوو پێویستی بە کۆمەڵێک خزمەتگوزاری هەیە بۆ ڕاکێشانی گەشتیار بۆ ناوچە گەشتیارییەکان، ئەوانیش سەرخان و ژێرخانی ئابوورین ، هەربۆیە سەرخان ئەو خزمەتگوزاریانەیە کە تایبەتە بە گەشتیار وەک هۆتیل ومۆتێل و شاری یاری و ، هەرچی ژێرخانە بریتییە لەڕێگاوبان و ئاو کارەباو خەتی ئەنتەرنیت وفڕوکەخانەو نەخۆشخانەو قوتابخانەو ئاگرکوژێنەوە ، هەموو ئەمانە دەبنە هۆی بووژانەوەی ناوچە گەشتیارییەکان و گەشەپێدانی گەشتیاری لە ناوچە گەشتیارییەکاندا .

**ا-ڕۆڵی گەشتیاری لەسەر خزمەتگوزاری کەرتی خوێندن**

مامۆستای زانکۆ لە پەیمانگای تەکنیکی هەولێر ( پ.ی.د.هەتاو خضر کریم ) **(پێیوایە هەرکاتێک پەرە بە کەرتی گەشتیاری بدرێت پێویستت بەدەستی کارە بە کارمەندی گەشتیارییە پێویستت بە کەرتی خوێندن و قوتابخانەو زانکۆو پەیمانگای تایبەت بە بواری گەشتیارییە یان بە بواری کارگێڕی گەشتیاری هەیە ، هەروەها پێویستت بە ڕێبەری گەشتیارییە پێویستت بە دروستکردنی شێفە ئەو شێفە چۆن خواردنە جیاوازەکان دروست دەکات بەیانیان حەز دەکەیت بچیت بۆ ڕێستورانتێکی ئینگلیزی لەبەر ئەوەی خواردنی ئینگلیزی جیاوازە ، بۆ ئەمە دەبێت زانکۆو پەیمانگای تایبەتت هەبێت و دەبێت ڕێبەر بە زمانە جیاوازەکان هەبێت ، بۆیە لەو وولاتانەی کە بە دەرەجەی یەک گەشتیاریین زانکۆو بەشی تایبەتیان بە زمانی جیاواز لە بواری گەشتیاریدا هەیە ، وەک سویسرا یان میسر کە بە ملێۆنان کەس ساڵانە ڕووی تێدەکەن بۆ بینینی ناوچە مێژوویی و کولتوری و ڕۆشنبیریە گەشتیارییەکانی ، هەر بۆیە هەستاون بە کردنەوەی بەشی گەشتیاری بە زمانی ئەڵمانی و ئیتاڵی و فەرەنسی و ئینگلیزی و سەرەڕای زمانی عەرەبیش ، کەواتە پێویستمان بەوەیە کە پەرە بە کەرتی خوێندنی گەشتیاری بدەین لەو شوێنانەدا ،**

**لەهەمـان کاتـدا ئەو شـوێنانەی کە گەشـتیارییین دەبێتە هـۆی کـردنەوەی زانکـۆی نـوێ و زیـادکردنی قوتابخانەو پەیمانگای تایبەت بە زمانە جیاوازەکان ) .**

هەروەهـا مامۆسـتای زانکـۆی پـۆلتەکنیکی هەولێـر (پ.ی.د.عفـاف یوسـف نـوری آغـا) (**پێیـوایە کە خزمەتگوزارییەکـان پێداویسـتین وئەگەر بگەڕێیـنەوە بـۆ تیـۆرەکەی ماسـلۆ پێداویسـتییەکان دەبـنە دروستکردنی پاڵنەرەکان ، بۆیە کە گەشتیار دەچێتە وولاتێک زمان بزانێت باشترە ، لێرەدا بەرپرسیارێتی وەزارەتی پەروەردەیە ، کەوا هەندێک مفردات بخاتە پرۆگرامەکانی خوێندنەوە بە تایبەت هەندێک بابەتی وەکو کولتورو مێژوو ئەدەبیاتی کوردی ، لە لایەنی جیهانی و ناوخۆیشەوە فێری کولتوری مامەڵەکردن لەگەڵ بێگانەو ئەتەکێتی سلاوکردن و ئەتەکێتی پاکو خاوێنی و زۆر شتی تر بکرێت ، هەموو ئەمانە بەرپرسـیارێتی خێـزان و خوێنـدنگاو ڕاگەیانـدنەکانە ، جـگە لەمـانە پێویسـتمان بە کـردنەوەی زانکـۆ وپەیمانگای تایبەت بە گەشتیاری هەیە ، تاکو دەرچووانیان بتوانن خزمەت بە ناوچە گەشـتیارییەکان و گەشتیاران بکەن ، چونکە لە هەرێمی کوردستان ئەو فەرمانبەرانەی کە لە کەرتی گەشتیاری کاردەکەن لە بواری گەشتیاریدا پسپۆڕ نین ) .**

کەواتە بە گوێرەی ڕاوبۆچونی لێتوێژروان کردنەوەی زانکۆو پەیمانگای تایبەت بە گەشتیاری پاڵنەرێکی بەهێزە بۆ هاندانی خوێندکار و وەرگرتنیـان لەو زانکۆو پەیمانگایانە کەتـایبەتن بە گەشـتیاری ، لەهەمـان کاتدا کردنەوەی خولی تایبەت سەبارەت بە چۆنێتی مامەڵەکردن و پێشـوازیکردن لە گەشـتیارو ، چەندین لایەنی تر کە پەیوەنـدی بە گەشـتیارانەوە هەیە ، بۆیە دەبێت ئەو کەسـانە شـارەزای زانسـتی و هـونەری بەرزیـان هەبیت و ئەزمـوونی تەواویـان هەبێت لەو بـوارانەی کە پەیوەنـدی بە لایەنـی مێژوو جوگرافیـاو کەلتوورو هەبێت ، هەروەها دەبێت شارەزاییان لەچەند زمانێکدا هەبێت تـاکو بتـوانن خـزمەت بە نـاوچە گەشتیارییەکان بکەن . هەروەک مامۆستای زانکۆ (پ.ی د. عفاف ) پێیوایە ( کە گەشتیار دەچێتە وولاتێک زمـان بزانێـت باشـترە ، لێـرەدا بەرپرسـیارێتی وەزارەتـی پەروەردەیە کەوا هەنـدێک مفـردات بخـاتە پرۆگرامەکانی خوێندنەوە بە تایبەت هەندێک بابەتی وەکو کەلتوورو مێژوو ئەدەبیاتی کوردی ، لە لایەنـی جیهانی و ناوخۆیشەوە فێری کولتوری مامەڵەکردن لەگەڵ بێگانەو ئەتەکێتی سلاوکردن و ئەتەکێتی پـاکو خاوێنی و زۆر شتی تر بکرێت هەموو ئەمانە بەرپرسیارێتی خێزان و خوێندنگاو ڕاگەیاندنەکانە ).

**ب- ڕۆڵی گەشتیاری لەسەر کەرتی تەندروستی**

زۆربەی لێتـوێژراوان پێیـان وابوو کەهەمـوو نـاوچەیەکی گەشـتیاری پێویسـتی بە نەخۆشـخانەو دکتـۆری پێشـکەوتو و ئـامێری پێشـکەوتو هەیە ، بـۆ ئەوەی هەر کاتێـک گەشـتیار ڕووبەڕووی هەر کێشـەیەکی تەندروستی بووەوە چارەسەری بۆ بکرێت ، لەگەڵ پەرەپێدانی گەشـتیاری بۆ هەر نـاوچەیەکی گەشـتیاری پێویستی بە خزمەتگوزاری تەندروستی هەیە ، کە بەیەکێک لە خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکان دادەنرێت کە

پێشکەش بە گەشتیار دەکرێت لە ناوچە گەشتیارییەکاندا ، هەرێمی کوردستان لەڕووی دابینکردنی کەرتی تەندروستی لە ناوچە گەشتیارییەکاندا بەپێی پێویست نییە ، بۆیە بەرەوپێشچوونی کەرتی گەشتیاری وەگەڕنەخراوە .

نووسەرو شارەزا لە بواری گەشتوگوزار (نادر آغا حسێن ) **(پێیوایە ئەگەر خزمەتگوزارییە تەندروستیەکان باش نەبن گەشتیاری پێشناکەوێت ، چونکە تەندروستی و گەشتیاری بابەتی پەیوەندیدارن پێکەوەو ، پێویستە هەموو ڕێستورانت و هۆتێل و مۆتێلەکان شوێنە گەشتیارییەکان بەردەوام چاوێکی تەندروستیان لەسەر بێت ، ئەگەر وانەبێت ئەوا ڕەنگە خزمەتگوزارییەکان بە پێ ی پێویست نەبن و کاریگەری زۆر نەرێنی لەسەرگەشەپێدانی گەشتیاری دروست دەکەن ، لە ڕووی تەندروستییەوە پێویستە لە خۆراک لە پاکو خاوێنی هەر بابەتێکی نەخۆشی ڕێگەی پێنەدرێت ، چونکە زۆر نەخۆشی هەن لە ڕێگەی گەشتیارەوە دەگوازرێنەوە وەکو کۆرۆنا و کۆلێراو کە زۆربەی لە ڕێگەی گەشتیارەکانەوە بوو دەگوازرانەوە بۆ هەرێمی کوردستان ، سەردەمێک کە هەموو فڕۆکەخانەکان داخران ، کەواتە دەبێت کەرتی تەندروستی بەهێز بکرێت تا بتوانین پێشوازی لە گەشتیار بکەین و تەندروستی گەشتیارو کۆمەڵگەش بپارێزین ، جگە لەوانە گەشتیاری تەندروستی و چارەسەریشمان هەیە ، وەکو گەڕاوو کانیاوەکان کە بابەتی تەندروستین ، بۆیە کاتێک نەخۆشخانەیەک دەکەیتەوە ئەو نەخۆشخانەیە دکتۆری پێشکەوتو ئامێری پێشکەوتووی تێدایە ناوبانگ دەردەکات ، بەمە نەخۆشەکانی وولاتانی دەوروبەر یان شارەکانی تر دێنە شارەکەوە بە ناوی ئەوەی دێن چارەسەر دەکەن ، ئەم نەخۆشانە کە دێن لە هۆتێل و ڕێستۆرانت دەمێننەوە لە بازاڕ دەمێننەوە پارە خەرج دەکەن ، کەواتە گەشتیاری چارەسەری پێشدەکەوێت یاخود ئەکەر تۆ پرۆژە لەسەر کانیاو دەرماناوەکان بکەیت ڕەنگە ناوبانگ دەربکەن یان مارکێتینی بۆ بکەیت دواجار ببێتە هۆی ئەوەی گەشتیارێکی زۆر بۆ گڕاو دێت دەیانەوێت بچنەسەر ئەو گڕاوە ، چونکە ئەو ئاوە بۆ پێست و گورچیلەو ڕۆماتیزمە باشە ، بەڵام دەبێت ئەمانە خزمەتگوزاریان ڕێکبخرێت تاکو گەشتیاری بۆ ڕابکێشرێت نەک وەکو ئەوەی هەیە لە هەرێمی کوردستان ، جگە لەوەی کە دەبێت ژینگەیەکی پاکو خاوێن و تەندروستت هەبێت بە تایبەتی دارستان و سەردەریا ، چونکە ئەو ژینگانە دەبنە هۆی ڕاکێشانی گەشتیارو لە ڕووی دەروونیشەوە گەشتیار حەزی لێیە بچێتە ناوچە شاخاوییەکان یان سەردەریا یان ناو دارستانەکان پشوو بدات ، یان نەخۆشە پێویستی بە ژینگەیەکی تەندروست هەیە لەڕووی هەواو و هێوریەوە سوود وەردەگرێت ) .**

**ج- ڕۆڵی گەشتوگوزار لەسەر کەرتی نیشتەجێبوون**

مامۆستای زانکۆ لە پەیمانگای تەکنەکی هەولێر (پ.ی.د.هەتاو کریم خضر) **(پێیوایە کە شوێنێک بوو بە شوێنێکی گەشتیاری داهاتی بۆ دێت هەلی کاری بۆ دروست دەبێت کەرتی نیشتەجێبوون گۆڕانی بە**

سەردا دێت ، جگە لەوەی کەرتی نیشتەجێبوون بۆ ئەندامانی کۆمەڵگەی لۆکاڵی دەبێتە هۆی پەرەپێدانی خزمەتگوزاری نیشتەجێبوون لەو شوێنانە ، چونکە گەشتیار ڕوو لەهەر وولاتێک دەکات یەکەم شت کە بیری لێدەکاتەوە شوێنی حەوانەوەیەتی ئنجا بە دوای خواردندا دەگەڕێت ، کەواتە کەرتی نیشتەجێبوون پێویستە چ بۆ گەشتیار کە ڕوو لەو شوێنە دەکات چ بۆ ئەو تاکانەی کە لەو کۆمەڵگەیەدا دەژین ، وەکو زانــای دەروونناســی لە (هەرەمەکەی ماســلۆ) دا مــرۆڤ بــۆ ئەوەی خــودێتی بەدەســتبهێنێت حەزو ئارەزووەکانی تێر دەکات حەزو ئارەزووە سەرەکییەکانی ، کە ئەوانیش شوێنی نیشتەجێبون و خواردن و خـواردنەوەیە ، ئنجـا ئاسـایش و خۆشەویسـتی دێـت ، کەواتە شـوێنی نیشـتەجێبوون بە هۆکـاری سەرەکی دادەنرێت لە پەرەپێدانی خزمەتگوزارییەکانی کۆمەڵگە بە تایبەتی لە بواری گەشـتیارییدا ، هەر کاتێک وولاتێک ببێتە وولاتێکی گەشتیاری ئەوا ئەو وولاتە گرنگی دەدات بە کەرتـی نیشـتەجێبوون و ، هەوڵدەدات هەموو خزمەتگوزارییەکان لە شوێنی نیشتەجێبووندا دابین بکات هەم بۆ گەشتیارو هەم بۆ تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیەی کە لەو شـوێنەدا دەبێتە نـاوچەیەکی گەشـتیاری، بـۆ نمـوونە ئەگەر هەولێر وەرگرین چیای سەفین ئێستا بەرەو ئەوە دەڕوات ببێتە ناوچەیەکی گەشتیاری بۆ ئەوەی تـۆ کۆمەڵێک خزمەتگووزاری لە چیای سەفین بۆ گەشتیار دابین بکەیت گەشـتیار لەوێ بمێنێتەوە ، ئەوا پێویسـتت بەوەیە شوێنی نیشتەجێبوونی بۆ دروستبکەیت نەک هەر بۆ گەشتتیار کە ڕوو لەوێ دەکەن ، بەڵکو بۆ ئەو کارمەندانەشی کە لەو بوارو شوێنەدا کار دەکەن ، ئنجا ئەمە بەسەر هەموو ناوچە گەشتیارییەکاندا پەیڕەو بکرێت نەک تەنها لە شارەکان ، چونکە مەرج نییە شارە گەورەکـان شـاری ئەوە بن کە هەمـوو توانستە گەشتیارییەکانی تێدابێت ، ئێستا ئاراستە بەرەو شوێنە جیاوازەکانە کە بکرێتە گەشتیاری ، من بیرم دێت چوومەتە کۆنترین چاپخانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە لوبنان بوو لە ناو چیایەیەکدا بوو لەو شـوێنەدا هەمـوو کەلـوپەلی کـۆنترین چاپخـانەی تێدا بـوو کە لە تەنیشـتیەوە کەنیسـەو هۆتێل دروسـت کرابوون ئەگەر گەشتیار ڕووی لەوێ کرد لەوێ بمێنێتەوە ، هەروەها شوێنی نیشتەجێبوون دابینکرابوو بۆ ئەو کارمەندانەی کە لە چاپخانەکەو هۆتێلەکەو کەنیسەکەش کاریان دەکرد ، چونکە نـاتوانن هەمـوو ڕۆژێک هاتوچۆ بکەن . دروستکردنی ئەو کەنیسەیەش بۆ ئەوەیە زۆربەی خەڵکی لوبنـان مەسـیحین ، کەواتە ئەمانە هەمووی خزمەتگوزاری گشتین کە پێشکەش بە گەشتیاران دەکرێن ) .

مامۆستای زانکۆی دهۆک (پ.ی.د.فارس محمد فؤاد نقشبندی) (پێیوایە بـۆ ئەوەی کەرتـی گەشـتیاری پەرەی پێبدرێت ئەوا پێویستی بە دابینکردنی هەموو ئەو خزمەتگوزاریانەیە کە گەشتیار پێویستی پێیەتی لە هەمووی گرنگتر خزمەتگوزاری نیشـتەجێبوونە ، ئەویـش بە زیـادکردنی هۆتێل و مۆتێل و شـوێنی حەوانەوە بۆ گەشتیار لە ناوچە گەشـتیارییەکاندا ، بەڵام لە هەرێمـی کوردسـتان گونـدی گەشـتیاری و خێمەمان نییە بۆ حەوانەوەی گەشتیار ، لە هەمان کاتیشدا ژمارەی هۆتێل و مۆتێلەکانیش سنوردارن ) .

هەروەها نووسەرو شارەزا لە بواری گەشتیاری( نادر آغا حسێن) **(پێیوایە کە لە کۆمەڵگەی گەشتیارییدا پێشوازی لە گەشتیار دەکەیت هەر پێویستت بە هۆتێل و مۆتێل نیە ، بەڵکو پێویستت بە بینای ڕێستورانتە ، پێویستت بە ڕێست ئێریایە لەسەر شەقامە گشتییەکان ، پێویستت بە شوێنی پێشوازیە ، هەروەها پێویستت بەگوندی کولتوری و گوندی نوێ هەیە ، پێویستت بە کۆمەڵێک بابەتی تری نیشتەجێبوون هەیە کە ئەو گەشتیارانەی دێن تیایدا بحەوێنەوە )**

لە هەمان کاتدا بەڕێوبەری گەشتوگوزاری هەولێر ( اسماعیل مینە خان ) **( پێیوایە پێویستە شوێنی نیشتەجێبوونی گەشتیار بە شێوەیەکی باشتر ئامادە بکرێت و زۆرتر بکرێت بۆ ئەوەی کێبڕکێ هەبێت یان هەموویان لە یەک بابەت نەبن ، بۆ ئەوەی گەشتیار سەرپشک بکرێت و ئارەزوومەندانە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی هەڵبژێرێت ، یان چالاکی جۆراوجۆر لەو شوێنانە ئەنجام بدرێت ، واتە هەمووی لەیەک چوارچێوە نەبێت تەنها میوانخانەیەک بێت بەس بۆ نوستنی شەوێک بێت و تەواو ، بەڵکو دەبێت کۆمەڵێک چالاکی لێ ئەنجام بدرێت کە هۆکاربێت بۆ ڕاکێشانی گەشتیار ، بۆ نموونە لە شاری هەولێر میوانخانەی باشمان هەیە نزیکەی ٢٢ هۆتێلی پێنج ئەستێرەمان هەیە ، بەڵام پێویستە چالاکی جۆراوجۆری تێدا ئەنجام بدرێت کە هۆکار بێت بۆ ڕاکێشانی گەشتیاران) .**

کەواتە بە گوێرەی ڕاوبۆچوونەکان گەشەپێدانی گەشتیری پەیوەستە بە بوونی دابینکردنی خزمەتگوزاری خوێندن و تەندروستی و شوێنی نیشتەجێبوون چەندین خزمەتگوزاری گشتی تر کە گەشتیار پێویستییەتی لە ناوچە گەشتیارییەکاندا ، هەموو ئەمانە فاکتەری گرنگن بۆ بەرەو پێشچوونی گەشتیاری لە هەموو وولاتێکدا ، هەر بۆیە لە هەرێمی کوردستان لەم ساڵانەی دووایدا کەرتی گەشتیاری تاڕادەیەک بوژانەوەی بەخۆوە بینیوە هەروەک (اسماعیل مینە خان) دەڵێت (لە شاری هەولێر میوانخانەی باشمان هەیەو نزیکەی ٢٢ هۆتێلی پێنج ئەستێرەمان هەیە . بەڵام پێویستە چالاکی جۆراوجۆری تێدا ئەنجام بدرێت کە هۆکار بێت بۆ ڕاکێشانی گەشتیار) . هەربۆیە بوونی ئەم جۆرە میوانخانەو هۆتیلانە کە سەرجەم خزمەتگوزارییەکان لەخۆ دەگرن سوودی گەورەی ئابوورییان بۆ ناوچە گەشتیارییەکەو ئابووری وولات هەیە ، بۆیە پێویستە ژمارەیەک هۆتێل و گوندی گەشتیاری لەو ناوچانەدا کە گەشتیار حەز بە مانەوەیان دەکات بونیاد بنرێن .

لێرەدا لەئەنجامی کارەکانمان لەڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە هەندێک پەیوەندی هاوشێوە لە ڕاکاندا دەبینینەوە لەوانە گەشتیاری هۆکارێکی گرنگە بۆ دروستکردنی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان دەبێتە هۆی ئەوەی گروپ و نەتەوەو کۆمەڵ و خێزان تێکەڵ بەیەکتر بن ، ئەمە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە لەڕووی چەندایەتییەوە وا دەرچووە ، لەهەمان کاتدا گەشتیاری کاریگەری ئەرێنی لەسەر زیادکردنی هۆشیاری

کـۆمەڵایەتی تاکەکـان هەیە بەتـایبەت ئەگەر گەشـتیارەکان بیـانی بـن لەهجەیەیەکـی جیـاواز زمـانێکی جیاوازیان هەیە ، کە تاکەکانی کۆمەڵگەی لۆکاڵی تێکەڵ دەبن لەڕێگەی کارلێکردن و مامەڵەکردنیان لەگەڵ یەکتریدا فێری زمان دەبن ، هەروەهـا گەشـتیار کـاریگەری لەسـەر کۆمەڵگەی لۆکاڵی هەیە ، چونکە ئەو گەشتیارانە هەڵگری دابو نەریتی خۆیانن لەڕووی جلوبەرگ و بیرکردنەوەو خواردن و خاسیەتی خۆیـان هەیە ، بـۆیە ئەو گەشـتیارانە کولتـوری خۆیـان بـۆ کـۆمەڵگە نـوێیەکە کە کـۆمەڵگەی گەشـتیارییەکەیە دەگوازنەوە ، لەهەمان کاتدا ئەگەر تاکەکانی کۆمەڵگەی لۆکاڵی گەشتیان کرد بۆ وڵاتێکی تر ، ئەمە دەبێتە هۆی گواستنەوەی کولتوری ئەو وڵاتە بۆ وڵاتەکەی خۆی زۆرجار بەریەککەوتنی کولتورەکان ڕودەدات ، دەبێتە هۆی لەناوبردنی کولتورە خراپەکان و زاڵبوونی کولتورە باشەکان هەندێک جاریش بە پێچەوانەوە هەندێک کولتور سەرهەڵدەدەن تایبەت نین بە کولتوری وڵاتەکەی خۆی ، لەهەمان کاتدا یەکێک لە لایەنە نەرێنییەکـانی گەشـتیاری بـریتییە لە پیسـبوونی ژیـنگە هەرکاتێـک گەشـتیار ڕوو لە شـوێنێک دەکـات پاڵەپەستۆ لەسـەر ئەو شـوێنە دروست دەکات جـا چـی لەمـانەوەی خاشـاک بێت یـان ئەو بەرمـاوانەی بەجێیدەهێڵێت ، چونکە گەشتیار دەست لەو شوێنە دەدات و وێنە دەگرێت و شوێنەکە بەکاردێنێت دەبێتە هۆی پیسبوونی ژینگە ، لەهەمان کاتدا گەشتیاری کـاریگەری ڕاستەوخۆی لەسـەر لایەنـی ئـابووری هەیە کە هەلـی کـار دەڕەخسـێنێت و دراوی بیـانی دێنێتە ووڵاتەوە دەبێتە هـۆی بزواندنی ئـابووری نیشـتمانی بزواندنی پیشەسازی و بازرگانی و زیادکردنی داهاتی تاک و نەتەوە .

## باسی چوارەم

## ئەنجام ودەرئەنجام و ڕاسپاردەو پێشنیارەکان

- **ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:**

تـوێژەر دوای خسـتنەڕووی شـیکردنەوەی ئەو زانیارییـانەی کە پەیوەنـدیان بەهەردوو بەشـی مەیـدانی پرسیارنامەو و چاوپێکەوتنەکانەوە هەبوو کۆمەڵێک ئەنجامی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو کە ئەمانەی لای خوارەوەن :

١-نمـوونەی تـوێژینەوەکە بەڕێـژەی (55.8%) زۆر لەگەڵیـدان و پێیـانوایە کە گرنگیـدان بەڕێگەوبانەکـان لەهەرێمی کوردسـتاندا دەبێتە هـۆی گەشـەپێدانی کۆمەڵایەتی و ، لە بەرانبەردا ( 1.6%) نمـوونەکە هـیچ لەگەڵیدا نین ، کە ناوەندە ژمێرەییەکەی ئەم بڕگەیە لەهەموو بڕگەکانی تر زیاترە کە دەکاتە (4.33%) .

٢- یەکەکانی نمونەکە بەڕێژەی (53.5%) نمونەکە لەگەڵ ئەو بڕگەیەدان کە دەڵێت زانکۆو پەیمانگاکانی تایبەت بە بواری گەشتیاری لە هەرێمی کوردستاندا هۆکارە بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و ، لەبەرانبەریدا (1.6% ) نمـوونەکە هـیچ لەگەڵیـدا نـین . واتە هەتـا زانکـۆ و پەیمانگـای تـایبەت بە بـواری گەشـتیاری لە هەرێمـی کوردسـتاندا زیـاتر بکـرێتەوە ئەوەنـدەی تـر کەرتـی گەشـتیاری گەشـە دەکـات ، ئەویـش بە دامەزراندنی دەرچوانی ئەو زانکۆیانەو دامەزراندنیان لە دامەزراوەکانی کەرتی گەشتیاریدا.

٣- نمـــونەی تـــوێژینەوەکە بە ڕێـــژەی (51.9%) زۆر لەگەڵ ئەوەدان کە ڕاکێشـــانی تـــۆڕی کارەبـــاو ڕووناکردنەوەی ئەو ناوچە نوێیانەی بوونەتە ناوچەی گەشتیاری دەبێتە هـۆی گەشـەپێدانی گەشـتیاری .لەبەرامبەردا (2.9%) نموونەکە هیچ  لەگەڵیدا نین .

٤- یەکەکـانی نمـوونەی تـوێژینەوەکە بەڕێژەی ( 42.9%) نمـوونەکە پێیـانوایە فێربـوونی زمـانی جیـاواز بەهۆی گەشتیارەوەیە ، لەبەرانبەردا بەڕێژەی(3.4%) نموونەکە هیچ لەگەڵیدا نین ، ناوەندی ژمێرەیی ئەم بڕگەیە لە هەموو بڕگەکانی تر زیاترە کە دەکاتە (4.05%) .

٥- هەروەها نموونەکە بەڕێژەی (44.9%) لەگەڵ ئەو بڕگەیەدان کە دەڵێت گـۆڕینی تـاڕادەیەک شـێوازی ژیـانی تاکەکـانی کـۆمەڵگە بەرەو باشـتر بەهـۆی گەشـتیارەوەیە ، ناوەنـدە ژمێـرەییەکەی گەورەیە دەکـاتە (3.89%) .

٦- یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەڕێژەی (31.4%) نموونەکە هیچ لەگەڵ ئەوەدا نین ، کە گەشتیاری ببێتە هـۆی دروسـتبوونی هەنـدێک کێشـە لە پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکـان لەلایەن گەشـتیارەوە ، ناوەنـدە ژمێرەییەکەی لەچاو بڕگەکانی تردا کەمە دەکاتە (2.68%)  .

٧- نمـــوونەی تـــوێژینەوەکە بەڕێـــژەی(48.8%)  زۆر لەگەڵ ئەوەدان کە گەشـــتیاری دەبێـــتە هـــۆی پڕکردنەوەی پێداویسـتی دەروونـی تاکەکـان . چـونکە گەشـتیاری دیـاردەیەکی کۆمەڵایەتی و دەروونییەو دەبێتە هۆی حەوانەوەی جەستەو دەروونی تاکەکان لە کاتی گەشتکردنیان بۆ ناوچە گەشتیارییەکان .

٨- نموونەکە بەڕێژەی (48.1%) زۆر لەگەڵ ئەوەدان کە  بڵاوبوونەوەی لایەنـی ئاسـایش و سـەلامەتی هۆکارە بۆ ڕاکێشانی گەشتیار بۆ ناوچە گەشتیارییەکان ، واتە پەیوەنـدییەکی ئاڵوگـۆڕ لەنێوان گەشـتیارو

لایەنی ئاسایشدا هەیە ، تا پەیوەندییەکە بەپێی پێویست بێت ، ئەوا ژمارەی گەشتیاران بۆ ناوچە گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستان ڕوو لە زیادبوون دەبێت .

٩- نموونەکە بەرێژەی(47.0%) لەگەڵ ئەوەدان ناساندنی دابونەریتی کۆمەڵگەی لۆکاڵی بە گەشتیار دەبێتە هۆی گەشەپێدانی گەشتیاری ، هەروەک لەچاوپێکەوتەکاندا ئاماژەمان پێدابوو کە پێداگری کردن لەسەر دابونەریتە جوانەکانی کۆمەڵگەی کوردی لەڕووی میوانداری و پێشوازیکردن لە گەشتیارو ، هەروەها لەڕووی جۆری خواردن و جلوبەرگی کوردی ، هەربۆیە کە گەشتیار دەچێتە ناوچەیەک حەز دەکات جلوبەرگ و خواردنی ئەو ناوچەیە تاقیبکاتەوە ، ئەمە دەبێتە هۆی ناساندنی دابونەریتی ئەو ناوچەیە بە گەشتیاران لە زۆر ڕووەوە .

١٠- نموونەی تویژینەوەکە بەرێژەی (43.6%) زۆر لەگەڵ ئەوەدان کە بڵاوکردنەوەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی سەبارەت بە گرنگی ڕۆڵی گەشتیاری لە ناوچە گەشتیارییەکاندا هۆکارە بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی .

١١- یەکەکانی نموونەکە بەرێژەی (43.6%) پێیانوایە بڵاوبوونەوەی کولتوری ئاشتی و پێکەوە ژیان لەنێوان گەلە جیاوازەکاندا دەبێتە هۆی گەشەپێدانی گەشتیاری .

١٢- نموونەکە بەرێژەی (46.8%) پێیانوایە پاراستنی سامانی نەتەوەیی هۆکارە بۆ گەشەپێدانی گەشتیاری، چونکە پاراستنی سامانی کولتوری بوار بە مرۆڤ دەدات کە لە ڕابردووی خۆی گەلانی تر شارەزا بێت ، ئەویش بە ناساندنی پێناسی نەتەوەی کۆمەڵگەی لۆکاڵی بە گەشتیار ، هەر لە دابو نەریت و کولتورو بەرهەمی فۆلکلۆری و شوێنەوارەکان و چەندین ڕێورەسمی ئاینی و کۆمەڵایەتییەکان و چەندین شتی تر .

١٣- ئەندامانی نموونەی تویژینەوەکە بەرێژەی (50.4%) زۆر لەگەڵ ئەوەدان کە هەستنەکردن بە بەرپرسیارێتی لە ژینگەی گەشتیارییدا دەبێتە هۆی پیسبوونی ژینگە ، لەبەرامبەردا بەرێژەی (2.3%) هیچ لەگەڵ ئەوەدا نین کە هەستنەکردن بە بەرپرسیارێتی ببێتە هۆی پیسبوونی ژینگە .

١٤- هەروەها نموونەی تویژینەوەکە بەرێژەی(50.9%) زۆر لەگەڵ ئەوەدان کە هاندان بۆ نۆژەنکردنەوەی ناوچە گەشتیارییەکان لەلایەن حکومەتەوە هۆکارە بۆ گەشەپێدانی گەشتیاری لەهەرێمی کوردستان ، لەبەرامبەردا بەرێژەی (1.6%) هیچ لەگەڵیدا نین ،

١٥- نموونەکە بەرێژەی(44.7%) زۆر لەگەڵ ئەوەدان کە بڵاوکردنەوەی ژینگە پارێزی بۆ تاکەکانی کۆمەڵگەی لۆکاڵی دەبێتە هۆی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی ، لەبەرامبەردا بە ڕێژەی ( 2.1%) نموونەکە لەگەڵیدا نین .

١٦- ئەندامانی نموونەی تویژینەوەکە بەرێژەی (47.5%) زۆر لەگەڵ ئەوەدان کە پاراستنی جۆری باڵندەو گیانەوەرە دەگمەنانەی کە لە ژینگەی سروشتی کوردستاندا هەن هۆکارە بۆ گەشەپێدانی گەشتیاری ، لەبەرامبەردا بەرێژەی (3.9%) هیچ لەگەڵیدا نین .

١٧- ئەندامانی یەکەی توێژینەوەکە بەرێژەی (43.1%) نموونەکە لەگەڵ ئەوەدان کە زیادبوونی هەلی کار بەهۆیی گەشەپێدانی گەشتیارییەوە دەبێت ، لەبەرانبەردا بەرێژەی (1.8%) نموونەکە هیچ لەگەڵیدا نین.

١٨- نموونەکە بەڕێژەی (44.9%) لەگەڵ ئەوەدان کە گرنگیدان بە خواردنە خۆماڵیی و کولتورییەکان لە ناوچە گەشتیارییەکاندا دەبێتە هۆی گەشەپێدانی گەشتیاری ، لەبەرانبەردا بەڕێژەی (2.9%) نموونەکە هیچ لەگەڵیدا نین .

**دەرئەنجامەکانی تایبەت بە خەسڵەتەکانی  توێژینەوەکە:**

١-جیاوازی هەیە لە نێوان تێڕوانینی نێرو مێ بۆ ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا جیاوازییەکەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕەگەزی نێر  هۆکارەکەشی ئەوەیە کە نێر دەرفەتی گەڕان و گەشتکردنی زیاترە .

٢- جیاوازی هەیە لە نێوان وەڵامەکانی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکەدا بۆ ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و کاریگەری گەشتیار لەسەر کۆمەڵگەی لۆکاڵی سەبارەت بە تاکەکانی نیشتەجێبووی ناوخۆی هەرێم و  دەرەوەی هەرێم جیاوازییەکە دەگەڕێتەوە بۆ تاکەکانی دانیشتوی ناوخۆیی هەرێم .

٣- جیاوازی نییە لەنێوان بۆچوونی ئاستەکانی تەمەن بۆ تەوەرەکانی توێژینەوەکە واتە هەموو تاکێک لەهەر تەمەنێکدا بێت بڕوای وایە گەشتیاری ڕۆڵی لەسەر گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەیە و ، بڕوای وایە گەشتیاریش کاریگەری لەسەر کۆمەڵگەی لۆکاڵی هەیە .

٤- جیاوازی هەیە لەنێوان ئاستەکانی خوێندن سەبارەت بە تەوەرەکانی توێژینەوەکە جیاوازییەکە لە نێوان ئاستی خوێندنی بنەڕەتی و بەکالوریوسدایە ، جیاوازییەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئاستی خوێندنی بەکالوریوس ، واتە ئەم ئاستەی خوێندن حەزیان بە گەشکردن زیاترە ، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر تێگەیشتنیان بۆ گرنگیدان بە لایەنی گەشتیاری

٥-جیاوازی هەیە لە بۆچوونی وەڵامەکانی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بەگوێرەی پارێزگاکان بۆ تەوەرەکانی توێژینەوەکە جیاوازییەکە دەگەڕێتەوە بۆ پارێزگای سلێمانی .

٦-جیاوازی هەیە لە بۆچوونی ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە بۆ گۆڕاوی پیشە سەبارەت بە تەوەرەکانی توێژینەوەکە جیاوازییەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسانەی کە کاری ئازادیان هەیە ، چونکە ئەوان بە حوکمی کارەکەیان و باشی لایەنی مادیان توانای گەشتکردنیان زیاترە .

٧-جیاوازی نییە لە نێوان تاکەکانی نموونەی توێژینەوەکە بۆ تەوەرەکانی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی ئاستی ئابووری واتە لە هەموو ئاستەکاندا خەلک حەز بە گەشتکردن دەکات .

**دەرئەنجامی تایبەت بە ئامانجەکانی توێژینەوەکە :**

لە ژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەتوانین بگەین بە چەند دەرئەنجامێک کە لە خوارەوە ئاماژەیان پێدەدەین :

١-لەم توێژینەوەیەدا بۆ زانینی ڕۆڵی گەشتیاری لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا لە هەرێمی کوردستاندا ئەنجامەکانی پێوانەکردن و چاوپێکەوتن کە پەیوەندی بە تەوەری ڕۆڵی گەشتیاری گەشەپێدانی کۆمەڵایەتیدا  هاوشێوە بوون  ، چونکە هەتا گەشتیاری گەشە بکات ڕەنگدانەوەی زیاتری لەسەر گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی دەبێت لە میانەی باشترکردنی ژیانی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییەکانی نێوان

گەشتیارو کۆمەڵگەی لۆکاڵییەوە دەبێت ، کە ناوەندی ژمێرەی هەژمارکراو گەورەتر بوو لە بەهای خشتەی ، هاوڕاشە لەگەڵ توێژینەوەی هەریەکە لە (ابراهیم ، ٢٠٠٦) و (عالیە ، ٢٠٠٩) و(سعدونی ، ٢٠١٦) کە ئاماژەیان بەوە داوە کە گەشتوگوزار دەبێتە هۆی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی .
کەواتە بەهۆی گەشتیارییەوە پەیوەندی پەیوەندی نوێ دروست دەبێت و ئەم پەیوەندییانە پەرەدەستێنێت بۆ پەیوەندی تر ، وەکو هاوڕێیەتی و ژن وژنخوازی ، هەرێمی کوردستان لەدوای ڕاپەڕینی (١٩٩١) کرانەوەی بەڕووی جیهاندا دەستیپێکرد خەڵکێکی زۆر لە هەرێمەوە کۆچیان کرد بۆ ڕۆژئاوا ، ئەمە ڕۆڵێکی زۆری هەبوو لە گۆڕینی شێوازی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە لەڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوری و ڕۆشنبیری ، چونکە گەشتوگوزار ڕەگەزێکی گرنگە لە ڕەگەزەکانی گەشەپێدان لە کۆمەڵگەدا .
٢- یەکەکانی نموونەی توێژینەوەی پێوانەکردنەکە لەگەڵ چاوپێکەوتنەکەدا هاوئەنجام بوو بۆ زانینی ڕۆڵی گەشتیاری لەسەر خزمەتگوزارییە گشتییەکان ، چونکە گەشەپێدانی گەشتیاری پەیوەستە بە بوونی دابینکردنی خزمەتگوزاری خوێندن و تەندروستی و شوێنی نیشتەجێبوون هەموو خزمەتگوزارییەکانی تر ، کە زۆربەی ئەو بڕگانە ناوەندە ژمێرەییەکەیان بەرزەو بە تایبەتی ئەو بڕگەیەی کە دەڵێت گرنگیدان بە ڕێگاوبانەکان لە هەرێمی کوردستان دەبێتە هۆی گەشەپێدانی گەشتیاری ، ناوەندە ژمێرەییەکەی گەورەترە بوو لەهەموو بڕگەکانی تر و زیاترین ڕۆڵی هەیە لە گەشتیاریدا کەواتە ئامانجی توێژینەوەکە کە دەڵێت ڕۆڵی گەشتیاری لە خزمەتگوزارییە گشتییەکاند هاتۆتە دی .
دەتوانین بڵێین گەشتیاری ڕۆڵی هەیە لە خزمەتگوزارییە گشتییەکاندا لە هەرێمی کوردستاندا ، بەوەی کە لە دوای ساڵی (٢٠١٢) کەرتی گەشتیاری پێشکەوتنی بەرچاوی بەخۆوە بینیووە بەتایبەتی لەڕووی دابینکردنی خزمەتگوزارییە سەرخان و ژێرخانی ئابوورییەوە ، هەر لە زیادبوونی ژمارەی هۆتێل و مۆتێل و گوندی گەشتیاری ، جگە لە خزمەتگوزاری ئاو کارەباو چەندین خزمەتگوزاری تر کە کۆڵەکەی گەشەپێدانی گەشتیارین لە ناوچە گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستاندا .
٣- یەکەکانی نموونەی توێژینەوەی پێوەرەکە لەگەڵ چاوپێکەوتنەکەدا هاوئەنجامبوون ، بەوەی گەشتیار کاریگەری لەسەر کۆمەڵگەی لۆکاڵی هەیە ، بە تایبەت ئەو بڕگەیەی کە دەڵێت فێربوونی زمانی جیاواز بەهۆی گەشتیارەوە ناوەندی ژمێرەییەکەی لە بڕگەکانی ترو گەورەتر بوو ، ئەو بڕگەیەش کە دەڵێت دروستبوونی هەندێک کێشە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن گەشتیارەوە لەچاو بڕگەکانت تردا ناوەندە ژمێرەییەکەی کەمتر بوو ، ئەمەش مانای وایە گەشتیار هۆکارە بۆ گۆڕینی ڕەفتارو دابو نەریتەکان چەندین خوی تر لە کۆمەڵگەی لۆکاڵیدا و ، فێربوونی زمانی جیاواز لەلایەن کۆمەڵگەی لۆکاڵییەوە بەتایبەت ئەگەر گەشتیارەکە بیانی بێت .
ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە گەشتیار گۆڕانکاری لە سیستمی بەهاو ڕەفتار لە کۆمەڵگەی میوانداردا دروستدەکات هەڕەشە لە پێناسی نەتەوەییان دەکات ، هەروەها دەبێتە هۆی بەریەککەوتنی کەلتوورەکان لەدەرئەنجامی جیاوازی و بەرهەڵستی کردنی نێوان بیروبۆچوونەکان و شێوازەکان و بیروباوەڕە باوەکانی ناو کۆمەڵگە ، سەرباری ڕەتکردنەوەی کولتورو یان نەگونجانی کولتوری و ، توندی بەریەککەوتنی کولتوورەکان لەسەر سروشتی پەیوەندییەکان و کارلێکی نێوان گەشتیارو تاکەکانی

کـۆمەڵگەی لۆکـاڵی وەسـتاوە . بەڵام گەشـتیار نـابێتە هـۆی دروسـتکردنی کێشـە لە پەیوەنـدییە کۆمەڵایەتییەکاندا ، چونکە لە هەرێمی کوردستاندا کێشە کۆمەڵایەتیەکان بەهۆی گەشتیارەوە زۆر کەمن ، لەبەرئەوەی کورد هەر لە کۆنەوە میوان دۆست بووەو حەزی بەرێزگرتن و خزمەتکردنی میوان بووە .

٤- یەکەکـانی نمـوونەی تـوێژینەوەی پێـوانەکردنەکە لەگەڵ چـاوپێکەوتنەکەدا هاوئەنجـامبوون ، بەوەی گەشتیاری ڕۆڵی لە لایەنی کۆمەڵایەتی و کولتوری کۆمەڵگەدا هەیە ، بە تایبەت ئەو برگەیەی کە دەڵێت پتەوبوونی لایەنی ئاسایش و سەلامەتی هۆکارە بۆ ڕاکێشانی گەشتیار بۆ ناوچە گەشتیارییەکان ناوەندە ژمێرەییەکەی لە هەموو برگەکانی تر بەرزترە ، چونکە گەشتیاری ڕۆڵێکی گرنگی لەلایەنی کۆمەڵایەتی و کولتووری هەیە لە هەمووشیان گرنگتر لایەنی ئاسایشە کە بۆ گەشتیار زۆر گرنگە تابتوانێت لەو وولاتەی کە گەشـتی بـۆ کـردووە بە ئـارامی لێـی بمێنێـتەوە ، هـاوڕایە لەگەڵ تیـۆری ئـاڵوگۆڕکردنی کۆمەڵایەتی کە پێی وایە ژیانی کۆمەڵایەتی هیچ نییە تەنها پرۆسەی کارلێکی ئاڵوگۆڕە ، بەو مانایەی کە لایەنە کارلێکردووەکان وەرگرو بەخشەرن هەریەکێکیان بۆ ئەوی تریان ، بەمە وەرگر و بەخشینی (الاخذ والعطاء ) نێوان دوو لایەنە کـارلێکردووەکە هۆکـارن بـۆ بەردەوامـی و قوڵبـوونەوەی ئەو پەیوەنـدیە کـارلێکردووە ، واتە گەشـتیاری لەڕووی لایەنـی کـۆمەڵایەتی و کولتورییەوە دەبێتە هـۆی ئـاڵوگۆڕکردنی کولتورە جیاوازەکان بەمە جیاکاری لەنێوانیاندا کەمدەکاتەوەو، ئەمەش دەبێتە هـۆی بەدەسـتهێنانی ڕێزو لێبووردەیی پەیوەندی ئاڵوگۆڕ لەنێوانیانداو ئاشتی و سەقامگیری لەنێوان گەلاندا دروستدەکات . هەروەها گەشـتیاری پارێزگـاری لە سـامانی کولتـوری نـاوچە گەشـتیارییەکاندا دەکـات وەک و شـوێنە مێژوویـی و شوێنەوارییەکان وبیناو تەلارسـازییە جیاوازەکـان و هـونەرە تەقلیدییەکان و پیشەسـازی دەسـتی و دابـو نەریتەکـان و مۆزەخـانەو شـانۆو فیسـتڤاڵەکان. هەروەهـا چـالاکی گەشـتیاری دەبێـتە هـۆی ئینتمـاو گەشەپێدانی هۆشیاری نەتەوەیی و شانازیکردن بە نیشتمانەوە.

کەواتە گەشـتیاری ڕۆڵـی لە لایەنـی کـۆمەڵایەتی و کولتـوری هەیە ، چـونکە گەشـتیاری چـین وتوێژەکـان لەیەکتـری نزیـک دەکـاتەوەو بەهـۆی زیـادبوونی داهـاتی تاکەکـان لە کەرتـی گەشـتیاری بەشـێوەیەکی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ دەبێتە هۆی هاوسەنگی کۆمەڵگە و ، هۆکارێکیشە بۆ زیادکردنی هۆشیاری لای تاکەکانی کۆمەڵگەو هەل پێدانیان بۆ ناسینی کولتوری بیانی ، ئەویش لەڕێگەی مـامەڵەکردن وسـەیرکردن و پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە گەشتیارانەوە ، ئەمەش یارمەتییان دەدات بـۆ وەرگرتنـی ئەزمـوونی زۆرو و بەهـا بـاو و باشـەکانی ژیـان سـەرباری گونجانـدنی ئەو ئەزموونـانە لەگەڵ بەهـاو دابونەریتەکانیانـدا و کرانەوەیان بەڕووی جیهانی دەرەوەدا .

جـگە لەوە گەشـتیاری ڕێگـایەکی شارسـتانی کـۆمەڵایەتییە بـۆ گواسـتنەوەو ئـاڵوگۆڕکردنی کولتـورو شارسـتانییەکان لە نێـوان گەلە جیاوازەکـان لەڕووی زمـان و بیروبـاوەڕی فکـری و ئـاداب و هـونەر کە دەبێتە هۆی گەشەپێدانی کۆمەڵگاکـان ، سـەرباری زیندوکردنەوەی بۆنە کۆمەڵایەتی و ئاینییەکان وەک فیستڤاڵی نەورۆز کەهەموو ساڵێک لە کوردستان لە (٢١) ی ئاداردا یادی دەکرێتەوە ، چەندین بۆنەی ئاینیش هەن وەک جەژنی ڕەمەزان جەژنی قوربان و یادی لەدایکبوونی پێغەمبەر و چەندین بۆنەی تر کە هەموویان ڕۆڵیان لەگەشەپێدانی گەشتیارییدا هەیە و، زیندوکردنەوەی بەروبومە میللیەکان وەک خواردنە

کوردییەکان و کارە دەستییەکانی وەک دروستکردنی بەرماڵ و جانتاو جاجم و شاڵ چەندین بەرهەمی تر، هەموو ئەمانە هۆکارن بۆگەشەپێدانی کۆمەلایەتی لە ناوچە گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستاندا .
٥-یەکەکانی نموونەی توێژینەوەی پێوانەکردنەکە لەگەڵ چاوپێکەوتنەکەدا هاوئەنجامبوون بەوەی گەشتیاری ڕۆڵی لە لایەنی ژینگەی کۆمەڵگە هەیە ، بە تایبەت برگەی هەستنەکردن بە بەرپرسیارێتی لە ژینگەی گەشتیاریدا دەبێتە هۆی پیسبوونی ژینگەی کۆمەڵگە کە ناوەندی ژمێرەییەکەی بەرزترە لەهەموو برگەکانی تر .
هاوڕاشە لەگەڵ توێژینەوەی (جادالله ،٢٠٠٩) کە ئاماژەی بەوە کردووە کە کەموکوڕی هەیە لەبەکارهێنانی ئەقلانیانەی دەرامەتە گەشتیارییەکان ، ئەوەش دیارە کە گەشتیاری نەبوتە هۆی دەرکەوتنی پاک و خاوێنی لەشوێنە گەشتیارییەکاندا، چونکە ژینگە فاکتەرێکی گرنگە بۆ گەشتیاری تا ژینگەی گەشتیاری پاکو خاوێن بێت گەشتیار زیاتر ڕوودەکاتە ئەو ناوچانە .
